

# پەپوولەی ئازادی

ئەحمەدبلوکی

ڕۆمان

ئەحمەد بلوکی
رۆمان
چاپی یەکەم/ هاوینی ٢٠١٩
چاپخانەی قەندیل

مافی لە چاپ دانەوەی ئەم پرتوکە پارێزراوە

ئەحمەدبلوکی
رۆمان

# پەپوولەی ئازادی

# ژیان نامە

ئەحمەد بلوکی:
لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی بلوکی سەربەناوچەی کۆسەری مێردین لە دایک بووە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ڕووبەرووی گوشار بۆتەوە. لە تەمەنی پێنج-شەش ساڵییدا مامۆستا کازم ( زەکی پالابیک) دەناسێت. لە ساڵی ١٩٨٠ دەوڵەتی تورک هێرش دەکاتە سەر گوندەکەیان و شەڕێکی سەخت دێتە ئاراوە، لە ئەنجامدا مامۆستا کازم و حەوت هەڤاڵی خۆی شەهید دەبن، ئەو ڕووداوە بەچاوی خۆی دەبینێت. ئەو ڕۆژە ئەو و برا گەورەکەی بەسایەی مامیەوە لە مردن رزگاریان دەبێت. ئەو ڕووداوانە بۆ هەمیشە لە زەینیدا بەزیندوویی ماوەتەوە. لەساڵانی ١٩٨٦-٨٧ هەڤاڵی وەک محەمەد ئەمین ئەسڵان دەناسێت، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ دا دەستگیر دەکرێت. بۆ ماوەی ڕۆژێک دەستبەسەر دەبێت و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێت. لە هەمان رۆژدا بەبەرچاوییەوە باوکی ئەشکەنجە دەدەن و چەندین رۆژ بەدەستبەسەری دەمێنێتەوە. ئەو ڕووداوانە لە ناخیدا کاردانەوەی گەورە دروست دەکەن. محەمەد ئەمین ئەسلانی زۆر خۆشدەوێت، ئێوارەی ١٥ گوڵانی ١٩٨٨ کاتێ باپیرەی پێی دەڵێ، رادیۆکە بکەرەوە! لە ڕادیۆوە هەواڵی شەهیدبوونەکەی دەبیستێت. ئەو هەواڵە زۆر کاری لێ دەکات. دواتر چالاکانە بەشداری بزوتنەوەی ئازادییخوازانەی گەلی کوردستان دەبێت. لە بۆتان، مێردین، گاپ، لە بەیروت و دیمەشق کار و خەبات دەکات. لە بیستی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ دا لە کۆسەر دەستگیر دەکرێت. لە زیندانەکانی مێردین، ئەماسیا، سنجان دەستبەسەر دەبێت و ئێستا لە زیندانی ئێزمیرە، پتر لە ٢٠ کتێبی نووسیوە و لە نووسین بەردەوامە. ئەو دەڵێ" ئێمە بەباوەڕ و نووسینەکانمان دیواری زیندانمان بێ کردووە. لە خوێندگەدا، تەنێ پێنج ساڵی قۆناغی سەرەتایی خوێندووە و خاوەن پێداویستی تایبەتە، پارچەیەک لە جەستەی لە ڕیگەی تێکۆشان بۆ ئازادییدا بەخشیوە. جارێک لە شەڕدا بریندار بووە و جارێکیش مار پێوەی داوە. لەو ٤ رۆمانەی، کە نووسیویەتی ئەمە یەکەم بەرهەمی چاپکراوییەتی، ئەوانەی دیکەشی بەهۆی هەلومەرجی زیندانەوە چاوەڕوانی چاپکردنن.

# پێشگوتن

خوێنەری هێژا، ئەم ڕۆمانەی بەردەستتان و ڕووداوەکانی، بەرهەمی خەیاڵی نووسەر یان ڕۆمانێکی وەرگێڕاو نییە، بەڵکو لە کاتی خوێندنەوەیدا درک بەوە دەکەی، کە لە ڕۆمان واوەترە و درکیش بەوە دەکەی، کە ڕۆڵەکانی کورد چ ئێش و ئازارێک بەدەست ڕژێمیکی وەکو ئێرانەوە دەچێژن، چۆن دەبرێنە بەر پەتی سێدارە و ڕووبەڕووی چ دڕندەییەک دەبنەوە. قارەمانی ڕۆمانەکەم خەیاڵیی نییە، بەڵکو ڕاستییە...
بۆچی ئەم ڕۆمانەم نووسی؟ وەکو دەزانرێت، کچە کورد لەیلا قاسم لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە لە سێدارە درا. ئەوەی بەسەر لەیلا قاسم هات، بابەتی رۆمانێکی بەشکۆیە. کاتێ لێکۆڵینەوەم لەسەر کرد، مەخابن، بۆم دەرکەوت قارەمانێتی و ژیانی لەیلا قاسم نەبوونەتە بابەتی رۆمان و نەنووسراونەتەوە، ئەمە گەلێک خەمباری کردم، بەخۆمم گوت، دەبێ رۆمانی شیرین عەلەمهولی بنووسرێتەوە و دەستم دایە قەڵەمەکەم.
بۆ ئەم کارەش، سەرەتا سوپاسی هاوکاریی مەزهەر گویلەر و م. شەفیق ئوزتەکین دەکەم. هەڤاڵم مەزهەر لە هەلومەرجی زیندانیشدا سەرچاوەی بۆ پەیدا کردم و هاوکاری کرد، هیوادارم لە ماوەیەکی نزیکدا ئازاد بێت.
هەڤاڵم م. شەفیق ئوزتەکینیش لە کاتی نووسینی ئەم رۆمانەدا، بەزیادکردنی کۆپیەکەی هاوکارییەکی گەورە و بێ پایانی کردم، ئەوانیش هێندەی من ڕەنجیان بەم رۆمانەوە کێشا. سوپاس بۆ ماندووبوونی کاکەم عابدین بلوکی، نووسەری خۆشەویست هۆگر بەربر و بەرچەم غەریبی.
نووسینی رۆمان زیندانداندا زۆر سەختە، گەر هاوکاری هەڤاڵانم نەبوایە، نووسینی رۆمانێکی بەم شێوەیە مەحاڵ دەبوو. ئەمە چوارەمین ڕۆمانمە، بەڵام، لەبەر ئەوەی لە زیندانداندام و دەرفەتی پەخش و بڵاوکردنەوەیانم نییە، تا ئێستا هیچ رۆمانێکم چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە، جارێکی تر سوپاس بۆ هاوکاریتان
.
ئەحمەد بلوکی

لەو وڵاتەیدا هیچ شتێک تیایدا ئاسایی نەبوو، ئەو شتانەی لەوێ ڕوویان دەدا لە هیچ جێیەکی تری جیهاندا نەبوون، هەر ڕۆژەی ڕووداوێکی ترسناک دەکەوتەوە، مرۆڤی سەرسوڕماو دەکرد، جار جارە بەکردەوەکانیان، هەندێ جاریش بەیاسا یان بەلەسێدارەدانی بەکۆمەڵ جیهانیان لە ئاست خۆیان واقوڕماو دەکرد. ژیان لەوێندەر لەسەر نووکی شور بوو، دیار نەبوو کەی و چۆن و چی ڕوودەدات! هەر لەبەر ئەوەش بوو کۆمەڵگە بەگشتی شەو و ڕۆژ لە ترس و هەراسدا دەژیان، هەموو هەنگاوەکانیان بەترسەوە و بەحیساب دەهاوێشت، نەیاندەزانی کەی، چۆن و چیان بەسەر دێن.
ئەو دۆخە ناحەزە سات بەسات کۆمەڵگەی لە باری دەروونییەوە دەشێواند، دەبووە هۆکاری ڕووداوی نائاسایی، کە مرۆڤەکانی لە ئاست خۆیاندا سەرسوڕماو دەکرد، سەرەڕای ئەم هەموو خەسڵەتگەلەش شیرین بڕیاری تێکۆشانی دژ بەو ڕژێمە نەخۆشە دابوو، وەکو یاخییەک هاتبووە مەیدان، کاروانەکەی ئاگرین، ڕێگاکەی پڕ تەگەرە و تۆز و دوکەڵ بوو، وەلێ دڵی گەرم، فراوان و ڕوون بوو، لەوەش دڵنیابوو، کە لە کاروانی حەقیقەتدا ڕێ دەکات، بۆیە هەرگیز ئاوڕی بۆ دواوە نەدا و گەرەکی نەبوو بۆ دوای خۆی بڕوانێت.
دوای ماوەیەکی درێژ جارێکی تر لە تاران بوو، لە نێو ئاپۆرایەکدا هەنگاوی کاوەخۆی دەنا، زۆر ئاگای لە دەوروبەری نەبوو، پاش چەند شەقاوێک لە پڕ هەڵوێستەیەکی کرد، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، ئەمجارەیان بەسەرنجەوە بۆ چواردەوری خۆی ڕوانی، سەدان ژنی بینی، تاڕادەیەک هەموویان خۆیان لە عەبایەکی ڕەش پێچابوون، هەندێکیان تەنیا چاویان دیار بوون، هەناسەیان، ڕوخساریان، لێو و دەمیان، زەردەخەنە و پێکەنینیان داپۆشرابوون، ون و دیل بوون. گشتیان لە یەکدی دەچوون، وەکو یەک دەرۆیشتن، یەک ڕەنگ و یەک بۆچوون دیار بوون. نیگای پڕ ئیش و ئازار، خنکێنراو، قەدەغەکراو، دیلکراو و نیگاگەلێک لە ژێر زەبری زوڵم و ستەمدا سەرکوتکرابوون، هیچ تایبەتمەندیی و جیاوازییەکیان دیار نەبوون. شیرین بە دەنگێکی نزم، کە کەس نەیدەژنەفت، بەبەرخۆیەوە گوتی " ئێمە لە ژێر ئەم چارۆکە ڕەشانەدا هەموو تایبەتمەندی، نازەنینیی، بەهرە و جوانییەکانمان ون دەکەین و لە دەستیان دەدەین، هەموومان دیمەنێکی یەک ڕەنگین، هیچ سەربەخۆییەکمان لەم وڵاتەدا نەماوە، ئەم ڕژێمە بۆتە بکوژی گیان و سروشتمان".
درێژەی بەهەنگاوەکانی دا، ئەمجارەیان بەشەقاوی خێراتر و بۆ چەپ و ڕاستی خۆی نەدەڕوانی، دەتگوت جگە لە گەیشتنی بەو جێیەی مەبەستی بوو بیری لە هیچی دی نەدەکردەوە. کاتێ گەیشتە سەر سوچی تەنگە کۆڵانێک، لە ناکاو سێ کەس بەجلوبەرگی مەدەنیەوە پێشیان پێگرت و ڕایانوەستاند، شیرین بەگومان و واقوڕمانەوە بۆیانی ڕوانی، بێ ئەوەی متەقی لێوە بێت، ویستی بەلارێدا بڕوا و خۆی لەوان ببورێت، وەلێ نەیانهێشت، جارێکی تر هەوڵی دا تێپەڕێت، بەڵام دیسان نەیانهیشت، کاتێ گوتی " چیتان لە من دەوێت؟" دووان لەو سێ کەسە دوو باڵی شیرینیان گرت و بروسکئاسا فڕێیان دایە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە. لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا لنگەفرتێی بوو، ویستی هاوار بکات بەڵام نەیانهێشت، هێندە بەقایمیی دەستیان نایە سەر دەمی، چی نەمابوو بیخنکێنن، هەناسەی بەدژوارىی دەدا، دەتگوت دەیانویست دەمودەست بیکوژن، هەڵوێستێکی دڕندانەیان لە هەمبەری دەنواند. ئیدی شیرین لەوە گەیشتبوو، کە کاروانێکی دوور و درێژ و سەختی دەست پێکردووە. هەریەکەیان لە لای خۆیەوە پەلاماری دەدا و لێی دەدا، تا لە ئۆتۆمبێلەکەیان داگرت دەیان جار بە مشتەکۆڵە و شەق لێیان دا، هەر دوای ئەوەی شیرینیان خستبووە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە، نەیانهێشت تەنانەت سەیری دەوروبەری



خۆیشی بکات. ئۆتۆبێلەکە لە پڕ لە جێیەک ڕاوەستا، دەرگەکەیان واڵا کرد و دووکەس ئەملاوئەولایان لێ گرت و بردەیانە نێو بینایەکەوە، چاوی بەپارچەیەک بەسترابۆوە و هەموو دەوروبەری وەک شەوەزەنگ تاریک بوو. جار جارە و لە پڕێکدا مشتەکۆڵەیان لە سکی دەوەشاند، پاشان بردیانە ژێرزەوییەک و پێیان گوت " دانیشە" شیرین لە سەرخۆ لە جێی خۆی ڕۆنیشت، بێ دەنگییەکی سامناک لەو ژوورەدا باڵادەست بوو، نە جوڵە و نە چرپە، تەنێ خامۆشیی و بێدەنگیی و نادیاریی، بۆنی مردن، خوێن، ونبوون و بۆنی تەنیایی لە هەموو کونجێکی ئەو ژووورە دەهات، تەنهایی، بەواتای ناچاریی، واتە کەسەر، ئێش و ژانی ناکۆتا.
خوێن لە لوتی شیرینەوە دلۆپ دلۆپ دەچۆڕا، کاتێ دلۆپی خوێن دەکەوتە سەر زەوی هێندە بێ دەنگیەکی سامناک دەخولقا، دەنگی دلۆپەکان دەهاتنە گوێی، دەنگی خوێنی مرۆڤایەتی و خوێنی گەلێک لەو ژوورەدا دەچۆڕا.
هەرسێ کەسەکە، کە دوایی روون بۆوە پاسدار بوون، بەبێدەنگی لە دەوری شیرین ڕاوەستابوون، جاروبار بەبەرخۆیانەوە مقۆمقۆیان بوو و دەیانویست لە دەروونیی شیرین تێبگەن، بەدەنگی نزم لە یەکدیان دەپرسین" چی دەکات ؟"
شیرین هیچی نەدەکرد، بێ چرپە هەڵکورمابوو، یەکێ لە پاسدارەکان بەشەقاوی هێواشەوە بەرەوڕووی هەنگاوی نا، ئەو هەستی پێکرد و لە دڵی خۆیدا گوتی" ڕەنگە جارێکی تر شەق لە سکم هەڵدەن" وەکو ئەوەی لە چۆڵەوانییەکدا خۆی لە مەترسییەکی نادیار بپارێزێت خۆی گرمۆڵە و گرژەوە کرد، بەڕادەیەک خۆی توند کردبوو گەر تیر لە سنگی بکەوتبایە بەرەو دوا دەگەڕایەوە، پاسدارێکیان هات و لەبەردەمیدا ڕاوەستا، چەند چرکەیەک لەسەرییەوە تا پێی بۆی ڕوانی، ئینجا نەڕاندی و گوتی" بەرزەپێ هەستە " شیرین هەڵنەستا، یارۆ دووپاتی کردەوە، ئەم هەر هەڵنەستا، لەو هەڵوێستەی شیرین حەپەسا، ئەمجارە هەردوولایان گرت و بردیانە ژوورێکی بچووک و تەنگ، بەڕادەیەک تەنگ بوو شیرین نەیدەتوانی تێیدا ببزوێت، دەستیان لە پشتێ ڕا بەست، دەرگەکەیان خڕ داخست و چوون. ژوورەکە فرە سارد بوو، چوون بەفرخەرەوە وابوو، شیرین وەک شۆڕەبی نێو ئاو دەلەرزی، سەرەتا دەست و قاچی، دواتر سەرتاپای جەستەی تەزی، چی وای نەمابوو مێشکی بوەستێت، چاوەکان شەکەت و گوێچکەی کپ ببوو، چیتر هیچی نەدەژنەفت، ژانێکی قووڵ بەهەموو جەستەیدا دەگەڕا، لەناکاو سەری بەسەر سنگیدا خوار بۆوە، هەنووکە خامۆشییەکی لە مەرگ سامناکتر دەستی بەسەر ژوورە تاریک و تنۆکەکەدا گرتبوو. شیرین لەسەر کۆنکرێتە ساردەکە لە جووڵە کەتبوو...
بەپێخاوسیی و جلوبەرگی تەنکەوە، بەتەنێ لەو ژوورە تاریکەدا لە هۆش خۆی چووبوو، هێندە هەڵلەرزیبوو، ئێژیتە جەستەی لە سەهۆڵ گیراوە، هەرگیز بەو شێوەیە کەسیرە نەببوو، لە چەند چرکەیەکدا ئارەقەی جەستەی وشکەوە ببوو و تەزووی سەرما بەهۆشی هێنایەوە، یەکبین هەڵدەلەرزی، چۆقەی ددانی لەو ژوورە بچووکەدا چون قرچەی سووتانی داری نێو تەنوور وابوو، دیسانەوە لە هۆش خۆی چووەوە. هێشتا لەسەر ئەو کۆنکرێتە سارده بوو، وەک ئەوەی لە خەوێکی قورسدا بێت، لە دۆخی داهێزراندا بوو، تینی لێ بڕا بوو.
هەرسێ پاسدارەکە بەپێکەنینێکەوە، کە گۆڕی هەڵدەتەکاند خۆیان بەقاوشەکەدا کرد، بۆ یەکدیان ڕوانی و دایانە قاقای پێکەنین، بەیەکدیان دەگوت" کوشتنی مرۆڤ چ خۆشە" جارێکی تر پێکەنین، بەتوندی نێولەپی خۆیان بەیەکدا دەدا و لێکیان دەخشکاندن، خوێن لە چاویان و لیک لە دەمیانەوە دەچۆڕا. یەکیان هاواری کرد و گوتی " بۆچی وەستاوین، با دەست پێ بکەین، تاسەی ئەشکەنجەم کردووە"!

بلەز دەرگای ژوورەکەیان والا کرد، نێو ژوورەکە تاریک و نوتەک بوو، چاو چاوی نەدەبینی، کپ بوو. یەکێک لە پاسدارەکان هەنگاوێ بەژوور کەوت، هیچ دەنگێک لە ژوورەکەوە نەهات، لەو بێ دەنگیە سڵەمییەوە و لە جێی خۆی ڕاوەستا، ئەژنۆی دەلەرزی، لە پڕ ترسێک کەوتە دڵیەوە، ویستی هەنگاوێکی تر بنێت، وەلێ ئەو جەسارەتەی لە خۆی بەدی نەکرد، دوو جار لەبەر خۆیەوە گوتی" بۆ دەنگێ لەو ژنەی نەیاریی خودا دەکات نایەت! " بەچاوێکی پڕ لە ترسەوە بۆ دواوە گەڕایەوە، کاتێ پاسدارەکانی تر ئەویان بینی، سەریان سوڕما و یەکسەر گوتیان:

-کوا بۆچی ئەو گاورەت نەهێنا؟

-دوو جار بانگم کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

-چۆن؟

-منیش نازانم!

-بۆچی بۆ نێو ژوورەکەی نەڕوانی؟

-ناوەوە زۆر تاریک بوو، ترسام و نەمتوانی هەنگاوی تر بنێم.

-چی بکەم، کاتێ دەرگەی ژوورەکەم والا کرد، ترسێکی سەیرم لێ نیشت، هەرچیم کرد قاچم نەبزوا، چون لابرێنتێکم بینیبێت، شەش وەکو قەتران و کۆتاییەکەی دیار نەبێت، سڵەمیمەوە..!

-چی بکەین، نابێت!

-باشە با بچین، کات نەماوە.

ئەمجارە هەرسێکیان پێکەوە ڕۆیشتن، لە بەر دەرکەی ژوورەکەی شیرین ڕاوەستان، دەرگاکەیان والا کرد، زرمەزرمی قاچیان دەنگی دەدایەوە، لایتەکەیان هەڵکرد. شیرین لەسەر کۆنکرێتە سارد و سڕەکەدا هەڵاژیابوو. ژوورەکە بۆنێکی هێندە ناخۆشی لێ دەهات مرۆڤی کاس دەکرد، دیوارەکەی کەڕوو لێی دابوو، لەبەر شێ مرۆڤ نەیدەتوانی تەنانەت چەند خولەکێکیش تیایدا بمێنێتەوە، وەلێ شیرین بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات لەو ژوورە گەنیو و شێدار و پیسەدا لە هۆش خۆی چووبوو.

پاسدارەکان ڕووناکی لایتەکەیان لە چاوی دا، هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا، ڕاکشابوو و لە جووڵە کەوتبوو، دەستەکانی لە پشتەوە بەسترابوون و ئاوسابوون، پەنجەکانی شین و مۆر هەڵگەڕابوون، ئێژیتە گیانی تێدا نەمابوو. دوو پاسدار چوونە ژێر باڵی و بۆ هەیوانی ژوورەکەیان هێنا و لەسەر کورسییەک دایاننیشاند، دەستیان کردەوە، بۆ ئەوەی هۆشی وەبەر بهێننەوە ئاویان بەسەر و چاویدا پژاند، لەبەرەوە هۆشی هاتەوە بەر، دەمێکی چاوی هەڵێنا، هەمان ئەو سێ پاسدارەی بینیەوە، هەوا بێ ئەندازە سارد بوو، لەسەرماندا هەڵدەلەرزی.

یەکێ لە پاسدارەکان بەتوندی چنگی لە قژی گیر کرد و ڕایکێشا:

– تۆ بۆ ئەوەندە دەترسی؟

– ناترسم!

– ئەدی بۆ ئەوەندە دەلەرزی؟

– سەرمامە!

– نا! لەبەر قورسی تاوانەکانتە وا هەڵدەلەرزی.

– من هیچ تاوانێکم نەکردووە.

-هەمووتان بە هەمان شێوەن، کەستان دان بە شتێکدا نانێن.

– دان بەچیدا بنێم؟

– تۆ خۆت دەزانی دان بەچیدا بنێیت، پێویست ناکات پێت بڵێم، ماوەیەکی تر دەبینی.



– شتێکم کردووە ؟

– بەر لە هەموو شتێک تۆ دژایەتی خودات کردووە.

– بۆ ئێوە خودان؟

– چیت گوت؟

– شتێکم نەگوت.

– بۆ ڕوونتر قسە ناکەی؟ لە قسەکانت تێناگەم.

– زمانی ئێوە نازانم.

– چۆن هاوڵاتی ئەم وڵاتەیت و زمانەکەی نازانی، کێ هەڵدەخەڵەتێنی.

– بە ڕاستیمە، من ئەو زمانەی ئێوە نازانم.

– بۆ قەت نەچوویتە بەر خوێندن؟

– نا!

– بۆ ئەوەی شتێک نەڵێیت دەستت بەفرت و فێڵ کردووە؟

-وا نییە! بەڕاستمە!

-توزێکی دی نیشانت دەدەم دەزانی یان نا!

لێکۆڵەرەوە لە پڕێکدا ڕۆیشت. شیرین لە هەیوانی ژوورەکە بەتەنێ مایەوە، دەرفەتێکی بیرکردنەوەی بۆ ڕەخسا، هەرچەندە جەستەی شەکەت و داهێزراو بوو، وەلێ مێشک و زەینی زیندوو بوون. هەرسێ پاسدارەکە هاتنەوە، یەکیان کورسییەکی هێنا و ڕێک لەبەرامبەر شیرین دانیشت، بەنیگایەکی تیژ و ترسناکەوە سەیری کرد، بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت لە جێی خۆی هەستا، تا هێزی هەبوو شەقێکی لە سکی هەڵدا، بەڕادەیەک توند بوو شیرین تا چەند دەقەیەک نەهاتەوە سەر خۆی، هەرچی دەکۆشا نەیدەتوانی هەناسە بدات، ئێشێکی هێندە قووڵ و گرانی بەرکەوت سەراپای جەستەی گرتەوە، چەند دڵۆپە خوێن لە لووتی چۆڕانە سەر چۆکی، بەدرێژایی تەمەنی جاری یەکەم بوو شەقێکی وەهای لێ بدرێت، ئێدی درکی بەوە کرد ئەو شەقانەیان بۆ کوشتنی دەوەشاند، خوێنی کەپوی گیرسایەوە، پاش کەمێک ئێشەکەی هێور بۆوە و دەستی بەهەناسەدان کردەوە. لێکۆڵەرەوە کەمیکی تر کورسییەکەی بردە لای سەری شیرین، بەچاوێکی زەقەوە بۆ نێو چاو شیرینی ڕوانی.

کیژەکوردەی نازەنین و نازدار، کە تەنێ زمانی کوردیی دەزانی، لە چەند دەستەواژەیەک بەولاوە فارسیی نەدەزانی، چون ئاسکێکی زامدار، بە دەست و پێی شەتەک دراوەوە، لەبەردەست نێچیرەکانیدا، بێ چارە و بریندار بوو.

لێکۆڵەرەوە بەدەنگێکی گڕ و بڵند گوتی:

– تۆ کێی؟

شیرین وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە، وەکو ئەوەی هیچی نەبیستبێ هەڵسوکەوتی کرد، بێ ئەوەی بۆ ڕووی بڕوانێت هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

لێکۆڵەرەوە جارێکی تر بەتوڕەییەوە پرسی:

– تۆ کێی؟

شیرین بەهێواشی سەری هەڵبڕی، سەیری نێو چاوی کرد و دوو جار خۆزگەی خۆی داقورتاند، قاچەکانی تەزیبوون، پەنجەکانی بەئاستەم دەجووڵان، خوێن بەنێو دەمارەکانییدا بەگوڕ کەوتنەوە، تەزینی لێدانەکەی هێور بۆوە. لێکۆڵەرەوە دیسانەوە بە دەنگێکی ناحەز گوتی:

– تۆ کێی؟

ئەمجارەیان وەڵامی دایەوە:

– من زمانی ئێوە نازانم.

– تۆ چۆن زمانی ئێمە نازانی؟ تۆ ناچاری بەزمانی ئێمە قسە بکەی.

– نەچوومەتە قوتابخانە، تەنیا چەند دەستەواژە و وشە دەزانم.

– تۆ فارس نیت؟

– نا!

کاتێ لێکۆڵەرەوە دوا وەڵامی ژنەفت شێت و هار بوو، بەقیڕە و هاوار کەوت، بەدار و بەردی دا دەکوتا، هاواری کرد و گوتی:

– تۆ چۆن فارس نیت؟

– من فارس نیم، کوردم! ئەسڵم کوردە، زمانی دایکم کوردییە و ناوی وڵاتەکەم کوردستانە.

– بەسە، بەس، بێ دەنگ بە! سەرت دەپەڕێنم! ئێوە هۆکاری نائارامین، ئێوە " تیرۆریستن" نەیاری خودان، کورد لەم وڵاتەدا نییە.

–ئێوە ڕاست ناکەن! کورد هەیە و زمانی خۆیان هەیە، نەریتی کوردەواری هەیە، کورد مێژووی هەیە، ئێوە ناتوانن ئەو ڕاستییە لە ناوبەرن.

لێکۆڵەرەوە هێندە توڕە و تۆسن ببوو، دەمی کەفچەڕی دەکرد، دەستی دایە قامچیەک تا تینی تێدا بوو شیرینی بەر قامچی دا، هەر جێیەکی بەردەست کەوتبا، لە پشتەمل، قاچ و پشتی دەدا، هاوکات جنێویشی دەدا، سەعاتێک شیرینی ئەشکەنجە دا، جارێکی تر خوین لە کەپویەوە پژا و ئەسرین لە چاوێلییەوە وەکو بارانی بەهار دەباری، بەدەم لێدانەوە پێیان دەگوت" زوو قسە بکە، سەبارەت بەکارەکەت زانیارییمان بدەرێ، ئێوە چ جۆرە ڕێکخستنێکن؟ بۆ دەتانەوێت وڵاتەکەمان پارچە بکەن؟ " شیرین وەڵامی نەدەدایەوە. بێ دەنگیی شیرین هێندەی تر توڕە و هاری دەکردن و ئەشکەنجەدانیان چەند هێندە دەکردنەوە، ئەمجارەیان پێڵاو و گۆرەوییەکانیان داماڵین و بەقامچی لە بن پێیان دەدا، تا هێزیان تێدا بوو لێیان دا، هاوار و ناڵەی شیرین لە هەیوانی ژوورەکە زایەڵەی دەدایەوە، بن پێیەکانی خوێنیان تێ زابوون. لە دوای ئەشکەنجەدان پێیەکانی شیرینیان خستنە نێو تەشتێ خوێاو، ئێژیتە گوێزان لە قاچەکانی دەدرێن، گۆش گۆش دەسوتانەوە، سوتانەوەیەکی قرچێنەر، هێندە ئازاری زۆر بوو سەرتاپای جەستەی دەهەژاند، فرمێسکی لە دییەی دەباراند، جارێکی تر یەکێ لە جەللادەکان لێی نزیک بۆوە و گوتی:

– ئەگەر قسە نەکەی، هەموو شتێکت بەسەر دێنین.

–هیچم نییە بۆ گوتن.

– هەیە،هەیە...

– نا، نییە.

– ئێمە ئاگامان لە هەموو کار و چالاکییەکانتان هەیە.

– دەی باشە، ئیتر بۆ لە من دەپرسن؟

–دەبێ خۆت دانی پێدا بنێی.

– من هیچ لەو بارەیەوە نازانم.

– چۆن نازانی؟ ئێوە لە دژی خودا ڕاوەستاون.

شیرین وەڵامی ئەو پرسیارەی لە دڵ و مێشکی خۆیدا دایەوە و گوتی: " ئێمە لە دژی خودا نەوەستاوین، بەڵام ئەگەر ئێوە خودا بن، دروستە! ئێمە لە دژتان وەستاوین، تا دوا هەناسەمان لە دژتان ڕادەوەستین"

لێکۆڵەرەوە دیسانەوە هەڕەشەی لە شیرین کرد:



– جارێکی تر دێمەوە، گەر ئەمجارە قسە نەکەی، بەدەستی خۆم دەتکوژم، دەبێ هەموو شتێک بدرکێنی.

بەبەندێکی رەش چاویان شەتەک دا، ئەوەندەیان جەڕاندبوو هەستی دەکرد سەری دەتەقێت، لە پێپلیکانەیەک هێنایانە خوارێ و بەدەروازەیەکی تەنگدا تێپەڕین، بۆنێکی خنکێنەر بەلووت شیریندا هات، بۆنی میز و پیسایی تێکەڵ بەیەک ببوون، بەڕادەیەک تیژ و قێزەوەن بوو هەناسەی تەنگ دەبوو. جەللادەکان بەیەک پاڵ شیرینیان هاویشتە نێو ئاوێکی گەنیوی قەتیسبووی ژوورە تەنگەکەوە، ئیدی نەیدەتوانی لە سەر پێ راوەستێت، دوو سەعاتێ بەچەماوەیی هێڵرایەوە، ئەژنۆی تەزی، ناچار بوو لە نێو ئاوە گەنیوەکەدا ڕۆنیشێت، چیتر نەیدەزانی رۆژە یان شەو و کات چۆن تێ دەپەڕێت، هێشتا چاوەکانی شەتەک درابوون.

چەند رۆژ بوو خواردن بەگەروویدا نەچووبووە خوارێ، هەستی بەبێ حاڵییەکی زۆر دەکرد، لە برساندا دڵی دەلەرزی، سەری بەگێژ کەوتبوو، پاش چوار پێنج سەعات، هاتن و ئەویان لەو دۆزەخە دەرکرد و بۆ جێیەکی دیکەی کەمێک باشتریان برد، لە کاتێکدا، کە دیار نەبوو شەوە یان رۆژ پەرداخێک ئاو و پاروویەک نانیان بۆ هێنا، نانە وشکەکەی خوارد، بەتانییەکی پیس لە عەردەکە ڕاخرابوو، لەسەر بەتانییەکە ڕۆنیشت، چەند جار لەسەر یەک هەناسەی قوڵی دا و ئەو رۆژانەی وەکو شریتێکی ڤیدیۆیی هاتنەوە بەرچاو، کە بڕیاری تێکۆشانی دابوو، دەتگوت بۆ یەکێک دەدوێت، لێوەکانی جوڵاند و بەبەر خۆیەوە دەستی بەقسە کردن کرد:

"من، شیرین، کچە کورد، ئەو کچە کوردەی زمانم، دابونەریتە کوردەوارییەکانم، مێژووم لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە نکوڵی لێ کراوە، لە گوندی دێم قشلاغی شاری ماکۆ لە ساڵی ١٩٨٤ لە دایک بووم، چ ڕێکەوتێکی سەیرە! ئەو ساڵەی، کە ساڵی ژیانەوەی کوردە هاتمە دونیاوە، وەکو هەر منداڵێکی کورد لە نێو کەلتور و دابونەریتی کوردەواریدا، لە گوندێکدا چاوم بەدنیا هەڵێنا،کە گەواهی زۆر ئێش و ئازارە، لە هەمان رۆژی لە دایکبوونمدا چارەنووسم دیاری کرا، ئێش، گریان و ناڵە، کەسەر، کۆچبەریی و مەرگ، هەموو ئەمانە بۆ من وەکو ئەوەی لە چارەم نوسرابوون، دەبوا ژیانم بەو قسانە بهۆنرێتەوە، ئەوانەش دەبوونە شەوارەی من، لە ئێل و هۆزێکی گەورەی کوردستاندا هاتمە دونیاوە، لە منداڵیمەوە بەچیرۆکی تراژیدیای دیرۆکی کورد گۆشکرام. هەموو رۆژێ گوێم لە چیرۆکی شکست، مەرگ، سێدارە و کۆچبەریی دەبوو، دایکم بەگریان و چاوی پڕ ئەسرینەوە باسی شکستی کوردی لە مێژوودا بۆ دەگێڕامەوە. لە منداڵییەوە ناوی رابیعە خانم، ئاسیا، یاشار خانم ژنەفت، ئەو ناوانە بۆ من ناسنامە، کەسایەتی و ئایندە بوون، نەخاسمە سەرگوزشتەی رابیعە خانم، چون تیرێکی سوتێنەر بەر دڵم کەوتبوو، قارەمانێتی و وڵاتپارێزییان چون ئایەتی کتێبی پیرۆز وا بوون، زۆر لە واتا و مەبەستی بەرگرییەکانیان تێنەدەگەیشتم، بەڵام بەو تەمەنە بچوکەمەوە گەورەترین ئاوات و خۆزگەم ئەوە بوو، کە دایکم وەکو رابیعە بەهێز بووایە، چ جا دایکم لەو شەوە ساردانەی زستاندا دڵمانی بەچیرۆکەکانی رابیعە خانم گەرم دەکردەوە. دەمێکی دایکم ناوی دەهێنا هەناسەیەکی قووڵی پڕ لە کەسەری هەڵدەکێشا، لە چاوانییدا هەستمان بە ئێشی سەد ساڵی دوایی دەکرد، جار و بار بێ ئەوەی بهێڵێت روخساری ببینین چاوێلی بەچمکێکی کۆڵوانە موروودارەکەی دەسڕینەوە، فرە واتام بەفرمێسکەکانی نەدەدا، نەمدەزانی بۆ کاتێ باسیان دەکات هێندە غەمگین دەبێ، زۆر دواتر تێگەیشتم، کە فرمێسکەکانی گریانن بۆ مێژوویەکی ون، فرمێسکی تاڵیی و بندەستییە، فرمێسکی بێ چارەیی ژنی کورد و شکستییەکی سەختە. رابیعە خانم هاوژینی حەسکی تەلی بوو، کە لە سەردەمی راپەڕین

و شەڕی ئاگرییدا ژیابوو، بۆ سەرفرازی گەلەکەی راپەڕیبوو و خۆی بەهەموو هاوڕێ راپەڕیوەکانی گەیاندبوو.

"هەسکی تەلی بەمێرخاسی و مەردیی لە شەڕی دژ بەفارس و تورکان ناوبانگی دەرکردبوو، دوایین جار رابیعە خانم وەک شێرە ژنێک شەڕ دەکات، لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی کورد تۆمار دەکات، لە ئەنجامدا خۆی، هاوژین و منداڵەکەی شەهید دەبن.

"کاتێ دایکم سەرگوزشتەی ئەو ژنە قارەمانەی بەو گوتە پڕ ئێش و ئازارانە دوایی دەهێنا، بۆ چاومی دەڕوانی و دەیویست پێم بێژێ " تێگەیشتی کچم؟" منیش سەری تێگەیشتنم بۆ دەلەقاند، ئیدی نازانم بۆچی بوو! هەر کاتێک دایکم چیرۆکی قارەمانێتیانی بۆ باس دەکردم، بەردەوام چیرۆکەکانی خۆی دووبارە دەکردنەوە، زۆر شەو بەر لەوەی سەر بخەمە سەر سەرین ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد: بۆچی دایکم نەبۆتە یەکێ لەوانەی بوونەتە بابەتی چیرۆکێکی ئاوها؟ من زۆر حەزم دەکرد دایکیشم وەکو رابیعە خانم بوایە بەبابەتی چیرۆک، بەڵام لەو تەمەنەدا هەرگیز وەڵامی پرسیارەکەی خۆمم وەرنەدەگرتەوە، پرسیارەکەم بێ وەڵام دەمایەوە.

"پەریای جیرانمان، کە هاوتەمەنم بوو، جار و بار بانگی دەکردم و پێکەوە لە پشت ماڵەکەمان یاریمان دەکرد. پەریا کچێکی زۆر ژیر و وریا بوو، لەو تەمەنە بچووکەیدا قسەی زل زلی دەکرد، من هەمیشە ئەوم لە خۆم ژیرتر و خۆمم لە ئاست ئەودا بەنەزان دەبینی، وەک مامۆستا هەڵسوکەوتی دەکرد. من هەمیشە قژم هەروا دادەهێنا و دەمهۆندەوە، وەلێ پەریا هەر ڕۆژەی قژی بەشێوەیەک دەهۆندەوە و بەچەندین جۆر دەیڕازاندەوە، کاتێ یەکدیمان دەبینی دەستبەجێ دەستی بۆ لەچکەکەی سەرم دەبرد و دەیگوت" کوا با بزانم ئەمرۆ قژت چۆن هۆنیوەتەوە!" کاتێ دەیبینی من وەک هەموو جارێ هۆنیومەتەوە، دەستی بەپێکەنین دەکرد، پاش ئەوەی تێر پێدەکەنی ئینجا لەچکەکەی لا دەدا و قژی خۆی نیشانم دەدا. رۆژێکیان جارێکی تر پەریا بانگی کردم و ویستی بچین لە پشت ماڵی خۆمان یاری بکەین، دەمزانی پەریا دیسانەوە باسی بەهرەکانی خۆی دەکات، بەڵام من بڕیارم دا ئەمجارەیان دەرفەتی نەدەمێ. چیرۆکی رابیعە خانمم لە مێشکم دا تۆمار کردبوو، یەکەمین جار بوو لە بەرامبەر پەریا هەنگاوێکم دەنا، کاتێ بۆ پشت ماڵمان ڕۆیشتم دەستبەجێ گوتم:

– پەریا!

" لەبەرئەوەی ئەو هەمیشە یەکەم کەس بوو قسەی دەکرد، هەنێک بەسەرسوڕماوییەوە سەیری کردم و بەڕوویەکی ئارامەوە گوتی:

– چی؟

– دەمەوێت چیرۆکی ژنێکی قارەمانت بۆ بگێڕمەوە، چیرۆکی ڕابیعە خانم.

– بۆچی تۆ چیرۆکی ڕابیعە خانم دەزانی؟

– ئەو کێیە؟ " چیرۆکی رابیعە خانمم بۆ گێرایەوە، جارێکی تریش پەریا منی حەپەساند. دەمگوت، ئێستا گاڵتەم پێ دەکات و چیرۆکەکەم بێ نرخ دەکات، بەڵام پەریا بەسەرنجێکی مەزنەوە گوێی لە چیرۆکەکە گرت، باش دێتەوە یادم، یەکەوڕێ ڕوخساری گۆڕا، چون کەسێکی تێگەیشتوو هێواش هێواش سەری دەلەقاند و بۆ نێو چاومی ڕوانی و بەنووزە و دەنگێکی پڕ لە خەمەوە گوتی:

–شیرین.

– بەڵێ!

–کێ ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕایتەوە؟

– دایکم.



–دایکت؟

–بەلێ.

– بۆچی دایکی منیش چیرۆکی وەهام بۆ ناگێڕێتەوە؟

– نازانم.

– شیرین؟

– بلێ!

– دەزانی؟

– چی بزانم؟

– زۆر دەمەوێ ببمە ژنێکی وەکو رابیعە خانم.

"کاتێ ئەوەم لە پەریاوە بیست، جارێکی تر خۆم لە ئاستی ئەودا بەبچووک و نەزان بینی، دایکم دەیان جار ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕابوومەوە، وەلێ هەرگیز درکم بەوە نەکردبوو، کە ببمە کەسێکی وەکو رابیعە خانم، قەت بەزەینمدا نەهاتبوو. دەمگوت" بۆچی دایکم وەکو رابیعە خانم نەبووە؟" پەریا دیسانەوە پرسی:

– تۆ دەتەوێ وەکو رابیعە خانم بی؟

" قەیرێک لە بیر ڕا ڕۆچووم، ئەوی ڕاستی بێت چاوەڕێی پرسیارێکی وەها نەبووم، بەر لەوەی پەریا پرسیارەکەی دووبارە بکاتەوە، وەڵامم دایەوە:

– نا!

– چۆن؟

– من دەمویست دایکم وەکو ئەو بێت.

– دایکمان چۆن وەکو رابیعە خانم شەڕیان بکردبایە؟

– بۆچی ناتوانن؟

–نا ناتوانن، ئەی نابینی، دایکانمان چۆن لە باوکانمان دەترسن؟

–راستە.

"پەریا ئەمجارەش سەرکەوت، یەکەمجاربوو بەو ڕادەیە لە پەریا دڵگران بم، هەرچەندە پەریام زۆر خۆشدەویست، هاوڕێ و هاوڕازم بوو".

شیرین لەسەرخۆ سەری لەسەر ئەژنۆی بەرز کردەوە، کاتێ سەیری دەوروبەری کرد بینی بەتەنیا لەو ژوورە رەش و خامۆشەدا هەڵکورماوە، تا ئەو کاتەش جلەکانی هێندە تەڕ بوون شڵپەیان دەهات، نێو ژوورەکە بۆنێکی گەنیوی لێ دەهات، خەوی دەهات، بەدەم ئێش و ئازاری زامەکانییەوە لەسەر بەتانییە تەڕەکە هەڵاژیا، برژانگەکانی هێواش هێواش قورس دەبوو تا بەتەواوەتی خەو بردییەوە.

* * *

لە گرمە گرمی کردنەوەی دەرگاکە لە خەو راچڵەکی و خۆی کۆکردەوە، چەند جارێک لەسەر یەک دەرگەکەیان بەتوندی دەکردەوە و دایاندەخست، شیرین بەئاگا هاتەوە، چۆکی دایە بەر سنگی و لەسەر بەتانییەکە دانیشت، هیچ رووناکییەک لە نێو ژوورەکەدا نەبوو، زۆر تاریک بوو، بۆنێکی شێداری لێ دەهات، کە گەرووی دەسوتاند و بەر ڕووە ماندووەکەی شیرین دەکەوت، دەیویست گەر بەئاستەمیش بووە رووناکییەک ببینێت، زۆری حەزی لە رووناکی بوو، پێی شاگەشکە دەبوو، بۆیە هەموو هەڤالانی بە رووناهی ناوزەدیان دەکرد.

ئەو ناوە پڕ بەپێستی بوو، بەخۆیشی پێی خۆش بوو، وەلێ لەوێندەر چروسکێکیش ڕووناکی نەبوو، نەیدەزانی لە کامە نهۆمی ژێرزەوییەکەدایە، هێندەی دەیزانی لە ژێرزەوییەکی قوڵدایە، لەبەر بێ هەوایی سەری بەگێژ کەوتبوو، سەرئێشەکەی بەو زامانەدا دەگەڕا، کە لە جەستەی برینداربییەوە مێروولەیان دەکرد، لەبەرخۆیەوە دەیگوت" بەدڵنیاییەوە ئەم ژوورە هەواکێشێکی هەیە، دەنا مرۆڤ ناتوانێ چارەکێکیش لێرە بژی"

بەو ئومێدی بە دوای هەواکێشدا بگەڕێت، بەرەو کونجی ژوورەکە چوو، هەوایەکی گەرم بەر ڕووی کەوت، لە سەرخۆ خۆی دایە بەر هەواکە و کەمێکی تر بەرەو سوچی ژوورەکە هانگاوی نا و پاڵی پێوەدا، سەری خستە بەر هەواکێشەکە، هەوایەکی گەرم، بەڵام هەروەکو زێراب بۆگەن، بۆنێکی تیژ و دژوار بوو، سەرەڕای ئەوەش بەناچاریی بێ جووڵە لەبەردەمییدا دانیشێت.

زرمەی پێی چەند کەسێک لە هەیوانەکەوە دەهات، دیاربوو دەنگی پیاو بوو، شیرین بۆ چەند چرپەک هەناسەی لە خۆی بڕی و هەستی گرت، هیچ حاڵی نەبوو، دەنگیان تێکەڵ بەیەک دەبوو و لە هەیوانەکەدا زایەڵەی دەدایەوە، پاش کورتە بێدەنگییەک بەخڕەخڕی کێلون و کلیلی ژوورەکە، دەرگاکەیان واڵا کرد. تا ئەو کاتەش چاو و دەستەکانی شیرین لە پشتەوە بەسترابوون، تەنێ تەپەی پێیانی دەبیست، زرمەی شەقاوەکانیان وردە وردە نزیکتر دەبۆوە، زانی بەرەوڕووی دێن، هاتن و لە بەردەمی وێستان، یەکێکیان گوتی " هەستە سەر پێ" چەند جارێک کۆشا بەرزەپێ هەستێ، بەڵام لەبەر ئێشی ئەژنۆکانی نوچی دەدایەوە و دەکەوت. لێکۆڵەرەوە تێگەیشت، کە ناتوانێ هەستێتە سەر پێ، بێ ئەوەی متەقی لێوە بێ پڕی دایە قژی و بەدووی خۆیداڕایکێشا، بەڕادەیەک ئێشی پێ گەیشت ئێژیتە پێستی سەریان دادەماڵی، ویستی هاوار بکات، وەلێ هەناسەی بۆ نەدەدرا، تەنیا فرمێسک لە چاوێلیەوە دەباری، بە دووری ٠ مەتر بەرەو دەرەوەی ژوورەکە بەقژ کێشان بردی، لە هەیوانەکەدا، کە ئەشکەنجەخانە بوو، پێدەچوو بیریان لە هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک کردبۆوە. شەو و ڕۆژ لە هەر کونجێکی ئەو ژێرزەوییەوە قیژە و هاوار دەهات.

شیرینیان هەڵگرت و لەسەر کورسییەک دایانیشاند، لەبەر ئازار وەکو شۆڕەبی نێو ئاو دەلەرزی، تا دەهات ئێشەکەی قورستر دەبوو، ژانێکی ناکۆتا تەزووی بە تەوقی سەریدا دەهێنا، دەمارەکانی پشتەملی هێندەی ئەنگوستێ هەستابوون و ڕەق هەڵاتبوون، دەتگوت خوێن ناگاتە سەری، هەستی بەتەزینێکی درێژخایەن دەکرد، هاوسەنگی جەستەی تێکچووبوو.

هەردوو قاچیان شەتەک دا، تا تینیان تێدا بوو جەڕاندیان، دیسانەوە دەستیان بەستەوە. لێکۆڵەرەوە جگەرەکەی پێکرد، دوای چەند نەفەسێک سوتماکەکەی بەسەر ڕوویدا تەکاند. ئەوە مامەڵە بۆ شیرین لە هەموو جۆرەکانی تری ئەشکەنجەدان دژوارتر و سەختتر بوو، بەڕوخساری بەرگری لەبەرامبەر ئەو شەڕە دەروونییە دەکرد ونەیدەویست جەللادەکە



بزانێت ئەو حەزی لە جگەرەکێشانە.

شیرین، بەر لەوەی دەستگیربکرێت، زۆری جگەرە دەکێشا، لەو کاتەوەی گیراوە ئەوەی تاسە و بێزاری دەکرد، نەبوونی جگەرە بوو، وەلێ هەرگی نەیدەهێنایە سەر خۆی، ئێستاش بەهەمان شێوە، هەر کە جەللادەکان سووتماکی جگەرەکەیان بەڕووی دا دەتەکاند، هەناسەی ڕادەگرت و نەیدەهێشت کاری لێ بکات. دواجار، جەللادەکە گڕی جگەرەکەی بەپشت ملی ڕووتی شیریندا چەقاند، ئەمجارەیان وەکو سوژنێکی سوورەوەکراوە بەسەرییدا بکەی، ئێش لە مێشک و ئێسقانی دا، ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا، دیسانەوە ئاگری جگەرەکەی لەملی گیر کرد و کوژاندییەوە. شیرین لە سۆنگەی ئەو ئازارە قورسەوە قیڕاندی، دەنگی هێندە بڵند بوو دەرگا و پەنجەرەی ژوورەکەی هەژاند، بەڵام ئێژیتە لێکۆڵەرەوە چێژ لەو ئەشکەنجەیەی شیرین وەدەگرێت، قاقا پێدەکەنی. شیرین زۆری تینوو بوو، لە توینێتییدا بگەری دەسوتایەوە، پێی گوتن" جامێک ئاوم بدەنێ" بۆ یەکدیان ڕوانی و دایان لە قاقای پێکەنین، پاشان یەکێکیان گوتی:

– توونیتە؟

– بەلێ!

– باشە، ئاوت دەدەینێ، بەڵام تۆ سەرەتا وەڵامی دروستی پرسیارەکانی ئێمە بدەرەوە.

– من تەنیا داوای ئاوم کرد، من....

جەللادەکە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات، گوتی:

– بەسە، بەس دەزانم تۆ چی دەڵێی" هیچ نازانم" تۆ ئەوەت دەگوت، نا؟

– بەلێ.

–وەلێ بۆ ئەوەی ئاو بخۆیتەوە دەبێ چەند شتێکمان پێ بلێی.

– شتێکم نییە بۆ گوتن.

– گەر وایە، ئاو نییە.

– با نەبێت.

– بۆ؟ دەتەوێت جگەرت لە بێ ئاویدا بتەقێت؟

– با بتەقێت.

–نا نا ئاوت دەدەینێ.

پەرداخێک ئاوی هێنا، لەبەئەوەی دەست و چاوی شیرین بەسترابوونەوە، بەدەستی خۆیان پەرداخەکەیان بۆ دەمی برد، کاتێ ویستی دەم بۆ ئاوەکە بەرێت، دەستبەجێ پەرداخەکەیان کشانەوە و نەیاهێشت ئاوەکە بخواتەوە.

– تا قسە نەکەیت ئاو ناخۆیتەوە!

شیرین متەقی لەخۆی بڕی.

– بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟

دیسانەوە وەڵامی نەدایەوە.

– تۆ دەزانی گەر سەبارەت بەکارەکانی خۆت زانیاریمان نەدەیتێ، سزای سێدارەت بۆ دەبڕێتەوە، ئەو کاتە ئێمەش ناتوانین ڕزگارت بکەین و لە ماوەی چەند مانگێکدا لە سێدارە دەدرێیت. دەبێ قسە بکەی بۆ ئەوەی سزاکەت لەسەر سووک بێت. ئەگەر گوێ لە ئێمە نەگریت ناتوانین لەو تاوانبارییانەی کردووتن و لە دژایەتی خودا رزگارت بکەین، تۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامییت کردووە و ئەوەش نەیارییە لەبەرامبەر خودا.

– نەیارییم لە بەرامبەر خودا نەکردووە و تێکۆشانەکەشم لەو پێناوەدا نییە، ئەوە ناحەقییە لە منی دەکەن، تاوانێکم دەخەنە ئەستۆ، کە من نەمکردووە، شتێکم لە دەرەوەی یاساکانی

ئێراندا نەکردووە، تەنیا چالاکوانێکی مافی مرۆڤم، بەپێی یاساکانی ئێران بۆ مافی ڕەوای مرۆڤ تێدەکۆشم، وەلێ ئێوە بارودۆخی من پێچەوانە دەکەنەوە و دەتانەوێت بەناوی منەوە شتی ساختە دروست بکەن.

– مافی مرۆڤ چاوەڕێی تۆیە؟ بەو قسانەت دەتەوێ کێ هەڵخەڵەتێنی؟

– من ڕاستی ئێژم.

– بێ دەنگ بە! نامەوێ جارێکی تر قسەیەکی وەها لە دەمت دەرنەچێت، لەم وڵاتەدا مافی کامە مرۆڤ خوراوە، کە تۆ هەستی و بڵێی من بۆ مافی مرۆڤ تێدەکۆشم؟ ئەوە چ درۆیەکە؟

– نا، درۆ نین، من داکۆکی لە مافی ژنان دەکەم، هیچ کارێکی نایاساییم نەکردووە، هێشتاش نازانم ئێوە بۆچی منتان بۆ ئێرە هێناوە و دیلتان کردووم! من بۆچی لێرەم؟ بۆچی ئەو زوڵمەی لە هیچ جێیەکی جیهاندا نەکراوە، لێرە لە منی دەکەن؟ بەو ئەشکەنجەیە گەرەکتانە چیتان دەست بکەوێت؟ ئەوەی زۆر باش دەیزانم ئەوەیە: دەربارەی ئەو شتانەی لێم دەپرسم هەرگیز و هەرگیز هیچ نازانم، دەتانەوێ بمکوژن، لە سێدارەم بدەن.

دوای تەواوبوونی قسەکانی شیرین، جەللاد تاین شێت و هارتر بوو، وەک تیرێکی ژەهراوی جگەری پێکابێت، قیژاندی:

–وس بە، بێ دەنگ بە، دەتەوێت بەقژ هەڵتواسم؟

–شیرین درێژەی بەقسەکانی دا:

– نەخێر، هەندێ شتی دیکە ماوە دەبێ بیانڵێم، لە ئێستا بەدواوە دەستم بەچالاکی مانگرتن کردووە، تا ئەو کاتەی دەست لە ئەشکەنجەدانم بەردەدەن، پارچەیەک نان چییە بەگەروومدا ناچێتە خوارێ، بشمکوژن دەست لەو مانگرتنە هەڵناگرم.

جەللادەکە بەپێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە گوتی:

– گوتت چی؟

– گوتم، دەست بەچالاکی مانگرتن دەکەم.

– تۆ دەتەوێت دەست بەنەریتێکی نوێ بکەی، خۆ بەخۆ ئێوە سەرچاوەی هەموو خراپەکارییەکن.

–لە پێناو بەها و کەرامەتی خۆمدا، لە دژی ئەو هەڵوێستەتان، ئێوە چ ڕێ و ڕێبازێکتان بۆ من نەهێشتۆتەوە.

– کەسی وەک تۆ دەبێ باسی بەها و کەرامەت نەکات.

شیرین بەو بڕیارەی ئەوانی حەپەساندوو، پێشبینی شتێکی وەهایان نەدەکرد، لەگەڵ هەموو ئەشکەنجە و هەوڵەکانیشیاندا ئەو لە بڕیارەکەی پاشگەز نەبووەوە. لەسەرەتادا باوەڕیان نەدەکرد لەسەر بڕیارەکەی بمێنێتەوە، چەندین سەعات درێژەیان بەئەشکەنجەدانی دا، لە هۆش خۆی چووبوو، جەستەی لە خوێندا گەوزا بوو.

هاویشتیانە ژوورێکەوە، ئەوێش وەکو ژووری پێشوو بوو، تاکە جیاوازییەکی ئەوەبوو تاقێکی بچوکی تێدابوو. شیرین لەسەر زەوییە سارد و سڕەکە درێژببوو، بێ جووڵە، جەستەی بەشێوەیەکی لێ هاتبوو ئێژیتە نەک ساتێک بەڵکو ساڵێکە مردووە.

* * *



ئەو شەوە ناکۆتایە دوایی هات و ئاسۆ لەبەرەوە ڕووناک بۆوە، شیرین هاتەوە هۆش خۆی، چاوەکانی هەڵێنان، وەلێ فرە شەکەت ببوو، دەست و قاچی هێشتا بەسترابوونەوە، نارەحەت بوو، نەیدەتوانی ببزوێ، بەزەحمەتی خۆی بەلایەک دا دەدا، ئێشێک، کە هەرگیز لە ژیانیدا نەیبینیوە لە پشتی دابوو، هەرچی دەکۆشا نەیدەتوانی خۆی ڕاست بکاتەوە، ناچار بوو پشتی بەدیوارەکەوە بنوسێنێت، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. لەو کاتەوەی گیرابوو، یەکەمجار بوو چاویان کردبۆوە، خۆیشی لەو دۆخە سەری سوڕمابوو، لە دڵی خۆیدا گوتی " بۆچی چاوم نەبەستراوەتەوە؟

هەرچەندە چاوەکانی کرابوونەوە، وەلێ نەیدەتوانی بەردەم خۆی ببینێت، دەتگوت کانی چاوەکانی وشک بوون، هیچی نەدەبینی، ویستی چاوی هەڵگلۆفێت، بەڵام دەستەکانی شەتەک درابوون، ئەژنۆی بەرەو سنگی بەرزەوە کرد و هێدی هێدی چاوەکانی هەڵگلۆفین، دوای قەیرێک بەردەمی خۆیی بینی. ژوورەکە تۆزێ ڕووناک ببۆوە، کەمێ ملی بادا، تاقێکی بچوکی لە ژوورەکەدا بینی، لەو تاقەوە تیشکی خۆر بەژوور دەکەوت و ڕووناکی دەکردەوە، خۆی بەزەویدا خشاند و تاکو گەیشتە لای تاقەکە و لەوێ دانیشت، گوێی لە هاوار و زەنا بوو، زرمەی پێیان بوو، قاقای پێکەنینیان دەهات، بەڵام لێیان تێنەدەگەیشت، هەوڵی دا لێیان تێ بگات، گوێی بە دیوارەکەوە نا، هەر دەنگێک بهاتبایە و تێگەیشتایە، مانای وابوو هێستا ژیانی بەبەردا ماوە.

بەر لەوەی دەستگیر بکرێت بەهەڤاڵانی خۆی گوتبوو" گەر ڕۆژانە ڕووی دەیان مرۆڤ نەبینم ناتوانم بژیم" ئەوەشی لە خۆی دەپرسی ئەوانەی چەند ڕۆژە دەیانبینێ چەند خەسڵەتی مرۆڤبوونیان پێوەماوە؟!

بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەر تاقەکەدا دانیشت، نەیدەویست ڕۆژ کۆتایی بێت، وەلێ مەخابن ڕۆژ چوبوو، ڕووناکیش بەرەو کزی و نەمان دەچوو، تاریکیی باڵی بەسەر هەموو جێیەکدا کێشابوو، ژوورەکەشی بووە گۆڕستانێکێ خامۆش، لەسەرخۆ جێی پشتی گۆڕی، کەمێکیش ئێشی پشتی کەم ببۆوە.

بەچرپەوە، وەکو بڵێی ڕازێکی گرنگ بۆ هاوڕازێکی بگێڕێتەوە، لێوەکانی جوڵاندن و لە بەرخۆیەوە گوتی:

"لەم هەلومەرجەدا، کە هەر سەعات و خولەک و چرکەیەکی دەمکوژێت، سەرگوزەشتەکانی خۆمم بیر دەکەونەوە، ئەوەندە بەوردکارییەوە دێنەوە یادم، ئێژیتە ئەو ڕۆژانە سات بەسات دەژیمەوە. دوای ئەوەی چیرۆکی رابیعە خانمم بۆ پەریا باس کرد، ئیدی نازانم لەبەرچی بوو، وەلێ لەو ڕۆژە بەدواوە چیتر پەریا هەرگیز باسی قژی و پرچە درێژەکانی بۆ نەکردم، نەیدەهێشت لە بابەتی هۆندنەوەی قژی بدوێین، لەوەدا خۆم بەگوناهبار دەبینی، لە ناخەوە دەمویست شێوەی هۆندنەوەی پەلکەکانی وەکو دوو چەمی ڕێک بگێڕێتەوە، ئیدی منیش لە ڕۆژانی دواییدا بەجوانی، بەشانە خڕخاڵیەکەی داپیرەم قژی درێژم دادەهێنا و شێوەی جۆربەجۆرم لێ دروست دەکرد. زۆرم پێ خۆش بوو قژم نیشانی پەریا بدەم، هەر دەمویست بابەتەکە بهێنمەوە سەر قژی پەریا، پێشتر باسی ئەو شتانەی دەکرد کە هەرگیز لە خەیاڵی مندا نەبوون باسیان بکات، دواتر تێگەیشتم، کە پەریا دەیویست باسی هۆندنەوەی قژم بکەم، وەلێ ئەو ڕۆیشت و منیش هەرگیز ئەو دەرفەتەم نەبینیەوە.

ڕۆژێک، دەمێکی ویستم پەریا بانگ بکەم و بۆ یاری کردن بچینەوە هەمان شوێن، بوومە

شایەدی گفتوگۆی نێوان پەریا و دایکی. پەریا ڕووبەڕووی دایکی بووەوە و دەیقیراند، من سەرم سوڕمابوو، دایکی فزەی نەدەکرد.

پەریا بەتوڕەییەوە دەیگوت:

– باش گەورەم ناکەی، باسی شتێکم بۆ ناکەی، تەنیا ئەوەم نیشان دەدەی، کە چۆن قژم شانە بکەم، تەنیا خەمت ئەوەیە، گەورە ببم و بەشووم بدەی و منداڵم ببێت، من ئەو ڕۆژەش پێم گوتی، کاتێ شیرینی هاوڕێم باسی رابیعە خانمی دەکرد، شەرمم لە خۆم دەکرد، تۆش ئەو چیرۆکەت دەزانی، وەلێ بۆت نەگێڕبوومەوە، دایکی شیرین هەموو شەوێ چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوە. بەڵام تۆ....

– کچەکەم ئارام بە و برۆ قژت دابێنە.

– چیتر قژم داناهێنم.

– پەریا، کچم تۆ بۆ من گوناهبار دەکەی؟ ڕۆژێک دێت و گەورە دەبی، ئەو کاتە تێدەگەی و حەق بەمن دەدەی.

– نا دایە! هەرگیز حەق بە تۆ نادەم.

– کچم لەبەر ئایندەت ناچارم دەمم بگرم و بێ دەنگ بم.

– دایە، تۆ دەتەوێت دەمت بگری یا نەیگری کەیفی خۆتە، بەڵام ئەوە ناکەم، کە تۆ دەتەوێت.

–پەریا، کچم، تۆ هێشتا بچووکی تەمەنت هێشتا نەبۆتە دە ساڵ، تۆ لە ئێستاوە سەری خۆت دێشێنێت.

– تۆ ناتەوێت من هەندێک شت ببینم، شیرینی هاوڕێم دەیان چیرۆک دەزانێت، منیش... هیچ نازانم، تۆ دەزانی ئەو وام لێ دەکات شەرم لە خۆم بکەم، ئازارم دەدات.

کاتێ پەریا ئەوەی گوت، دایکی توند لە ئامێزی گرت، لەچکەکەی ڕێک کردەوە و بەدەنگێکی پڕ لە کەسەرەوە گوتی:

– پەریا گیان، چاوەکەم، گوڵەکەی دایە، ڕووناکی چاوم، جەرگم، ئێشی یەکەم، بەختەوەریی شەوانی درێژم، هاوار و ناڵەی کاتی ناچارییم، سەبر و ئارامیی ڕۆژانی تەنگ و سەختم، پەریاکەم! من چۆن بەرگەی ئەو فرمێسکانەی تۆ دەگرم؟ هەر دڵۆپێک فرمێسکی تۆ بارتەقای هەموو تەمەنمە و لە تەمەنم کەم دەکاتەوە، تۆ دەبێ ئەوە بزانی، بەڵام بەڵێنت پێ دەدەم لەمرۆ بەدواوە هەموو ئێوارەیەک چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، من ناتوانم خۆم لەبەر ئەو فرمێسکانە بگرم.

– دایە بەڕاستی چیرۆکم بۆ دەگێڕیتەوە؟

– بەڵێ کچم! جا لە چیرۆک بەولاوە چیمان هەیە؟ تەنێ ئەوەیان بۆ هێشتووینەتەوە. دوای ئەوەی مشتومڕەکەیان دوایی هات خۆم بە ژووردا کرد، پەریا بەجۆشێکی گەورەوە پێشوازی لێکردم. ئەوە جاری یەکەم بوو، کە بەتوندی لە باوەشم بگرێت، بەر لەوەی قسەم بکەم پەریا گوتی:

– شیرین...

– چییە؟

– کەمێ درەنگ هاتی؟

– شتێکت بۆ باس بکەم؟!

دێتەوە یادم لە دڵی خۆمدا گوتم، بەدڵنیایەوە پەریا باسی مشتومڕی خۆی و دایکیم بۆ دەکات، ئاوڕم لێدایەوە و گوتم:

– باسی چیم بۆ دەکەی؟

– دەڵێم با ئەمرۆ بۆ یاریکردن بۆ پشت ماڵمان نەچین.

– ئەی بۆ کوێ بچین؟



– بۆ نێو بێستانەکەی خۆمان برۆین.

– ئەدی باوکت تووڕە نابێت؟

– نا،نا!

– باشە! دەتوانین بانگی سینەمیش بکەین، لەم ڕۆژانەی دواییدا هەرگیز بانگی ئەومان نەکردووە، دوایی لێمان زویردەبێت.

– دەمەوێ هەردووکمان بەتەنێ بچین، با ئەمرۆ سینەم نەیەت.

لەوە زیاتر پێداگریم نەکرد، یەکەوڕێ خۆمان بەبێستانەکەیاندا کرد، لە سەرەتای بێستانەکەدا کانییەک هەبوو، پەریا بردمیە سەر کانیەکە، ئاوە سازگارەکەی بەهێوریی دەخرۆشا، ئاوازی خرۆشانەکەی دڵی مرۆڤی مەست دەکرد، هێندە ئارام بوو، بێ ڕێگریی دەڕژایە بن دارەکان، دیمەنێکی کەموێنەی ئەفراندبوو، داری جۆراوجۆر لە دەوراندەوری ڕوابوون، بەرامەیان ئاوێتەی یەکدی ببوون، بۆنێکی ئارامبەخش بوو، یەکەمجار بوو لە ژیانمدا هەست بەبۆنێکی هێندە خۆش بکەم، بێستانێکی بەهەشت ئاسا بوو. باوکی پەریا هەموو ئێوارەیەک وەستایانە کاری تێدا دەکرد، داری قەیسی، هەڵووژە، توو، گوێز، هەنار، قۆخ و گێلاس، ئێژێتە لە خۆرازاندنەوەدا پێشبرکێیان بوو، بەژن و باڵایان لێک ئاڵابوون، قەسدم دەکرد یەکبین بۆ جوانیی و ڕەنگینی و پەیوەندییان بروانم.

ئەو ڕۆژە کاتێ ژنەفتم پەریا دەیەوێت وەکو من فێری گێڕانەوەی چیرۆک بێت، گەلێک خۆشحاڵ بووم، لەو ڕۆژەوە لە زۆر بابەتدا ئیرەییم پێ دەبرد، وەلێ تێگەیشتبووم ئەویش ئیرەیی بەهەندێ بەهرەی من دەبات، بەڵام وام لە خۆم دەکرد، کە لەو شتانەی بێ ئاگام، چونکێ پەریا کچێکی ناوازە بوو و پێم خۆش نەبوو دڵی بشکێنم.

پەریا بەچرپەوە پێی گوتم:

– شیرین.

– بەڵێ!

– دەزانی بۆچی بۆ ئێرە هاتووین؟

– نا!

پێکەنی و شانەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا، کە زۆر بەجوانی ڕازێنرابۆوە.

– ئەمرۆ قژمان لەبەر ئەم کانییەدا شانە دەکەین.

سامێکی چاوەڕواننەکراو کەوتە دڵمەوە، یەکسەر وەڵامی دامەوە.

– نابێت!

– بۆچی؟

– نازانم!

– دەبێ، دەبێ.

– پەریا!

– چییە؟

– ئەگەر کەسێک بمانبینێت چی دەڵێ؟

– هیچ کەس نامانبینێت.

– وا مەڵێ!

– ئارام بە!

– دەترسم.

– جا ئەوە چییە؟

– من...

– تۆ، چی؟

– ناوێرم قژم بکەمەوە.
– مەترسە.
– چۆن نەترسم؟
– شیرین...
– بەڵێ!
– ئێمە هێشتا منداڵین، جا چی دەبێت؟.
– هەموو ڕۆژێ پێمانناڵێن، سەر رووتکردن گوناهێکی گەورەیە؟
کاتێ ئەوەم گوت پەریا تۆزێک ڕاما و ئینجا گوتی:
– ناهێڵین کەس بمانبینێت.
– دڵنیاییت؟
– بەڵێ!
–باشە.
لە ڕاستییدا منیش گەرەکم بوو لە نێو ئەو بێستانەدا قژمان بکەینەوە و لەسەر کانییەکە دایبهێنین، بەڵام ترسێک لە دڵمدا بوو، پەریا بڕیاری دابوو و منیش زۆر سەرکێشیم نەکرد.
–باشە! لەچکەکانمان فڕێ دەدەین، وەلێ دەبێ کەس نەمانبینێت.
چوین لەسەر بەردێکی نزیک کانییەکە دانیشتین، لەبەراییدا پەریا لەچکەکەی کردەوە، پرچەکەی بەپەنجەکانی لێک کردەوە و چەند جارێ سەری لە ئاوی کانیەکە هەڵکێشا، قژی تەواو تەڕ کرد، ئینجا هات لە بەردەمم ڕۆنیشت و بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:
–قژم بۆ دادەهێنی؟
–تا ئێستا قژی کەسم دانەهێناوە.
–دەمەوێ تۆ قژم بۆ شانە بکەی.
هەردووکمان پێکەنیین، قاقای پێکەنینمان لە بێستانەکەدا دەنگی دایەوە، لەسەرخۆ و بەنەرمی قژی پەریام شانە کرد، قژی چون ئاوریشم وابوو، درێژ، رەش و لوول، وەکو شەپۆلی دەریا بوو، هێندە لووس بوو لەژێر دەستم دەخزا.
منیش وەکو پەریا سەرم خستە نێو ئاوی کانییەکە و هەموو قژم تەڕ بوو، پەریا دانیشت بە نازەنینی قژی خۆی شانە کرد، دواتر، سەیری یەکتریمان کرد و دامانەوە قاقای پێکەنین، هەرگیز ئەوەندە دڵخۆش نەببووین، قژمان نەهۆندبۆوە، بەسەر شانمان دا بەرماندابۆوە، دەمێکی بایەکە لێی دەدا هەر تەڵێکی بۆ لایەک دەبرد و لە سەر رووومان دەنیشتەوە، بەدڵی خۆمان بەنێو بێستانەکەدا گەڕاین، بەر لەوەی بگەڕێینەوە ماڵێ، جارێکی تر لەچکەکانمان بەسەرماندا دا و قژمان شاردەوە. پەریا تەماشای کردم و بەدەنگێکی سکاڵاکارییەوە گوتی:
–شیرین...
– بەڵێ!
– بۆ قژمان دادەپۆشین ؟
–نازانم .
– باشتر نییە گەر داینەپۆشین ؟
لە بیر ڕا ڕۆچووم، وەلێ هیچ بەمێشکمدا نەهات، پرسیارەکەی ترسی نایە دڵمەوە، بۆ ئەوەی نیگەران نەبێت گوتم:
– ڕەنگە باشتر بێت.
– گەرەکم نییە سەرپۆش لەسەرکەم و قژم داپۆشم.
– منیش!
– وەلێ دایکم دەڵێ، لە وڵاتەکەماندا بینینی قژی ژنان گوناهێکی گەورەیە.



لە پەریام پرسی:
–بۆچی گوناهە.
– دایکم دەڵێ ئەمری خودایە.
ئیدی زۆر لەسەر ئەوە نەڕۆیشتین، دەستی یەکترمان گرت و بۆ ماڵێ گەڕاینەوە.
ڕۆژ هەڵهاتەوە، سێبەری چیاکانی رۆژئاوا هەنگاو بەهەنگاو درێژتر دەبوون. کەیبانووکان دەستیان بەئامادەکاری نانی شێوان کردبوو، دایکم ئەو رۆژە سەروپێی لێنابوو، بەپەریام گوت، وەرە بۆ ماڵی ئێمە ئەمشەو خواردنی ئێوارەمان خۆشە. پەریا نەهات و ماڵئاوایی لێکردم و ڕۆیشت. دەمێکی گەڕامەوە، دایکم بەزەردەخەنەوە بەرەو پیرم هات و وەکو هەموو جارێک باوەشێکی گەرمی پێداکردم. ئەو شەوە شەوی من بوو، هەستم بەبەختەوەری دەکرد، خوانەکەشمان خۆش بوو، دیار بوو باوکیشم پێی خۆش بوو، دەست خۆشی لە دایکم کرد. دایکم هەمیشە لە دەوری سفرەکەی کۆی دەکردینەوە.
ئەمجارەیان دایکم باسی سینەم دمدمی بۆ کردم، کاتێ بەجوانییەکەیدا دەگوت، وەکو تاریفەکانی دایکم دەمهێنایە بەرچاوم، کە چەند دەلال و لێهاتوو بووە، هەر دەیگوت و دەیگوتەوە، ئیدی کۆتایی بەوەسپکردنی نەدەهات. ئەمن بەسەرنجەوە گوێم بۆ دایکم شل کردبوو، چیرۆکی قەڵای دمدم چیرۆکێکی درێژ بوو و هەرگیز نەمدەویست لە یادی بکەم. دایکم دەیگوت " لەیادکردن مردنە، دەبێ مرۆڤ خۆ ڕادەستی مردن نەکات"
مەخابن چیرۆک تەواو بوو، بەهێوری بەتانیەکەم راکێشا و هەستم بەقورسی گیانم دەکرد. شیرین وێرای ئێشی قورسی جەستەی، بەبەر خۆیەوە پێکەنی، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد رۆژێک بێت لە جێیەکی ئاوهای پڕ لە ئێش و ئازاردا، یاد لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی بکاتەوە، بەڵام لەم رۆژانەی دواییدا هەموو شتێکی بەبیر دەهاتەوە، جار و باریش سەری لە بیرەوەرییەکانی خۆی سوڕدەما، دەیزانی بیری تیژە وەلێ نەیدەزانی لەو ئاستەدایە.
شەکەتییەکی سەیر لە جەستەی نیشتبوو، بەڕادەیەک نەیدەتوانی ببزوێت، دەستی و قاچی هێشتا شەکەت درابوون، خوێنیان تێدا نەما بوو، بەکۆششیکی زۆر و بەزەحمەت خۆی بەلای ڕاستدا خست، لەبەرەوە پێڵوی سست بوون، ئینجا چووە خەوێکی قووڵەوە.
❊ ❊ ❊

دەنگی هاوار و قیژە لە هەیوانی ژوورەکەوە دەهات، شیرین بەئاگا هاتەوە، جەستەی ڕەق ببوو، چەندین ڕۆژ بوو نان و ئاوی نەخواردبوو و دەمی وشک هەڵاتبوو، زمان و دەمی ئاوسابوون، لێوی تەزی بوو، گەرووی دەسوتایەوە، بەئەستەم دەیتوانی هەناسە بدات، بەچاوێکی نیوکراوەوە بۆ دەوری خۆی ڕوانی، جگە لە تاریکی هیچی دیکەی نەدیت.

ئەشکەنجە

قیڕە

هاوار

ناڵە ناڵ و مردن، بێ حاڵیی، نادادیی، توینێتی و برسێتی، لە سۆنگەی چالاکی مانگرتنەکەی ئاویان پێ نەدەدا، دەیانویست لە مانگرتن پاشگەزی بکەنەوە، وەلێ ئەو هەموو شتێکی لەبەرچاوگرتبوو، بەمردنیشەوە، بۆ هەموو شتێک ئامادەبوو. زۆری تینو بوو، جگەری دەسوتایەوە، هەستی بە سوتانەوەی جگەر و گورچیلەکانی دەکرد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " خۆزگە ئێستا لە سەر کانی حەمرەشۆ بوومایە و وەک ئاسکێک دەمم بخستبایە نێو ئاوەکەی، شەو و ڕۆژ بمخواردبایەوە و دەمم لێی دەرنەکردبایە" لە تەمەنی خۆیدا هەرگیز هیندەی تینوو نەببوو، ئەوەندە بیری خواردنەوەی ئاوی نەکردبوو، برسێتی لە یاد کردبوو، تەنێ دەیویست لێوەکانی بەئاو بگەیەنێت و دەمی تەڕ بکات. بەچرپەوە، بەهێواشی گوتی " داخۆ کاتێ فەقێی تەیران هەڵبەستی " ئاو و ئاو" ی نووسی هێندەی من تینووی بوو؟! داخۆ تینووبوونیی تەنیا وەحدەتی وجود بوو؟! ئەدی جگەری لە توینێتیدا دەسوتا و خۆی نەگەیاندبووە ئاو؟! بۆ ئەوەش بوو پاڵی بەدار هەرمێیەکەوە نابوو و ئەو هەڵبەستە جوانەی نووسی و بۆ منی بەجهێشت"!

لەو ساتەدا شیرین هەموو کانی و ڕووبارەکانی وڵاتی هێنابوونە بەرچاوی خۆی و لێی دەخواردنەوە، دەچوو سەریان و دەموچاوی دەشۆرد، قاچە تەزیوە شەکەتدراوەکانی دەخستنە نێو ئاو و فێنکی دەکردنەوە.

بەهەرا و زەنا و قیڕەقیڕێک، کە دڵی مرۆڤی ڕادەتەکاند، ڕاچڵەکی، خەیاڵەکانی پەڕین و لەرزی پێ کەوت، نەیدەزانی ئەو قیڕەیە لە کوێو ڕا هات، دەرگاکە خڕ کرایەوە و دوو کەس بەژوورکەوتن، هەردوو پاسدارەکە بەلێدان کەوتنە گیانی، وەکو تۆپ بۆ یەکدیان هەڵدەدا، ئەویش نەیدەتوانی بەرگری بکات، لەبەرئەوەی دەست و قاچی بەسترابوون، تا ماندووبوون لێیان دا، ئینجا بە دووی خۆیاندا ڕایانکێشا و بۆ ژووری ئەشکەنجەیان برد. ئەو ڕۆژانە ئەشکەنجەی گیراوان پتر ببوون، لە هەموو ژوورەکانەوە هاوار و ناڵە ناڵ دەهات، شیرینیان لەسەر کورسییەک دانیشاند، چاویان کردەوە، شەش کەس لەوێ بوون، قین و نەفرت لە چاویان دەباری، بەرووی تاڵ و چاوێکی توڕە و پڕ سامەوە سەیری شیرینیان کرد، یەکێکی گزگل لە نێو دا هەستایە سەر پێ، بەهەنگاوی خێرا بەرەو لای هات، ڕاوەستا و بەدەنگێکی بەرز بەسەریدا قیڕاندی و گوتی:

–سەیرم بکە.

شیرین ویستی ملی لارەوە بکات و بۆی بڕوانێت، بەڵام لەبەر ئازاری ملی نەیتوانی.

جارێکی تر هاواری کرد:

–سەیرم کە.

شیرین کەمێ سەری بەرزەوە کرد و سەیری ڕووی کرد.

– تۆ هەم نەیاریی خودا دەکەی و هەم مان دەگری؟

– ئەو کارەم لە دژی خودا نەکردووە.

–گەر وا نییە ئەدی لە دژی کێ دەستت بەمانگرتن کردووە؟

–لە دژی ناحەقی ئێوە!



–تۆ هەم نەیاریی خودا دەکەی و هەم لە دژی مانت گرتووە، چۆن دەهێڵین بەسەرتەوە بچێت؟

–من لە دژی ئەشکەنجە و نادادیی ئێوە مانم گرتووە.

–تۆ کێی تاکو لە ئاست هێزی ئێمە سەرت بەرز بکەیتەوە؟

–من کچێکی کوردم، تێکۆشەر و پارێزەری مافی مرۆڤم.

– جارێکی تر باسی مافی مرۆڤ بکەی، ئەو زمانەت دەردەهێنم و دەیخەمە بەر سەگ.

– من ڕاستیی ئێژم.

– ڕاستیی چییە؟

–ئەو ڕاستییەی لە پێناویدا تێدەکۆشم.

–ئەگەر ڕاستییەک هەبێت، ئەوە ئێمەین.

– ڕاستیی لای ئێوە نییە.

–چۆن؟

– ئێوە ڕاستیی ئاوەژوو دەکەنەوە.

–تۆ بە چ هێزێکەوە دەنازی و ئەم قسانە دەکەی، تۆ تەنیا ژنێکی، من بۆم هەیە لە چرکەیەکدا ئەستۆت بشکێنم و سەرت لە ژێر پێڵاوەکانم دا بپلیشێنمەوە.

–تۆ دەتوانی ئەوە بکەی، وەلێ ئەمە بەو واتایە نایەت، کە ڕاستیی من لەناوببەی، لە ئەمرۆ بەدواوە ڕاستیی من بەبەرچاوی ئێوەوە دەبێت، من هیچ گوناهێکم نەکردووە، نە دزیم کردووە، نە مادەی هۆشبەرم فرۆشتووە، من داکۆکی لە مافی ژنان دەکەم، ئەگەر سەریشم ببڕن، لەوە پاشگەز نابمەوە.

– ڕێگایەکت گرتووە هیچ نرخێکی نییە.

– ئێوە بۆ منتان لێرە ڕاگرتووە؟

– کەواتە تۆ خۆت بەتاوانبار نازانی؟

–نە!

–بەڵام ئێمە دەزانین بۆچی بۆ تاران هاتووی.

– من بەڕێگەی یاسایی بۆ تاران هاتم، ئێوەش گەرەکتانە بەئەشکەنجە ناچارم بکەن خۆم بەتاوانبار ببینم، ددان بەشتێکدا بنێم، کە نەمکردووە، هەرگیز ئەوە قبوڵ ناکەم، ناتوانن شتێک بخەمە ئەستۆم، کە من نەمکردووە، ئەوەی ئێستا دەیکەم بەنرخترین شتە، دەبێ دەست لەو زوڵمە هەڵگرن، ئێوە نینۆکەکانی منتان دەرهێنا، سێ نینۆکتان دەرهێنام، خوێنم لێ دەچۆڕێ، هێندە بێ خوێنم تینم لەبەربڕاوە، وەلێ ئیدی لە مردن ناترسم، لە ئێستا بەدواوە دەبێت هەم ژیانم و هەم مردنم سەرتان زۆر بێشێنێت، لەبەرئەوەی ناحەقییەکی گەورە دەکەن، ئەوە نزیکەی پێنج شەش ڕۆژە مانم گرتووە، بەڵام ئێوە ئاوم نادەنێ، گورچیلەکانم وەکو پوش وشک بوونەتەوە، گەر ئاوها بەردەوام بێت، تەنێ چەند ڕۆژێکی تر دەژیم.

جەللادەکە قژی شیرینی گرت و ڕایکێشا، تا هێزی هەبوو پێی بەو پەنجانەیدا نا، کە نینۆکەکانیان دەرهێنا بوون. شیرین هاواری کرد، فرمێسک لە چاوێلییەوە دەباری، ژانێکی وەها کەوتە دڵییەوە لە سەریەوە دەرچوو، یارۆ قیڕاندی و گوتی:

– ئێش و ژانت ئێستا دەست پێ دەکات.

–هیچ هیوا و چاوەڕوانییەکی ترم نییە لێتان.

–ئێمە لێرە هەموو شتێکین، خودا، پێغەمبەر، داد، دادگا، دادوەر و داواکاری گشتی، گەر پێوەرێک هەبێت، ئێمە دایدەنێین، یان قسە دەکەی یان ڕۆژ یسەد جار دەمری و دەژییتەوە، ئەوە باش بزانە، ناهێڵین بەئاسانی بمری، وەهات لێ دەکەین ڕۆژی سەد جار

مردن بەئاوات بخوازی، بۆ هەروا بەئاسانی دەتکوژین؟
– خۆتان دەزانن.
– تۆش دەزانی.
– دەزانین تۆ سەر بەکامە ڕێکخراوەی.
–ئەگەر دەزانن بۆ لێم دەپرسن؟
–ئێمە دەمانەوێ خۆشت دانی پێدا بنێی...
–من چ ڕێکخراوەیەک ناناسم.
– ئەگەر نەڵێی پێستی سەرت بەدەستی خۆم دا دەماڵم.
– ئێوە چەرمی سەری حەلاجی مەنسوریشتان.....
– وتت چی؟
–هیچ.
–تۆ باسی چی دەکەی؟
جەللادەکە ڕووی لەوانی دیکە کرد و گوتی:
–بچۆ ئاوی بۆ بێنە، با تێر ئاو بخواتەوە، بۆ ئەوەی باش قسە بکات، ئێستا زمانی باش ناجوڵێ.
ئاویان هێنا، شیرین ئاوی خواردەوە، کاتێ ئاو بەگەروویدا ڕۆچووە خوارێ، ئێژیتە زیندوو بووەوە، ڕووی گەشەوە بوو، گەرچی کەمێکیش بووە تینی وەبەر هاتەوە، بەرچاوی ڕووناکەوە بوو،جەللادەکە گوتی:
–تۆ ئاوت دەویست، فەرموو ئاومان پێ دای، تێرت خواردەوە، دەبێ ئەمجارە وەک بولبول بخوێنی، دەی قسە بکە، چ ڕێیەکی دیکەت نییە، تێگەیشتی؟
شیرین وەکو ئەوەی کەوتبێتە کاروانێکی دوور و درێژ، لە گکران ڕا ڕۆچوو، ئینجا هاتەگۆ و گوتی:
– ئیدی نامەوێ قسە بکەم.
– بۆچی؟
–ئێوە هەمان شتم لێ دەپرسنەوە، منیش هەمان وەڵام دەدەمەوە.
–بەڵام هێشتا وەڵامی پرسیارێکی ئێمەت نەداوەتەوە.
–ئێوە ئەو پرسیارانە ناکەن، کە وەڵامیانم لایە.
– ئێوە بۆچی ئەو ڕێکخراوەتان لە دژی خودا دامەزراندووە؟
– من چ ڕێکخراوەیەکم دانەمەزراندووە.
– ڕاستە تۆ ئەوە ڕەت دەکەیتەوە، بەڵام تۆ ئەندامی ئەو ڕێکخستنەی، مەبەستتان ئەوەیە ئارامی وڵات تێک بدەن، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیی دروست بکەن، ڕێکخراوەکەتان لە دژی خودا دامەزراندووە و خراپەکاریی دەکەن.
–کارێکی وەهام نەکردووە، من داکۆکیەکی سروشتیانە لە مافی مرۆڤ دەکەم، تەنیا بەهۆی کوردبوونمەوە ئێوە ئەو بەدبەختییەم بەسەر دێنن، ناتوانم بەپێی داواکانی ئێوە بجوولێمەوە و خۆهەڵخەڵەتێنم.
– جا ئێوە خۆتان هەڵخەڵەتاندووە.
– ناوی ڕێکخستنەکەتان چییە؟
– ئێمە ڕێکخستنمان نییە.
–ئێوە بۆ لە دژی کۆماری ئیسلامیین؟
– من لە دژی شتێکی وەها نیم، هەموو داوایەکم ئەوەیە هەموو مرۆڤێک بەماف و کەرامەتی خۆیەوە بژی.



– تۆ لە کوێ فێری ئەم شتانە بووی؟
–لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی خۆم بەم زانیارییانە گەیشتم.
– واتا تۆ پەروەردەی ڕێکخستنت نەبینیوە؟
– دروستە، من چ پەروەردەیەکم نەبینیوە.
– باوەڕت پێ ناکەین.
– من نەمگوتووە باوەڕم پێ بکەن، وەلێ ئەوە ڕاستییەکەیە.
–ڕاستییەکەی ئەوە نییە. هەر ڕاستیەک لە زاری من بێتە دەرەوە، ئەوەیە..
– ئێستا نیشانت دەدەم ڕاستیی چییە و چی نییە!
بەدەنگێکی بەرز قیڕاندی:
–دەستبەجێ پلایسێکم بۆ بهێنن.
یەکسەر پلایسێکیان بۆ هێنا.
– داخۆ هێشتاش دەتەوێ بەرگری بکەی؟
–هیچ شتێک نازانم.
–باشە!
جارێکی تر هاواری کرد:
–پێڵاوەکانی دەربێنن.
یارۆ سەیری چاوەکانی شیرینی کرد:
– دەزانی ئێستا چی دەکەم؟ یەک بەیەک نینۆکەکانت دەردێنم، بەڵام بەر لەوە جارێکی تر دەپرسم، گەر دەتەوێت وەڵامی ڕاست بدەیتەوە، ئەوە نایکەم، ئەگەریش وەڵامی ڕاست نەدەیتەوە، گلە و گازندە نەکەی.
– کەی بەشداری ڕێکخستن بووی؟
–بەشداری هیچ ڕێکخستنێک نەبووم.
نینۆکێکی لە بێخ دەرهێنا. هاوار و ناڵەی ئازار و گریانی شیرین تێکەڵی یەک بوون، ئێش بەدڵی گەیشت و مێشکی تەزاند، چون بروسکە لە چاوی دابێت، جەستەی بووە پارچەیەک ئاگر، یەک لە دووی یەک چوار نینۆکیان دەرهێنا، لە هۆش خۆی چوو، لە هەمان کاتدا وەکو گەڵای پایز لەرزی، لە دەم و زمان و جووڵە کەوت، بێ ئەوەی نیشانی بدات لە دڵ خۆیدا دەیگوت" تا ئێرە هێزم تێدایە و بەس، ئیتر... نا بەرگەی ئەم دڕاندایەتیە دەگرم"
بیریان لەوە دەکردەوە چیتر شیرین نایەتەوە هۆش خۆی، بۆیە دەرزییەکیان لێ دا و بردیانەوە ژوورەکەی، وەکو مردوو هەڵیانداپە سەر بەتانیەک، کە لەبەر پیسیی نەدەزنرا چ ڕەنگە. تینی لێ بڕابوو، بەڵام هاوار و ناڵەی کەسانی دیکەی دەژنەفت، ئازاری نینۆکەکانی بەڕادەیەک بوون تلیان پێ دەدا، لە خۆی دەپرسی " ئایا دەتوانم لە ئاست ئەو دڕاندایەتیە لەمە پتر بەرگە بگرم یان نا؟ "
کاتێ گەلە بندەست و هەژارەکەی و هەڤاڵەکانی دەهاتنەوە یادی، بەباوەڕبوونی بەخۆ دەگەشایەوە و بەخۆی دەگوت " گەر بشمکوژن، پارچە پارچەشم بکەن، چەرمم بگورون، لەسەر ئاگر بمبرژێنن، بەرگری دەکەم"
بۆ ئەوەی برێ لە ئێشەکەی کەم بێتەوە و دیواری ژوورە ڕەشەکەی تێپەڕێنێت، ئێشی کێشانی نینۆکەکانی لەبیر برەوێتەوە، ڕووی لە دیوارەکان کرد، کە بۆنی مردنیان لێ دەهات و بەناچاریی لێوەکانی بزواند:
"تەمەنم هەشت ساڵان بوو، دایکم توشی نەخۆشیەکی قورس ببوو، کاروباری ماڵم بەسەردا کەوتبوون، سبحەینان زوو بەئاگا دەهاتم، تا خۆرئاوابوون نەدەخەوتم و نەدەحەوامەوە، کارمان زۆر بوو، لەو تەمەنە بچوکەمدا هەموو ڕۆژێ ئاوم لە کانی دەهێنا، پشتم، دەست

و قاچم دەتەزین، جاری وا هەبوو لە ژێر باری گراندا ئارەقەم دەکرد و بەپشتمدا دەهاتە خوارێ، لەو رۆژانەدا درکم بەدوو شت کرد، باشتر لەحاڵی دایکم تێگەیشتم، زانیم، کە دایک هەموو شتێکە.
تا ئەو ڕۆژە لە ڕەنجی دایکم تێ نەدەگەیشتم، واتای ئەو ئارەقەیەم نەدەزانی، کە لە هەنییەی دەچۆڕا، قەدری ترەکینی دەستیم نەدەگرت، بەهای لێوە وشکەوەبووەکانیم نەدەزانی. من لەو رۆژانەی بەرماڵییم دەکرد لەو شتانە هەمووی تێگەیشتم، نەخاسمە، کە زۆر لە دایکمەوە نزیک ببووم. یەکەم جار بوو لە ئاست ئەو ژیانەدا کەوتبوومە نێو ناکۆکییەوە، بەردەوام بەخۆمم دەگوت" بۆچی پیاوان کاری ماڵ ناکەن؟ چێشت لێ نانێن، زوو ڕانابن و قاوەڵتی ئامادە ناکەن، ئاو لە کانی ناکێشن! هەرچەندە تەمەنم بچووکیش بوو، هەموو کارێکم دەکرد، بۆچی تەنێ ژنان کاری ماڵ دەکەن؟"
من ئەو پرسیارانەم تەنیا بەبێ دەنگی لە خۆم نەدەکردن، بەڵکو لە دژی پیاوان توڕەیی و هەڵوێستی پترم نیشان دەدا، دەمەوێ دان بەوەدا بنێم، کاتێ پرسیاریشم دەکرد، لەترساندا چون شۆڕەبی دەلەرزیم، وام دەزانی پیاوێل ئاگایان لە هەموو شتێکە، سامێکی وا کەوتبووە دڵمەوە، بەخۆم دەگوت " داخۆ باوکم دەزانێ وەها بیر لەو شتانە دەکەمەوە؟ داخۆ دەزانێ لە دەرهەقی پیاواندا بیری وەها بەمێشکمدا دێت؟" من بەو ترسەوە هەڵدەستام و دادەنیشم، دەنووستم و بەئاگا دەهاتمەوە. دێتەوە یادم، رۆژێک بڕیارم دا چیتر بیر لە شتی وا نەکەمەوە، هەندێ لە گەورەکانمان دەیانگوت، بیرکردنەوە لە شتی وا گەورەترین گوناهە، ئەوانە فەرمانی خودایە و دەبێ کەس لێپێچینەوەی وا بەزەینییدا نەیەت، دەمێکی بیرم لەو قسانەی خۆم دەکردەوە، ئەژنۆم دەلەرزی، توشی دڵەکوتێ دەبووم و دەم و لێوم وشک دەبوون. کاتێ قسەکانی داپیرەم دەهاتنەوە یاد، پتر دەترسام، ئەو پیاوی لە چاو و هزرمدا کردبووە خودای سەر زەوی، هەمیشە دەیگوت " پیاو لە ئاست دەوڵەتدا ملکەچە، ژنیش لە ئاست پیاودا. ژن سێبەری پیاوە، داری شکاوی دەستی پیاو، هەر کاتێ بیەوێت ژن دەکاتە دوو پارچە، بۆ ئەوەش دەبێ ژن شتێکی ئەقڵی نایبڕێت نەیکات و بیری لێ نەکاتەوە" لەبەرچی بوو؟ نازانم! لەو رۆژانەدا ئەو قسانەی داپیرم دەهاتنەوە یاد و بەدروستم نەدەبینین. بۆیەش لە داپیرەم توڕە دەبووم، لەو رۆژانەی هاویندا، کە مرۆڤ لە گەرمادا دەپڕوکا، دۆخی دایکم ڕۆژ لەدوای رۆژ خراپتر دەبوو، باوکم دەرمانی بۆ دەهێنا، دەیبردە لای پزیشکی ناسراو، وەلێ باش نەدەبووەوە، وای لێ هاتبوو هەموو پەراسووکانی دیار بوون و دەتتوانی بیانژمێری، بەو دەستە بچووکانەم سەریم دەشۆرد و پرچیم بۆ شانە دەکرد، کاتێ سەریم دەشۆرد دەگریا و دەیگوت:
–کچەکەم شیرین، ماڵەکەم، بارت گران دەکەم.
–دایە تۆ بارم گران ناکەی، ئەدی کە بچووک بووم هەموو رۆژێک سەرمت نەدەشۆرد؟
–کچم تۆ هێشتا منداڵی.
–نا دایە، نا....
–بەهۆی ئەم نەخۆشییە خراپەوە تۆ نەچوویتە بەر خوێندن، گوایە بڕیارمان دابوو بۆ خوێندنگەت بنێرین.
– دایە کەی تۆ چاکەوە بوویت ئەو کاتە دەچم.
–شیرینەکەم، هەموو شتێک بەدەستی خودایە.
–هەمو ئێوارەیەک دۆعات بۆ دەکەم بۆ ئەوەی چاک بیتەوە.
– هەموو ئێوارەیەک نزات بۆ دەکەم بۆ ئەوەی چاک بیتەوە.
دەمێکی دایکمم بۆ سەرشۆردن دەبرد، گفتوگۆیەکی کورت لە نێوانماندا ڕووی دەدا. تا ئەو رۆژە نەمزانیبوو دایک و باوکم بڕیاریان دابوو من بۆ خوێندن بنێرن، فرە خۆشحاڵ بووم،



زۆر جار لەتەک پەریا و سینەم باسی چوونەبەر خوێندنم کردبوو، ئیدی لەو ڕۆژەوە، بۆئەوەی دایکم زوو چاک بێتەوە، چیم لە دەست بهاتبایە دەمکرد. رۆژێ باوکم بەرخێکی سەربڕی، منیش چەند پارچە گۆشتم لێنا و ئاوەکەیم کردە نێو قاپێکەوە و بۆ دایکمم برد، دوای ئەوەی خواردییەوە یەکسەر ڕەنگ و ڕووی گۆڕا، ئێژیتە پەرجوویەک ڕووی دا، دایکم چون گوڵ گەشایەوە، هێندە بەختەوەر بووم گەر پەڕ و باڵم هەبوایە بەرەو ئاسمان دەفڕیم، ئەو مزگێنییەم بەباوکم دا، ئەویش گەلێک خۆشحاڵ بوو، ئیتر هەموو رۆژێ گۆشتاوم بۆ دایکم ئامادە دەکرد. ڕۆژ بەڕۆژ، سات دوای سات تەندروستی بەرەو باشتر دەچوو. دایکی پەریا هەموو رۆژێ بۆ سەردانی دایکم دەهات، ئەویش وەکو من و پەریا هاوڕازی دایکم بوو، خەم و دەرد و ئێش و ئازاریان لەگەڵ یەکدی بەش دەکرد، جاری وا هەبوو چەندین سەعات قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، هەرچەندە دایکم باشتر ببوو، هێشتا ئەو پرسیارانە منیان سەرقاڵ دەکرد و لەنێو شەپۆلی بیرکردنەوەکانمدا دەنگیان دەدایەوە، لە ڕاستییدا بەخۆشم لەو پرسیارانە دەسڵەمیمەوە. پرسی بێ وەڵام مرۆڤ دەترسێنێت، مەراقێک لە دڵی مرۆڤدا دەئافرێنێت، هەرچیم دەکرد بیرم نەدەچۆوە، بەپێچەوانەوە، وەک ئاگری پیرۆز گەشتر دەبوون، فراوان و کاردانەوەمی بەگوڕتر دەکرد.
پەرۆشیی چوونە خوێندنگەش لەو پرسیارانەی دوور نەدەخستمەوە، لەو رۆژانەی دواییدا باوکم بەردەوام لێی دەپرسیمەوە، ئەوە بۆ من مایەی بەختەوەریی بوو، هەر کاتێ دەرفەتی هەبوایە دەیگوت: " کچم شیرین تۆ لەم ڕۆژانی دوابییەدا زۆر ماندووبووی، ئێش و ژانت کردە دڵمەوە"
هەرگیز باوکم بەو جۆرە قسەی لەتەکمدا نەکردبوو، زۆر بەئاسانیی هەست و خۆشەویستیی خۆی دەرنەدەبڕی، وەلێ ئەو رۆژە تێگەیشتم، کە باوکم دڵی زۆر ئێشابوو، درکم بەو ژانەی دڵی دەکرد هەروەکو چەمێک لە قوڵایی ناخییەوە هەڵدەقوڵا، بەرەو زێ دەخرۆشا و بەرەو جێیەکی بێ سەروبن دەچوو، بەڵام بەشی ئەوەی نەدەکرد دوایی بەناکۆکی من لەگەڵ ئەقڵیەتی پیاوانەیاندا بهێنێت. لەو تەمەنە بچووکەشمدا لە دڵ و مێشک و گیانمەوە هەستم پێ دەکرد."
شیرین بەلەرزە کەوت، ئێشێکی نامۆ بەهەموو جەستەیدا دەگەڕا، نائاگا لەبەر خۆیەوە گوتی " دایە... باوکە....ئێش و ئازارەکانم زۆر قورسن و لەو بیرە تاریکەدا هەڵدەلەرزم، خوێن لە نینۆکەکانم دەچۆڕێت، گەدەم هەڵدەشێوی، ئازای ئەندامم دەسوتێتەوە، دەڵێی بەشیش داخکراوە، نازانم چیم بەسەر دێت، وەلێ لێرە هیچ شتێک مەحاڵ نییە، هیچ دەستەواژەیەک ناتوانێ پێناسەی دڕندایەتی ئەمانە بکات، هیچ وشەیەک، هیچ پێناسەیەک شایانی ڕاڤەکردنی ئەو شتانە نیین، کە لێرە ڕوودەدەن. دایە، هەرچەندە لەم ژێرزەوییە تاریک، بێ بن و ساردەشدا بم، باوەڕ بکە هەمیشە لای تۆم.
سەر دەخەمە سەر رانت، چون رۆژانی ڕابردوو چیرۆکی وڵاتە غەریب کەوتووەکەم بۆ بگێڕەوە، قژم شانە بکە، پێکەوە دەچینە نێو بێستانەکە و باخچەی گوڵان، دار گێلاسەکان ئاو دەدەین، قاقا پێ دەکەنین. دێتەوە یادت دایە، پێت دەگوت "هیچ ئێشێک هێندەی ئێشی ئێسقان خراپ نیە!" جا منیش دەڵێم، هیچ ئێشێک هێندەی ئێشی نینۆک سوتێنەر نییە، لە کامە وڵاتی دونیادا مرۆڤەکان باسی ئێشی ئێسک و نینۆک بۆ یەکتر دەکەن؟ ئەمرۆ ئێمە بەراورد لە نێوان ئەو ئێشانە دەکەین، کە کامیان بەسوێترن. ببوورە دایە! چاوم هەڵنایەت، ئێشی نینۆکم تا دێت پتر دەبێت، چەند ئارەزووم دەکرد تارا خان لەدیار سەرم دانیشتبایە و هارپی بژەندبایە! ڕەنگە دەنگی هارپەکەی هەتوانی زامەکانم بێ، لەو دەنگەی ویدا خرۆشەی ئاو، باران، جریوەی باڵندە و بۆنی سروشت دێن، دەنگی وی هێندەی چاوەکانی دایکم لەبەردڵان و ڕەنگینە. "

بەهێواشی سەری بەرەو لای ڕاست وەگەڕان و چاوێلی لێکنان. کات، هەناسەیەکی خولقێنەری وشەیە، لەنێو جەرگەی تەقینەوەی مەزنەوە فڕی و لەسەر باخچەی دڵی مرۆڤەکان نیشتەوە، بەباڵی حەوت ڕەنگییەوە ناخی مرۆڤەکانی گەشاندەوە. کات، چیرۆکێکی بێ کۆتاییە، نە سەری هەیە و نە دوایی، چیرۆکێکی هێندە جوانە، بەهێز و بێ وێنەیە، کە مرۆڤ زۆر ماندوو دەکات، لەحاڵی دەخات و ئەو چیرۆکە زۆر قۆناغ، ئاست و سەردەمی هەیە.

هەندێ جار بۆ دڵدارەکان کات دەبێتە مایەی بەختەوەریی.

جاری واش هەیە دەبێتە دۆزەخ

برێ جاریش شەپۆلی ئازادیی

یان دەبێتە توینێتیی، برسێتیی، دەبێتە ئێش و مردن

دەبێتە ئەسپە شێیەک و غار دەدات

دەبێتە مزگێنی لە دایکبوونی قارەمانێک

کات بۆ ئەفسوناوییە، جارهەیە بوونی هەیە و جارجارە نییە، وەلێ بونەکەی بێگومانە، من لە گوڵە بەرفینی چیاکانم ژنەفتووە، کات دەریایەکی بێ ئاوە، ئەو دەریایەی لە گۆرانییەوە هات و سەر بوو، بۆشایی بێدەنگییەکی بێ بنە و بەشەپۆلی جووڵەیەکی خوداییانە دەستی بەجووڵەیەکی ناکۆتا کردووە، کات شوری دەست یەکەمین جەنگاوەرە و بەئەفسوون لە دژی زوڵم دەهەژێت، کات ڕەنجی یەکەمین مرۆڤە، یەکەمین وشەیە و پڕۆسەی گەورەبوونی منداڵێکە، لە نێو جەستە و ڕۆحدا ئەو پردەیە، کە لە باڵەکانی پەپوولەیەک دەچێت، ئەوانەی نازانن بەسەر ئەو پردەدا ڕێ بکەن، ناتوانن خۆیان بگەیەننە گیانیان و گۆرانی ئازادیی بۆ مێژوو بڵێنەوە. کات کانییەکی دووچاوە، لە چاوێکەوە ژەهر و لەوی دیکەیانەوە ئاوێکی سپی، ڕوون و تەزیو دەخرۆشێت، گەر مرۆڤ لەو سەرچاوە ژەهراوییە بخواتەوە، مردنی مسۆگەرە، گەر لەوی دیکەیان بخواتەوە ژیانی ئەبەدیی و بەردەوام دەبێت. کات تیرە، گیان ئاسکێکە، گەر باش خۆی نەپارێزێت بەرەوڕووی کوشتن دەبێتەوە. کات دەریایە، مرۆڤ ماسییە. کات دوایین نیگای گیراوێکی بەر سێدارەیە، کە دەیەوێت لە دوایین نیگاکانیدا بۆ ئەستێرەکان بڕوانێت. کات، زەردەخەی سەر لێوی ئەویندارانە، کە بۆ دواجار بۆ یەکدی دەڕوانن. کات، کاتی حەوانەوەی مرۆڤە، وەلێ کات لێرە، لەم ژوورە تاریکەدا دەبوو بەگێژەڵوکە، دەبوو بیرێکی بێ بن و شیرینی هەڵدەلوشی و دەیخنکاند، دەرفەتی هەناسەدانی نەدەدا، دەبووە قوڵپی گڕکانێکی ژەهراوی و خۆی لە جەستەی دەپێچا، نە نیگایەک، نە هەڵبەستێکی ژیان، نە گۆرانی ئازادیی و نیگای شیرین لە چیای شاهۆ بوو. کات بووە ئاگر و بەسەر شیریندا دەباری، ببووە دڕک و بەپێخاوسیی بەسەریدا ڕێی دەکرد. کات ببووە تیرێکی نووک ژەهراویی و لە دڵی گیری دەکرد. شیرین بەدەستی تەزیو تیرە نووک ژەهراوییەکەی لە دڵی دەردەهێنا و دەیهاویشتەوە، ئێشێکی بێ وێنە لە جەستەیدا شەپۆلی دەدا، ئێشێکی جیاواز، لە هیچ ئێشێکی تر نەدەچوو، درێژ و دەرزیئاسای بێ کۆتایی، هی هەموو سەردەمەکان بوو، هەموو شێوە ئێشێکی لە خۆیدا کۆکردبۆوە، بەسەرزەوی و گەردووندا بڵاودەبۆوە، ئەوە ئێشی دڵی کچە کوردێکی یاخی و بریندار، ئێشی شیرین بوو.

بۆ ماوەیەک بەدەم ئەو ئێشەی بەهۆی برسێتییەوە جەستەی لاواز کردبوو، لەو ژوورە تاریکەدا لە نێو کێشمەکێشمی ئیرادەدا بوو، سەرەڕای ئەو هەموو ئەشکەنجە، هەڕەشە و تۆقاندنە دەستی لە مانگرتن هەڵنەگرت و بەرگری کرد. لەو جەستە نازەنینەی تەنێ چەرم و ئێسک مابوونەوە، ئاو لە جەستەی چکی کردبوو، لێوەکانی بەهۆی بێ خۆراکییەوە وشک هەڵهاتبوون و شەقیان بردبوو، ڕوخسارە ناسکەکەی چرچەوە ببوو و ئێسکی گیانی ژانی دەکرد.

لەسەر بەتانییەکی تەڕی بۆگەن ڕۆنیشتبوو، بەکاوەخۆ هەناسەی هەڵدەکێشا و دەدایەوە، هەنسک و خزەی سنگە وشک هەڵهاتووەکەی لەو ژووری مەرگەدا دەنگی دەدایەوە. گەرووی بەڕادەیەک دەسووتایەوە ئاوی لە چاوانی دەهێنا. ماوەیەکی درێژ بوو لەو ژێرزەوییەدا ڕایانگرتبوو و ڕۆژانە ئەشکەنجەیان دەدا. چەند جارێ ویستی خۆی بکوژێت، بەڵام دەرفەتی خۆکوشتنیشیان پێ نەدەدا. جارێکیان پرچی لە گەردنی ئاڵاند، وەلێ هێزی خۆخنکاندنی نەبوو، کاتێ پرچیان بڕیبوو هاواری کردبوو: " چەند ترسنۆک و پەرێشانن! ئێوە لە پرچیشم دەترسن، لە یادی نەکەن، هێندەی تاڵەکانی پرچم منداڵانی گەردوون، منداڵانی کورد گۆرانی ئازادیی دەڵێنەوە، گەر ئێوە بەو ئاستە گەیشتوون لە قژی ژنێکی کورد بترسن، ئەوە سەرکەوتنە بۆ مرۆڤایەتی، مرۆڤایەتیی سەردەکەوێت، فرە بەوە شادم"....

دوای ئەو قسانەی بەشەق و مستەکۆڵە لە دەم و جەستەیان دابوو، تەنانەت ئاخیکیش لەدەمییەوە دەرنەچوبوو، بەو هەڵوێستەی ئەوانی شێت و هار کردبوو، خوێن لە لووتی دەچۆڕا و لەسەر لێوەکانی وشک دەبووەوە.

بەو ئێش و ئازارە دەتلایەوە، بەڵام بێ دەنگ بوو، لەسەرخۆ بزوا و ئینجا خۆی بەدیوارەکەوە نووساند، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بەدەستی ڕاستی تەوێڵی شێلا، ویستی دەست بۆ پرچی ببات، زانی پرچی بڕراوە، لە پڕ ڕاچڵەکی و وەک شتێکی زۆر بەنرخی ون کردبێت، لەرزی پێ کەوت و بەدەنگێکی نزم لەبەرخۆیەوە گوتی: " پەریا، ئیتر قژمان لەبەردەم کانی نێو بێستانەکە شانە ناکەین، ئیدی قژم نەماوە".

تاران وەک تەنووری لێهاتبوو، بەهەموو شێوەیەک هەست بەگەرمای هاوین دەکرا، مانگی پوشپەڕ دەستی پێکردبوو. تاران لە چەوساندنەوە، قەدەغە و زوڵم شەپۆلی دەدا، ئەو ژنانەی چی نەمابوو لە ژێر چارشێوەکانیان بخنکێن، لە نێوچەوان، ژێر قژ و جەستەیانەوە ئارەقە دەچۆڕا، لەو شوینانەی لەبەرچاو گوم دەبوون، وەکو بروسکە چارشێو و لەچکەکانیان فڕێ دەدان، بەبای پوشپەڕ ڕوخسار، گەردن، لاق، سنگ و سەریان فێنک دەکردنەوە، زۆربەشیان درکیان بەو مردنە نەدەکرد، جار و بار ڕوویان لە یەکدی دەکرد، بەدەستەواژەی هەژار، ناچاریی و سیسەوەبوو ئێشی خۆیان بۆ یەکتر بەیان دەکرد، ژنانی گەنجیش لە دژی ئەو قەدەغە و گوشارانە کاردانەوەیان نیشان دەدان، لە ژێرخانی ماڵ و پشت دەرگا داخراوەکانەوە هەموو شتێکیان دەکرد، شتێگەلێک، کە بەزەینی مرۆڤدا نایەت، خۆیان بەتاڵ دەکردەوە و قوڵپی ناخی خۆیان سارد دەکردنەوە.

چەند ڕۆژێک بەسەر گرتنەکەیدا تێپەڕیبوون، لە نێو خوێن و ئارەقەدا، وەک شتێک گلۆر بکەنەوە فڕێیان دابووە نێو ژووەکەی شیرین، لە سەر دەم لە سەر زەویەکە کەوتبوو. شیرین لە سەرەتادا خۆی لەو ڕەفتارتارەیان نەبان کرد، بەو چاوانەی، کە ڕۆشناییان کز ببوون سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد، ژنێکی قژدرێژ، نیمچە ڕووت، نینۆک بۆیەکراو، پێڵاوێکی پاژنە بڵندی بینی، لە ژوورەکە لەگەڵیدایە، وەلێ نووزە و جوڵەی لێوەنایەت و لەسەر زەوی ژوورەکە پاڵخراوە، دەتگوت لە خەوێکی قورسدایە، کەمێ خۆی لێ نزیک کردەوە، بۆنی عەتری قژی بەدەمولوتیدا هات، لە دڵی خۆیدا گوتی: " دیارە تازە گرتوویانە، تۆ بڵێی هەڤاڵی ئێمە بێت؟!" دوای ئیستێک، جارێکی تر لە دڵی خۆی دا گوتی:" نا ئەوە هەڤاڵی ئێمە نییە، بەڵام بۆ هاوێشتوویانەتە ئەم ژوورەی منەوە؟ داخۆ سیخوڕ بێت و ڕەوانەی لای منیان کردبێت؟" لە بیر ڕا ڕۆچوو، گەرەکی بوو بانگی بکات، بەڵام هیچی نەگوت و پاڵی بەدیواری ژوورەکەوە دا و ڕاوێستا، خەم دایگرت، لە خۆی ڕانەبینی بتوانێ هاوکاری بکات، چاوەڕوان بوو تاوەکو بێتەوە هۆش خۆی. شیرین بەردەوام چاوی لەسەر

وی بوو، لە ناکاو پەنجەکانی دەستی جوولان، شیرین بەوە دڵخۆش بوو، قەیرێکی پێ چوو بەکاوەخۆ سەری بەرزەوە کرد، چاوەکانی هەڵێنان، تەواوی جەستەی تەزی بوو، کاتێ بۆ دەوروبەری ڕوانی هێندە دەلەرزی ئێژیتە لە نێو بەفرخەرەوە دەریانهێناوە، چۆقەی ددانی لە ژوورەکەدا دەنگی دەدایەوە. شیرین دڵی پێی سووتا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەو دڕندانە چیان لەو ژنە نازەنینە کردووە؟" ئێشی خۆی لە بیر چووبۆوە، لەبەراییدا بیری بۆ شتی خراپ چوو، وەلێ ئێستا بۆچوونی گۆڕا، دەیویست هەرچی زووە قسەی لەگەڵ بکات، ماوەیەکی درێژ بوو لەگەڵ کەس قسەی نەدەکردبوو، زۆر جار ڕووی لە دیوارەکە دەکرد و لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد، ئیدی هاوزیندانییەکی بۆ پەیدا بووە، هەرچەندە نەیدەناسی، بەڵام دەیویست هەرچۆنێ بێ لەگەڵی بدوێ. ژنە لەبەرەوە هاتەوە سەر خۆی و پاڵی بەدیوارەکەوە دا، پێڵاوە بڵندەکانی لە پێی دەرهێنا، نینۆکەکانی قاچی بەرەنگی سووری هەناری بۆیە کرابوو، ژێر قاچی شین و مۆر ببۆوە، وێدەچوو هێشتا شیرینی نەبینیبوو، وەها هەڵسوکەوتی دەکرد، کە هیچ شتێک لەوێ نەبێت، جار جارە بەچرپە لەبەرخۆیەوە دەیگوت "ئیشەڵا لەسەر ئەو زوڵمەی بەم خەڵکەی دەکەن، لەنێو ئاگری دۆزەخ بسوتێن"
شیرین بەدەنگێکی غەمبار گوتی:
–بە خێر بێی بۆ ژوورەکەم.
–تۆ کێی؟
– وەکو تۆ گیراوێکم.
کاتێ شیرین وەهای گوت، ژن تاین لە جێی خۆی ڕابوو، بەپەلە خۆی گەیاندە لای دەرکەی ژوورەکە، بەنارەحەتییەوە بەبنی پێڵاوە بەرزەکانی لە دەرگاکەی دا و هاواری کرد: وەرن، زوو وەرن من لێرە دەرکەن، لەم جێگە بۆگەنەم دەرکەن، زوو بن... لێرە ناتوانم هەناسە بدەم، نامەوێ لەگەڵ ئەو ژنە بم، نایناسم، زوو وەرن، زووووو"...
تا هێزی تێدا بوو هاواری دەکرد و بانگی دەکردن، بەڵام هیچ کەس بەدەمیەوە نەهات، کەس بۆ بەر دەرگاکە نەهات بپرسێ: بۆچی بانگمان دەکەی؟" ژنە هێندەی تر هار بوو، شیرین جارێکی تر بەدەنگێکی نەرم و هەستیار گوتی:
–بۆ وا دەکەی؟
–ناتوانم لەم ژوورە بۆگەنەدا بمێنمەوە.
–چۆن؟ وتت چی؟
–گوتم ئەوا دوو مانگە لێرەم، من ناتوانم بۆ ڕۆژێکیش لێرە بمێنمەوە.
–وا مەڵێ!
–ناتوانم، ناتوانم..
–وا مەڵێ! تۆ بەخۆڕایی خۆت بێزار دەکەی، چەند لە دەرگا بدەی کەس نایەت بەدەمتەوە.
–چۆن نایەن.
–بەسە! تەنیا بۆ ئەشکەنجە دێنە ئێرە.
–باشە، من ئێستا چی بکەم؟
–فێر دەبی.
–ناتوانم فێر ببم.
–ڕاستە! فێر بوونی ئێرە زۆر سەختە بەڵام...
–بەڵام چی؟
–بۆ ئەوەی ئایندەی خۆت ون نەکەی پێویستە.
–تۆ باسی چی دەکەی، ئایندەی چی؟
شیرین تێگەیشت، کە ئەو ژنە لە دۆخێکدا نییە تێبگات، تەنیا ناوی پرسی.



–دەتوانم ناوت بزانم؟
کاتێ شیرین ناوەکەی پرسی، هەڵوێستەیەکی کرد و بەنیگایەکی تووڕەوە تەماشای شیرینی کرد، وەک بلێی تۆ ناوی منت بۆ چییە، سەری لەقاند وهاواری کرد:
–ناوم سەمیرە حەسەنپورە.
–خۆشحاڵ بووم.
–ئەی تۆ ناوت چیە؟
–شیرین عەلەمهولی.
–منیش خۆشحاڵ بووم.
–دەی وەرە دانیشە.
نارەحەتیی و بێزارییەکەی سەمیرە تۆزێک ڕەوییەوە، دوایی بۆ شیرینی ڕوانی و گوتی:
–هەموو جێیەک پیسە لە کوێ دانیشم؟
–مەگەر لەم وڵاتە جێی پاک هەیە؟
زەردەخەنەیەک لە سەر ڕووی سەمیرە دەرکەوت:
–تێنەگەیشتم! گوتت چی؟
–گوتم ئەم رژێمە هەموو جێیەکی پیس کردووە.
سەمیرە پێکەنی و هات، لە تەنیشتی شیرینەوە ڕۆنیشت:
–من نەمزانی تۆ شێتی.
–ڕاستە! شێتیی لەم وڵاتە جیاوازییە.
–وەڵا تۆ شێتێکی خۆشەویستی.
–لەوانەیە تۆش شێت بی.
–خوا نەکا!
–بۆچی؟
–چی، بۆچی؟
–لەم وڵاتە ئەوانەی شێتن مرۆڤە زیرەکەکانن.
سەمیرە بابەتەکەی گۆڕی:
–بۆچی قژیان بڕیویت.
–دوایی پێت دەڵێم.
–باشە.
–با تۆزێک پێکەوە قسە بکەین، ئەوە دوو مانگە لەگەڵ کەس قسەم نەکردووە.
–باشە تۆ چۆن لەم ژوورە تاریکەدا، عەقڵی خۆت لە دەست نەداوە.
–لەبەرئەوەی خودی وڵاتەکەمان زیندانێکی گەورەیە، بۆیە فێری زیندان بووم. ئێمە لە دەرەوەش لە زیندانێکی گەورە و تاریکدا دەژین، وا نیە سەمیرە؟ ئەی تۆ بۆ گیراوی؟ بەدلنیاییەوە تۆش لە دژی رژێمەکەی ئەوان هەڵسوکەوتت کردووە، بۆیە تۆیان هێناوەتە ئێرە، ئەگەر نا، بۆچی ژنێکی نازەنینی وەک تۆ بگرن و بیهێننە جێیەکی ئاوها خراپ.. مەگەر من هەڵەم؟
–نا تۆ هەڵە نیت، ئیدی بەرگە ناگیرێت، ئێمەی ژن بۆمان نییە ڕوخساری خۆمان نیشان بدەین، جەستەمان دیلە، هزرمان دیلە، جەستەی ئێمە لە ژێر عەبا رەشەکاندا داڕزان، چونکە مێشکیشمان دەڕزێت، ڕزین بۆتە چارەنوسمان، نەدەتوانین شتێک بکەین، نەدەتوانین شتێک بلێین، نەدەتوانین بەئازادیی قسە بکەین، گۆرانی بڵێین، سەما بکەین و پێبکەنین، لە ماڵ کوتەکی باوک و برا و لە شەقامیش داری رژێم لەسەرمانن، وەڵا تا ئێستا هێندەی ئەمرۆ قسەم نەکردبوو، ئەها چیم بەسەر هاتووە کچێ؟ لەناکاو بوومە بولبول، منیش وردە وردە

وەک تۆم لێدێت ها...

شیرین هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، زەق زەق سەیری ناو چاوی سەمیرەی کرد و بەدەنگێکی پڕ میهرەبانییەوە گوتی:

–سەمیرە!

–بەڵێ!

–لەم وڵاتەدا تەنیا مافێک، کە بۆ ژنان ڕەوا دەبینرێت، ئەویش مردنە، وەلێ مەخابن ئەو مافەش بەمن ڕەوا نابینن و ناهێڵن سروشتیانە و بەڕەحەتی بمرم، ئەوان بڕیار لەسەر شێوەی مردنی ژنانیش دەدەن و جێبەجێی دەکەن.

–ناهێڵن بگەڕێین، ناهێڵن خۆشەویستی بکەن.

–سەمیرە!

–بەڵێ.

–هەتا ڕژێمێکی ئاوها هەبێت، چۆن ئەوین دەبێت و خۆشەویست دەبین؟ مەگەر کۆیلە مافی خۆشەویستی، ئازادیی، یان قسەکردنیان هەیە سەمیرە؟

–باش تێناگەم تۆ چی دەڵێی، ئێمە نە کۆیلەین و نە بێکەسین، بنەماڵەمان هەیە.

–سەمیرە بڕوانە! تۆیان لە خوێندا گەوزاند، تۆ چ گوناح و تاوانێکت کردووە کە ئەوەندە ئەشکەنجەت بکەن؟

–من هیچم نەکردووە، خوێندکاری زانکۆم و ئەمساڵ ساڵی دواییمە، بنەماڵەکەمان لە تاران دەژین، ڕاستت دەوێت خوێندن هیچ واتایەکی لای من نەماوە، دەڵێن ئەم وڵاتە قەفەسێکە و ئێوەش بەپێی ویستی ئێمە لەو قەفەسەدا بژین، بۆ ئەوەی لە زانکۆ نەخوێنم هەزار و یەک کێشەیان بۆ نامەوە، بەڵام کۆڵم نەدا و مافی چوونم بۆ زانکۆ بەدەست هێنا، ئەمجارەیان لەوێش ڕووبەڕووی هەلومەرجی نادادیی بوومەوە، ڕەفتار و گوشارێکی زۆر لەسەر خوێندکارانی کچ پەیڕەو دەکران، سەرەڕای ئەوەش ئارەزووی خوێندنم زیاتر دەبوو، بەردەوام لە دڵی خۆمدا دەمگوت :" پێویستە ژمارەی ژنانی وەکو فروخ لەم وڵاتە زۆر بن" بەڵام من تەنیا خۆزگەم دەمخواست، بڕوانە! ئێستا وای لێهاتووە چیتر ناتوانین شیعرەکانی فروخیش بخوێنینەوە، دەڵێن لە دژی خودا شیعری نوسیوە، ناهێڵن بەدڵی خۆمان شادی ببینین. من سەرم ئێشاندی با بێمە سەر هۆکاری گرتنم، بەر لە دوو ڕۆژ کاتێ خوێندنی ئەمساڵ تەواو بوو، چەند خوێندەڤانێک لە ژێرزەوی ماڵەکەی خۆیاندا ویستیان ئاهەنگێک ساز بکەن، حەزمان بەگێڕانی ئاهەنگێک دەکرد، لە نیوە شەودا پاسدار دای بەسەر ماڵەکەدا، سەرەتا دەستیان بەسەر ئەو دیمەنانەدا گرت، کە بەکامێرایەک تۆمارمان کردبوون، پاشان منیان دەستگیر کرد، زۆریان لێ دام، هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان دام، بەتەزووی کارەبا ئەشکەنجەیان دام، کارەبایان لە سەر زمانم دەدا، چی نەمابوو ناوسکم بێتە دەرێ، هەرگیز ئەشکەنجەی وام نەبینیبوو، کردەوەی لە مرۆڤایەتی بەدەریان پێکردم، هاوسەنگی خۆمم ون کردبوو، لە دەرەوەی ئیرادەی خۆم دەجوڵامەوە، بۆ ئەوەی هەندێ ئارام ببمەوە دەرزیان لێ دام، دوای دەرزییەکە لە هۆش خۆ چووم، کاتێ چاوم کردەوە، ڕووتکرابوومەوە، جلی ژێرەوەیان داماڵیبووم، بەردەوام پێیان دەگوتم: " تۆ دەتەوێت کار بۆ مافی مرۆڤ بکەی و وڵاتەکەمان پارچە بکەی ؟" منیش دەمگوت: نا هیچ پێوەندیەکم بەکاروباری مافی مرۆڤەوە نییە، من ناتوانم مافی خۆم بپارێزم، ئەوەندەی تێگەیشتم، هەموو ئەوانە لە سایەی کوردەوە بەسەرمان دێت، دەڵێن دەستیان بە " تیرۆریستی" کردووە و بانگەشەی دژ بەخودا دەکەن، ئێستاش تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێنن، لەم وڵاتەدا لە ژێر زەبر و ستەم دا دەژین، ئەوانیش بونەتە بەڵا بەسەرمانەوە، تێناگەم بۆچی کورد وا دەکەن؟ خوا هەقمان لەوانیش بسێنێتەوە، من چۆن لەم زیندانە گەنیوەدا بژیم؟



سەمیرە چون شەپۆلی دەریا دەهات و دەچوو، جارێک لێرە و جارێک لەوێ، بێ چارە بوو، مێشکی، گیان و هەستی و سەری دنیای لێ هاتبوونە یەک، سادەیی، بێ چارەیی و نەزانییەکەشی هۆکاری لاوازییەکەی بوون. کاردانەوەی لە دژی کورد زۆر توند بوو، وەلێ شیرین وا هەڵسوکەوتی دەکرد، دەتگوت هیچی نەژنەفتووە، سەری بڵندەوە کرد، سەیرێکی سەمیرەی کرد و گوتی:

–سەمیرە!

–فەرموو.

–دەزانی؟

–چی بزانم؟

–من نزیکەی بیست ڕۆژە نانم نەخواردووە.

سەمیرە سەری سوڕما و گوتی:

–بە ڕاستتە؟

–بەڵێ.

–بۆ؟

–پێم گوتن، یان ئەو گوشارەم لەسەر هەڵدەگرن، یان تا مردن لە خواردن مان دەگرم.

–وا نابێت؟

–دەبێت!

–چۆن دەبێت مرۆڤێک بۆ ماوەی بیست ڕۆژ نان نەخوا؟

–هیچ شتێک نییە مرۆڤ نەتوانێت...

–خوشکە گیان دەست لەو مانگرتنە هەڵگرە.

–بۆ کەرامەتی خۆم و ئازادیی گەلەکەم دەبێ لەو چالاکییە بەردەوام بم.

–خوشکم باسی گەل بۆ من مەکە، ئەوان سەرقاڵی کەیف و سەفای خۆیانن، تۆ لێرە دەمری، چۆن وا دەبێت؟

–لەوانەیە مردنی من ببێتە هۆکاری ژیانی گەلێک، ڕەنگە مردنەکەی من ببێتە هۆکار بۆ ئازادیی ژن، ئەو ژنانەی سەنگەسار دەکرێن و دەکوژرێن، کێ ناڵێت بەمردنی من سەرلەنوێ ناژێنەوە، گەر لێرە بێدەنگ بم بۆ هەتا هەتایە دەمرین، بێدەنگی هەندێ جار لە خراپترین جۆری مردن خراپترە.

–وەڵا خوشکم تۆ شتی جوان دەڵێی و سەرم تێکەڵ و پێکەڵ دەکەی، بەڵام من باوەڕ ناکەم کەس خەممان بخوا، ڕاستت پێ بڵێم، هەر ئەمرۆ لێرە دەرچم سبەی هەرگیز تۆ نایەیتەوە یادم، ناتوانم ژیانی خۆم بۆ کەسی تر تێک بدەم، دیارە تۆ هۆشی خۆت لە دەست داوە، بەبۆچونی باشتر هەرچی زووە هۆش بەبەرخۆتدا بهێنەوە، پێموابوو ژیری، بەڵام دەبینم بە ڕاستی شێتی! تۆ باسی کەرامەت و بەهای کێ دەکەی؟ باسی کامە کەرامەت و کامە گەل دەکەی؟ واز لەم قسە نەزۆکانە بێنە خوشکێ، باش بزانە، بەڕاستی پەشیمان بوومەوە، کە بۆلات هاتم.

شیرین وێڕای هەموو ئێش و ئازارەکانی جەستەی، زەردەخەنەیەکی نیشان دا.

–سەمیرە!

–بەڵێ.

–هەموو کەسێ وەکو تۆ بیر دەکاتەوە؟

–چۆن؟

–هەرچیان بەسەر دێت، دەڵێن کەس هیچی نەکردووە، بۆ خۆم بخەمە مەترسییەوە.

–بۆ ئەوە ڕاست نییە؟

–نا. دەبێ چیتر بەو شێوەیە لە مەسەلەکان نەڕوانین و ئاوها بیر نەکەینەوە، ژن لەم وڵاتەدا چون سیسارک دەکوژرێن، ڕۆژانە لە ئێران دەیان مرۆڤ لە سێدارە دەدرێن، گەر یەکێک ڕا نەبێ و بەم ماشێنی مەرگە نەڵێت بەسە، ئەی چۆن دەبێت؟

–ڕاستە بەڵام ئەوە تەنیا بەمن نابێت.

–ئەگەر مرۆڤ باوەڕی قووڵ بێت، ئەو کەسانەی باوەڕیان هەیە و بوێرن، زۆرن سەمیرە، زۆر!

–هەر کەس بەدوای ژیانی خۆیەوەیە، تۆ بەخۆڕایی سەر خۆت دەیەشێنی.

–تۆ تۆزێ لەمەوبەر باسی فروخت کرد، فروخ هەر لە تەمەنی گەنجێتیەوە هەڵوێستی نیشان دا، هەڵبەستی ڕچەشکێنی نووسی، نەترسا، لە هەڵبەستەکانیدا باسی نارەوایی کرد، باسی ئازادیی کرد، ئەویان لە وڵاتەکەی خۆی وەدەرنا، بەڵام ملی کەچ نەکرد، دەبێ ئێمەش ملکەچ نەکەین، تۆ خۆت دەڵێی، ناهێڵن کتێبەکانی فروخ بخوێنینەوە.

–بەڵام، سەرەڕای ئەوەش من ناتوانم هەموو تەمەنی خۆم بۆ مەبەستێکی وەها پووچ تەرخان بکەم، ژیانم بەلامەوە گرنگە، فەرموو، هەموو شتێکیان بەسەرم هێنا، کێ پەنجەیەکی لە پێناوی من دا هەژاند، واز لەو گاڵە گاڵانە بێنە شیرین! نە تۆ سەری خۆت بێشێنە و نە من، تۆ بیست ڕۆژە برسیتە، لە دەرەوە هەموو کەسێ لە کەیف و خۆشیی خۆیدایە.

شیرین تێگەیشت، کە سەمیرە زوو بەزوو ڕازی نابێت، چاوەڕوانییەکانی لە ژیان جیاواز بوون، شیرین نموونەی برتلۆت برێختی ئەڵمانی بۆ هێنایەوە و درێژەی بەقسەکانی دا:

–دەزانی کاتێ لە ئەڵمانیا شەپۆلی دەستگیرکردن دەستی پێکرد، برتلۆت برێخت گوتی:

"سەرەتا بۆ گرتنی کۆمۆنیستەکان هاتن
من هیچم نەگوت
لەبەرئەوەی کۆمۆنیست نەبووم
دواتر بۆ گرتنی کرێکار و ئەندامی سەندیکاکان هاتن
من هیچم نەگوت، لەبەرئەوەی ئەندامی سەندیکا نەبووم
دواتر بۆ گرتنی کاتۆلیکەکان هاتن
و من ئەو کاتەش شتێکم نەگوت
لەبەرئەوەی پرۆتستان بووم
و دواجار بۆ گرتنی من هاتن
کەس نەمابوو قسە بکات"...

"بۆیە دەبێ باش ئەو ڕاستیە ببینین، ڕەنگە سبەی سەرەی تۆ بێت، گەر تۆ هاواری کەس نەبیستی، کەسیش هاواری تۆ نابیستێت، ئەگەر تۆ ئازاری ناخی کەس نابیستی ئەوە کەسیش ئازاری ناخی تۆ نابیستێت، جا سەمیرە دەبێ تۆ دڵ و مێشکی خۆت بۆ ئێش و ئازاری ئەوانی دیکە واڵا بکەی، گەر نا فەرموو خۆت ئێش و ئازاری گەورەت بەسەرهات و تێیدا ژیای، بڕوانە، هێشتاش خوێن لە نینۆکتەوە دەچۆڕێت، دەبێ ئیدی کەس چاوەڕیی سەرەی خۆی نەکات، دەبینی هەموو ڕۆژێ ژنان سەنگەسار دەکرێن و دەکوژرێن، ژیانی ئێمەش وا لە نێودەچێت، ئەی فروخ فەروخزادە نەیگوتبوو: " ئەو چۆلەکەیەی مرد، ئامۆژگاری کردم، کە فڕینتان لە یاد نەچێت" ئەگەر درک بەهێزی باڵەکانی خۆمان نەکەین، هەرگیز ناتوانین بفڕین، دەبێت بفڕین".

سەمیرە سەیرێکی شیرینی کرد، بەهێواشی سەری خۆی لەقاند، دواتر لە دڵی خۆیدا گوتی :" ئەو ژنە بیست ڕۆژە نانی نەخواردووە، کەچی بەجۆش و خرۆشەوە قسە دەکات، ئەو هەموو شتە لە کوێ دەزانێت، دیارە لە دەرەوەی وڵات خوێندوویەتی، لە باشترین زانکۆ، نازانم ئەو هەڵەیە یان من! دڵنیام ئەو هەڵەیە، ئەم قسانە شتێک لەم وڵاتە ناگۆڕێت...."



ویستی بەدەنگی بەرز بیر بکاتەوە، وەلێ لە پڕێکدا بەگرمە گرمی کردنەوەی دەرگاکە ڕاچڵەکی، سێ کەسی درێژ و بەخۆ ئەملاولای شیرینیان گرت و بردیان. سەمیرە بەو دیمەنە زارەترەک بوو، یەکسەر ئارەقەی ترس هەموو جەستەی داگرت، پاش ئەوەی دەرگاکەیان داخست، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

پاسداران شیرینیان بۆ ژوورێکی تاریک برد، شوێنێکی نوێ بوو، کەلوپەلی ئەشکەنجە لە هەموو سوچەکانییدا هەبوون، دیمەنێکی سامناک بوو. شیرینیان لەسەر کورسییەک دانیشاند، گلۆپێکیان لەسەر سەری هەڵکرد، هەریەکەیان لە لایەکییەوە و یەکێکیشیان لە بەرامبەریدا وێستا. شیرین بەئاسانی دەیتوانی چیرەی ددانیان بژنەوێت، بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. شیرین دەیزانی چی چاوەڕوانی دەکات، خۆی بۆ هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک ئامادەکردبوو، پاسدارێ فنگە فنگەی لووتی بوو، بەنەڕەیەکی سامناکەوە گوتی:

–بۆ قسە ناکەی؟

شیرین بەهێوری سەری بەرزەوە کرد و زەق سەیری نێو چاویانی کرد:

–من چەند جار پێتان بڵێم، هیچم بۆ وتن پێ نییە.

–بۆ تۆ هەر ئەو شتانە دەزانی؟

–بەڵێ!

–باشە، تۆ هیچ شتێک نازانی؟

–نا!

–تۆ سەمیرە ناناسی؟

شیرین کەوتە گومانەوە: " ڕەنگە سەمیرە بەڕاستی شۆڕشگێڕ بێ، بۆ پرسیاری سەمیرە لە من دەکات؟"

–سەمیرە کێیە؟ نایناسم!

–ئەو ژنەی فڕێماندایە ژوورەکەت.

–ناوی خۆیم پێ ناڵێت، قسەمان نەکردووە.

کاتێ شیرین ئەوەی گوت پاسدارەکە ئاگری گرت، بەسەریدا قیڕاندی، دەمی کەفی دەچەڕاند، بۆنی گەنیو لە دەمیەوە دەهات، قیڕاندی:

–خێرا ڕووتی بکەنەوە!

ڕووتیان کردەوە، بەکوتە و سۆندە لە وێزەی بەربوون، بەمەبەستی کوشتن لێیان دەدا، لەسەر کورسیەکە دایانیشاندبوو، بەهۆی لێدانی بەقامچی باریک برینی جەستەی دەمی دەکردەوە، دۆڵکەیەک ئاویان بەسەریدا کرد، ئاوەکەیان بۆ ئامادەکاریی شۆکی کارەبایی بوو، تەلیان بەسەر هەردوو گوێی مەمکییەوە بەست و وزەی کارەبایان لێدا، هاوار و فیغانی شیرین عەرشی ئاسمانی دەهەژاند، هەرگیز ئازاری بەو شێوەیەی پێ نەگەیشتبوو، دەستەکانی لە پشتەوە شەتەک درابوون، نەیدەتوانی بەرگری لە خۆی بکات و خۆی ڕاتەکێنێت. کاتێ شۆکی کارەبایان لە نێو گەڵی دا، بووڕایەوە. چەند دۆڵکەی تر ئاویان بەسەردا کرد، بەڵام هۆشی نەهاتەوە، وەک جارەکانی پێشوو، دوو پاسدار بەڕاکێشان بردیان و لە ژوورە تاریکەکەدا فڕێیان دا، بێ ئەوەی متەقیان لێوە بێت، خڕ دەرگاکەیان داخست و ڕۆیشتن.

سەمیرە بەزەحمەتی ئەوی هێنایە سەر بەتانییەکە و بەدیارییەوە دانیشت، شیرین تا ئەو کاتەش ڕووت بوو. جەستەی نیوە تەڕ بوو، سەمیرە تەماشای برینەکانی دەکرد، هەم غەمگین بوو و هەمیش لە ناخەوە دەکوڵا، قین و تووڕەیی لە دڵی پەنگیان دەخواردەوە، جەستەی شیرینی بەجلەکانی خۆی داپۆشی و سەری لەسەر ڕانی خۆی دانا، بەهێوری

تەوێڵی دەشێلا و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " ئەو جەللادانە چیان لێ کردی، شیرین؟" بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات دوو دڵۆپ فرمێسک ڕژانە سەر ڕوخساری شیرین . دوای ماوەیەکی درێژ، شیرین چاوەکانی هەڵێنان و بۆ سەمیرەی ڕوانی، بەئەستەم زمانی هاتەگۆ:
–سەمیرە! ئەوانە کەی منیان بۆ ئێرە هێنا؟
–تۆزێکە.
–چۆن منیان هێنا؟
–بە زمانمدا نایەت چۆن تۆیان هێنا.
کاتێ شیرین ئەوەی ژنەفت، تێگەیشت، کە رووتە و سەمیرە بەجلەکانی خۆی دایپۆشیوە.
–سەمیرە تکایە دەتوانی هاوکاریم بکەی جلەکانم لەبەربکەم؟!
–تۆ خۆت ئەزیەت مەدە، من دەیکەم.
–نا، نا!
–خوشکم هێشتا خوێن لە دەم و لوتت دەچۆڕێ، ئەزیەتی خۆت مەدە.
سەمیرە هەموو جلەکانی لەبەرکردن، هەردوو قاچی ئاوسابوون، نەیدەتوانی بجووڵێتەوە.
کاتێ سەمیرە جلەکانی لەبەردەکردن، دەستی بەر ئێسکی دەکەوت و زۆر نارەحەت دەبوو.
بەدەنگێکی نزم بەشیرینی گوت:
–خوشکم دەمەوێ شتێکت پێ بلێم.
–چی؟
–چیان پێ گوتی؟
–لەسەر تۆ پرسیاریان لێ کردم، پێم گوتن ناتناسم، وا دەزانن تۆش شۆرشگێڕی.
–چۆن، چۆن؟
–دەڵێن ئەویش شۆرشگێرە.
–نا وا نییە، من هەرگیز نابمە "تیرۆریست"
–سەمیرە، ئارام بە! مەترسە، ئەوانە دەیانەوێ شتێکی کە نەتکردووە بیخەنە ئەستۆت، بەڵام ئەگەر بەرگری بکەی، ناتوانن شتێکی وا بکەن، ڕەنگە هەڕەشەت لێ بکەن، مەترسە...
–ئەوانە دەیانەوێت من وەکو تیرۆریستێکی کورد چاو لێ بکەن، بەڵام من ئەوە قەبوڵ ناکەم.
–باشە!
–ئەوانە هەرچیان لێپرسیت، بڵێ نازانم.
–بەڵام...
–بەڵام چی؟
–کاتێ جەللادەکان لە منیان دەدا جەستەم زۆر دەئێشا.
–ئەگەر تۆ بەرگری نەکەی، ئەوانە بەشتی ناڕاست تاوانبارت دەکەن.
–وا دەکەم.
–سوپاس سەمیرە.
–خوشکەکەم دەمەوێت شتێکی تر بلێم.
–بڵێ.
–دەڵێم دەست لەو مانگرتنە بەردە.
–سەمیرە نامەوێت برسی بم، وەلێ ئەوە پێویست بوو، ئەمرۆ زۆر هەوڵیان لەگەڵم دا، بۆ ئەوەی کۆتایی بەمانگرتنەکەم بێنم، بەڵام ڕەتم کردەوە، پێم نەگوتن، ئەگەر دەست لەو گوشار و ئەشکەنجەیە بەردەن ئەوە مانگرتنەکەم دەشکێنم، لەو بارەیەوە ئەوانیش هیچیان نەگوت. ئەگەر داواکانی من جێبەجێ بکەن، ئەوە ناوبەر بەمانگرتنەکەم دەدەم.



–بەوە خۆشحاڵم.
لە پڕ، جارێکی تر دەرگاکە کرایەوە و دوو کەس وەژوور کەوتن، گوایە یەکێ لەوانە پزیشک بوو، خۆی وا ناساند، بەچەند دەستەواژەیەکی کورت بەشیرینی گوت" ئەگەر واز لە چالاکی مانگرتن بێنی ئیدی ئەشکەنجەکە هەموو رۆژێ نابێت، لەوە دڵنیات دەکەمەوە".
شیرین هەندێک بیری کردەوە و گوتی:
–ئەگەر وا بێت مانگرتنەکەم ڕادەگرم.
–باشە.
–پێویستم بەئاو و خواردن هەیە.
–بەڵام دەبێ سەرەتا دەرزیت لێ بدەین.
–نا! نامەوێ و قبوڵی ناکەم.
–دەمەوێت دەرزییەکی ئارامکەرەوەت لێ بدەم.
–نامەوێت.
زۆری پێ نەچوو پزیشکەکە، لە ژوورەکە چووە دەرێ. سەمیرە بەسەرسوڕمانەوە گوتی:
–تێنەگەیشتم ئەوە پزیشک بوو؟ خۆ لە جەللادەکان توندتر و خراپتر هەڵسوکەوتی دەکرد.
–ئەوە پزیشک نییە، بەرگی پزیشکی پۆشیوە و تەواو.
سەمیرە بەزەردەخەنەوە سەری لەقاند.
– ڕاست دەکەی.
–دەبێ باش لە ڕووی ڕاستی جەللادەکان و ئەو رژێمەی نوێنەرایەتی دەکەن تێبگەی، لەبەرئەوەی بەوردیی لە ڕووە پەنهانەکەیان تێناگەین، هەمیشە دەخەڵەتێنرێین.
ئەمجارەیان سەمیرە بەشیرینی نەدەگوت " خوشکێ" و لە ناخەوە دەیگوت:
–شیرین خان، ڕاستت دەوێت، ئەوە چەند رۆژە پێکەوەین زۆر شتت لێوە فێربووم و دەبم، دەڵێی چەندین ساڵە یەکتر دەناسین و خۆم بەنزیکی تۆ دەزانم، بەداخەوە تا ئەم تەمەنەم هەرگیز هاوڕێیەکی وەکو تۆم نەبووە، ناچارم بڵێم، کە تۆ بەزانایی خۆت، دڵگەرمیی، هەڵسوکەوتی بونیادنەرانەت، بەزەردەخەنەی متمانەبەخشت و ئەو هێزەی دەیدەی بەبەرامبەرەکەت، منت سەرسام کرد، لەوانەیە سەرنجراکێش بێت بۆ تۆ، بەڵام دەڵێم، باشە کە منیان گرت و ژنێکی ئازیزی وەکو تۆم ناسی، تا کۆتایی تەمەنم تۆ و ئەم رۆژانەم لە یاد ناچێت، دوێنێ گوتم کاتێ لێرە بچمە دەرەوە، لە یادت دەکەم، داوای لێبوردن دەکەم شیرین گیان.
تێگەیشتبووم، کە ژیان تەنێ هەناسە وەرگرتن و دانەوە نییە، بەڵکو ژیان زانایی، واتادان و لە هەڵومەرجی سەختدا، بەرخودانە، من لە تۆوە فێری ئەو شتانە بووم، دوێنێ لە دڵی خۆمدا دەمگوت: " باشە کە شیرین گیان لە دەرەوەی وڵات زانکۆی تەواو کردووە، ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆمان بیخوێندبایە وەکو من نەزان دەبوو، دەمێکی گوێ لە زانیارییەکانی تۆ دەگرم، بەخۆم دەڵێم خۆزگە منیش لە دەرەوەی وڵات بمخوێندبایە.
کاتێ شیرین دوایین قسەی سەمیرەی بیست بەزەردەخەنەوە بۆی ڕوانی، سەمیرە پرسی:
–شیرین گیان بۆ پێدەکەنی؟
–تۆ دەزانی؟
–چی؟
–من تەنیا دوو ساڵم خوێندووە.
سەمیرە بەحەپەساوییەوە گوتی:
– گاڵتە دەکەی.
–نا !بە ڕاستمە.

–باوەڕ ناکەم
– بەڵێ باوەڕ بکە! بۆ فارسییەکەم سەرنجی رانەکێشای؟ زۆر کەم فارسی دەزانم.
– دروستە! فارسییەکەت باش نییە، بەڵام...
–بەڵام چی؟
–من گوتم لەوانەیە لە دەرەوەی وڵات خوێندبێتی و زمانی فارسییت لە بیر چووبێتەوە.
–نا، وا نییە! من تەنیا دوو ساڵم خوێندووە.
–مەراقم بوو، چۆن دوو ساڵت خوێندووە و ئەو هەموو شتە دەزانی؟
–ئەمرۆ زۆر ماندووم، دواتر باسی ئەو دوو ساڵەی خوێندنت بۆ دەکەم، باشە؟
سەمیرە دەتگوت هەموو ئەو هەلومەرجەی تێیدایە لە یادی کردبێت و بەپەرۆشە گوتی:
–ئەگەر بۆم بگێڕیتەوە زۆر خۆشحاڵ دەبم.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، تیشکی رۆژ زۆر بەکزییش بێت ژوورەکەی ڕووناک دەکردەوە، شیرین جێی خۆی خۆشکرد، پشتی بە دیوارەکەوە دا و دەستی بەگێرانەوەی سەرگوزەشتەی خۆی بۆ سەمیرە کرد و ئەویش بەسەرنجەوە گوێی ڕادەدێرا.

–پایز بوو، باوکم بۆ ماکۆ چوو بوو، جل، سەرپۆش و جوتێک پێڵاوی بۆ کڕیم.

تەمەنم هەشت ساڵان بوو، دەکرێت بڵێم ئەوە دوایین وەرزی خۆشی پایزم بوو، زۆر بەختەوەربووم، لە خۆشحاڵی و بەختەوەرییدا نەمدەزانی چی بکەم، ئەوێ دەمێ پەیم بەوە بردبوو کە مرۆڤی فرە بەختەوەر، بێ چارەیە، لەبەرئەوەی شتی خراپترت بەبیردا نایەت، لە هەمان ساڵدا هەردوو هاورێ و هاوتەمەنەکانم سینەم و پەریا دەچوونە بەر خوێندن، ئەو دۆخە جۆشی دڵمی گەشتر دەکرد، بەڕادەیەک دڵم هێندە بەتوندیی لێی دەدا و خوێن بەجەستەمدا دەگەڕا، نەمدەتوانی لە جێیەکدا ئۆقرە بگرم. هەرگیز ئەو رۆژانەی وەرزی پایز لە یاد ناکەم، بەهۆی ئەو پەرۆشییەی لە ناخمدا بوو، سەرلەبەیانی زوو بەئاگا دەبووم، بەر لەوەی هەتاو لەپشت گردی نزیک گوندەکەمانەوە سەر دەربێنێ، پرچم دەهۆنییەوە، سەرپۆشەکەم لەسەر دەکرد و جلەکانم لەبەردەکردن، نازانم لەبەر چی بوو، وەلێ هەرگیز پێم خۆش نەبوو سەرپۆش لەسەر بکەم، پەریاش هەروا بوو، خۆ بەخۆ هیچ واتایەکمان بەو سەرداپۆشینە نەدەدا، زۆر جار پەریا پێی دەگوتم:

–قژمان چەتی، مەسەلەی زایەندییە بۆ دەبێ بیشارینەوە؟

گەر وا نەبێ، ئەدی بۆ دایکمان هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ قژمان بشارینەوە.

–نازانم پەریا، بەڵام دایکم هەمیشە دەیگوت فەرمانی خودایە.
–تا ئێستا کێ خودای بینیوە، من باوەڕم بەوە نییە، کە فەرمانی خودا بێت.
–وا مەڵێ!

پەریا دوای ئەوەی ئەو قسەیەی کرد ئاسودەیی پێوە دیار بوو، منیش گیانم لەرز دایگرتبوو، بۆ ئەوەی پەریا لەوە زیاتر نەچێت، خۆم لێ گەیاند و نەمهێشت درێژە بەقسەکانی بدات، فرە دەترسام، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: " ڕەنگە بەهۆی ئەو قسانەی پەریاوە بەڵایەکی گەورەمان بەسەر بێت. سینەم زۆر بێ دەنگ بوو، داخراوبوو، زۆر کەمدوو بوو، وەلێ هەمیشە دەم بەخەندە بوو، ددانەکانی زۆر جوان بوون، کە پێدەکەنی هەر سی و دوو دانەی دیار بوون، وەک دەنکە برنج ڕیز ببوون، لەگەڵ ڕوخسارە ئارامەکەی تەواوکەری یەکدی بوون، پێم خۆش بوو سینەم بەردەوام قسە بکات و پێبکەنێت، پەریا کەمێ ئیرەیی پێ دەبرد، جار و بار من و پەریا لەسەر ئەوە دەبووە شەڕمان. سینەم خۆی لەو دەمەقاڵێیەی ئێمە نەدەگەیاند. سینەم دایکی لە دەست دابوو، زۆر دڵم پێی دەسوتا، نەمدەیوست هەرگیز دڵی سینەم بشکێت. ئەو کچێکی زۆر ناسک و نازدار بوو، وەکو شەتڵە ڕێحانەی قەراخ چەم وا بوو. دەتگوت باری هەموو دنیای بەسەر پشتەوەیە.



ئەو رۆژەی هەرسێکمان کەوتینە دوای یەک و پێکەوە بۆ خوێندنگەی گوند چووین، دڵخۆش و ڕووگەش بووین، لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە ژیانماندا. رۆژێکی نوێ دەستی پێ دەکرد، لە قۆناغێکەوە هەنگاومان بۆ قۆناغێکی تری ژیانمان دەنا، جۆشی پەریا وەسف ناکرێت، گەر پەڕ و باڵی هەبوایە مسۆگەر لە خۆشیاندا دەفڕی. من کەمێ مەنگ بووم، کاتێ لە دەرگای حەوشەی خوێندنگەوە چوومە ژووریَ، لە هەنگاوی یەکەمەوە هەستم بەبارگرانیەک کرد، کە لە ژیانم دا هەستم پێ نەکردبوو. پەریا یەکسەر هەستی بەو گۆڕانەی من کرد و بەهێمنی خۆی لە من نزیک کردەوە، بەدەنگێکی نزم و ئارام گوتی:

–شیرین.
–چییە؟
–بۆ وا بێ دەنگی؟
–هیچ نییە!
–بەڵێ هەیە، یەکسەر ڕووت گۆڕا.
–نا، باشم.
–دەڵێی شەرم دەکەی؟
–ئەوە تۆ دەڵێی چی، شەرمی چی؟
–بۆچی وا حاڵت گۆڕا؟ ئارەقەت کردووە.
–لە گەرماندا.
–دنیا فێنکە، ڕاست ناکەی، تۆ نەخۆشی؟

ئەو کاتە تووڕە ببوم، دیتم پەریا وەکو بنێشت بەمنەوە نووساوە و لێم نابێتەوە.

–پەریا دەست لەو قسە و پرسیارانە بەردە، هیچم نییە و باشم.
–تۆ زویریش بی لێت ناگرم. شتێکت هەیە، وەلێ ناتەوێ بیڵێی.
–باشە پێت دەڵێم!

پەریا یەکسەر دەستی گرتم و بۆ شوێنێکی چۆڵی بردم.

–دەی بڵێ.
–ناوسکم دەلەرزێت، ناتوانم قسە بکەم. هەست بەبارگرانییەک دەکەم.
–خەم مەخۆ، شتێکی ئەوتۆ نییە، لێرە تازەین بۆیە وا هەست دەکەیت.

ئێستا درکم بەوە کرد، کە پەریا نەک لەبەرئەوەی زۆر تێگەیشتووبوو ئەو دەستەواژانەی بەکاردەهێنان، چی بەدەمیدا دەهات دەیگوت، دواتر منی بردە سەر دەستشۆری خوێندنگەکە، دەست و دەموچاوم شۆرد، گەرووم تەڕ کرد، ژێر قژی خۆمم فێنک کردەوە، کەمیک هاتمە سەر خۆم، هەناسەیەکم هەڵکێشا، جارێکی تر چووینەوە حەوشەی خوێندنگەکە، منداڵەکان یاریان دەکرد، من و پەریاش بەشداری یارییەکەمان کرد، وەلێ لەوێ زۆر کەس خۆی لێمان نزیک نەدەکردەوە، وەکو نامۆ لە مەیدانەکەد بووین. ئەو دیمەنە پەریای تووڕە کرد، من بێ دەنگ بووم، بۆ نێو خوێندنگەکە ڕۆیشتین، بینیمان سینەم بەتەنێ دانیشتووە، ئێمەش چووین لە تەنیشتیەوە دانیشتین، هەستێکی سەیری خۆ بەغەوارەمان هەبوو، هەمیشە لە دۆخی وا دا پەریا دەستی بەقسەکردن دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان هیچی نەگوت. لە ڕاستییدا سەرم لەو سوڕمابوو، پاش ماوەیەک هەموو خوێندکارەکان لەگەڵ مامۆستا چوونە پۆلەوە، ئێمەش بەرزەپێ هەستاین، مامۆستا جێی خۆی گۆڕی، دەدوا، ئێمەش بێ سرتە سەیرمان دەکرد، هیچ تێنەدەگەیشتین، سینەم بەسەرنجەوە گوێی بۆ شل کردبوو. پەریا سەیری منی کرد و بەچرپە گوتی:

–حاڵی نابم!
–منیش حاڵی نابم.

-بۆچی بەزمانی ئێمە قسە ناکات.
-نازانم.
-قەت فێری ئەم زمانە نابم.
-منیش.
-ئەوە یەکەمجارە زمانێکی وا دەژنەوم.
-دایکم قەت باسی ئەو زمانەی نەکردووە.
-داخۆ هەموو مامۆستاکان بەو زمانە قسە دەکەن؟
-نازانم.

پەریا هەرچییەکی دەپرسی، وەڵامەکەی من"نازانم "بوو، بەراستیش شتێک نەدەهاتەوە یادم، لەبەرئەوەی هەموو شتێکم لەلا تێکەڵ ببوو، بەڵام پەریا دۆخەکەی دایە بەر تیری پرسیار و لێپێچینەوە و گەرەکی بوو تێ بگات، هەستم بەسیسبوونی خۆم لە ئاست پەریا دا دەکرد. ئەو رۆژە هیچ شتێک تێنەگەیشتین. پاش نیوەڕۆ، هەرسێکمان پێکەوە لە خوێندنگە گەڕاینەوە ماڵ، لە ڕێگادا من و پەریا قسەمان دەکرد، وەلێ سینەم بێ دەنگ بوو، ئەو رۆژەی خوێندنگە بووە بارێکی گران لەسەر دڵم.

سەمیرە بەغەمگینییەوە گوتی:
-بۆچی لە زمانی مامۆستا تێنەدەگەیشتی؟ بۆ ئێوە بەفارسی قسەتان نەدەکرد؟
شیرین هەڵوێستەیەکی کرد و دەستی بەنێوچەوانیدا هێنا و گوتی:
-نا!
-بۆ ئێوە بە چ زمانێک قسەتان دەکرد؟
-ئێمە بەزمانی دایک قسەمان دەکرد.
-وەڵا من تێنەگەیشتم.
-سەمیرە!
-بەڵێ!
-ئێمە کوردین، هەرسێکمان کورد بووین و مامۆستاش فارس بوو، ئەو رۆژە کاتێ لە خوێندنگە گەڕاینەوە، دایکم گوتی: " دوو گەلی گەورە لەم وڵاتەدا هەن، یەکیان فارسە و ئەوی دیکەیان کوردە، گەلانی دیکەش هەن" ئەو رۆژە تێگەیشتم، کە زمانی ئێمە لە زمانی مامۆستا جیاوازە.

سەمیرە بەواقوڕماوییەوە سەیری شیرینی دەکرد و دەیویست پێی بڵێ " تۆ گاڵتە دەکەی."
سەری دەلەقاند و پێدەکەنی، بەڵام شیرین قسەکانی خۆی نەبڕی و درێژەی پێ دا:
-دوو ساڵ چوینە خوێندنگە، من هەرچیم کرد هیچ شتێک تێنەدەگەیشتم، پەریاش بەهەمان شێوە. وەلێ سینەم زوو فێر بوو. دوای دوو ساڵ من و پەریا دەستمان لە خوێندن هەڵگرت، لە ماڵێ ماینەوە، وەکو کەیبانوو کارمان دەکرد، بەڵام گومانمان لەسەر ژیانمان زۆر بوون و ئیتر دەستمان بەژیانێکی سەخت کردبوو.

سەمیرە دەستی خستە سەر دەستی شیرین:
-بەڕاستی تۆ کوردی؟
-بەڵێ.
-داوای لێبوردن دەکەم.
-نابوورم!
-بۆچی؟
-مرۆڤ لەو کەسانە دەبورێت، کە تاوانیان کردووە؟
-من ناڕەواییم لێ کردووی.



-تۆ چ ناڕەواییەکت نەکردووە.
-بەڵێ من شتی خراپم دەرهەقی کورد گوت.
-ئەوە قسەی تۆ نییە.
-چۆن؟
-ئەوانە تۆیان وەها فێرکردووە.
-جارێکی تریش داوای لێبوردن دەکەم.
-سەمیرە، قەت دڵتەنگ مەبە.

نیوەڕۆ بوو، شیرین دەیویست کەمێ بحەسێتەوە، قاوشەکە کپ بوو، قیڕە و هاواری کەس نەدەهات، هەردووکیان پشتیان لە یەک کرد و نووستن.

* * *

دوو جار بەبەردەم سەری هەردووکیانەوە تێپەڕین، سەمیرە بەزرمەی پێیان بەئاگا هات، قۆڵی ڕاستی تەزی بوو، ئارەقە لە ئەستۆی و لە نێوان هەردوو مەمکییەوە بەرەو خوار دەچۆڕا، بۆنێکی ناخۆش لە ژوورەکە دەهات، چاوی هەڵگلۆفی، سەیری لای دەرگاکەی کرد، بینی دوو جرج لە ژوورەکەدان، هاواری لێ هەستا. شیرین لە خەو ڕاپەڕی، سەمیرە دەتگوت مار پێوەی داوە، شیرین باوەشی بەسەمیرەدا کرد و گوتی:
-چی بووە سەمیرە؟ مەترسە هیچ نییە؟
سەمیرە خۆی هاویشتە باوەشی شیرین، هێشتا هەڵدەلەرزی. شیرین دیسانەوە پرسی:
-سەمیرە بێژە، چی بووە؟
سەمیرە سەری لە سەر سنگی شیرین هەڵگرت، بەچاوی زەقەوە تەماشای شیرینی کرد:
-ئەوانە!
-کێ؟
-جەللادەکان
-دیسانەوە هاتنەوە؟
-نا!
-ئەی؟
-جرجیان بەردایە ژوورەکە.
-چی؟
-جرج!
-مەترسە...
-چۆن ناترسم.
-ئەو جرجانە هەموو ڕۆژێ لێرە دەسوڕێنەوە.
-چۆن!
-ئێرە ژێرزەوییە، هەموو کونجێکی بەئاگاییەوە دروست کراوە، بۆ ئەوەی لایەنی دەروونیمان تێک بدەن، لە ڕووی دەروونییەوە بمانڕوخێنن، بۆ ئەوەی لێیان بپاڕێینەوە و بڵێین لێرە دەرمان بکەن، گەر بزانن تۆ لە مشک و جرج دەترسی دەتبەنە جێی خراپتر، لەبەرئەوە کاتێ مشک دەبینی مەقیژێنە.
-چی؟ جێی خراپتر؟

-بەڵێ!
-بۆ جێی خراپتر و لەمەش سەختتر هەیە؟
-جێی وا هەیە مرۆڤ ناتوانێ هەناسەی تێدا بدات. ئەم ژووره لە چاو ئەوانی تردا بەهەشتە.
-ئەگەر بمزانیبایە دەنگم بەرزەوە نەدەکرد، ناتوانم یەک دەقە لە ژووری ئاوهادا بمێنمەوە.
-بەر لە پازدە رۆژ لە ژوورێکی دیکەدا بووم، پڕ بوو لە میز، بۆنێکی تیژ و بۆگەنی لێ دەها،نەمدەتوانی هەناسە بدەم، دەیانویست لە ڕووی دەروونییەوە سەرەوژێرم بکەن، تەنانەت ئەگەری مردنیشم لەبەر چاوی خۆم دانابوو، وەلێ هەرگیز نەمهێشت درکی پێ بکەن و نەمگوت" ناتوانم لێرە بمێنم"خۆ بەخۆ چاوەڕوانی ئەوەیان لێم هەبوو، دەبێ شتێک نەڵێی، کە بەدڵی ئەوان بێ.
-چەند رۆژ لەوێ بووی؟
-نزیکەی هەفتەیەک.
-چۆن بەرگەت گرت؟
-چەند رۆژێک لە دۆخێکی نیوەهۆشدا بووم، زۆرم نەدەژنەفت، ئەو بۆگەنە تیژە گێژی کردبووم، وەلێ ناچار بووم، بەرچاوم تاریک دەبوو، ئێڵنجم دەدا، وام دەزانی دیوارەکە بەسەرم دا دەڕمێت، هەناسەم دەرنەدەچوو، بەڵام دەبوایە بەرگریی بکەم، بۆیە مرۆڤ هەبوونێکی جیاوازە، بۆ ئەوەی لە دژی ناڕەوایی، رەنجەڕۆیی، هەلومەرجی لە مرۆڤایەتی بەدەر، کە دژ بەسروشتی ئینسان بێت، خاوەن هزر، مێشک، دڵ، هەست و هێزی بیرکردنەوە بین،بۆ ئەوەشە، کە پێمان دەڵێن باشترین هەبوون و دەبێ ئەو خەسڵەتەی خۆمان بەباشی بەکاربهێنین.
چاوێکم گێڕا، دەیان مشک و جرج لە دەوروبەرمان تەراتێنیان بوو، بەسەر جەستەماندا تێدەپەڕین، چڕنووکیان، کە چون دەرزی تیژ بوون لە زامەکانمان دەچەقاند، پێستم دەسوتایەوە، چونکێ ماوەیەک بوو نان و ئاوم نەخواردبوو، برینەکانم زوو سارێژ نەدەبوون و دەمان کردبۆوە، جوڵەی مشکەکانم دەناسییەوە، ددانیان وەکو گوێزان تیژ بوو، کاتێ دەیانویست جێیەک کون بکەن، پێکەوە کاریان دەکرد، درکم بەوە کرد، کە گەورەترین هێزیان لە قاچیاندایە.
سەمیرە لە پڕ قسەکەی بەشیرین بڕی.
-وەڵا کاتێ تۆ باس لەو دیمەنانە دەکەی، لەرز بەدڵمدا دێت و لە هەموو جەستەم شەپۆل دەدات.
-مەترسە سەمیرە.
-چۆن نەترسم وەڵا..
-ئارام بە!
-زراوم دەترەکێت.
-با دڵت قایم بێت.
-بەڵام!
-دەزانم تۆ بەم کارەساتانە نامۆی، وەلێ گەر خۆت لە ئاست ئەو هەلومەرجەدا ڕانەگری، ناتوانی سەرکەوتووانە لێرە بێتە دەرەوە.
-لە ئەنجامدا من مرۆڤم.
-ڕاستە! هەر لەبەرئەوەی مرۆڤی دەبێ بەرگە بگری و بەرخودان بکەی.
-نازانم شیرین، نازانم.
-ئەوە لە یاد مەکە، گەورەترین زیان لەو مشکانە دەدەین، کە لە بەرگی مرۆڤدان، ئەو



مرۆڤانە گەورەترین زیانبەخشن، لە مێشک، لە قسە، لە دید، لە بۆن، لە دەنگ و جووڵەیان لە هەموو شوێنێکیانەوە ژەهر دەبارێ، ژەهر. سەمیرە! ئەو مشکانە باش بناسە، کە بەرگی مشکیان لەبەر کردووە، تۆ گوێ بە جیکەجیکی ئەم مشکانە مەدە، ئەمانە بێ زیانترین بوونەوەرن، ئەمە ئەزمونێکە، گەورەترین ئاستی ژیانی من و تۆیە، بۆ منیش سەرنجراکێشترین بەشی ژیانمە، دەبێ سەرکەوتووانە لێرە بچینە دەرەوە.
سەمیرە لە سەرخۆ سەری دەلەقاند:
-چی لە دەستم بێ دەیکەم.
-سوپاس سەمیرە، سوپاس.
-سوپاس بۆ تۆش شیرین خان.
دواتر چەند کەسێ خۆیان بەژووردا کرد، لە کاتێکدا، کە ژوورەکە لە گەرما هاڵاوی لێ هەڵدەستا، گوتیان: " سەمیرە تۆ کارت لێرە نەما، وا دیارە تۆمان بەهەڵە گرتووە، بنەماڵەکەت لە بەردەم دەرگای ئاسایشدا ڕاوەستاون، چاوەڕێتن، بەڵام، کە چویتە دەرەوە هەموو شتێکی ئێرە لە یاد بکە، تێگەیشتی؟!" سەمیرە بەئاماژەی بەڵێ سەری لەقاند و بە ڕوویەکی غەمگینەوە، بەچاوی پڕ لە ئەسرین، بەنیگایەکی ماندووەوە بۆ شیرینی ڕوانی، هەموو شتێکی لەبەرچاوگرتبوو، بەرەولای شیرین ڕۆیشت، کاتێ ویستی لە ئامێزی بگرێت، جەللادەکە گوتی: " باش باوەش بەیەکتردا بکەن، چیتر یەکتر نابیننەوە،هەرچییەک بێ ئەو باشییەی ئێمە لە یاد مەکەن، بەڵام دەزانم لە یادی دەکەن" کاتێ ئەوەیان گوت، لە نێو خۆیاندا دایان لە قاقای پێکەنین، سەمیرە قایم باوەشی بەشیریندا کرد، بەبەر گوێیدا چرپاندی و گوتی:
-لە یادت ناکەم. هەرگیز خەم مەخۆ، ئەم وڵاتە بەجێ دەهێڵم، ئیتر لەم کۆماری سێدارەی ئیسلامییە ژیان لە من حەرام بووە.
شیرین، کاتی باوەشی پێ داکرد، بەگوێیدا چرپاندی:
-ئاگات لە خۆت بێت، بیر لەو ژنانە بکەرەوە، کە هەموو رۆژێ ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە، سەنگەسار دەکرێن.
-باشە.
-بەخێر بچی.
-تۆش لە نێو خێردا بیت.
سەمیرە بەدەم ئەو هەستە دژبەیەکانەدا، لەو ژوورە گەنیوە چووە دەرێ، دواجار کاتێ شیرینی لە ئامێز گرت، چاوەکانی فرمێسکیان تێزایین، تنۆک تنۆک چون دوو چەم بەسەر گۆنایدا هاتە خوار، شیرین بەڕۆیشتنی سەمیرە خۆشحاڵ بوو و لە دڵی خۆیدا گوتی:
"ئەو لەم دۆزەخە رزگاری بوو، بەڵام دڵە ئاڵتوونییەکەی بۆ من بەجێ هێشت و دڵی منیشی لەتەک خۆیدا برد" پاش چەند سەعاتێ سەمیرەیان بەڕووتی هێنایەوە و فڕێیاندایە نێو ژوورەکە، شیرین سەراسیمە بوو، بەحەپەساوییەوە بۆ ئەو دیمەنەی دەڕوانی، بڕوای نەدەکرد، کە ئەو بێت، لە شوێن خۆی وشکەوە ببوو، لە ئاست ئەو دیمەنە زمانی شکابوو، دەمی داچەقاند و لە جووڵە کەوت، یەک وشەی بۆ نەدرکا و مت بوو. پاش ماوەیەک جلوبەرگەکانی سەمیرەیان فڕێدانە نێو ژوورەکەوە، شیرینیان بینی، لە داخ و پەژارەدا داڕماوە، یەکێکیان پێی گوت: " زۆر دڵت پێی دەسوتێت؟! وەی وەی، نەمانزانیبوو دڵت ئەوەندە ناسکە! کچێ لەم دونیایەدا کەس بەدڵناسکی نەگەیشتۆتە هیچ شتێک، دەست لەو خەیاڵە پوچانە بەردە، دەبینم لەم ژوورە تاریکەدا چۆن بێزار دەبن! بەڵام خەم مەخۆ لە ماوەیەکی نزیکدا منداڵێکیتان دەبێت یان دروستتر بڵێم، زۆڵێکتان دەبێت"....
شیرین لە قین و توڕەییدا ئاگر لە چاوی دەباری، وەڵامی نەدایەوە، لەبەردەم جەستە

رووتەکەی سەمیرە ڕۆنیشت. سەمیرە لە نێو خوێن و زامی ئەشکەنجەدا تلی دەدایەوە، نینۆکەکانی قاچی دەرهێنرابوون، یەکبین خوێنیان لێ دەچۆڕا. سەرگۆی مەمکەکانی شین و مۆر ببوونەوە، شیرین بەهێواشی سەمیرەی ڕاکێشایە سەر بەتانییەکە، بەر لەوەی هۆشی بێتەوە، جلەکانی لە بەرکردەوە، بەمشتێ ئاو دەموچاوی شۆرد. سەمیرە چاوی هەڵێنا، هەروەکو ڕۆژانی ڕابردوو بەشیرینی گوت:

-خوشکێ.

-سەمیرە گیان، ئێستا بحەوێوە دوایی قسە دەکەین.

سەمیرە لە قوڵپەی گریانی دا:

-خوشکێ....ئەوانە...

-سەمیرە خان ئێستا بحەسێوە.

شیرین نەیدەویست سەمیرە قسە بکات، دەیزانی باری دەروونی زۆر خراپە.

سەمیرە جارێکی تر گوتی:

-خوشکێ ئەوانە...

-باشە. دەزانم، سەمیرە گیان..

-تۆ چی دەزانی.

-ئەشکەنجەیان دای.

-نا، نا تەنیا ئەشکەنجە نەبوو.

-نا، نا تەنیا ئەشکەنجەیان دای.

-تۆ ڕاست دەکەی.

سەمیرە دەلێی ئەو شتانەی دەبیست کە دەیویست بیبیستێ.

-تۆ باش دەزانی؟

-بەڵێ!

-چۆن؟

-تۆ ئێستا خۆت ئەزیەت مەدە.

-نا دەمەوێت قسە بکەم.

-باشە! کەواتە بابەتەکەم لەسەرەوە پێ بڵێ.

شیرین تێگەیشتبوو، کە تاکو قسە نەکات هێور نابێتەوە. سەمیرە لەسەرەخۆ هەستا، دوای ئەوەی پەنای بەدیوارەکەوە دا، باسی ساتە دۆزەخئاساکانی کرد:

-بەدەم ئەو پەرۆشییەی، کە چرکەیەک زووتر بنەماڵەکەم ببینم، ڕێگەم دەکرد، بەو هەستەوە شەقاوەکانم خێراتر دەکردن، کاتێ چەند هەنگاوێک لە ژوورەکە دوور کەوتمەوە، لەناکاو ڕایانگرتم، یەکێ لە جەللادەکان تا تینی تێدابوو زللەیەکی تێ سرەواندم، بەو لێدانە سەرم گێژی خوارد و کەوتم، وامزانی دونیا بەسەرمدا ڕووخا و ئاگر بەر ڕووم کەوت، کابرا چاوبەستێکی ڕەشی لە گیرفانی دەرهێنا و چاوەکانمی شەتەک دان، بەمشتەکۆڵە و شەق لە سک، سنگ، پشت و دەموچاویان دەدام، بێ بڕانەوە پێیان دەگوتم: " تۆ بنەماڵەی خۆت نابینی، دوای ئەوەی تۆمان بردە بەر پەتی سێدارە، دێن تەرمەکەت دەبەنەوە، ئەو کاتە جەستەی ئەستۆشکاوت ڕادەستیان دەیکەنەوە، ئەوە چاکەیەکی ئێمەیە ها.. چونکە هەندێ بنەماڵە تەرمی لەسێدارەدراوەکانیشیان نابیننەوە، بۆیە دوعای خێرمان بۆ بکە" من نەمزانی ڕووبەڕووی چی بومەتەوە خوشکێ! من چیم کردووە وام لێ دەکەن؟ بۆ ژوورێکی تاریک و نوتەکیان بردم، هەوای ژوورەکە زۆر سارد بوو، وەکو بەفرخەرەوە وابوو. سەرەتا جلەکانیان داکەندم، لە سەرما هەڵدەلەرزیم، لە تەمەنی خۆمدا سەرمای وام نەبینیوە، شتێکی وەک سەهۆڵیان بەسەر سنگم دا دەهێنا، پاشان هەمان



شتی ساردیان خستە ناو لەشمەوە، هاوار و ناڵەم ئەرز و ئاسمانی دەهەژاند، وێرای ئەوەش پارچە ساردەکەیان لەسەر جەستەم هەڵنەدەگرت، دەمویست شۆکی کارەبام لێ بدەن، بۆ ئەوەی لە هۆش خۆم بچم، کەچی نەیاندەکرد،دواتر بەبەنێک سەر گۆی هەردوو مەمکمیان گرێ دا و ڕایانکێشا، هێندە ئازارم پێ گەیشت، وامدەزانی هەردوو مەمکم لەبنەوە دەرهاتووە، خوێنیان لێ دەچۆڕا، جار جارەش گۆی مەمکمیان دەگرت و بایان دەدا، نینۆکیان هەڵکێشان، بەدڵمدا هات بوختان بۆ خۆم هەڵبەستم و شت بهاوێمە سەر خۆم، لەم دۆزەخە رزگارم بێت، بەڵام قسەکانی تۆ و ئامۆژگاریەکانتم هاتنەوە یاد، چاومیان کردەوە، چوار کەس بوون، یەکبین کوتەکیان لەناوگەڵم دەدا، سەیر بوو! هیچ پرسیاریان نەدەکرد، دوایین جار بەرگەم نەگرت و بەسەریاندا نەڕاندم:

-چیتان لێم دەوێت؟

بەگاڵتەجارییەوە پێکەنین:

-سەیر کە! دەڵێ چیتان لێم دەوێت؟! وەی وەی تا ئێستا نازانێ چیمان لێی دەوێت.

دیسان بەکوتەک لە ناوگەڵیان دام.

-بۆ تۆ نازانی چیمان لێت دەوێت؟

-نا! نازانم.

-لە زانکۆ چۆن خۆتان ریک دەخست ؟

-ڕێکخستنی چی؟

-ئەو ڕێکخستنەی، کە دەیویست وڵاتەکەمان پارچە پارچە بکات.

-من هیچ ڕێکخستنێک ناناسم و ئەندامی چ ڕێکخستنێک نیم.

-چۆن ئەندامی هیچ ڕێکخستنێک نیت؟ بۆ ئێمە هەروا لە خۆڕا تۆمان لای ئەو ژنە تیرۆریستە دانا؟ بۆ ئەو باسی ڕێکخستنەکەی خۆی نەکرد؟

-تیرۆریستی چی، ڕێکخستنی چی، ئێوە باسی چی دەکەن؟

-خۆت لە گێلی مەدە، ئەو پێی گوتین، کە تۆ ئەندامی ئەوانی و لە زانکۆ لەژێر ناوی ئەوان خەبات دەکەی.

-من ئەندامی هیچ ڕێکخستنێک نیم، ئەگەر ئێوە درۆ ناکەن، ئەو ژنەی باسی دەکەن بیهێننە بەردەمم،با بەرەو ڕووم بێتەوە.

-پێویست ناکا!

-کەواتە ڕاست ناکەن.

-ئێمە ڕاست دەکەین، بەڵام ئێوە هەمووتان ئاوهان.

شیرین قسەکانی سەمیرەی بڕی:

-تێنەگەیشتم کاتێ گوتیان " ئێوە هەموو" باسی کێیان دەکرد؟

سەمیرە کەمێ بێ دەنگ بوو، ئینجا گوتی:

-نازانم!

بەڵام گوتیان:

-ئێوەی کورد هەموو وەهان.

منیش گوتی:

-نا، من کورد نیم.

-تۆ کوردی.

-ئێوە بەزۆر من دەکەن بەکورد.

-لێکۆڵینەوەمان کرد، دایکت، باوکیشت کوردن. تۆ دەتەوێ کێ بخەڵەتێنی؟

-بەدڵنیاییەوە ڕاست نیە.

سەمیرە نەیویست لەم کاتەدا ئەو شتانە بۆ شیرین باس بکات، وەلێ شیرینیش دەیویست درێژە بەقسەکانی بدات:
-من وتم تەنیا خوێندکارم و هیچی تر.
-ئێمەش دەزانین تۆ خوێندکاری، بەڵام تۆ گەنجان فریو دەدەی و ڕەوانەی نێو پارتی " تیرۆریست"ی کوردیان دەکەی.
-من کورد ناناسم، پێوەندیم لەگەڵیاندا نییە.
-هەیە.
-نا، نییە.
-دەرگاکە واڵا بوو و کەسێکی ڕەزا قورس بەژوور کەوت، تورەکەیەکی لە دەستدا بوو، شتی زیندووی تێدا بوو، لە بێچووە پشیلە دەچوون، دەجووڵانەوە، خێرا دەستیان کردمەوە، لە سەر زەوی پاڵیان خستم و بەتەختەیەکەوە بەستمیانەوە، پێشتر ڕووتیان کردبوومەوە، هەموو گیانم دەلەرزی، دەمی تورکەکەیان کردەوە، بەدەیان مشک لە تورکەکەوە دەرپەڕین، هەموویان هێرشیان کردە سەرم، هاوارم دەکرد، یەکێ لە مشکەکان چووە ناوگەڵم، هەستم کرد دەچێتە نێو منداڵدانمەوە، قیڕە و هاوارم دەنگی دەدایەوە، لەو ساتەدا لە دڵی خۆمدا دەمگوت: " ئیتر هەموو شتێ تەواو بوو، هەرچی بڵێن قبوڵی دەکەم " تۆزێکی مابوو بڵێم " تەواو"ئەو کەسەی مشکەکانی هێنابووە ژوورەکە جارێکی تر هاتەوە، دەمی تورەکەکەی کردەوە، مشکەکان بازیان دا و چوونەوە نێو تورەکەکە، هەناسەیەکم هەڵکێشا، لەبەر ئەوەی هەوای ژوورەکە سارد بوو، هێشتا لەسەر هۆش خۆم بووم، ئینجا بۆ ژوورێکی تریان بردم و دەستیان بەلێدانی شۆکی کارەبا کرد، یەکسەر بوورامەوە و ئیدی نازانم چی ڕووی دا، نازانم ئەوانە چیان لێ کردم...
شیرین قسەکەی پێ بڕی:
-ئەوانە چی؟
-ئەوانە منیان...
-سەمیرە هیچ شتێک نەبووە.
-بەڵام...
-درۆ دەکەن.
-نازانم.
-گوێ بەوانە مەدە.
-بەڵام ئەوان..
-ئەوانە گەرەکیانە سایکۆلۆجییەتت تێک بدەن، لە بیرتە، کاتێ لەسەر مشک قسەمان کرد. ئەمرۆ ویستیان بەرێبازێکی وەها بتشکێنن، ئێستاش دەیانەوێ بەو ڕێبازە لایەنی دەروونیت بروخێنن.
-داخۆ ئەشکەنجەی ترم دەدە یان نا؟
-لێرە هیچ شتێک مسۆگەر نییە، لەوانەیە هەموو ڕۆژێ ئەشکەنجەمان بدەن، ئێمەش بەردەوام بەرگری دەکەین.
-ئەگەر بەردەوام بێت دەست بەچالاکی مانگرتن دەکەم.
-سەمیرە.
-چییە؟
-پەلە مەکە.
-دەزانی سەمیرە، مرۆڤ بونەوەرێکی ئەوەندە بەهێز، هیچ نییە نەتوانێت بەرگەی نەگرێت، داوام لێت ئەوەیە، کە هەرگیز نەڵێی ناتوانم، گەر بڵێی ناتوانم دەدۆڕێی و هەتا هەتایە



ملکەچ دەبی.
-زۆر سەختە.
-مرۆڤ وەکو کەشتی وایە، گەر ئاو دزەی تێ کرد، لەبەرەوە نوقم دەبێت و ئەنجامەکەشی بەکارەسات کۆتایی دێت، بۆیە پێویستە هەرگیز نەهێڵین ئاو دزە بکاتە نێو کەشتی بەرخودانمان و بەرگە بگرین. ئێمە جارێک چارۆکەکانمان لە زەریای ژیاندا بەسەرکەوتوویی تا کەنارەکانی ئازادیی واڵا کردوون. شتێکی تریش: جاری وا هەیە ئەو وێستگانەش بەس نین، دەبێ مرۆڤ ئەوانەش بەجێ بهێڵێ و دوورتر بچێت.
-نازانم، دەڵێی هێزم لەبەر براوە.
-سەمیرە مرۆڤ هێز لە باوەڕییەوە وەردەگرێت، گەر باوەڕت هەبێ، هێزت دەبێت.
-باوەڕم لاوازە.
-نا! باوەڕت بەهێزە، ئەدی ئەوە تۆ نیت بەرامبەر ئەو هەموو ئەشکەنجەیە بەرگری دەکەی؟ بەڵێ، کەواتە باوەڕت بەهێزە، متمانەت بەخۆت هەبێت.
-هێشتاش ناخم دەلەرزێت، کاتێ مشکم دێتەوە بیر، دەڵێی لە سەر جەستەم دەسووڕێتەوە.
-سەیرکە، تۆ لە ئاست ئەشکەنجەیەکی هێندە توند بەرخودانت کرد، ئیتر هیچ ئەشکەنجەیەک ناتوانێ ئیرادەت بشکێنێت.
-داخۆ چ جۆرە ئەشکەنجەیەکی تر هەیە؟
-زۆرن...
-چۆن؟ هێشتاش ماوە لەسەرمان تاقی بکەنەوە.
-ئەگەر بۆیان دەرکەوێت ئەندامی هیچ ڕێکخستنێک نیت ڕەنگە ڕایگرن.
- ئەوان باسی ڕێکخستنیان کرد، خوشکێ داخۆ ئەو شتانەی لەسەر تۆ وتیان ڕاستە یان نا؟
شیرین بەزەردەخەنەوە دەستی سەمیرەی گوشی و گوتی:
-فەرموو تۆش ئەندامی پارتەکەی ئێمەی.
سەمیرە پێکەنی:
-وەڵا مەراقمە، بۆ کورد پارتیان دامەزراندووە و لە دژی ڕژێم شەڕ دەکەن؟ وا دەڵێن، چوزانم! منیش سەرم لێ شێواوە.
-سەمیرە.
-بەڵێ.
-ئەگەر تێکەڵ و پێکەڵی هەبێ، ئەو کاتە یەکلابوونەوەش دەبێت.
-چۆن؟ تێنەگەیشتم.
-مێشک وەکو ئاو وایە، ئاو لێڵ دەبێت، وەلێ دوای ماوەیەک ڕوون دەبێتەوە.
-کەواتە تۆ دەڵێی، دوای ماوەیەک تێدەگەم.
-تێگەیشتن ئازادییە.
- -چۆن؟
-ئەگەر تێنەگەی، ناتوانی واتا بەو شتانە بدەی، گەر تۆ واتای پێ نەدەی، ناتوانی تێبکۆشی، تێگەیشتنی ڕاستەقینە بەتێکۆشان مەیسەر دەبێت.
-بەڵام ئەگەر پێم نەڵێی، چۆن تێبگەم.
-کوردم، من پێشتریش پێم گوت، ئێمە " تیرۆریست" نین، من شۆرشگێڕم، دژ بەنارەوایی و ڕەنجخۆریم، ئەوانە ڕاستیەکانمان ئاوەژوو دەکەنەوە، دەمانەوێ لەم وڵاتە بەناسنامە و زمانی خۆمانەوە، بە داب و نەریتی خۆمانەوە ئۆتۆنۆمیانە و ئازاد بژین.
-واتە پارتی خۆتان هەیە.

-بەڵێ.
-چەند کەسن.
-ئێمە گەلێکین. ملیۆنان کەسین.
سەمیرە هەڵێنا، پێکەنی و گوتی:
-ماشەڵا، ماشەڵا، یا ستار، خودا بتانپارێزێت.
شیرین سەری سوڕما:
-گوتت خودا بتانپارێزێت.
سەمیرە بەنیمچە شۆخییەکەوە گوتی:
-گوتم،خودا قەڵغانتان بێت.
ئەو قسەیە بەگوێی شیرین زۆر خۆش بوو.
-ئێمە زۆرین، لەو ڕژێمی سێدارەیەش ناترسین.
-ئەوەی دەیکەن ڕەوایە.
-ئێمە تەنێ بۆ خۆمان خەبات ناکەین، بەڵکو ئازادیی ژن لەسەرووی تێکۆشانەکەمانەوەیە و خۆمان بۆ ئازادیی ژن بەخت دەکەین.
سەمیرە بۆ شیرینی ڕوانی و گوتی:
-سەرم زۆر دێشێت، دەمەوێ هەندێک ڕاکشێم.
-باشە.
سەمیرە هەڵاژیا و لەماوەی چەند چرکەیەدا چووە خەوێکی قوڵەوە، شیرینیش لەلای سەری دانیشت....

* * *

گرووپی شەرڤان روویان لە چیای شاهۆ دەکرد، وەکو پەنجەکانی دەست بەدوای یەکدا ڕیز ببوون و ملی ڕێگەیان گرتبووە بەر. شیرین لە ڕیزی چوارەمدا بوو. جانتاکەی بەپشتییەوە، ڕەخت و فیشەکلغەکەی بەقەدییەوە ئاڵاندبوو، کەفییەکەی لە ملی پێچابوو، جار و بار ڕادەوەستا و پشوویەکی کورتی دەدا، بە دەسرەکەی ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕییەوە. گروپەکە ماندووببون، لەسەرخۆ بەتولەڕێیەکدا، بەهەنگاوی قورس و بەهیوای مەزنەوە ڕێیان دەبڕی، شنەبای پایز ڕوخساری دەشێلان و دەروونیانی ئارام دەکردەوە. شیرین گۆپاڵێکی لەدار بەڕوو پێ بوو، ئەو گۆپاڵە لەو کاروانە درێژەدا زۆر بەکەڵک بوو، زۆر جار بەهەڤاڵەکانی خۆی دەگوت: " ئەو گۆپاڵە ڕۆڵی قاچی سێیەمم بۆ دەبینێت"گەریلا بەشەو لەو ڕێگە تەنگ و سەختەدا، هێز و ورەیان وەبەر خۆدەدا و بەلوتکەی شاهۆدا هەڵدەزنان، چی نەمابوو بۆ بەرەبەیان، دوایین ئەستێرەکانی شەو دەتگوت، دواساتەکانی ژیانیانە، لە لوتکەی شاهۆوە ڕوونتر دیار بوون و دەدرەوشانەوە.
گروپەکەیان، نزیکەی مانگێک دەبوو لە قەندیلەوە بەڕێ کەوتبوون، لە زۆر جێگە ئێستیان دابوو، بەزۆر مەترسییدا دەربازببوون، وەلێ هیچ گازندەی شەکەتیی و درێژیی ڕێگەیان لێ نەدەبیسترا.
ژین ڕۆژهەڵات جار و بار دەچووە لای شیرین و دەیگوت:
-گەر بارت گرانە، دەتوانم جانتاکەت بۆ هەڵگرم.
-نا، ژین نا! ئەو ڕۆژەی دەستم بەم کاروانە کرد، بارمان گران بوو، سوپاس بۆ هاوکارییت.



دیار بوو گرووپەکە گەیشتبووە جێی خۆی، بارەکەیان دانابوو، پاڵیان بەجانتاکانیانەوە دابوو، بەقووڵی بیریان دەکردەوە. بەرچەم فەرمانداری گروپەکە بوو، وتەیەکی کورتی پێشکەش کردن و ویستی هەموو هەڤاڵانی ژن جێی خۆیان خۆش بکەن.
بەرچەم لە مێژ بوو لە چیای شاهۆ بوو، دواتر لە چالاکییەکا لە چیای شاهۆ، لە ئەنجامی گولەبارانی پاسداران گیانی بەخت کرد. بەرچەم بۆلای شیرین هات و بەدەنگیکی ئارام و پڕ لە میهرەبانی گوتی:
-هەڤاڵ شیرین.
-بەڵێ!
-زۆرت دەخواست بۆ چیای شاهۆ بێی، فەرموو وا ئێستا لە لوتکەی شاهۆدای، دڵنیام زۆر خۆشحاڵیت.
- دروست وایە! لە خۆشییاندا دڵم بەکوتەکوت کەوتووە.
-تۆزێکی تر ڕۆژێک هەڵدێ، دیمەنێکی ناوازە دەبینی، مرۆڤ گەرەکی نابێ تەنانەت چاویش بتروکێنێ.
-مانگێکە خۆزگەی ئەو دیمەنە دەخوازم.
-کەواتە دەبێ نەخەویت.
-نا، ناخەوم!
-دوای سەعاتێ، بەرە بەرە ڕەنگێکی نارنجی سەری دەرهێنا، ئینجا ڕۆژ بەهەموو هەیبەت و جوانی خۆیەوە هەڵات.
-ئامادەکاری خۆمم کردبوو، دەبێ دیمەنەکانمان مێژوویی و هەمیشەیی بکەین.
-لەوێ هەم هەڵهاتنی ڕۆژ، هەم ڕوانین بۆی سات و دیمەنی کەم وێنەن، لە ناخەوە کاریگەری لە سەر هەستی مرۆڤ دادەنێت.
-ژین ڕۆژهەڵات، زۆر جار باسی ئەو دیمەنانەی بۆ کردبووم.
-بەڵێ، بەڵێ ژین تەنێ باسی ئەو دیمەنانە ناکات.
-ئەی باسی چی تری کردووە؟
-باسی ئەوەی، کە شاهۆ تاقیگەی ئازادییە، بۆ ئەوەش دەبێ هەموو ژنانی ئەم وڵاتە شاهۆ ببینن.
-ژین ڕاستی گوتووە، مرۆڤ لەوێ باڵ دەگرێتەوە و لە خەیاڵدا دەفرێت، وەلێ دەبینین چۆن لەم وڵاتەدا ژنان بەخەیاڵەکانیانەوە دەکوژرێن، خۆیان فێری فڕین ناکەن، سیستەم تەنیا ڕێی کۆیلایەتی یان مردنی بۆ هێشتوونەتەوە.
-پێموابوو تەنێ من عاشقی شاهۆم، وەلێ ژینیش لە من عاشقترە، هەر دەڵێ لە شاهۆ بەولاوە هیچی تر نییە.
- بەرچەم.
-بەڵێ.
-شتێکی بەم شێوەیەت بەمێشکدا دەهات؟
-چی؟
-قەت بەمێشکتدا دەهات ڕۆژێ وەکو گروپێکی ژنانی ئازادیخواز بەچیای شاهۆدا هەڵزنیین؟
-ڕاستت دەوێت نا! بەڵام وا ئەمڕۆ ئێمە لێرەین.
-بریا ئەمڕۆ پەریا و سینەمیش لێرە بوونایە.
-ئەوانە کێن؟
-هاورێی مندالیمن، من و پەریا پێکەوە خەباتمان دەکرد، دواتر ژنەفتم سینەمیش تێهەڵچووە،

ئیدی هیچم دەربارەی نەبیستەوە، نازانم چی لێهاتووە، فرە پەرۆشی بارودۆخیم، زۆر سەرت نایەشێنم، وا ڕۆژ لە هەڵهاتندایە و دیمەنە جوانەکەی دەردەکەوێت.
شیرین قسەکانی بڕین، جانتاکەی کردەوە، کامێراکەی دەرهێنا و خستیە بەرچاوی، کاتێ دیمەنەکە روونەوە بوو، وێنەیەکی چرکاند، بەدەنگێکی نزم و هێور گوتی:
–بەرچەم، بەرچەم!
–بەڵێ.
–وەرە، وەرە.
–چ بوو؟
–لە بەردەم ئەو دیمەنە ڕاوەستە با وێنەیەکت بگرم.
وێنەی بەرچەمی چرکاند و دواتر بەرچەم وێنەی شیرینی گرت.
–بەرچەم.
–بلێ.
–بانگی ژین رۆژهەلات بکە، دەمەوێت وێنەیەکی بگرم.
–تۆش زۆر رۆمانسیت، شیرین!
هەردوو پڕ بەدڵ پێکەنین، ژین بەچاوی خەواڵوەوە هات:
–بۆچی منتان بەخەبەر هێنا؟
شیرین بەپێکەنینەوە گوتی:
–وەرە لەگەڵ ئەم دیمەنە جوانە وێنەیەکت بچرکێنم
ژین پێکەنی:
–باشە، بەڵام با جارێ شڵپێ ئاو لە دەموچاوم بدەم.
–باشە، خێرا با ئەو دیمەنە مێژووییەت لە دەست نەچێت.
ژین بەخێرایی دەموچاوی شۆرد و هاتەوە:
–باشە، وێنەیەکی من و رۆژ بۆ مێژوو بچرکێنە.
هەرسێ پێکەوە پێکەنین و شیرین وێنەکەی چرکاند.
سەمیرە دیسانەوە لەپڕ بەدەنگێ ڕاچڵەکی:
–چی بوو سەمیرە؟
–ئەوە لە کەیەوە بانگت دەکەم، تۆ هەر پێدەکەنی، هیچ وەڵام نادەیتەوە، منت ترساند.
–نا، نا مەترسە، هیچم بەسەر نەهاتووە، تا چیای شاهۆ ڕۆیشتم، هەر ئەوەندە بوو.
–تێناگەم! ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟
شیرین مەسەلەکەی لەسەرەتاوە تا دوایی بۆ سەمیرە گێڕایەوە، سەمیرە پێکەنی، بەدەنگێکی بەرز پێکەنی.
– ئەوەندەت ستایشی شاهۆ کرد، بەڵام پێت نەگوتم چیایەکی چۆنە؟
"وا باسی چیای شاهۆم بۆ کردی، وامزانی زانیارییت لەبارەیەوە هەیە، باشە! کەواتە باسی چیای شاهۆت بۆ دەکەم. شاهۆ دڵی باوەڕییە، هیوایە، ژیانە، شاهۆ سەرگوزشتەی مێژووە، ئاوازی بندەستانە، واری گوڵ و گوڵزاری جۆراوجۆرە، مەڵبەندی هەنگوینی راستەقینەیە " شاهۆ" بەزاراوەی سۆرانی ناوی باڵندەیەکە، کە بە" شاهین"یش ناسراوە و لە بەرزاییدا نەبێ ناژی، ئەو باڵندەیە لە بەرزاییەکانی شاهۆ زۆرن، ڕەنگە ئەو ناوە کەونار بێت، بەشکۆیە و بۆنی ئازادیی لێ دێ، لەبەرئەوەیە ناوی شاهۆیان لێ ناوە، ئەوەش وەکو هەڵگورد و قەندیل بەرزە، یەکێ لە بەرزترین چیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، نزیکەی سێ هەزار و چوارسەد مەترە بەرزە، کاتێ مرۆڤ لە بناری خوارووییەوە بۆی دەڕوانێت، سامێکی جیاواز دەخاتە ناخییەوە، شاهۆ لە نێو جەرگەی هەورامانداییە، سەرێکی تا مەریوان درێژ دەبێتەوە، لایەکی بەرەو کرماشان و کامیاران دەکشێ و سەرێکی تریشی تا پاوە دەچێت، جێیەکی ئاسوودە و خۆشە. بنارەکانی چیای شاهۆ هەموو دارستانی چڕن، دارستانی بەڕوو، رەز و باخی گوێز، تا بەرەو ژوور بچی، چیایەکی سەخت و سەرکەشە، پشتەوەی دۆڵی زۆر قوڵن، ئەو دۆڵانە بەرەو چەمی سیروان دەکشێن، کە چەمێکی زۆر گەورەیە، لە شاری سنەوە تا شارۆچکە دەربەندیخانی باشوری کوردستان درێژ دەبێتەوە، گەر چیای شاهۆ نەناسی و پێیدا بگەڕێی، بەدڵنیاییەوە ون دەبی. خەڵکی ئەو هەرێمە رەشماڵەکانیان لە دامێنەکانی ئەو چیایەدا هەڵدەدەن. بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات لە قەدپاڵ و دەوروبەری ئەو چیایە، کاری سەرەکی خەڵکی گوندەکانی کامیارانە، بەشێک لە زنجیرە چیاکانی شاهۆ ئەوەندە چڕ و سەختن، دەکرێت بۆ چەندین ساڵ خۆتی تێدا حەشار بدەی.
خەڵکی دوو لای چیای شاهۆ بەهەورامی، سێ لای دیکەی بەسۆرانی قسە دەکەن. لە لوتکەی شاهۆ ئاو زۆر کەمە، لە مانگی تەمو دا چەند کانییەک نەبێت ئەوانی دیکە وشک دەکەن، دوای ئەوەی ئاو چک دەکات، چاڵە بەفرەکان دەبنە سەرچاوەی ئاو. ئەو چاڵانە لە نزیک ئەشکەوتەکاندان، وەکو بیر و بەفرخەرەوە وان.
خەڵکی ئەو هەرێمە بەزۆری ئاوی خۆیان لەو چاڵە بەفرانەوە بەدەست دەهێنن، لە وەرزی بەهاردا شاهۆ سەوز دەکاتەوە، لەوێ مرۆڤ لە هەردوو وەرزی هاوین و بەهاردا هەست بە ئازادیی و خۆشحاڵیی دەکات. ئەوەی چیای شاهۆ نەناسێت لە هاویندا بێ ئاو دەبێت و لە تینوێتیدا دەمرێت، سروشتی شاهۆ بەو شێوەیەیە، راز و نیازی خۆی هەیە، لەوێ مێشهەنگوین و گژوگیای بەکەڵک زۆرن، جێی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتە، لە سەردەمی زەردەشتیان و موسڵمانێتیشدا بۆ کورد هەمیشە قەڵای پاراستن بووە، پاشماوە و ژیانی کەوناریی سەردەمی دایکایەتیی لێ بەجی ماوە، مرۆڤ دەخاتە نێو کەشێکی ئەفسوناوی ناکۆتاوە.
شاهۆ مەڵبەندی یەکێ لە گەورەترین ئێلەکانی کوردە بەناوی " ئەردەڵان"کاتێ یەکەم حکومەتی خۆیان دادەمەزرێنن ڕوو لەوێ دەکەن، لەوێ نیشتەجێ دەبن و وەکو قەڵایەکی سروشتیی بۆ بەرگریکردن لە خۆ بەکاری دەهێنن. یەکەم حکومەتی کوردیی لە شاهۆ دامەزرا، کورد لەوێندەر وڵاتێکی بچووکیان بۆ خۆیان دامەزراند و خۆیان پاراست. لە سەردەمی ئیسلامییشدا حکومەتەکەی خۆیان لەوێ دامەزراند. ئەو گوندانەی لەو بنارانە دەبینرێن لە دەشتەکانەوە سەرنج راکێشترینن، حەوشەی هەر ماڵێک لەسەر ماڵێکی ترە، کاتێ سەیری ماڵەکان دەکەی، وا دەزانی چون خشت لەسەر یەکدی ڕۆنراون. ماڵەکان لەسەر بانی یەکتر دروست کراون، هەموو ماڵێک باخچەیەکی هەیە. خەڵکی هەرێمەکە هەموو رەنجدەرن، بەئارەقەی نێوچەوانی خۆیان، بژێوی ژیانیان دابین دەکەن.
شاهۆ بەزۆری بەرهەمی گوێز و ڕەز و باخی ترێش بەناوبانگە، هەروەها داری قەزوان، گوڵی بەنەوشە و" بەڕەزای مێرکوژ" ناوبانگیان لە هەموو هەرێمەکەدا هەیە، بەڕەزا لە جێی زۆر سەختدا دەڕوێت، هەندێ گیای لێ سەوز دەبن لە هیچ شوێنێکی تری رۆژهەڵاتدا نیین. پەزەکێویی، بەراز و کەرویکیشی لێ دەژین، دەمی سپێدە بەقاسپەی کەو ڕا دەبی، کاتێ مرۆڤ لە بەهاردا بۆ شاهۆ دەچێ، مەست دەبێت، دیمەنی گوڵەهەنارەکانی چون خوێن سوور دەچنەوە، پورەمێشهەنگ بەسەر گوڵەکانەوە شەپۆل دەدەن. زنجیرە چیاکانی شاهۆ بەردەوامی چیای زاگرۆسە، لە نێوان چوار شاری ڕەوانسەر، پاوە، کامیاران و جوانرۆدایە و دەکەوێتە نێوان سنووری باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان. دوای شاهۆ دالاهۆ دێت، لەو هەرێمەدا چیای شاهۆ بەرزترین و ناودارترینیانە.
ئەو بەفرەی لە وەرزی زستاندا لە چیای شاهۆ دادەکات، لە هەموو دەڤەرەکانی تر زیاترە

درەنگتریش دەتوێتەوە. لە وەرزی بەهار و هاویندا، گەل دەچنە کوێستانانی شاهۆ و کۆسەی هەجیج، ئەو هەرێمە زۆر خۆشە، ژین رۆژهەڵات دەیگوت: " شاهۆ تاقیگەی ئازادییە" کێ لەو ئەزمونەدا دەرباز بێت، بەڕازی ئازادیی ڕا دەگات.
سەمیرە وەکو ئەوەی لە خەوێکی گران ڕا بووبێ، چاوی هەڵێنا و تەماشای شیرینی کرد:
–بۆچی چیا دەبێتە ئەزمونی ئازادیی ؟
شیرین بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:
–چیا چون مرۆڤ، لایەنی هزری، ئایدۆلۆژی، هەستیاری و قورسایی خۆی هەیە، دیرۆک و یادەوەریی هەیە، کاتێ باسی شاهۆم بۆ دەکردی، سەرنجتم بۆ لایەنە مێژووییەکەشی ڕاکێشا. بۆچی ئازادیی و چیا؟ چیا سەربەستی و هێزە، دژوارە، کاتێ مرۆڤ هەنگاو بۆ چیا دەنێت، هەموو ئەو شتانە بەجێدەهێڵێت، کە بۆنی باڵادەستیی لێ دێت، واتە مرۆڤ پردی نێوان خۆی و سیستەم هەڵدەوەشێنێتەوە، باڵ دەگرێتەوە و دەفڕێت، مرۆڤ خۆی لە نزیک ئاسۆدا دەبینێت.
–سەرم سوڕدەمێنێت! تۆ چۆن لەم دۆزەخەدا هێشتا بەو شێوەیە بیردەکەیتەوە.
–گەر مرۆڤ لە بیردا ئازاد بێت، لە هەست، لە دڵ و هزردا ئازاد بێت، شوێن واتای ڕاستەقینەی خۆی ون دەکات.
–مرۆڤ چۆن دەتوانێت بزانێت، کە بەئازادیی گەیشتووە؟
–کاتێ ترسی نێو ناخت شکست پێ هێنا، کاتێ هیواکانت مەزنتر کردن و خۆت گەیاندە ئاستی پیرۆزیی بەهاکان، بەچاوی خۆت لە گەردوون، مرۆڤەکان، لە سروشت و لە ژیان و رووداوەکانت ڕوانی، ئەو کاتە تۆ دەگەیتە ڕازی ئازادیی.
–ڕازی ئازادیی چییە؟
–خۆتی.
–چۆن؟
–گەر لە ناخی خۆتدا بەدووی خودی خۆتدا بگەڕێیت و خۆت بدۆزیتەوە، ئەوکاتە لە نێو شەپۆلی ئازادییدا مەلە دەکەیت.
– ئایا ئەوە بۆ ئازادیی بەسە؟
–بێ گومان بەس نییە.
–ئەدی؟
–بەڵێ.
–ناسینی خود! خۆناسین واتادانە بەژیان.
–تا ئەمرۆ من پرسیارم لە خۆم نەکردووە، کە من کێم؟!
– گەرەکی نییە ئەو پرسیارانە لە خۆمان بکەین، ئەوانیش نایانەوێ ئەو پرسیارانە بکەین، لەبەرئەوەی پرسیار تەختیان دەهەژێنێت، ترس دەخاتە دڵیانەوە.
–بۆ هێندە لە پرسیار دەترسن؟
–هەر پرسیارێک چالاکییەکە، بەڵام..
–بەڵام چی؟
–ئەوانە دەیانەوێ ئێمە بەردەوام بەمێشکێکی تەزیوەوە بژین، گیانی تەزیو، دڵی تەزیو و هەستی تەزیو بۆ ژیانی ئەوان.سەرچاوەیە، سەمیرە؟
–بەڵێ.
–داخۆ تا ئەمڕۆ چەند جار ئەو رژێمی سێدارەیەت خستۆتە ژێر پرسیارەوە؟
–هەرگیز.
–تۆ چەند جار گوتووتە دەبێ ئەم رژێمە بڕووخێت؟



–هەرگیز.
–چ پرسیارێکت زۆرترین جار لە خۆت دەکرد؟
–من پرسیارم لە خۆم نەدەکرد.
–سکاڵا و گازندە نیشانەی بێ چارەییە، سەرەتای تێکشکانە.
–ڕاستە! هەموو کەسێ بەهەڕەشەی لەسێدارەدان بێ دەنگ دەکەن.
–بەڵێ، هەموو کەسێ بێ دەنگە، هیچ ناڵێن، لە خەوی مردندان، خەڵکی مەزڵوم دەنگ هەڵنابڕن.
–سەمیرە!
–چییە؟
–تۆ شتێکی زۆر خۆشت گوت، تۆ دەزانی مارتن لوتەرکینگ چی گوت؟
–نا...
–دەڵێ: " نە زوڵمی زاڵمەکان، نە بێ دەنگیی مەزڵومەکان من دەترسێنێت" منیش هەرگیز لەوان ناترسم. مردنێکی بەکەرامەت سەد جار لە ژیانێکی بێ نرخ باشترە، لەبەرئەوەی، کە بێ دەنگیی مردنە، دۆڕان و بەدۆڕاندندانە.
سەمیرە سەری لەقاند و بێ دەنگ بوو. شیرین تێگەیشت، کە دەمی لە تینوێنێتیدا وشک و تاڵ بووە. بۆ ئەوەی پشوو بدات، پشتی بەدیوارەکەدا دا و چاوەکانی لێکنا.

* * *

ئەو رۆژە دوای ئەو ئەشکەنجە قورسە، هەستیان دەکرد بەردێکی ڕەش و قورس لە سەر دڵیاندایە، وەکو شیشێکی سوورەوەکراو بەجەستەیاندا دەچەقی. سەمیرە لە بەر ئێشی گیانی نووزەی دەرنەدەهات، زمانی نەدەبزوا، لە تیونێتیدا زمانی وەکو بەردی لێ هاتبوو، جار و بار دەیگوت: " قومێ ئاوم بدەنێ، گەر ئاوم نادەنێ، وەرن بمکوژن، با ئەو دۆزەخەی تێدا دەسوتێم، کۆتایی بێت، زوو وەرن، وەرن من بکوژن، ئەی ئەشکەنجەکاران بۆ نایەن؟" بەر لەوەی بیانبەنەوە بۆ ژوورەکە، چەند کەوچکێ خواردنی سوێریان دابوونێ، وەلێ شیرین نەیخواردبوو، سەمیرە چەند کەوچکێکی خواردبوو، پاشان داوای ئاوی کردبوو، بەڵام ئاویان پێ نەدابوو. لەو گەرمای مانگی تەموزەدا لەو ژوورە تەنگ و تاریکەدا گیریان

کردبوو، کە وەکو تەنوور کڵپەی لێ دەردەچوو، ئارەقە وەک جۆگەلە بەجەستەیدا دەچۆڕا، لەگەرمادا وشک هەڵاتبوو، لە تویننێتیدا بێ حاڵ ببوو، بەرچاوی تاریک و سەری گێژی دەخوارد، تامێکی تاڵی وەکو دارە بی دەمی تەنی بوو، نەیدەتوانی هەناسە بدات، گەرووی دەسوتا، نەیدەتوانی خۆی لەسەر پێ ڕابگرێت، بەملاولادا دەکەوت، تینی لەبەربڕابوو، ویستی بەرەو لای دەرگاکە بچێت، لە پڕ بەسەر لای ڕاستیدا کەوت، کۆشا هەستێتە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، هەرچەندە دەرگاکەشی لێ نزیک بوو، بەڵام لەبەرچاوی زۆر دوور بوو، ئێژیتە هەرگیز ناتوانێ دەستی پێ ڕا بگات، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " دەبێ لەم دۆزەخە نەمرم، پێویستە بژیم"چاوی زەق کردەوە و بۆ دەرگاکەی ڕوانی، فزەی نەبیست، دەرەوە خامۆش بوو، وەکو لە جێیەکی بەرزەوە بۆ گۆلێ ئاو بڕوانی، قرچە لە جگەری هەڵدەستا، تاوی دایە خۆی و لەسەر ئەژنۆ ڕۆیشت، دەکەوت، هەڵدەستایەوە، نەخێر خۆی بەدەرگاکە گەیاند، ویستی هاوار بکات، وەلێ دەنگی دەرنەدەهات،، بەو تۆزە هێزەی تێیدا مابوو چەند جارێ لە دەرگای دا، دەیزانی چەند کەسێک لە پشت دەرگاکەوە دانیشتوون، بەتوڕەییەوە گوتی:

–بۆ ئەو دەرگایە ناکەنەوە؟

پاسدارێک بەدەم پێکەنینەوە هاتە بەر دەرگاکە:

–چیت دەوێ؟

–خێرا لێرە دەرمکەن.

–بۆ؟

–لە گەرماندا مردم.

پاسدارەکە دای لە قاقای پێکەنین:

–نا، نا ئەوە نییە ساغی!

– گەر لێرە نامبەنە دەر، ئاوم بدەنێ.

–ئاوت دەوێت؟

–بەڵێ.

–باشە.

–بۆچی ئاوم نادەنێ؟

پاسدارەکە بەدەنگێکی بڵند پێکەنی و بەپاسدارەکەی تری گوت:

– باش بوو، خۆم میزم دەهات.

کاتێ سەمیرە گوێی لەوە بوو، تفی کردە ڕوویان و گوتی: " ئێوە ئاژەڵیش نین! " پاسدارەکە وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێ، هاتە بەر دەرگاکە و میزی بەسەر سەمیرەدا کرد.

–ها، ئاوت ویست؟ فەرموو ئەوە ئاو.

سەمیرە کەمێک بێ دەنگ ما و لە پشت دەرگاکە کشایەوە. بەر لەوەی سەری بەقەراخی دەرگاکەدا بکێشێ، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– مردن بەکەرامەتترین هەڵوێست و ئاسانترین ڕێگایە، ئەوانە بەمنیان دەگوت: " تۆ کوردی" دەمگوت: " نا " بەڵام لە چ نەژادێک بم کێشە نییە، من لەم ساتەوە کوردم، شیرین، من نەمدەیویست بەو شێوەیە بەجێت بهێڵم، ئیدی هیچ ڕێ و ڕێبازێکیان بۆ نەهێشتمەوە".....

تا هێزی تێدا بوو، سێ جار سەری بەقەراخی دەرگاکەدا کێشا، بەر شوێنێکی تیژی دەرگاکە کەوت، بەڕادەیەک بەتوندی پێیدا کێشا، قژە ئاوریشمییەکەی خەڵتان خوێن بوو و بەشێکی بەدەرگاکەوە نوسا، لە هەوڵی خۆکوشتندا بوو. پاسدارەکان هاتن و گرتیان. گوتی:

–وێڵم کەن! دڕندەیینە، دەمەوێت خۆم بکوژم.



–تۆ لەسەرمان بوویتە بەبەڵا.

–وس بە!

–وس نابم، لێتان ناترسم، ئێوە دڕندەن، ڕووی ڕەشی مرۆڤایەتیین.

لە قیرەو هاواری نێوانیان پاسدارێکی تر هات و بەسەریاندا نەڕاندی:

–خێرا دەمی ببەستن.

–نابێت.

–بۆ نابێت؟

–خوێن لە سەری دچۆڕێت.

–بۆچی چی کردووە؟

–ئاوی ویست، ئێمەش پێمان نەدا.

–زوو ئاو بێنن.

سەمیرە بەدەنگێکی بەرز گوتی:

–ئاو ناخۆمەوە، وازم لێ بێنن، دەمەوێت بمرم، دڕندەیینە، ئەشکەنجەکاران، وازم لێ بێنن!

ویستیان بەزۆر ئاو بەگەروویدا بکەن، سەمیرە لەسەر ئاو نەخواردنەوە مکوڕ بوو، چیتر نەیدەویست بژی، پاشان چەند جامێ ئاوی ساردیان بەسەر زامەکانییدا کرد، بەکێشیان کرد و فڕێیان دایە ژوورەکە، سەمیرە نەیتوانی هەستێتە سەر پێ، چاوەکانی داخراوبوون، ماوەیەک بوو نیوە بێهۆش بوو، کاتێ شیرینیان لە ئەشکەنجە هێنایەوە ئەو ئاگای لە خۆی نەبوو، قەیرێکی پێ چوو چاوی کردەوە و بەدەم بێ ئاگاییەوە گوتی: " ئاوم بدەنێ " لەبەرئەوەی شیرین ئەشکەنجەی قورس درابوو، جووڵەی لەبەر بڕابوو، سەرەڕای ئەوەش دڵی لای سەمیرە بوو، دوایین گفتوگۆی لەتەکیدا سەرسامی کردبوو، بەنووزەیەکی پڕ لە ئێش و کەسەرەوە بانگی کرد:

–سەمیرە، سەمیرە، سەمیرە....

سەمیرە سەری بەرزەوە کرد:

–تۆ لێرەی خوشکێ؟ دەمەوێت بمرم.

–تۆ دەڵێی چی سەمیرە؟

–لەم ساتەدا مردن بۆ من لە ژیان شایستەترە.

–نا، تۆ دەبێ بژی.

–وازم لێ بێنە خوشکێ.

–سەمیرە تۆ ئاوت ویست، ئەوە ئاوە لای سەرتەوە، بیخۆرەوە.

–نا، نامەوێت بیخۆمەوە.

–سەمیرە وەها نابێت، دڵم پارچە پارچە مەکە، دونیام بەسەردا مەشێوێنە.

–خۆشکێ من تۆم ناسی ئیدی بەسمە.

–گەر تۆ نەژی، منیش ناژیم سەمیرە.

–خوشکێ وەرە، لای سەرم دانیشە، باسی وڵاتەکەم، کوردستانم بۆ بکە.

–وڵاتی چی، کوردستانی چی سەمیرە؟

–من کوردم شیرین، کوردم!

–کورد بی یان فارس، جیاوازی نییە، لەم قسانە گەڕێ سەمیرە.

–نا، نا! من بەڕاستی کوردم.

–باشە سەمیرە! ئاو بخۆرەوە، بۆ ئەوەی بەرگە بگری.

–باشە ئەی تۆ نەتگوت، مردنیش جۆرێکە لە تێکۆشان.

-بەڵام...
-بەڵام چی؟
-من نەمگوت ئاوا بەئاسانی.
-نا، نا.
-چۆن نا؟
-من تفم کردە روویان و پێم گوتن من کوردم.
-سەمیرە؟
-چی؟
-تۆ بۆ وورە بەر دەدەی؟
-من ئیدی دەمەوێت بفڕم بۆ ئەو دونیا.
شیرین تێگەیشت، کە سەمیرە بڕیاری مردنی داوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: " دەبێ بیر لەوە بکەمەوە، کە چۆن قەناعەتی پێ بکەم، بۆیە بانگی کرد:
-سەمیرە؟
-چییە؟
-تۆ چۆن زانیت، کە کوردی؟
-ئەوان پێیان گوتم.
-کەی؟
-ئەو ڕۆژەی بەمشک ئەشکەنجەیاندام.
-بۆ پێت نەگوتم؟
-من باوەڕم پێ نەکردبوون، بەڵام..
-بەڵام چی؟
-پاشان بیرم کردەوە.
-بیرت لە چی کردەوە؟
-لە دایکم.
-دایکت؟ بۆ؟
- ئاخر دایکم خۆراسانییە.
-ئەوە بەو واتایە نایەت، کە ئەو کوردە، بۆ لە پێناو مردندا بۆ پاساو دەگەڕێی؟
-دێتەوە یادم!
-چیت دێتەوە یاد؟
-دایکم دەیگوت، کاتێ منداڵ بووم، باوکم مرد، من و برایەکم چووینە ئەسفەهان، لای بازرگانێکی فەرش کارمان دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی فارسیمان نەدەزانی، زۆرمان سەختی کێشا.
-سەمیرە واز لەم چیرۆکانە بێنە.
-نا، نا، بڕوا بکە بەڕاستمە.
-بۆ تۆ حاڵی من نابینی؟
-خوشکم داوای لێبوردن دەکەم، وازم لێ بێنە.
-سەمیرە هەستە ئاوەکەت بخۆرەوە، دەست لە بیرۆکەی مردن هەڵگرە.
-نا، نابێت.
-با! دەبێت.
-چیتر نامەوێت بژیم.
-سەمیرە.



-ها.
-دەزانیت؟!
-چی؟
-داوای سێدارەیان بۆ من کردووە.
-وازم لێ بێنە.
-تۆ ژنەفتت چیم گوت؟ دەیانەوێ لە سێدارەم بدەن.
کاتێ سەمیرە دوا ڕستەکەی شیرینی بیست، هەموو جەستەی بەلەرزە کەوت.
-ئەوانە چۆن مرۆڤێکی وەک تۆ لە سێدارە دەدەن؟
-بەخۆیان وایان گوت.
-نا! تۆ بەهەڵە تێگەیشتووی.
- گەر تۆ لە بڕیاری کوشتنی خۆت پاشگەز نەبیتەوە، کێ من دەباتە دەرێ؟ کێ چیرۆکی ئەو شتانەی بەسەرم هاتووە دەنووسێتەوە؟
-شیرین!
- ها.
-تۆ بەڕاستتە؟
-بەڵێ. پێیان گوتم، وەلی من وەکو هەڕەشەیەکم بینی و لە سەرەتادا دەترسام، چیتر ناترسم، بەڵام!
-بەڵام چی؟
- غەمگینم...
سەمیرە ویستی چاوی بکاتەوە، بەڵام چاوەکانی بۆ نەدەکرانەوە، قژی بەخوێنە وشکەوەبووەکەوە بەسەریەوە و تاڵەکانیشی پێکەوە نوسابوون، قەیرێک مات بوو، لەو بێدەنگیەدا پتر هەستی بەئازاری سەری دەکرد، قسەکانی شیرین یەکبین لە مێشکیدا دەنگیان دەدایەوە. بێ ئەوەی متەقی لێوە بێت، دەستی بۆ ئاوەکە ڕاداشت و هەڵیقوڕاند، کەمێک هۆشی بەبەردا هاتەوە، تەماشای شیرینی کرد:
-تۆ چۆنی شیرین؟
-باشم!
-ببورە گەر دڵم شکاندبی.
-نا، نا سوپاس، کە ئاوت خواردەوە.
-زۆر گوشاریان بۆ هێنام.
-باشە، چیان کرد؟
سەمیرە هەمووی بۆ گێڕایەوە.
شیرین حاڵی بوو، کە سەمیرە بۆچی بڕیاری مردنی داوە.
-خوشکێ، دیارە زۆریان ئێش پێ گەیاندووی.
-بەڵێ.
-ئەدی نەتتوانی قاچەکانت لێک بئاڵێنی؟
-بەقامچی لێیان دام.
-دڕندەن، دڕندە...
- قاچمیان خستە نێو دوو دارەوە و دەیانفلیقاندنەوە، دەیان جار بەو شێوەیە ئەشکەنجەیان دام، بەڵێن بێ.
-بەڵێنی چی؟
- لەمەولا بۆ خەیاڵەکانی تۆ تێ بکۆشم.

– ئامانجمان خەیاڵێکە سەمیرە!
–تا ئێستا ئامانجمان نەبوو.
–ئامانجی هەموو ژنان یەکە، تەنیا بزانن، کە چۆن قەید و بەندی کۆیلایەتی بشکێنن.
– من چیتر ناترسم.
–مەترسە، سەمیرە سڵ مەکەرەوە.
–نا! ناترسم.
–با ترس لە تۆ بترسێت.
– ئێستا خۆم ئازاد دەبینم.
–ئەوە هەستێکی قوڵ و ناکۆتایە.
–شیرین.
–بەڵێ!
–ئەو رۆژە، دەمێکی باسی چیای شاهۆت کرد، گوتت گروپێک هەڤاڵ بووین، بۆ هەڤاڵ؟
شیرین بەزەردەخەنەوە سەیری سەمیرەی کرد و پرسیارەکەی پێ خۆش بوو:
–سەمیرە، نا نا، هەڤاڵ سەمیرە.
کاتێ شیرین بەو ناوە بانگی کرد، هەردووکیان دایان لە قاقای پێکەنین. سەمیرە زۆر بەو وشەیە پێکەنی، ددانە برنجییە جوانەکانی دەرکەوتن، سەمیرە بێ بڕانەوە پێدەکەنی، شیرینیش لەگەڵی پێدەکەنی. سەمیرە بەدەم خەندەوە گوتی:
–هەڤاڵ شیرین، هەڤاڵ شیرین، هەڤاڵ شیرین...
–بەڵێ هەڤاڵ سەمیرە، بەڵێ هەڤاڵ سەمیرە...
کاتێ سەمیرە وشەی " هەڤاڵ"ی بەکاردەهێنا، دەنگی زۆر خۆش و زوڵاڵ بوو.
ئەو، تەنانەت یەک وشەش کوردی نەدەزانی و تا ئەو کاتەش نەیدەزانی هەڤاڵ واتای چییە؟ بۆیە کاتێ بەکوردیی، نەک بەفارسیی وشەی هەڤاڵی بەکارهێنا، شیرین بەجوانیی واتای "هەڤاڵ"ی بۆ ڕوون کردەوە. سەمیرە دیسانەوە دەستی بەپێکەنین کرد و گوتی:
–هەڤاڵ شیرین.
–بەڵێ!
–ئەمرۆ فێری وشەیەکی کوردی بووم، زۆر خۆشحاڵم.
–ئێمە ئیتر هەڤاڵی یەکدین.
–بەڵێ هەڤاڵ.
–باری هەڤاڵێتی قورسە.
–ئیتر ئەو بارەش هەڵدەگرم.
–منیش خۆشحاڵم، کە هەڤاڵێکی نوێم هەیە.
–دەزانی؟
–چی؟
–ئەگەر لەم ژوورە گەنیوەدا نەمرم و رۆژێک دایکم ببینم، مزگێنی یەکەمم ئەوە دەبێت.
–ئەو رۆژانەش دەبینین، سەمیرە.
–لەو باوەڕەدام.
–سەیرکە، وێڕای ئەو هەموو ئێشەش هەر پێدەکەنین.
–لە دەرەوە ئەوەندە پێنەدەکەنیم.
–سەمیرە.
–نا!
–ببورە هەڤاڵ سەمیرە، دەبینی چەندە زۆر پێدەکەنین، لەبەرئەوەی هیوامان لە هەموو



شتێک گەورەترە.
–هیوامان لە مردن گەورەترە.
–هیوا وەک ئاو وایە، مرۆڤیش وەک گوڵە، ئەگەر ئاو لە گوڵ ببڕی، سیس دەبێتەوە.
–ئێمە هەرگیز سیس نابینەوە.
–زۆر جوانت دەربڕی هەڤاڵ سەمیرە، دەیانەوێت لەم وڵاتە ژن هەمیشە وەکو گوڵێکی سیس وا بێ، گەرەکیان نییە ڕوومان گەش بێ، پێبکەنین، تێهزرین و قسە بکەین، لەمەولا لەم جوگرافیایەدا کورد بەشۆرشی ژن مێژووی ئازادیی دەنوسێتەوە، ئیتر هەموومان پێکەوە گۆرانی ئازادیی دەڵێینەوە سەمیرە...

* * *

کوڵی گەرمای مانگی پوشپەڕ دیوار، ئاسن، ئاو و تەنانەت باکەشی داغ کردبوو، گەرمایەک مرۆڤ دەسوتێنێت و هەناسەی لە بەر مرۆڤ دەبڕێت.
شیرین لەبەردەم پەنجەرەکە وێستا بوو، بۆ ئەوەی شنەبایەک لەڕووی بدا و کەمێک فێنکی بکاتەوە، بەڵام هەستی دەکرد خەریکە دەخنکێ، بەناچاری هەناسەی دەدا، بێ حاڵ ببوو. بەر لە چوار رۆژ، لە پڕێکدا دەرگا کرابۆوە، بەپەلە سەمیرەیان بردبوو، شیرین لە دڵی خۆیدا گوتبووی" دیسانەوە بۆ ئەشکەنجەدان بردیانەوە، تۆ بێژی سەمیرە بەرگە بگرێت، خۆ شل نەکات و ملکەچ نەبێت، دە زوو وەرە" وەلێ گەڕانەوەی سەمیرە دیار نەبوو و هیچ سۆراغیکی نەبوو، بیری وشەی" خوشکێ"ی سەمیرەی دەکرد، چوار رۆژ بوون، واتا چوار رۆژ و چوار شەو، چوار جار رۆژ دەرکەوتبوو، چوار جار جیهان وشیار ببۆوە و کەوتبۆوە نێو خەوێکی گران، سەمیرە هەر نەهاتەوە. ئەستێرەکانی ئاسمانی رۆژهەڵات چوار جار دەرکەوتن، درەوشانەوە و ون بوون، وەلێ سەمیرە دەرنەکەوتەوە، بەتەقەی دەرگاکە ڕادەچڵەکی و بەئومێدەوە بۆ لای دەڕوانی، سەمیرە هەر دیار نەبوو، ئیدی بەرە بەرە هیوای بەهاتنەوەی بڕی، هەرچەندە زۆری بیر دەکردەوە، کاتێک جەللادەکان کاتێک سەمیرەیان برد، هیچیان نەگوت، چەند جارێک پرسیاری کرد، بەڵام پرسیارەکانی بێ وەڵام مانەوە، لە نێو ئێش و ئازاردا دەتلایەوە، گەرمای هاوین لەلایەک و چارەنووسی نادیاری سەمیرە لەلایەکی ترەوە ئازار و خەمی لە دڵی نابوو، ئازارێک، مەگەر تەنێ بەبەیادهێنانەوەی بیرەوەرییەکانی کەم بێتەوە، ڕووی لە دیواری ژوورە بۆگەنەکە دەکرد و دەکەوتە نێو شەپۆلی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی ڕابردوو، خۆزگەکانی سەمیرەی بەو وڵاتەی، کە وەکو بەهەشت بوو هاتەوە یاد، لەبەر خۆیەوە گوتی:

"سینەم، سینەمی بێ دەنگ، ئەو سینەمەی هەموو شتێکت لە هەناودا هەڵدەگرت، سینەمی هاوگوند و هاوتەمەنم، سینەمی کورد، چارەڕەش، جوان و نازەنین، نازانم بۆچی! بەڵام، ئەمڕۆ لە بەیانیێوە لە یادی تۆدام، تۆ لە ئاسمانی دڵمدا وەکو بارانی بەهار دەباریت، لە رووباری دڵمدا وەک لافاوی پایز پڕ خرۆشی، سینەم، سینەم گیان مرۆڤ لێرە قسە ناکات، هەڵ ناکات، رۆژ، خولەک، چرکە و سەعات تێناپەڕن، شەوگاری کۆتاییان نایەت. سینەم لێرە هەموو شتێ بەوردی دێتەوە یادم، ئەو شتانەی هەرگیز لە دەرەوە نەدەهاتەوە بیرم، ئێستا وەکو بارانی بەهار بەسەرمدا دەبارێن. سینەم، بێدەنگیەکەی تۆم قەت لە یاد ناچێت، بێدەنگیی و نیگا ونبووەکانت و تێگەیشتنت بۆ ژیان. تۆ هەمیشە وەکو ڕووبارێکی بێدەنگ دەخرۆشای...

ئەو رۆژەی باوەژنت بەتوندیی لێی دابووی، هەموو جەستەت خوێنی لێ دەچۆڕا، هاتم بە هاوارتەوە و پاڵمان بەتاشە بەردەکانی چیای ئەلکەوە دا، بای بەهار هەڵیکردبوو، سەرەتای ڕەشبەڵکی بەفری چیاکان بوو، ئەو چیا بەرزانەی هاواری ئازادیی دەیلەرزاندن و بەدیمەکانی مرۆڤیان سەرمەست دەکرد، ببوونە هیوا بۆ من، ئاوی رەشبەڵەکی بەفر رێچکەی گرتبوو، چون مار پێچەلپێچ، لێرەو و لەوێی بنی دۆڵەکە یەکیان دەگرتەوە. دەمێکی لەسەر گردێ بەرز دانیشتبووین و لە جوانی ئەو سروشتەمان دەڕوانی، بەجوانییەکە سەرسام ببووین، چیاکان، کە ببوونە دەرووی هەناسەدانمان، ورەیان پێ دەبەخشین. کانیاو و سەرچاوە تەقیوەکانی بەهار شەپۆلیان دەدا و بە سەریەکدا قوڵپیان دەدا، خۆزگە ئێستا لەسەر ئەو چەمانە بوومایە و قومێک ئاوی تەزیو، ڕوون و خۆشم لێ بخواردایەتەوە و شڵپێکم لە دەموچاوم بدابایە، بەسەر جگەرم بمپژانایە، کە لەبەر ئازار دەسوتێتەوە، بەڵام سینەم، ئەمڕۆ لەو چەمانە فرە دوورم، بیری پوش و پەڵاش، دار و بەرد و تۆز و خۆڵەکەی دەکەم. سینەم تێهزرێ، تۆ لە بن هەتاوی هاویندا، لەبەر گەرمای مانگی پوشپەڕدا بەستراویتەوە، وەکو ئەوەی لە بیابانی کەربەلا بی، چون ئاگری ئەنفال، بەهەمان شێوەی ئەو کوورەیەی بۆ جووەکان بنیات نرابوو، هەروەکو دۆزەخ لە دەورت ئاگرییان هەڵکردووە و بەساجی سوورەوەکراو گەمارۆ دراوی، لە توونێتییدا جگەرت دەسوتێت، وەلێ نەتوانی ئاو بخۆیتەوە، چونکە ئاوت لێ دەبڕن، ئینجا ژوورەکەش گەرم دەکەن و دەیانەوێ میزی خۆمان بخۆینەوە، کەچی ئەوەش شک نابەین، لەبەرئەوەی جەستەمان وشک بۆتەوە، چون پێستەی خوێکراو و شککراوی لێ هاتووە، دڵۆپێک ئارەقەشی تێدا نەماوە. سینەم بیهێنە بەر چاوت، تۆ دەتەوێ بمری بەڵام نامری، جا بزانە لەم شوێنەشدا تۆم هەر لە بیرە.

ئەوێ ڕۆژێ تا لای ئێوارێ لە چیای ئەلکێ گەڕاین، زامەکانتم بەکراسەکەم پاک کردنەوە، سەرەڕای ئەوەش هەر پێدەکەنین، وەکو ڕۆژانی ڕابردوو پێم دەگوتی، سینەم دمدمی، ئەها تۆ لەم دوا دواییانەدا بویتە سینەم دمدمی و لە چیاکانی کوردستان تێدەکۆشای. سینەم گیان، ئێستا چاوەکانم بەبەندێکی ڕەشی قەترانیی شەتەک دراون، هیچ نابینم، وەلێ بەچاوی دڵم تۆ دەبینم. ئەو ڕۆژەی هاتبووینە سەر کانی مراز، کانیاوەکە چەند خۆش دەخرۆشا، ماسییە بچووکەکان لە نێو ئاوە ڕوونەکەدا یارییان دەکرد، قەڵبەزەی ئاو و هاژە بەخرۆشەکەی چ دیمەنێکی دڵڕفێن بوو! دارە تووەکان چرۆیان کردبوو، ئێمە بەتەنێ بووین، پەریامان لەتەکدا نەبوو، تۆ گوتت " گەر پەریا بزانێت لێرەین، ئیرەییمان پێ دەبات"ڕاستت گوت، دواتر زۆر ئیرەیی پێ بردین، منیش زۆرم پێ خۆش بوو، جا تۆ دەزانی کاتێ باسی ئەو گەڕانەی خۆمانم بۆ کرد، خەریک بوو دیقی دەکرد! ئاخ سینەم، ئاخ پەریا، خۆزگەم بەو ڕۆژانە، کاتێ دەمگوت:

–سینەم!



–چیە؟

–بۆچی دایکت ئەمرۆ ئەوەندەی لێدای؟ بۆچی وا دەڵێی؟

–پاش مردنی دایکم، باوکم هاوسەرگیری کردەوە، ژنەکەی، نەک هەر ئەو ڕۆژە، بەڵکو هەموو ڕۆژێ لێی دەدام، نەیدەهێشت یەک دەقە دابنیشم، لە بەیانیێوە تا ئێوارێ کارم دەکرد، سرەوتم نەبوو، پشتم لە ژێر باردا چەمابۆوە، نازانم ڕۆژ چۆن تێدەپەڕی، لە سپێدەوە، کە هێشتا دونیا تاریک بوو، لە خەو هەڵیدەستاندم، قاوەڵتیم حازر دەکرد، ئیدی نەیدەهێشت بخەومەوە، خۆی و منداڵەکانی نانیان دەخوارد و دواییش ئەوەی لەوان دەمایەوە من دەمخوارد، گەر هیچم بۆ نەمایەتەوە ئیدی تاکو ژمێکیتر بەبرسێتی دەمامەوە، باوکم هەرگیز فزەی لێوە نەدەهات، لەتەک خوشکەکەشم بەهەمان سێوە مامەڵەی دەکرد، ئێستا لەیلای خوشکم لای کەسێکی نائاشنا کار دەکات، خزمەتکاریانە و هەموو مانگێکیش پارەکەی دەهێنێ و لە مست باوەژنمی دەنێ. من بەخوشکەکەمم گوت: "پارەکەتی مەدەرێ"خوشکەکەم دەیگوت: " پێم دەلێ ئەگەر یەک تمەن کەمتر بهێنیتەوە سینەم برسی دەکەم و لێی دەدەم" خۆ هەر بەو شێوەیەی دەکرد، بۆیە خوشکەکەم بەناچاریی هەموو پارەکەی پێ دەدا. جاری وا هەبوو هێندەی لێ دەدام دەبوورامەوە، لە خوێندنگە سەرکەوتوو بووم، خوشکەکەم دوو کتێبی بۆ کڕیبووم، وەلێ بەر لەوەی بیخوێنمەوە، خستیە ئاگردانەکەوە و سووتاندی، هەڕەشەی توندی لە خوشکەکەم دەکرد. هەموو رۆژێ فشاری بۆ باوکم دەهێنا و دەیگوت: " زوو لەیلا بە پیاوێک بدە، با سەری ببەستین، ئەو بۆ ئەم ماڵە بارگرانییە "وا نەبوو خوشکەکەم کاری دەکرد، بەڵام مەبەستی ئەو دوورخستنەوەی لەیلا بوو لە من، بۆ ئەوەی وەکو خزمەتکار کار بەمن بکات. خۆ بەخۆ من هەر وەک کۆیلە و خزمەتکار کارم دەکرد. لەیلا گەرەکی نەبوو هاوسەرگیری بکات، رۆژێکیان بەمنی گوت "نامەوێ شوو بکەم، ها هاوسەرگیریم کرد ها مردن، هیچ جیاوازیەکی نییە" لەیلا ڕاستی دەگوت، هەموو رۆژێ بە لانی کەم ژنێک خۆی هەڵدەواسێت یان خۆی دەسوتێنێت، پەڕ و باڵمان دەکەن، تەنیا بەوەشەوە ناوەستن، بەڵکو بەزیندوویی لە گۆڕمان دەنێن.

–راستە!

–ئەی تۆ نەتژنەفت؟ بەهۆی گوشاری باوەژنەوە چوار خوشک لە گوندی چراڤ، ویستیان پێکەوە خۆیان بکوژن، وەلێ پێیان زانین و دواتر یەک بەیەک لەو تەمەنە بچوکەیاندا بەپیاوی لە خۆیان گەورەتریان دان! هیچ رێ و رێبازێکمان بۆ ناهلێنەوە، بەلەیلام دەگوت" تۆ خۆت بۆ من سەغلەت مەکە" وەلێ گوێم لێ ناگرێت، چیتر گەرەکم نییە بچمەوە ماڵێ، نامەوێ رووی ئەو ژنە بێ ویژدانە ببینم، ماڵەکەمان هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دۆزەخدا نەماوە، خۆزگە تەنیا لە منی بدایە، دەم دەکاتەوە و ئێژێ" چارەتم ناوێت!" بۆچی ناهەقیم لەتەک دەکات، ڕۆژ بەڕۆژ باری دەروونیم خراپتر دەبێت،هاوسەنگیم تێک دەچێت، هەر ساتێکم دۆزەخێکە و دەمەوێ لە دژی راپەڕم، هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە، ئاگر لە خۆم بەردەم، ئەو رۆژە پەتم کردە ملم و گەرەکم بوو خۆم بخنکێنم، وەلێ کە لەیلام بیر کەوتەوە پاشگەز بوومەوە.

–سینەم دمدمی تۆ چۆن بیر لە شتێکی ئاوها دەکەیتەوە؟

–چیتر ناتوانم هەناسە بدەم!

–دەرگایەکی خێر دەکرێتەوە سینەم، دەکرێتەوە..

–ڕوو لە خودا دەکەم و نزا دەکەم، وەلێ ئەویش بەهاوارمەوە نایەت.

–سینەم مردن لەیاد بکە، بیر لە ژیان بکەرەوە.

–ژیان چییە شیرین؟ من چۆن و چی بێنمەوە یادی خۆم؟

–منیش نازانم ژیان چیە، ئێمە هاتووینەتە ئەم دنیایە بۆ ئەوەی بژین.
–ئەدی چاوت لێیە ناهێڵن بژین.
–سینەم تۆ گوتت ناهێڵن بژین، دروستە ناهێڵن، وەلێ ئێمە دەمانەوێ چۆن بژین؟ ئەو کاتە نەمدەزانی ژیان چیە؟ بەڵام ئەمرۆ دەزانم! ژیان بەرخودانە لە دژی نارەوایی، سەرهەڵدانە، ئێمەش ڕاپەڕیوین، ئەوەتا من لێرەم، تۆش لە دۆڵی ئازادییت و بەدووی حەقیقەتدا دەگەڕێی، چی لەوە چاکترە، سینەم! ئەو رۆژە ئێمە هیچ نەترساین و تا ئێوارێ گەڕاین، کاتێ هاتینەماڵەوە تابوتی ژنێکیان لە گوند هەڵگرت. ئەو ژنە لە زوڵمی مێردەکەی نەیتوانی بەرگە بگرێت و ئاگری لە خۆی بەردا، من و تۆ سەیری یەکدیمان کرد، متەقمان لێ بڕا، چەند رۆژ تێنەپەڕیبوو هەواڵێک لە گوند بڵاو بۆوە، گوایە خوازبێنی سینەم دمدمی هاتووە. پەریا گورج خۆی گەیاندمێ و گوتی" درۆیە، سینەم هێشتا بچووکە" وەلێ درۆ نەبوو، خوازبێنیکارانی سینەم دمدمی هاتبوون، سینەمیش لەبەر دەرگا ئەسرین لە چاوانی قەتیس مابوو، بۆ نێو گۆڕستانی گوند هەڵات، لەبەردەم کێلی گۆڕەکەی دایکی ڕۆنیشت و بە کوڵ گریا، باوەشی کێلەکەدا کردبوو و دەردی خۆی بۆ دەگێڕایەوە.
هێشتا فرمێسکەکانت وشک نەببونەوە، هاتن و تۆیان برد، ئەو رۆژە من مردم، پەریا و تۆ و هەموو ژنانی گوند بەجارێک مردن، جیهان لە بەرچاوم تاریک بوو، ئەو شەو ئەستێرە بەئاسمانەوە نەبوون، سینەم ئەو ساتانە و دیمەن و فرمێسکەکانتم بیر ناچنەوە، سینەم دمدمی، زیرەک و ئەڤینداری خوێندن، بێدەنگییەک، کە هیچ کەس وەسف ناکرێت، لە دوای خۆت بەجێ هێشت و ڕۆیشتی. سینەم ئەوە تەنیا تراژیدیای تۆ نەبوو، بەڵکو تراژیدیای گەلێک بوو. من تاکو ئەو دەمە، ژیانی یاخییانەی تۆم نەبینیبوو، ئەو شەوە پەریا بەدووت گەڕا، ئەو پەریایەی خۆشی نەدەویستی، ئیرەیی پێ دەبردی، بە دوای تۆدا گەڕا. با بزانی ها!
تاوەکو ئەو دەمەی ڕوومان لە چیا کرد، پەریا بەردەوام بانگی دەکردی" سینەم، سینەم"! وا دیسانەوە بانگی شێوانی دا، دەزانم، کە شەوە، ئەمرۆ بەربەستی بەر چاومیان فرە شەکەت داوە، سەرم خەریکە دەتەقێت. سینەم دمدمی، داخۆ رۆژێک بەیەک دەگەینەوە؟! نازانم نازانم! شەوباش سینەم...
بۆ ئەستێرەکان بڕوانە...
❊ ❊ ❊



بەر لە چەند رۆژێ بەشیرینیان گوتبوو" لێرە دەتگوازینەوە، بە لەسێدارەدان سزا دراوی. خۆ دەبێت هەر لە سێدارەت بدەن، تۆ هێشتا ئێمەت نەناسیوە، دەیانی وەکو تۆمان ناردە بەر پەتی سێدارە، دەبێت تۆش لە سێدارە بدرێی، کەس ناتوانێ ئەو سزایەت بەتاڵ بکاتەوە، تۆ هەرگیز لەوە تێنەگەیشتی، لێرە دەتگوازینەوە، میوانپەروەریمان لە یاد مەکە" دوای ئەوە ئەشکەنجەکارەکان ژوورەکەیان بەجێهێشت، بەر لەوەی دەرگاکە دابخەن یەکیان هەڵگەڕایەوە و بەدەنگێکی ناحەزەوە نەڕاندی:
– مەراقی سەمیرە ناکەی؟ خەمت نەبێ، هەموو شتێکی پێ گوتین و چووەوە ماڵێ، هەندێ زانیاری سەرنجڕاکێشی دەربارەی تۆ داینێ. ئەوجا چاوەڕێی ئەو مەکە، ئەو ڕۆیشت!
شیرین هیچی نەگوت، یارۆ دەرگاکەی داخست و چوو، شیرین لەبەر خۆیەوە لەسەرخۆ گوتی " سەمیرە تۆ لە کوێی؟ چیان لێ کردووی؟"
بۆ ئەوەی هەندێ خۆی لەو دۆزەخە سوتێنەرە دوور بخاتەوە و بچێتەوە سەر چیاکانی وڵات، ئەو چیایانەی لوتکەیان بە کەشکەڵانی ئاسمان ڕا دەگات، خەیاڵی نوقمی کەشی ئەوێ بوو، بەگەڕان بەنێو چیا و دۆڵەکاندا هێور دەبۆوە، بۆیە چاوی داخست، وەکو کۆترێک لە شەقەی باڵی دا و بەسەر چیاکاندا دەفڕی، یان چون ئاسکێک لە نێو دەۆڵەکاندا بۆ ئاو دەگەڕا، دەشت و کێوی دەبڕی.
لەگەڵ هاتنی بەهار، گروپێک لە شەڕڤانان بەدەنگی شیرین ڕابوون، چا، پەنیر و نانی سەر ساج ئامادە بوون، پەرداخەکانیان لەسەر سفرەکە ریزکردبوون، کتری و قورییەکە، بە ئاگر ڕەشەوەبووەکە بەدەست سەما ئۆرامارییەوە بوو، یەک یەک بەرداخەکانی پڕ لە چا کرد، هەڵمیان لێ بڵند دەبۆوە و بۆنی چایەکە هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، ئاگری بن کتری و قورییەکە هێشتا گەش بوو، سەما ئۆرامariی بەڕوویەکی ئارام و پڕ زەردەخەنەوە پەرداخە چاییەکانی بەسەر هەڤاڵەکانیدا دابەش دەکرد، سەما هەم شەڕڤان بوو، هەم ڕۆژنامەوان، ڕۆژانە بەسەر هەڤاڵانییدا دەگەڕا، لە هەر دۆڵێک و بن بەردێک بیرەوەریی و سەرگوزشتەیەکی هەڤاڵانی کۆدەکردنەوە و دەینووسینەوە. بیرەوەریی ژنانی وڵاتەکەی دەنووسییەوە، ژنانی بێ دەرەتان و چەوساوە، ژنانێک، کە لە نێو لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوودا ون ببوون و کەس نەیدەناسینەوە، چیا بەچیا، دۆڵ بەدۆڵی تەی دەکرد.
لە دەوری یەکدی کۆبوونەوە و دەستیان بەخواردنی قاوەڵتی کرد. شیرین، ژین، سەما، ئاڤێستا، نەسرین، زین، ڕەنگین، زیلان، نالین، پەری، نازلیجان، گوڵپەل و سینەم، لە پاڵ تاشە بەردێکی قەندیل دانیشتبوون، دۆڵێکی قووڵ و بێ سەر و بن لە بەردەمیان و دوندی چیاکەی پشتیشیان بەکەشکەڵانی ئاسمان ڕا دەگەیشت، چەند هەنگاوێ لەولاتردا کانییەکی بەخوڕ لە بنار کێوەکەوە هەڵدەقوڵا، ئاواکەی بەڕادەیەک سازگار و پاکژ بوو، ئێژیتە چاوی قرژانگ بوو، کچان لەو کانییە ئاویان دەخواردنەوە و سەریان دەشۆرد، ئەو چایە ئارامبەخشەیشیان هەر لە ئاوی ئەو کانییە دەم کردبوو. شیرین دەمێک بوو لەوێ دەمایەوە، هەر کاتێ دەرفەتی هەبوایە، دەچوو لەسەر ڕەوەزێک دادەنیشت و تەماشای دۆڵەکەی دەکرد، هەندێ جار دەفتەرەکەی دەردەهێنا و بەو تۆزە خوێندەوارییەی، دەرد و کەسەری ژیانی ڕابردووی بەچەند دێرێک دەنووسینەوە، لە جوانیی و ئەفسانەیی ئەو چیایانە سەرسام و مەست دەبوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت " مەخابن دێر ڕووم لێرە کرد" هەمیشە بەدڵێکی پڕ لە خەم و ئازارەوە باسی ئەو ساتانەی دەکرد، ئەمرۆش جارێکی تر دوای نانی بەیانی، دەستی دایە جانتا و چەکەکەی و بۆ دەم کانییەکە ڕۆیشت، مشتی پڕ لە ئاو کرد و هەڵیقوڕاند، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بۆنی گوڵە سۆسەن، بەیبوون، نێرگز و نەفەلی بەکەپوویدا هاتن، بەرامەیەکی خۆش و دڵنشین، کە ئێش و ئازار، خەم و پەژارە لە دڵی مرۆڤ دەردەکات، پاڵی بەدارهەنجیرێکەوە دا و ڕۆنیشت. بەر لە چەند مانگێک

خۆی و پەریا لە ژێر سێبەری ئەو پیرەدارەدا دانیشتبوون و بەجلوبەرگێکی ترەوە بەیەک گەیشتن، دوای قسەوباسێکی زۆر، شیرین گومانی لە ناسینەوەی کرد، هەرچەندە پەریاش لە ناسینیەوەی شیرین دڵنیا نەبوو، دوای ئاوخواردنەوە بۆ جێگەی خۆیان گەڕانەوە و ئاسۆ لە تاریکبووندا بوو، ئەوانیش ئامادەکارییان بۆ ئێوارێ دەکرد، پەریا چەند شەقاوێک لە شیرین نزیکەوە بوو و بەدرِدۆنگیی و دەنگێکی نزم، کە کەس نەیبیسێت گوتی:

–شیرین چۆنی؟

شیرین بەسەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە:

– تۆ باسی کێ دەکەی؟ من ناوم شیرین نییە، ناوم ڕووناهییە.

پەریا بەزەردەخەنەوە گوتی:

– پێموایە تۆ شیرینی، ئەدی تۆ من ناناسی؟

–نا.

–من پەریام!

شیرین بەخۆشحاڵییەوە باوەشی بەپەریادا کرد و گوتی:

–پەریا! چۆن تۆم نەناسییەوە.

–من قژم بڕیوە و شەویشە.

–چۆن قژت بڕی؟ خۆ تۆ زۆرت پێ خۆش بوو، کە درێژ بێت.

–لەم هەلومەرجە زەحمەتەدا ماندوومی دەکرد..

– دەی پەریا قسەم بۆ بکە، چۆنی؟

–باشم.

–ئەی هاواار! تۆم چۆن نەناسییەوە...

– ناهەقت نەبوو، تاریکە، بۆیە نەتناسییمەوە.

– ڕاستە زۆر تاریکە.

–وەلێ من تۆم ناسییەوە!

–کاتێ ناوی خۆم لە تۆ ژنەفت هەستم بەجۆشێکی سەیر کرد.

–شیرین!

–بەڵێ!

–لە ڕێیەکی گەلێک دوورەوە هاتووم، دەبێ کەمێک بحەوێمەوە.

–باشە.

–سبەی قسە دەکەینەوە.

کاتێ شیرین سەری بەرزەوە کرد، سینەمی بینی. سینەم بەدیارییەوە وێستابوو. شیرین کەمێ غەمگین دیار بوو:

–سینەم دمدمی!

–بەڵێ، فەرموو.

–وەرە دانیشە.

–توزێک کارم هەیە.

–کاری چی؟

–سەما ئۆرامار دەیەوێت دیدارێکم لەگەڵ ساز بکات.

– سەماش بۆتە کۆکەرەوەی سەرگوزشتە.

–کارێکی زۆر باش دەکات.

–ڕاستە دەبێت سەرگوزەشتە پڕ تراژیدیەکانمان بنووسرێنەوە، بۆ ئەوەی جیهان دەنگمان بژنەوێت.



–شیرین دەبێ بچم.

–پەلە مەکە سینەم دمدمی، پەلە مەکە.

–هەموو شتێکیان ئامادە کردووە، چاوەڕێی منن.

–وەرە دانیشە! گەر ئامادە بی، سەما بێ کار نامێنێت، هەڤاڵێکی تر دەبینێت دیداری لەگەڵ ساز بکات.

–باشە.

سینەم لە تەنیشت شیرینەوە دانیشت. شیرین ئاوڕی دایەوە و بەسینەمی گوت:

–سینەم، تۆ قەت باسی خۆتت بۆ نەکردم.

–چۆن؟

–دوای ئەوەی لە گوند چوویتە دەر، من و پەریا تەنیا ماینەوە، هەر کاتێ بەیەکدی دەگەیشتین پەریا دەیگوت، داخۆ سینەم دمدمی چی دەکات؟ زۆر دڵی پێت دەسووتا.

–سینەم پێکەنی و وتی:

–پەریای حەسود چۆن ئەوەندە مەراقی منی بووە.

–ئەویش دەلێ، سینەم حەسودە.

–منیش بەهەمان شێوە، دایمە ئەوەم بەخۆم دەگوتەوە، دروستە! ئێوەم جێهێشت، وەلێ دڵم لە لاتان بوو، لە گوند و هاوڕێکانی خۆم دوور کەوتمەو، چوومە گوندێکی چیایی گەلێک دوور، هیچ کەسم نەدەناسی، کەسیش منی نەدەناسی، وەکو کەڕ و لاڵ وا بووم، باش بزانە، ئەو ڕۆژەی لە گوند دەرچووم سینەم دمدمیم لای ئێوە بەجهێشت، ئەو فرمێسکانەی دەڕژان هی سینەم دمدمی بوون، ئەو هاوارەی لە گوێی هەمووتان دا دەزرینگایەوە، هی سینەم دمدمی بوون، هەستم، گیانم، دید و خۆشەویستی و مێشکم لای ئێوە بوو، ئەو بنەماڵەیەی بووم بەبووکیان نیو ئازەری و نیو کورد بوون، هاوسەرکەم تەمەنی زۆر لە من گەورەتر بوو، مرۆڤێکی نەزان و بێ ئیرادە بوو، لە قسەی دەوروبەری دەرنەدەچوو. پاش هەفتەیەک لە هاوسەرگیرییم، ژیانێکی لە ئاگری نێو دۆزەخ خراپترم بۆ ئامادە کرابوو، ڕۆژ بەرۆژ پتر دەیسووتاندم، هەناسەم لەبەر بڕابوو. ئەو سینەمەی ڕۆژانە لە باران هەڵدەهات، چون تەرزەی لێهاتبوو، ڕاستت دەوێت، من نەمدەویست لە باران هەڵبێم، لەبەرئەوەی دەمزانی ڕووبەڕووی تەرزە دەبمەوە. ئەو ڕۆژەی هان بمبەن، باوکم هاتە لام و بەگوێمدا چرپاندی " کچم شتێکم لە دەست نایەت، وەلێ هیوادارم ئەم هاوسەرگیرییە ببێتە دەرگایەکی خێر و لەسەرت بکرێتەوە،بمبوورە، دەزانم هەڵەم زۆر بوو، داوا لە خودا دەکەم لە ئێستا بەدواوە بەختەوەر بی"ڕاستت دەوێت، باوکم دەیزانی دەرگای دۆزەخم لە سەر دەکرێتەوە، ئەو تەنیا دڵی منی خۆش دەکرد، خۆی وەکو پەرێشان نیشان دەدا، بەڵام وەها نەبوو.

دوو منداڵم بوون، لەیلا و فەرهاد، بارم گرانتر بوو، لەیلا لە فەرهاد گەورەتر بوو، ڕۆژ بەرۆژ هەردووکیان گەورە دەبوون، ئارامی لە نێو خێزانەکەماندا نەبوو، شەڕ و پێکهەڵپڕژان بوونە کارێکی ڕۆژانە، هەر ڕۆژەی ژنێک خۆی دەسوتاند، خۆی هەڵدەواسی یان دەستیان لە منداڵەکانیان هەڵدەگرت و بەجێیان دەهێشتن. ژنان رەشبین و بێ هیوا بوون. غەدر و توندوتیژیی پیاوان لە ئاستێکی ترسناکدا بوون، ژنان نەیاندەتوانی چاویان بکەنەوە، هێندەم سەختیی دەبینی ئاواتم بۆ ژیانی لای باوەژنم دەخواست و بەمۆم بۆی دەگەڕام. تێگەیشتم، کە هاوسەرگیری گۆڕستانی یەکەمە بۆ ژن، ئەو ڕۆژەی شوو دەکەین، دەمرین، شتێک لەسەر ناوی ئێمە نامێنێت، نە هۆش، نە گیان، نە ئیرادە، نە ئەستاتیک و ئاسوودەیی. بۆ ئەوەشە دەڵێم. شووکردن مردنی یەکەممانە. لە ئاینەکاندا ژن لەنێوبراوە، کێ هەیە بڵێ لە ئێراندا ژن دەژین؟نا مەحاڵە! دوو منداڵ لە ئەستۆمدا بوون و دەبووا دایکایەتیان بۆ بکەم،

هەرچەندە خۆمیش هێشتا منداڵ بووم، مەگەر منداڵ دەتوانێت دایکایەتی بۆ منداڵان بکات؟ نا، شیرین من لەو تەمەنە بچووکەدا دوو منداڵم هێنایە دونیا، نادادی لەو خێزانەدا باری دەروونیمی دەشێواند، وازم لە خواردن و خواردنەوە هێنابوو، رۆژ بەرۆژ، سات دوای سات دەتوامەوە، هیچ بەگەروومدا نەدەچووە خوارێ، توشی نەخۆشیەکی قورس بووم. لەیلا و فەرهاد دایمە بەدیار سەرمەوە دەگریان، کەس بەخێوی نەدەکردن، بێ سەرپەرشت بوون. ئەو دۆخەی ئەوان ئازاری دەدام، فرە هەوڵم دەدا بەرگە بگرم.

دیسانەوە، لە پاش دوو سێ مانگ بەهۆش هاتمەوە، کۆتایی دوایین مانگی زستان بوو، دوای قاوەڵتی تەلەڤیزیۆنەکەم هەڵکرد، هەواڵێکی بڵاو کردەوە هەموومانی تاساند، باسی بەدیلگرتنی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجەلانی دەکرد، ئەو کاتە ئەوم نەدەناسی، وەلێ خەڵکی لای خۆمان ڕابوون و ڕژانە سەر شەقامەکان، خۆیان دەسوتاند، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆخێکی نائاسایی بەرپا بوو. دواتر تێگەیشتم، کە ئەو ڕێبەرێکی کوردە، دواتر زۆر وتاری ئەوم لە تەلەفزیۆنی کوردییەوە دەبینی، بەوردیی گوێم بۆ ڕا دەدێرا، قسەکانیم سەبارەت بەژنان فرە پێ باش بوون، گەلێک سەرنجیان ڕادەکێشام، کە لەو سەردەمەدا هیچم لە بارەیانەوە نەدەزانی.

بەهار هات، سەرلەئێوارەیەک، گروپێک شەڕڤان بۆ ماڵمان هاتن، یەکەمجار بوو ئەوان ببینم، دوو هەڤاڵی ژنیان لەتەکدا بوون، زۆر جوان دەدوان، وەکو دوو فریشتە وابوون، دەربارەی ئازادیی و شتگەلێک قسەیان دەکرد، کە هەرگیز نەمژنەفتبوون، ئەو شەوە سینەم دمدمی هاتەوە، سینەمی زاگرۆسیی گەڕابۆوە جەوهەری خۆی، دیسانەوە پەڕ و باڵم لێ ڕوابوون، ئێژیتە دەستم بەگۆپاڵێکی ئەفسوناویی گەیشتووە، زۆر متمانەم بەخۆم هەبوو. ئەو شەوە دڵم ڕووناک و باری دڵم سووکەوە بوو، چاوەکانم دەبریسکانەوە، وردە وردە هیوای سیسەوە بووم زیندوو دەبۆوە و دەگەشایەوە، جارێکی تر لە قوڵایی دڵمەوە پێدەکەنیم. ئەوێ شەوێ، ئەو شەڕڤانانە وەکو حەوارییەکانی عیسا هاتن، قسەیان کرد و هیوایەکیان لە دڵم چاند و ڕۆیشتن، تاکو بەیانێ خەو نەچووە چاوەیلم، خەیاڵ و هیوایەکم هەبوون، چاوەڕوانیم لە ژیان هەبوو، لە چاویاندا ژنگەلی قارەمان و ئایندەم دەبینین. چ هەستێکی خۆش و بەختەوەرییەکی ناکۆتا بوو، شەوێکی کەم وێنە بوو، ئارامیی بەگیانم دەبەخشی. بیر بکەرەوە، دوو ژنی ئازاد، هاتن و باسی سەربەستی و ئازادییان بۆ یەکێکی بێ هیوای چون من دەکرد و هەموو کەسیش گوێی لێ دەگرتن. چی لەوە خۆشتر؟!

ماوەیەکی درێژ بەسەر سەردانەکەیاندا تێپەڕیبوو، بیر و هزرم ڕوون ببوونەوە، بڕیاری خۆمم دابوو، چاوەڕوانی ڕۆژ بووم و ئەو ڕۆژە پیرۆز هات، رۆژی ژیانەوە، ئەو ڕۆژەی لە گۆڕستانی تەنگ و تار قوتارم بێ، لەیلا و فەرهادیش ئامادەبوون و لە بن شەوقی مانگی پوشپەڕدا، لەو گوندەی دەرفەتی هەناسەدانی لێ بڕیبووم، دەرچووم. شەڕڤانانی ئازادیی چاوەڕێم بوون، کاتێ گەیشتینە لایان، ڕەنگە بڕوا نەکەی، چون ئەستێرەیەکم لێ هات، کە خۆی بەئاسمان گەیاندووە، هەستم بەئازادیی دەکرد، خۆشحاڵبووم بەوەی لەیلا و فەرهادیش بەئازادیی گەورە دەبن، هەموو شتێک بەدروستیی فێر دەبن. کاتێ دەمبینن پێم ناڵێن "دایە" ئێژن "هەڤاڵ" متمانەیان بەخۆیان دەبێت. ئێستا لەیلا کیژێکی گەورە، بەبەهرە و لێزانە. لەو ڕۆژەوەی هەنگاوم بۆ چیا نا، هەموو دونیام گۆڕا. مرۆڤ لە چیادا لەسەر بنەمایەکی دروست دەگۆڕێت، ڕۆژ بەڕۆژ فێری شتی نوێ دەبێت، ئاسۆی بنبەستبووی دەکرێتەوە، مێشکی تەمومژاوی روون دەبێتەوە، جیهانی تاریکی ڕووناک و خەیاڵە مردووەکانی زیندوو دەکاتەوە. چیا جێی خۆناسیین و بینینی خودە، پاکترین جێی ئەم زەمینەیە، مرۆڤ لە حەقیقەت نزیک دەکاتەوە، ببوورە سەرم ئێشاندی.

شیرین بەزەردەخەنەوە گوتی:

– هەرگیز بێزار نابم.

–خۆزگە ئێستا پەریای حەسودیش لێرە بوایە!

–ئەو رۆژەش دێت...

–ڕاستە.

–ئەو کاتە هەرسێکمان پێکەوە پێدەکەنین.

–خۆزگە.

–وا هەڤاڵ سەما بانگت دەکات!

–دەی ماڵئاوا.

شیرین بەدوایین قسەی سینەم راچڵەکی، لە خۆوە گوتی:

–نا، سینەم دمدمی مەچۆ!

کاتێ بۆ دەوروبەری خۆی ڕوانی، لە ژوورە تاریکەدا بەتەنێ بوو.

❊ ❊ ❊

هێشتا چاوەکانی شەتەک درابوون، بەبەندێکی ئەستور پێچرابوون، لەبەر دەرگا ڕایانگرتبوو، ناچاریان کردبوو بەپێوە ڕابوەستێت، لە بێهێزیدا چۆکەکانی دەرلەرزین، بەڕادەیەک تینوو و برسی بوو هێزەی نەبوو تەنانەت شەقاوێکیش هەڵگرێ، چی نەمابوو بکەوێت، بەهێواشی کشایەوە دواوە و پشتی بەدیوارەکەوە نا، هەردوو دەستیشی لە پشتەوە بەسترابوون، سەری پەنجەکانی دەسوتانەوە، ژانێکی توندیان پێدا دەگەڕا، ئازاری پێیەکانی هێندە بوون، دەتگوت بەسەر دڕکدا ڕێ دەکات. هەموو شوێنێ کش و مات بوو، یەکەمین جار بوو هەنسکی گریان، هاوار، قیڕە و فیغانی نەدەژنەفت، بێدەنگیەکی سەرنجڕاکێش باڵی بەسەر قاوشەکەدا کێشا بوو. نزیکەی دوو سەعات دەبوو لەبەر دەرگاکە ڕایانگرتبوو، چەندی کاتەکە درێژتر دەبۆوە، پتر هێزی لەبەر دەبڕا، هەناسەی توند دەبوو و ئارەقە لە تەوێڵی دەچۆڕا، لەناکاو بەلادا هات و کەوت، پاسدارێک، کە لە نزیکییەوە وێستابوو، قیڕاندی:

–بۆ دادەنیشی؟ هەستە سەر پێ.

–دانەنیشتووم!

–ئەی چی دەکەی؟

–نابینی کەوتم؟

–بۆ دەکەوی؟

–هێزم لەبەر براوە.

–هەستە سەر پێ.

–ناتوانم!

– دەڵێم زوو هەستە! دەی زوو!

–ناتوانم.

-چۆن ناتوانی؟
- تینم تێدا نییە.
-دەبێ هەستی.
-تێناگەی؟
-ئەوە دەڵێی چی؟
-دەڵێم تۆ تێناگەی؟
-دانیشتن قەدەغەیە.
-نزیکەی سێ سەعاتە بۆ ئێرەتان هێناوم، بەئاگاییەوە ئاوها دەکەن، ئێوە دەزانن قاچم زامدارە، وەلێ لەسەر پێ ڕاتانگرتووم، نیازتان چییە زووئەنجامی بدەن.
- لێرە دەتبەین.
- بۆ کوێ؟
-جێیەکی دوور.
- دەمەوێ دەمودەست بمبەن.
- کەمێکی ماوە، بەدەستی خۆم دەتخەمە ئەو دۆزەخە!
شیرین بەو دانیشتنە هەندێ ئێشی قاچی کەمەوە بوو، لەسەرخۆ هەستایەوە سەر پێ، دوای چەند خولەکێک، دوو کەس هاتن و ئەملاولایان گرت و بردیان. ئۆتۆمبێلێکی داخراو لەبەردەم بەرێوەبەرایەتی ئێتیلاعات ڕاوەستابوو، دەروازەی بەشی دووەمی قاوشەکەیان والا کرد، فڕییان دایە نێو ئۆتۆمبێلەکە، بۆنێکی ناخۆشی لێوە دەهات، هێڵنجی هات و ڕشایەوە، ئەسرین لە چاوێلی دەچۆڕان، هەناسەی توند ببوو. ئۆتۆمبێلەکە جێی هەواگۆڕێی نەبوو، گەلێ تەنگ بوو، لەسەر سەکۆیەکی دانیشت.
هێشتا دەقەیەک تێنەپەڕیبوو، جارێکی تر دەرگای ئۆتۆمبێلەکە کرایەوە، یەکێکی تریان هێنا و لای شیرینەوە دایان نا، ئەویش وەکو شیرین ڕشایەوە. چاویان بەستراببوون، یەکدیان نەدەبینی، شیرین بەدەنگێکی نزم پێی گوت:
-توزێک وەرە ئەملاوە.
-تۆ کێی؟
-گرنگ نییە کێم! توزێک وەرە ئەملاوە و لەسەر سەکۆکە دانیشە، پاڵ بدەوە، کەمێ دەحەسێیتەوە.
-باشە! بەڵام چاوم نابینێت.
-بەدەست دەتوانی سەکۆکە بدۆزیتەوە.
-دەست بدەم لە کوێ؟
-ئێرە زۆر تەنگە، تۆزێک وەرە ئەملاوە، دەیدۆزیتەوە.
-باشە.
شیرین لە دڵی خۆیدا گوتی:
ئەم دەنگە بەگوێم غەریب نییە! ئەم دەنگەم لە کوێ ژنەفتووە؟!
لەپاڵ یەکدی دانیشتن، ئۆتۆمبێلە سەرداخراوەکە بەرێ کەوت، نیو سەعاتێک دەبوو بەرێوە بوون، شیرین دیسانەوە لە دڵی خۆیدا گوتی" تۆ بێژی ئەمە کێ بێ! داخۆ گەر بپرسم وەڵامێکی چۆنم بداتەوە؟! " بڕیاری دا بپرسێ:
-دەتوانین یەکتر بناسین؟! من ناوم شیرینە.
-هەڵە تێنەگەیشتم نا؟ ناوت شیرینە؟
-بەڵێ.
-داخۆ هەمان ئەو شیرینەیە، کە من دەیناسم.



-نازانم تۆ باسی کامە شیرین دەکەی؟
-ناوم سەمیرەیە.
شیرین جۆشێکی سەیری گرت:
-سەمیرە تۆی؟ بۆ دەنگت ئەوەندە گۆڕاوە؟
-دەنگی تۆش وایە، نەمناسییەوە، سەرم سوڕما.
-منیش.
-تۆزێک وەرە ئەملاوە.
-هەڤاڵ شیرین چۆنی؟
-من باشم، تۆ چۆنی؟
-من..
-ئێ.
-منیش..
-سەمیرە بڵێ چۆنی؟
-باشم.
-نا، نا ڕاست ناکەی، وا دیارە بارودۆخت باش نییە.
-وەڵا باشم.
-ئەو هەموو ڕۆژە لە کوێ بووی سەمیرە؟ تۆیان بۆ کوێ برد؟
-من لێرە بووم لە ژوورێکی ژێرزەویدا.
-بۆچی؟
-دەیانویست دان بەشتی نادروستدا بنێم، نکوڵییم لێ کرد، ڕۆژانە ئەشکەنجەیان دەدام، پێیانوایە، کە من شەڕڤانێکی پژاکم.
شیرین، دەمێکی ناوی پژاکی ژنەفت سەری سوڕما، چونکە تا ئەو ڕۆژە هەرگیز باسی پژاکی بۆ سەمیرە نەکردبوو.
-سەمیرە!
-بەڵێ.
-تۆ ناوی پژاکت لە کوێ بیست؟
-ئەوان بەمنیان گوت.
-چۆن؟
-دەیانگوت پژاک ناوی پارتی کوردەکانە.
-دروست ئێژن.
-چەندە بەرگریم کرد، هەر قەناعەتیان نەکرد، دەی کەواتە لە ئێستاوە پژاکییمە.
شیرن پێکەنی:
-کچێ تۆ هەر ڕۆژە و دەبیتە شتێک.
-من لە هەلومەرجی سەخت و زەحمەتدا ڕاستیی خۆمم ناسی و بینی، سەرەتا کردمیان بەکورد، دواییش بەپژاک، دەبینی لەم دۆزەخەدا ناسنامەی منیش دروست بوو.
-سەمیرە!
-بەڵێ.
-مرۆڤ گەورەترین ڕاستیی لە نەیارەکانی خۆیەوە فێر دەبێت.
-ڕاستیی منیان نیشانی خۆم دا.
-ئێمەی کورد بەو شێوەیەین، داگیرکەران تەنێ وڵاتەکەیان پارچە نەکردووین، بەڵکو جەستە و دڵ و مێشکیشیان پارچە پارچە کردووین.

–لەو ژووره تاریک و ژێر زەوییە هیچ نەما بەسەرمان نەهێنن، بەردەوام دەیانگوت، ئەوەی بەسەر شیرینمان هێنا، بەسەر تۆشیدا دەهێنین، لە توینێتییدا زمانم گۆ ناکات، نینۆکیان بەپێمەوە نەهێشت، شوێنێک لە جەستەم نەماوە زامی پێوە نەبێت، هەست دەکەم مێشکیان لە سەرم نەهێشتووە، سێ شەو لەسەر یەک ئەشکەنجەیان دام، دەیانخستمە نێوان دوو تەختە، تەنێ سەرم بەدەرەوە بوو، تەختەکانیان بەپێی ملی هەرکەسێک دروست کردبوو، لە کاتی ئەشکەنجەدا تەختەکەیان لە ملم دەجەڕاند و بایاندەدا، ئەم ئەشکەنجەیە بەڕادەیەک دڕندانە بوو، چیتر نەمدەتوانی ملم بجولێنم، دواتر دڵۆپ دڵۆپ ئاویان بەسەر سەرم بەردەدایەوە، هەر دڵۆپەی مردنێک بوو، هێندە ئازاربەخش بوو، لەگەڵ هەر دڵۆپێکدا واتدەزانی دونیا بەسەرتدا کەوتووە، بروسک لە چاومەوە دەردەچوو، جەستەم هەڵدەلەرزی، دەمویست هاوار بکەم، بەڵام دەنگم دەرنەدەهات، دەتگوت کەسێک دەستی خستۆتە سەر دەمم، هەناسەم دەرنەدەچوو، ئەمە چەندین سەعات درێژەی دەکێشا، سێ جار هەمان ئەشکەنجەیان دامەوە، بەڕادەیەک زمانم گران ببوو، وامدەزانی ڕووبارێک لە گوێمەوە هەڵقوڵاوە، گرمە گرمێکی سەیری لێوەدەهات، ئێستاش زایەڵەی ئەو دەنگە لە گوێمدایە، سەرم دێشێت، زمانم بەقورسیی دەبزوێت.

ڕۆژێکیان، سەرلەبەیانییەکی زوو بوو، بۆ دەرەوەی ژوورەکەیان بردم، لە شوێنێک ڕایانگرتم، چاومیان کردبۆوە، بەڵام لەبەر لێدانی زۆر چاوم باش نەیدەبینی، هەموو شتێک لەبەرچاوم تەمومژاوی بوو، ئەو هەیوانەی لێی ڕاوەستابووم، لای ڕاستیەوە دوو پەنجەرەی لێ بوو، تەنیا دوو شوشە بوون، کێلونیان نەبوو، بەبایەکی کز دەکرانەوە، لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوەم ڕوانی، دەرێ ئارام بوو، پشیلەیەکی ڕەش بەقاچێکی شکاوەوە بەقەراخ جادەکەدا دەرۆیی، جاروبار ڕادەوەستا و گوێی قوت دەکردەوە، دەمی دەکردەوە و زمانی دەردەهێنا، سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد وجارێکی تر بەشەلە شەل بەری ڕێگەی دەگرتە بەر. چەند گەڵایەکی وشکەوەبوو وەکو پەڕ، بەدەم شنەباوە دەخولانەوە و سەمایان دەکرد، بەدەم باکەوە دیار نەبوو ڕوو لە کوێ دەکەن، بەڵام بەسەربەستی دەبزوان، لە پڕ منداڵێکی شەش، حەوت ساڵان لەبەردەممەوە تێپەڕی، قژێکی ڕەش و درێژی هەبوو، ئارەقەی نێوچەوانی بەسەر گوپەکانیدا دەچۆڕا، بەدەست دەیسڕییەوە، شتێک لە دەستی ڕاستییدا بوو، بۆم ڕوون نەبۆوە چی بوو، دەمویست بۆم بڕوانێت، ئاوڕی نەدایەوە، دەتگوت هەرگیز لە دەرەوە نەژیاوم، ئەو دیمەنە بۆ من زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، هێشتا لە سەیرکردنی دەرەوە تێر نەببووم، هاتن و بۆ جێیەکی دیکەیان بردم. لە پشت جامەکانەوە ڕایانگرتم، کاتێ سەیری بەردەمم کرد، دایکمم بینی، بڕوام بەچاوی خۆم نەکرد، دوو پاسدار پێشیان پێ گرتبوو، بەتوندی پەنجەیان لێ ڕادەوەشاند، تێگەیشتم، کە هەڕەشەی لێ دەکەن. دایکم بەچاوی پڕ لە ترسەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، وەکو ئاسکێکی بریندار، بێ چارە، بێ حاڵ، سەرسوڕماو و بەگومانەوە فرمێسک لە چاوانی دەباری. دایکمیان بەبەرچاوی منەوە ئەشکەنجە دا، ئەو ساتە بۆ من گەورەترین ئەشکەنجە بوو، ئێش لە جەستەم دەگەڕا. کاتێک یەکێک لە پاسدارەکان بەپۆتینەکەی پێی بەقاچی دایکم دا نا، هاواری دایکم ئاسمانی دەهەژاند، دەیانویست من تێکبشکێنن. ناچار بووم بەشێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت بکەم، هەستم کۆنترۆڵ بکەم و بیخەمە لاوە. هاتن و پێیان گوتم:

–یان قسە دەکەی یان دایکت دەکوژین.

یەکسەر، بێ بیرکردنەوە پێم گوتن:

–بشمکوژن، شتێکم بۆ گوتن پێ نییە.

تێگەیشتم، کە دایکم داواکەی ئەوانی پەسەند کردووە، چیان دەگوت، دایکم سەری



ڕەزامەندیی دەلەقاند. قوڵیان گرتم و بۆلای دایکم بردیانم، کاتێ دایکم دۆخی پەرێشان و سەروچاومی بینی، هاواری لێ هەستا و خۆی لە ئامێزم وەرنا، هیچمان نەگوت، دیار بوو دایکم بەڵێنی پێدابوون. بەبینینی دایکم خۆشحاڵ نەبووم، بەپێچەوانەوە گەلێک خەمبار بووم. دایکم بەتوندی لە ئامێزی گرتم، قژم لە نێو ئارەقە و پیسییدا ڕەق و وشکەوە ببوو، دەستی لەرزۆکی بەسەرمدا هێنا، دانیشتین، بەپەرۆشی هەڵوێستییەوە بووم. دایکم بەدەنگێکی نزم، غەمگین و ڕەشبین، بێ هیوا و تێشکاو گوتی:

–کچەکەم سەمیرە!

–بەڵێ دایە.

–چۆن ئاوهات لێ هات؟

–چیم لێهاتووە؟

–تەنیا چەرم و ئێسکت ماوە.

–خەمت نەبێ دایە.

–چۆن خەمم نەبێت؟

–غەمگینم بۆت.

–بۆ من خەم مەخۆ.

–سەمیرە! ئەوە دەڵێی؟

–دەلێم، بۆ من ئازاری خۆت مەدە.

–تۆ دەزانی چی دەڵێی؟

–بەڵێ.

–من دایکم، دایک!

–نا، نا هۆشت لەسەر خۆت نیە.

–دایە!

–چییە؟

–تا ئەمرۆ هۆشم لەسەر خۆم نەبوو، بەڵام لە مەولا هۆشم لەسەرمدایە، بڕوات بەوە هەبێ.

–سەمیرە، کچەکەم ڕەنگە مێشکت تێکچووبێت و باش بیر ناکەیتەوە.

–نا، دایە.

–کچەکەم!

–بلێ دایە، چیت لێم دەوێت.

–کچم، نەمدەزانی پێوەندیت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە خودانەناسە هەیە.

–دایە، ئەوانیش هەمان شتیان پێ گوتم، کەچی تۆش ئەو شتە چەوت و چێڵانەم پێ دەڵێییتەوە.

–باشە کچم تۆ چۆن کەوتیتە سەر ڕێیەکی ئاوها؟!

–من نەکەوتوومە سەر هیچ ڕێیەک بەڵام...

–بەڵام چی؟

–ئەوانە منیان خستە سەر ڕێیەکی زۆر باش.

دایکم کەمێ بەدەنگی بڵندتر گوتی:

– تۆ چی دەڵێی سەمیرە؟

–دەڵێم تا ئێستا هیچ ڕێیەکم نەبوو، بەڵام ئێستا ڕێیەکم هەیە و دەیبڕم.

– ڕێی چی، شێت بووی؟

–نا دایە، شێت نەبووم.

–تۆ باسی چی دەکەی؟
–من دەڵێم، من کوردم.
دەمێکی ئەوەم درکاند، دایکم بەلەرزە کەوت، لە جێی خۆی هەڵبەزییەوە و چی وای نەمابوو لە هۆش خۆی بچێت، دەتگوت دڵی لە لێدان کەوت، چاوانی داخران، کەمێکی پێ چوو چاوی هەڵێنا و گریا.
–سەمیرە تۆ دەتەوێ من بکوژی؟
–نا دایە، دەمەوێت ڕاستیت پێ بڵێم.
–ڕاستی چی؟
–بۆ خودا هەموو بەندەی خۆی یەکسان نەخوڵقاندووە؟
–بەڵێ.
–کەواتە تۆ بۆ ئەوەندە لە کوردبوون دەترسی؟
–وا نییە.
–با، وایە!
–لەوانەیە هەندێ کەس درۆیان لەگەڵت کردبێ، شتی وەها نییە، ئێمە کورد نین.
–دایە ئەوان پێیان گوتم من کوردم.
–ئەگەر من کورد نەبم و باوکت کورد نەبێ، تۆ چۆن کوردی؟
–تۆ من دەخەڵەتێنی.
–خەڵەتاندنی چی؟
–تۆ کوردی، باوکیشم کوردە، بەڵام ئەو تا ئەمرۆ نارەواییەکی گەورەی کرد و ئێمەی وەک بیانی گەورە کرد، باش بزانە ئەو ڕژێمە هەرگیز ئێوەی وەک خۆی نەبینیوە و ناشبینێت.
–کچەکەم، ئێمە....
–بڵێ دایە، ئێوە چی؟
–ئێمە لە پێناو ئێوەدا ئەوەمان کرد.
–نا دایە ئێوە شتێکتان بۆ ئێمە نەکردووە، ئەوەتان بۆ خۆتان کردووە، ڕاستی ناشاردرێتەوە.
–کچم هەرچییەکیان لێت دەوێت، بیلێ و با بۆ ماڵ خۆمان بڕۆینەوە، بڕوانە لە چی بارودۆخێکدای.
–بزانە، جارێکی تریش تۆیان هەڵخەڵەتاندووە.
–نا، نا ئازادت دەکەن.
–دایە! من چیان پێ بڵێم؟
–دەڵێن سەمیرە چۆتە نێو ڕێکخستنی کوردەکانەوە.
–ڕاستە! ئەوان لێرە منیان خستە نێو ڕێکخستنی کوردەوە.
–سەمیرە، کچم ئەگەر تۆ قسە نەکەی هەموومان دەگرن.
– مەترسە، ناتانگرن. تۆ باوەڕت بەمن نییە، وەلێ باوەڕت بەوانە.
–نا، کچەکەم نا، وا نییە!
–با، وایە!تۆ دەتەوێ ئازادت بکەن، لەوانەیە هەندێ گوشارت بۆ بهێنن، بەڵام دواتر بەرت دەدەن، بڕوانە چۆنیان ئەشکەنجە داوی، مەبەستیان ئەوەیە لە ڕێی تۆوە من بشکێنن.
–کچەکەم چۆن دەبێت تۆ لەم بارودۆخەدا بمێنیتەوە؟
–دایە، لێرە ژنێکی کوردم ناسی، ناوی شیرینە، زوڵمێکی زۆر لەو ژنە دەکەن، ئەشکەنجەیەکی دەکەن بەهیچ زمانێک وەسف ناکرێت، تەنیا لەبەرئەوەی کوردین وامان لێ دەکەن، تۆ تا ئێستا بەزمانی خۆت لەگەڵ منداڵەکانت قسەت نەکردووە، کوردبوونی خۆت شاردەوە، ئێمەت وەکو فارس و نەیاری گەلەکەمان گەورە کرد. تۆ دەزانی ئەوان هەموو ڕۆژێ



جنێو بەگەلەکەم دەدەن و دەڵێن، کورد سەرچاوەی هەموو وێرانکاری و خراپەکارییەکن، لە کاتێکدا ئەوان تەنێ بۆ ماف و کەرامەتی خۆیان تێدەکۆشن، شیرین باسی سمایل خانی شکاک ( سمکۆ )، قازی موحەمەد، لەیلا قاسم، ڕێبەری کورد عەبدوڵا ئۆجالان و دکتۆر نوری دەرسیمی دەکرد، ئەوانە هەموویان ڕێبەری کوردن.
–سەمیرە گیان.
–بەڵێ.
–تۆ داهاتووی خۆت تاریک دەکەی؟
–نا، من داهاتووی خۆم ڕووناک دەکەمەوە.
–ئێمە دەخەیتە نێو ئاگری دۆزەخەوە.
–نا، لە نێو ئاگرتان دەردەهێنم
–کچەکەم کەمێک ئارام بە، وا هەڵسوکەوت مەکە، باش بیر بکەرەوە.
–سەیرکە دایە! نەیارانمان فێری کوردبوونیان کردم، بەڵام تۆ دەتەوێت دوورم بخەیتەوە.
–سەمیرە نابینی ڕۆژانە دەیان کەس لە سێدارە دەدەن.
–لە سێدارەشم بدەن لەو ڕێیە پاشگەز نابمەوە.
–سەمیرە من بەڵێنم پێ داون، کە تۆ لەو ڕێیە هەڵەیە پاشگەز بکەمەوە، دەبێ تۆ بیر لە من، خوشک و براکەت بکەیتەوە.
–دەزانم کە بەڵێنت پێداون، بەڵام...
–بەڵام چی؟
–من بەڵێنم بەخۆم داوە، دوای ئەو هەموو ئێش و ئازارە هەرگیز لەو ڕێیە پاشگەز نابمەوە.
دایکم بێچارە بوو، نەیدەزانی چی بکات، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی:
–سەمیرە کچم، بمبوورە بەڵام ئەگەر تۆ لەو ڕێیە پاشگەز نابیتەوە ناچارم حاشات لێ بکەم.
–خۆت دەزانی دایە، من گلەییت لێ ناکەم.
دایکم لە ئامانجەکەی دا، سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە زۆر بێ تاقەت بوو، بەتوڕەییەوە هەستا و جێی هێشتم، ئەو شەوە پتر ئەشکەنجەیان دام و چەند نینۆکێ تریشیان دەرهێنام، سێ ڕۆژ خواردنیان پێ نەدام، هەرگیز تۆم لە بیر نەدەچوو، تا ئێستاش خوێن لە نینۆکەکانم دەچۆڕێ.
شیرین بەدەنگێکی پڕ کەسەر گوتی:
–منیش هەرگیز تۆم لە یاد نەکردووە سەمیرە.
–تۆ گومانت لە من نەکردبوو، وا نییە؟
–هەرگیز.
–داخۆ ڕێگاکە زۆری ماوە؟
–نازانم!
–ماوەیەکی درێژە بەڕێوەین.
–ڕەنگە کەمی مابێت.
–هیوادارم زۆری نەمابێت.
–داخۆ بۆ کوێمان دەبەن؟
–گرنگ نییە بۆ کوێمان دەبەن، بیر لەوە ناکەمەوە.
–ئەی بیر لە چی دەکەیتەوە؟
–گەر لێکمان دابڕن خراپە.

–دروستە.
–گەر لێکیان دابڕین ئاگادار خۆت بە.
– تۆش هەروا.
–بەدڵنیایەوە یەکتر دەبینین.
–بەدڵنیاییەوە.
–بەڵێ، تا ئەو کاتە ئاگات لە خۆت بێت.

لەو کاتەی پێکەوە دەدوان، ئۆتۆمبێلەکە وێستا، بەپەلە دەرگەکەیان کردەوە و بەخێراییەکی بروسکئاسا لە ئۆتۆمبێلەکە دایانگرتن، دیار نەبوو بۆ کوێیان دەبەن، شەو بوو و دنیا گەرم و تاریک بوو.

* * *

شەوێکی تاریک، هاوینێکی سووتێنەر، دیار نەبوو چی ڕوودەدات، چی دەکەن؟ کێ دێت، کێ دەبەن؟ ئەمشەو چی دەقەومێت؟ شەوێکی دوور و درێژ، بێ کۆتایی، سەخت و دژوار، کێ بۆ جاری دوایی لە ژیان دەروانێت و لە سێدارە دەدرێت؟ نا، نا! تەنێ بیر لە درێژیی ئەم شەوە نەبڕاوەیە دەکرایەوە. کات زۆری ماوە یان نا؟ بۆ ناڕوات؟ ئێرە بۆ کاتژمێری لێ نییە و چرکە چرکی کاتژمێر نایەت؟ بۆچی کات ڕاوەستاوە؟ شەو تا دێت درێژتر دەبێتەوە، خامۆشە و نابڕێتەوە، ئەستێرەکان دەناڵێنن، ئێش و ئازار قوڵتر دەبنەوە، زایەڵەی هاوار و ناڵەی مرۆڤەکان لە ڕێڕەوە پێچەلپێچ و دوور و درێژەکاندا بڵندتر دەبنەوە، داخۆ ئەوانە دەنگی کێن؟ ئەوانە کێن؟ چ جۆرە ئەشکەنجەیەک دەدرێن؟ ئەمڕۆ، دوێنێ، پێرێ چ جۆرە ئەشکەنجەیەک دراون؟ ئەم شەوە درێژانە بۆچی کۆتاییان نایەت؟ بۆچی ئەم دەرگا ئاسنینانە واڵا نابن؟ کات لێرەدا نییە، بۆچی بۆشایی گەردوون لێرە پڕ نەبۆتەوە؟ بۆچی دەنگمان نابیسرێت؟ بۆچی لێرە دەنگی مرۆڤەکان بەر لە خۆیان دەمرن؟ بۆچی و.... بۆچی؟ شیرینی کچە کورد، زیندانیی بەلەسێدارەدان سزادراو، کچی ئارارات، بەکاوەخۆ لە جێی خۆی جوڵا، چاوی هەڵگلۆفی، دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژبوو، کە چاوەکانی شەتەک درابوون، بۆ بەردەم خۆی ڕوانی، دەرگایەکی ئاسنی بینی، کونێک لە ژێر دەرگاکەدا بوو، هێندەی چوار پەنجە درێژ و پان بوو، لەو کونە بچوکەوە ڕووناکی دزەی دەکردە ژووری. شیرین دوای چەند مانگێ رووناکی و شوێنێکی دیکەی بینی، بەڕادەیەک خۆشحاڵ بوو، ئێژیتە لە ژیانیدا ڕووناکی نەبینیوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت" ڕووناهی، بەڵێ ناوەکەشم ڕووناهییە" ناوەکەی خۆی بەیاد هاتەوە، پێکەنی و سێ جار لەسەر یەک گوتی: "ڕووناهی، ڕووناهی، ڕووناهی" دەمێکی ڕێگەی کاروانی ئازادیی گرتەبەر، داوای کردبوو ئەو ناوە هەڵگرێت، هەڤاڵانیشی ئەو داوایەیان پەسەند کرد، گەلێکی خۆشی بەو ناوە دەهات.
هەرچۆنی بێ هەستایە سەر پێ، بەهەنگاوی قورس و ماندووەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، لە پشت دەرگاکە ڕۆنیشت، دەستی ڕاستی خستە سەر چاوی و لە کونەکەوە بۆ دەرەوەی ڕوانی، ژنێک لە بەردەمییدا دەرباز بوو، باوەڕی نەدەکرد، هەڵوێستەیەکی کرد، جارێکی



تر سەیری کردەوە، ئەمجارەیان بوون بەدوو ژن، لە نێوانیاندا گیراوێک هەبوو، خوێن لە لووتیەوە دەپژا، بەباشی ڕووی نەدەبینی، تەنێ لاڕوو و قژی بینی، ڕاچڵەکی، پاشەوپاش کشایەوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، لەبەرخۆیەوە گوتی" ڕەنگە ئەو بێت!"دەستی خستە ژێر چەناگەی و لە بیر ڕا ڕۆچوو، لەپڕ گوتی: " نا، نا پێموانییە! هەو نەبوو"دڕدۆنگ بوو، وەلێ نەیدەویست بڕوا بکات، کە ئەوەی بینیویەی ڕاست بێ، توشی دڵەکوتێ بوو و گوتی" نا، نا بە دڵنیاییەوە، بەهەڵەدا چووم، بۆچی مەگەر ئەو دەگیرێت؟ ئەو لە چیای وڵاتە"هەرچەندە ئەمەی لەتەک خۆیدا دووپات دەکردەوە، بەڵام لێدانی دڵی ئاسایی نەدەبۆوە و پتر و پتر دەبوو.
سەمیرە لە ژوورەکەی بەرامبەری دانرابوو، دەیویست بانگی بکات، دەمی بردە بەردەم کونەکە و بەدەنگێکی نزم بانگی کرد:
–سەمیرە، سەمیرە.
–چییە؟
–دەنگم دێت، نا؟
–بەڵێ.
–لە کوێی؟ وەرە بەر دەرگاکە.
–لەبەر دەرگاکەم.
–گوێت بەباشی لەبەر کونەکە ڕاگرە.
–باشە.
–ئێستا دەنگ باشە؟
–زۆر باشە.
–ئێستا یەکێکیان بێرەدا برد، تۆ ڕوخساریت بینی؟
–دوو کەس بوون، کامەیان؟
–دواییینیان.
–بەڵێ، ڕوخساریم بینی.
–بۆم وەسف بکە، چۆن بوو؟
–دەموچاوێکی خڕی هەبوو، تەوێڵی فراوان، چاوەکانی بچووک بوون، لوتی بچوک و لێوەکانی ئەستوور بوون، باڵای ئەوەندەی تۆ دەبوو، هێندەم بینی، شیرین دەنگمت بیست، تێگەیشتی، بۆ پرسیاری ئەو ژنە دەکەی؟ شیرین، شیرین، شیرین..
دەتگوت شیرین لەوێ نییە، دەنگی بڕا، وەکو ئەوەی دەنگی سەمیرەی نەژنەفتبێ، بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیگوت" ئەوە، ئەوە، بەهەڵەدا نەچووم، چۆن ئەویان گرتووە، چۆن"...
سەمیرە جارێکی تر بانگی شیرینی کردەوە:
–ببوورە، فەرموو!
–چیت لێ هات؟
–هیچم لێ نەهاتووە!
–ئەدی بۆ وەڵامم نادەیەوە؟
–سەمیرە.
–بەڵێ.
–دەزانی ئەوە کێ بوو؟
–ئەوە پەریا بوو، پەریا!
–پەریا کێیە؟
–هەڤاڵی ئێمە.

-هەڤاڵی تۆ؟
-بەڵێ، هاوتەمەن، هاوگوند، دراوسێ و هاورێی منداڵیم.
-حاڵی باش نەبوو.
– بینیم.
-چۆن گیراوە؟
-نازانم.
-شیرین من شتێکی تریشم بیست.
-چیت بیست؟
-دەزانم ئێرە کوێیە.
-کوێیە؟
-زیندانی ئەوینە.
-چیی؟
-ئێمە ئێستا لە زیندانی ئەوینین.
-بەڵێ.
-هەڤاڵانی ئێمە لێرە هەن، هیوادارام لە ماوەیەکی کورتدا یەکتر ببینین.
-بەڕاستتە؟
-بەڵێ.
-زۆرن؟
-زۆر زۆرن.
-لەو باوەڕەدام لە ماوەیەکی نزیکدا پێکەوە دەبین.
-سەمیرە، شێتە...
-بڵێ.
-سبەینێ کاتێ هاتن پێیان دەڵێین، یان دەمانبەن بۆ لای گیراوانی تر یان دەست بەمانگرتن دەکەین.
-باشە.
-زامەکانت چۆنن؟
-کەمێک دێشێن، بەڵام خەم مەخۆ.
-دوێنێ شەو زۆر درێژبوو.
-لە ئێوارێوە هاواری کەسانی تر دێن، نەتژنەفت؟
-بەڵێ.
-وەلێ لە دەنگی ڕاستیی ناچێت، دەڵێی کۆپییە.
-لە ئێوارێوە بەو دەنگە گێژ بووم.
-ئەمە دوو ڕۆژە وایە.
-شیرین.
-بەڵێ.
-دەنگ دێت، وا دیارە دیسانەوە لێرە تێدەپەڕن، ڕەنگە پەریا بێت.
-لەوانەیە.
-باش سەیری بکە.
-باشە.
لەبەر دەرگاکەوە تێپەڕین، ئەمجارە شیرین زۆر باش سەرنجی دا، پەریا بوو، نازناوەکەی ڕووکەن بوو، ڕووکەنی زیرەک و جوان، کچەی ڕۆژهەڵاتیی.



-شیرین باش بینیت؟
-بەڵێ بینیم!
-خوێن لە دەمیەوە دەچۆڕا....
-بەڵێ!
-هیوادارم شتی خراپتر ڕوونەدات.
-سەمیرە جارێ شەو باش.
-شەوباش.
شیرین بێ تین و لەش داهێزراو، هەر کە لەسەر بەتانییەکە پاڵکەوت، یەکسەر چووە خەوێکی قووڵەوە، بەبینینی پەریا هەرچی هێزی لەبەر بوو لە دەستی دا.

* * *

زیندانی ئەوین کۆنترین زیندانی ئێرانە، شوێنی ئەشکەنجە، مردن، بێ سەروشوێنکردن. لەناوبردن و پاکتاو کردنە. ئەو زیندانە نیوەی لە ژێرزەویدایە، کە پێی دەڵێن بەشی تایبەت، بەشێکی گەورەی زیندانەکەیە، بەوەستایی بۆ ئەو کارانە دروست کراوە، دەیان ڕاڕەوی تاریک و تەنگ و درێژی تێدایە، ژووری قووڵ و تاریک لەناویەکدا دروست کراون. هەموو دەرگاکانی ئاسنن، کاتێ دەکرێنەوە و دادەخرێن، دەنگێکی سامناکیان هەیە، ڕۆیشتن بەنێو ئەو ڕاڕەوانەدا هەناسەی مرۆڤ تەنگ دەکات، ژوورەکانیش هەواکێشیان نییە، تەنێ لە ڕاڕەوەکاندا هەن، هەر کاتێ بیانەوێت دەرگەی ژوورەکان دەکەنەوە، گیراوەکان دەبەن و چێژ لە ئەشکەنجەدانیان وەردەگرن. مرۆڤ هەرچەندە هاوار بکات و بقیڕێنێت دەنگی بەکەس ڕا ناگات، بەڵکو دەنگەکە بەر دیوارەکان دەکەوێ و دەگەڕێتەوە. لەو ڕاڕەوانەدا چەندین جۆر کەرەستەی ئەشکەنجەدان هەن، ئەشکەنجەکانیان بەشێوەیەکن هیچ ئیرادە، گیان، مێشک و دڵێک خۆی لەبەریدا ڕاناگرێت، دیارە هەموو شتێک بەئاگایی و وردەکارییەوە دەکەن، قسە، لێدان و هەموو شتێک بۆ تێکشکاندنی بەرخودانی کورد و بەرهەڵستکارەکانی ترن. ئەو زیندانە وەکو تاقیگەیە و لەسەر ژن هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک تاقی دەکەنەوە. ئەم بەیانییە هەمان شتیان کردەوە.
شیرین دەستی بەچالاکی مانگرتن کردەوە، بەوەش هار و شێت ببوون، ڕووتیان کردبۆوە، دەست و قاچیان بەستنەوە و خستیانە نێو سەهۆڵاوەوە، لەبەرەوە سەهۆڵی دیکەشیان بۆ زیاد دەکرد. شیرین وەکو شۆڕەبی نێو ئاو دەلەرزی، بەڕادەیەک شەکەت، جەستەی بەتەواوەتی کەسیرە بوو و بورایەوە. دەمێکی چاوی هەڵێنا خۆی لە نێو گروپێک ژناندا بینییەوە. لەبەراییدا پێیوابوو خەو دەبینێت، وەلێ دوایی بۆی دەرکەوت خەو نییە و ڕاستییە، سەری سوڕما، بۆ دەوروبەری خۆی ڕوانی، سەمیرەی بینی، هەموویان پێکەوە گوتیان " هەڤاڵ شیرین بەخێر بێی"سەمیرە دەستی لەژێر سەری نا. شیرین بەدەنگێکی نزم و پڕ ئێشەوە گوتی:
– ناوتان بەخێر.
-شیندار
-زۆزان.
-لەیلا.
-گوڵاڤ.
-ئاگرین.

-سێڤی.
-ئاسۆ.

سەمیرە چووە ژێر باڵی شیرین و بۆ سەر دۆشەکێک بردی، دوای چەندین مانگ سەختیی و زەحمەت، یەکەمجار بوو لەسەر نوێنێکی بەو شێوەیە پاڵ بداتەوە. ژنانی نێو قاوشەکە هاوکاریان دەکرد، زامەکانیان تیمار دەکرد، خواردنیان بۆ ئامادە دەکرد، دەیانویست بیدوێنن، بەڵام شیرین بێ دەنگ بوو. زۆزان هاتە لای دانیشت، بۆی ڕوانی و گوتی:

-هەڤاڵ چۆنی؟

شیرین دەستی بەگریانێکی بەکوڵ کرد، فرمێسکەکانی وەکو جۆگەلە بەدیبەیدا دەهاتنە خوار، بەدەنگێکی پڕ ئێشەوە گوتی:

-باشم! بەبینینی ئێوەوە باشم، ئێستا بشمرم خەمم نییە.
-هەڤاڵ، ئێرە وەک دۆزەخ وایە، پێکەوەبوون خۆڕاگرمان دەکات.
-هەڤاڵ زۆزان، کوا پەریا؟
-بەر لەوەی تۆ بێنن، ئەویان برد.
-بۆچی؟
-زۆر گوشاری بۆ دەهێنن.
-کەی دێتەوە؟
-کەمێکی تر دەیهێننەوە.
-فرە تاسەم کردووە.
-تۆ پشوویەک بدە، دوایی قسە دەکەینەوە.
-باشە، وەلێ کاتێ پەریا هات، خەبەرم بکەنەوە.
-باشە.

شیرین هێشتا سەری نەخستبوو سەر سەرینەکە، خەوبردییەوە.

* * *



بێ دەنگیی باڵی بەسەر قاوشەکەدا کێشابوو، هەموو کونجێک، ژوور و قاوشەکان کش و ماتن. شیرین لە خەوێکی قورسدایە و بەئاگا نایەتەوە، ڕۆژ بوو بەئێوارە، ئێوارێ بوو بەشەو، شەو دوایی هات و ڕۆژ بۆوە، چێشتەنگاو، نیوەڕۆ و عەسری بەدوادا هات، شیرین هێشتا ڕانەبووە. ئەو گوتبووی "سەرخەوێک دەشکێنم"بەڵام وا دوو ڕۆژە لە خەوێکی قووڵدایە، جار جارە دەجولێتەوە، ئەمدیو ئەودیو دەکات، پەریا و سەمیرە هەرجارەی یەکێکیان دێن و سەیری ڕوخسارە ماندووەکەی دەکەن، لە جەستەی لاوازی دەڕوانن. شیرین بچووک بۆتەوە، چاوی بەقووڵدا چووە و گۆناکانی تواونەتەوە، ئێسکەکانی سەر شانی دەرپەڕیون، ماسولکەکانی ڕانی نەماون، پەنجەکانی باریک و وشک بوونەتەوە، تاڵی سپی لە نێو قژە ڕەشەکەیدا دەبینرێ، چاوەکانی، کە بەردەوام پێدەکەنین، غەمگین و ڕووناکیی چاوی کز بووە. شیرین وەکو هەیکەلێکی بێ هێزی لێ هاتووە و گۆشتی پێوە نەماوە.

سەمیرە بەپارچەیەک ئارەقەی نێوچەوانی شیرینی سڕییەوە، سەرینەکەی ڕێک کردەوە. جەستەی شیرین وەکو ئاگری لێ هاتبوو، سەمیرە زانی، کە دۆخێکی ئاسایی نییە. گوڵاڤ لێی نزیک بۆوە و بەغەمگینیەوە پێی گوت:

-بۆ شیرین هێندە بێ هێز بووە؟
-پێرێ زۆر ئەشکەنجەیان دا، چەندین مانگە لە ژێر ئەشکەنجەدایە، ئەمەی دوایی وەکو دوا قۆناغ بوو.
-دەبێ بۆئەوەی بێتە سەر خۆی، هەرچییەکمان لە دەست دێ بیکەین.
-شیرین بۆ من هەموو شتێکە، دەبێ چاک بێتەوە.
-لێرە هەموو ڕۆژ ئەشکەنجە هەیە یان نا ؟
-هەر کاتێ بیانەوێت هەیە...
-بۆ ئێرە زیندان نییە...؟
-ناوی زیندانە..
-چۆن؟
-ئێرە جێی سەخترین و خراپترین ئەشکەنجەیە.
-من هەرگیز ناوی ئەم گرتوخانەیەم نەبیستبوو.
-ڕاستە! زۆر کەس نەیبیستووە وەلێ گرتوخانەیەکی کۆنە، ئەندامی بەرهەڵستکارانی ئەم وڵاتەبۆ ئێرە دەهێنن.
-من بەخەویش بیرم لە جێیەکی بەم شێوەیە نەکردۆتەوە.
-دەزانی واتای ناوی ئەم زیندانە چییە؟ لە زمانی کوردییدا بەواتای" عەشق " دێت، بەڵام بۆ ئێمە دۆزەخە.
-دەبێ منیش فێری زمانی کوردیی ببم.
-تۆ هیچ زمانی کوردیی نازانی؟
-نا.
-چۆن نازانی؟
-دایک و باوکم قەت بەکوردیی قسەیان نەکردووە.

–بەلێن بێ فێرت دەکەین.
–منیش دەمەوێت، زۆرم پێ خۆشە.
–باشە.
لە قسە کردندا بوون کاتێ شیرین چاوی هەڵێنا، سەمیرە و گوڵاڤ پێکەوە پێکەنین.
–وەرن، وەرن شیرین ڕابوو.
هەموو هاتن، بەڵام پەریایان تێدا نەبوو، شیرین بەزەردەخەنەوە گوتی:
–زۆر خەوتم؟
زۆزان گوتی:
–نا ! تەنێ دوو رۆژ نووستی.
هەموو بەپێکەنینەوە سەیری شیرینیان دەکرد.
–تا ئێستا پەریایان نەهێناوە.
سەمیرە یەکسەر گوتی:
–بەڵێ، بەڵێ پەریا هاتووە.
–ئەی بۆ نایەت؟
–دێت.
–با بێت بیبینم.
–ئێستا کەمێ پشوو دەدات.
شیندا و زۆزان دەستیان بەدروستکردنی خواردن کرد، خواردنێکی گەرمیان بەشیرین دا. شیرین لەو ئارامییەی نێو هەڤاڵانیدا هەستی بەئاسودەیی کرد و زەردەخەنە کەوتە سەر لێوی.

* * *

پاش چەند ساڵێ پەریا و شیرین لە زیندانی ئەوین بەیەک گەیشتن، وەلێ چۆن؟ شیرین تین لێ بڕاو و پەریاش نەیدەتوانی قسە بکات، لەبەرامبەر یەکدی دانیشتن. پەریا کچێکی بەرخودانڤان، هەر لە منداڵییەوە دەیویست ببێتە رابیعە خانم و لە پێناوی بەهای کوردبوونیدا شەڕ بکات، ئەو کچەی هەرگیز ناڕەوایی قەبوڵ نەکرد و بەردەوام لە دژی دەوەستایەوە، بەسەرنجەوە تەماشای شیرینی دەکرد، وەلێ متەقی لێوە نەهات، تەنێ بۆی دەڕوانی..
ئەو دەمی دووریبووەوە، لێوەکانی چون دوو پارچە پەڕۆ پێکەوە دوورابوون، لێوە ئاڵ و جوانەکانی قەتماغەیەک خوێنیان لەسەر بوون. شیرین بەو دۆخەی پەریا گەلێک خەمبار بوو، پەریا بەو چاوانەی، کە ئێشیان لێ دەباری نەیدەتوانی هەموو شتێک بەشیرین بێژێ. دەمێک بوو نە ئاوی خواردبۆوە، نە نانێ بەگەروویدا چوو بوو، شیرین بۆ چاوەکانی دەڕوانی، کز ببوون، خۆی بۆ نەگیرا، باوەشی پێدا کرد و فرمێسکەکانی بەسەر ڕوخساری پەریادا ڕژان، بانگی لە شیندا کرد:
–بەڵێ.
–خێرا پێم بڵێ، پەریا بۆ لێوی دووریوەتەوە؟
–هەموو رۆژ ئەشکەنجەی قورسیان دەدا، گوتی، چیتر ناتوانم بەرگە بگرم. ڕۆژێک بردیان و زۆریان ئازار دابوو، کاتێ گەڕاندیانەوە، هاواری کرد و گوتی" چەقۆیەکم بۆ بهێنن، زمانم دەبڕم " بەڵام ئێمە نەمانهێشت، کاتێ زانی ناهێڵین گوتی "گەر نەهێڵن زمانم ببڕم دەبێ دەمم بدوورنەوە"واقمان وڕما و ناچار بووین، ئەو بڕیاری دابوو زمانی ببڕێت، دەیگوت" زمانم دەبڕم بۆ ئەوەی هەرگیز قسە نەکەم، ئەوان دەیانەوێ بمکوژن، وەلێ ئەو کارە ناکەن"ئەو شەوە تا دەمەوبەیان نەخەوتین، هەر شەوەی دەهاتن و یەکێکمانیان بۆ ئەشکەنجە دەبرد، تا نیوەشەو ئازاریان دەدان و وەکو جەستەیەکی بێ گیان فڕێیان دەدانە قاوشەکە، دوو رۆژ بەدیار سەری پەریاوە نۆبەتمان گرت، وەلێ ئەو بڕیاری خۆی دابوو. دوا جار داخوازییەکەیمان بەجی هێنا و لێوەکانیمان دوورینەوە، فرمێسک بەچاوانییدا دەبارین، وەلی نقەی لێوە نەهات و نەبزوا. بەڕاستی هەمووومان حەپەسا بووین، یەکبین خوێنی لێ دەچۆڕا. رۆژی یەکەم وێڕای ئەوەی دەمیشی دووریبۆوە دەستیان لە ئەشکەنجەدانی هەڵنەگرت. دوو سێ رۆژی دواتر دەستبەرداری بوون. ئەوان گەرەکیانە دوورینەوەکەی لێوی بکەنەوە بەڵام ئەم ڕازی نابێت، ئێژێ هەتا نەمرم، دەست لەو چالاکییە هەڵناگرم.
شیرین هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و گوتی:
–وا نابێت.
–چی بکەین؟
هەموو پێکەوە کۆبونەوە و لە نێو خۆیان دا گفتوگۆیان کرد:
–دەڵێم با هەمووومان دەممان بدوورینەوە.
–دەبێ پێیان بلێین، گەر کۆتایی بەم نەهێنن، ئەوە هەمووومان خۆمان دەسووتێنین.
–ئەدی ئەگەر قاوشەکە بسووتێنین چۆنە؟
–نابێ! دەبێ زوو ڕێگەیەک ببینینەوە.
– دۆخی پەریا باش نیە! نزیکەی دە رۆژە ئاوی نەخواردۆتەوە، تەنیا لە لووتیەوە چەند دڵۆپێکی دەدەنێ، ئەگەر ڕێگەچارەیەکی باش نەدۆزینەوە، دەمرێت.
–باشترین ڕێگە ئەوەیە، کە سبەینێ هەمووومان پێکەوە داوایەکیان بدەینێ و بڵێین، دەبێ کۆتایی بەو گوشارانە بهێنن، ئەگەر نا، ئێوارە قاوشەکە دەسووتێنین.
–دەبێ سەرەتا قەناعەت بەپەریا بهێنین.
ئەو شەوە شیرین بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ پەریا قسەی کرد، ئەویش سەری بەئاماژەی ڕازیبوون لەقاند، سەرلەبەیانی زوو داواکەیان ڕادەستی بەشی ژنانی زیندانەکە کرد، ئەویش داواکەی بۆ کارگێڕی زیندانی ئەوین برد. هەموو بەرپرسەکان ئامادە بوون. کاتێ بەرپرسی یەکەمی زیندانەکە داواکانی بینی، لە جێی خۆی هەڵبەزییەوە:
–دیسان چی بووە؟
–داوایان بۆ پەریا نووسیوە، دەڵێن، ئەگەر کۆتایی بەگوشارەکانی سەر پەریا نەهێنین، هەمووومان دەممان دەدوورینەوە و قاوشەکە دەسووتێنین.
–ئەوانە کێن تا هەڕەشە بکەن ؟
–قوربان، تورە مەبە.

-ئەی چی بکەم؟
-دەبێ ڕێیەک ببینینەوە.
-ڕێی چی؟
-ڕێگەیەک لەو بڕیارە پاشگەزیان بکاتەوە.
-تەنیا یەک ڕێگە هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئاگر لە قاوشەکە بەربدەین و هەموویانی تێدا ببن بەخەڵوز.
-تۆ ڕاستەکەی، بەڵام ئێستا دۆخەکە گونجاو نییە، لە یادت چوو لە سەرەوە ئاگاداریی هاتبوو و پێیان گوتین، دەبێ وریا بین.
-ئاها، ئەنجامی وریایی ئەوەیە؟
-دەبێ بڵێین، باشە.
-نا، نا ئەوانە هەڕەشەمان لێ دەکەن، وازیان لێ بێنە، ناتوانم شتێکی لەو شێوەیە بکەم.
-قوربان.
-چی؟
-وا بیر مەکەرەوە.
-ئەی چۆن بیر بکەمەوە.
-ئەو پژاکیانە چی بڵێن، دەیکەن.
-چۆن؟ پێتوایە هەموویان دەمی خۆیان دەدوورنەوە؟
-بەڵێ!
-نا، تۆ هەڵەی.
-ئەی نایەتەوە یادت ئەو ژنەی ناوی ئاسۆ بوو، گوتی، زمانم دەبڕم و دواتر بڕیی؟!
-قوربان کاتمان زۆر نییە.
-ڕاستە کاتمان نییە هەموو کورد بکوژین، بەڵام کاتمان هەیە نۆ، نۆ، دە دە بیانکوژین.
-چۆن؟
-دەتوانین بەشێوەیەک لە کۆڵ خۆمانیان بکەینەوە و لە دەستیان ڕزگارمان بێ.
-نابێت.
-چۆن دەڵێی نابێت؟
-بیر لە ئاسایشی وڵات دەکەمەوە.
-تۆ باس لە کامە وڵات دەکەی؟
-وڵاتەکەمان.
-لە یادت نەچێت، گەر دەوڵەتێک هەبێ ئەوە منم، قانونێک هەبێ منم، دادگایەک هەبێ منم، دادوەر و داواکاری گشتیش دیسان منم، من.
-ڕاستە قوربان.
-ئەو کاتە تۆش دەڵێی، دەمەوێ خوێنیان بخۆمەوە.
-کەواتە برۆ و خوێنیان بخۆرەوە.
-بەڵام.
-بەڵام چی...؟
-ئێستا نابێت.
-دەبێت، دەبێت...
-دۆخی وڵات.
-باسی دۆخی وڵاتم بۆ مەکە.
-باشە.



-هەریەکێکتان شتێک دەڵێن.
-دەتوانین لە یەکیان دابڕێنین.
-پێشتریش هەمان شتمان کرد.
-ڕاستە.
-ناتانەوێت بیانکوژین، بچن پێیان بڵێن باشە.
-باشە.
-بەڵام دوای ئەوەی ئەو ژنەی ناوی پەریاییە دەمی خۆی کردەوە، درێژە بەهەمان شت بدەن.
-نایەڵم یەکیان لێرە بەزیندوویی بچێتە دەرەوە.
-باشە گەورەم.
بەرپرسیاری بەشی ژنان بەپەلە چووە قاوشەکە هاواری کرد و قیڕاندی:
-داواکارییەکانتان پەسەند کراون، با خۆی ئامادە بکات دەیبەینە لای پزیشک، تەقەڵەکانی دەمی بکاتەوە.
زیندانییەکانی نێو قاوشەکە لە نێو خۆیاندا قسەیان کرد:
-بەڕاستیانە؟
-خەڵەتاندن نەبێ؟
-هەڤاڵ لەیلا چی دەڵێ؟
-دەبێ لە هەڤاڵ لەیلا بپرسین، ئینجا پەریا بچێت.
-دروستە!
لەیلا کتێبەکەی لەسەر دۆشەکەکە دانا و هاتە بەر دەرگا:
-ئەگەر ئێوە داواکەی ئێمەتان پەسەند کردبێت، ئەوە ئەو هەڤاڵەمان تەقەڵەکانی دەمی دەکاتەوە.
-بەدڵنیاییەوە داواکانتان پەسەند کراون.
-نامانخەڵەتێنن، وایە؟
-نا، نا! با پەریا زوو بێت.
-دەبێ زوو پەریا بهێننەوە.
-باشە.
پەریا ماڵئاوایی لە هەڤاڵەکانی کرد و لە قاوشەکە وەدەر کەوت.
-هیوادارم زوو بگەڕێتەوە.
-هەڤاڵ شیرین ئێمەیان چۆن ڕازی کرد؟
-دەڵێین هاوڕێی سەردەمی منداڵیین.
-بەڕاستی؟
-سەمیرە وای گوت.
-ئەو سەمیرەیەش هەموو شتێک دەزانێت ها!
-بەڵێ.
دوای ماوەیەکی زۆر، ڕوخساریان ئارامتر دیار بوو، ساتەکانی ئێش و ئازار لە ژێر سێبەری نیگاکانیاندا نەمابوون، هەموویان لە چاوەڕوانی هاتنەوەی پەریادا بوون.

* * *

چەند ڕۆژێ بەسەر گەڕانەوەی پەریادا تێپەڕی بوو، خوێنی لێوی گیرسابۆوە، هێشتا زامەکانی چاک نەببوونەوە، ئاوسابوون و بەردەوام دەئێشان، دوو ڕۆژی یەکەم زاری هەڵنەهێنا، دواتر کاتێ دەستی بەقسە کردن کرد، ئێشی پتر بوو. شیرین هەمیشە بەدیار سەرییەوە بوو، لێی دوور نەدەکەوتەوە، بەگەڕانەوەی پەریا خۆشحاڵ بوو. سەمیرە ئەو ڕۆژانە سەرقاڵی فێربوونی زمانی کوردیی بوو، بەخێرایییەکی سەیر پێش دەکەوت، شیندا ماملۆستای بوو، جار و بار قسەکردن و دەربڕینەکانی دەبوونە بابەتی گاڵتە و گەپ، شیرین بەردەوام خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی، باسی ڕۆژانی یەکەمی سەمیرەی دەکرد، هەم پێدەکەنین و هەمیش غەمگین دەبوون، هەرچەندە گوشارێکی زۆریان لەسەر بوو، بەڵام پێکەوەبوونیان شادمانیی پێ دەبەخشین.
بارودۆخ و ئاسۆی نێو قاوشەکە هەموویانی خەمبار دەکرد، پەریا بەو نیوە زمانەشییەوە دەکۆشا خۆی لەگەڵ ژیانی ئەوێ ڕابێنێ، خۆی بەخوێندن و نووسینەوە سەرگەرم دەکرد، زۆربەی کات دەینووسی، لەیلاش کاری ڕێکخستنی دەکرد.، هەمووان ئەویان وەکو بەرپرسیاری خۆیان هەڵبژاردبوو. لەیلا، وریا و ژیر و تێگەیشتوو بوو، زانیاری لەسەر مێژوو، فەلسەفە و سیاسەت زۆر بوو، بەلەخۆبوردەییەوە زانایی خۆی لەگەڵ هەموو کەسێکدا بەش دەکرد، ژیانیان لە نێو پێوەندی گەرم، هەڤاڵانە و دابەشکردنی کاردا دەگوزەرا.
پەریا و شیرین لەپاڵ دیواری هەواکێشەکە دانیشتبوون، چرپەچرپیان بوو. شیرین دەستی خستە سەر شانی پەریا و گوتی:
–پەریا، کاتێ من بینیم تۆیان گرتووە، زۆر غەمگین بووم.
–دەزانی، کە هەڤاڵان بۆ تۆش زۆر خەمبار بوون؟
–خۆ بەتاوانبار دەزانم لەبەرئەوەی زوو دەستگیرکرام.
–وا مەڵێ!
–بەڵێ، بەڵێ وایە، دەبووایە هەرگیز نەگیرێم.
–شیرین، دەڵێن سزای سێدارەیان بۆ بڕیوێتەوە.
–بەڵی ڕاستە.
–چۆن دەبێت؟
–منیش تێنەگەیشتم چۆن بوو.
–بۆچی ئەوە دەکەن؟ باشە نەیارێتی، نارێتییە بەڵام..
–کاتێ بۆلای دادوەریان بردم، تەنیا سێ دەقە لە هەیوانی دادگادا ڕاوەستام.
–پرسیاریان لەسەر هیچ شتێک لێ نەکردی؟
–نە، تەنانەت نەیانهێڵا بەرگری لە خۆشم بکەم.
–بۆ ناهێڵن مرۆڤ قسە بکات؟



–نە! تەنیا هەندێ قسەی هیچ و پوچ دەکەن و دەڵێن بڕۆ.
–باش دەزانن چۆن دوژمنایەتیی بکەن، باوەڕ ناکەم، سزای لە سێدارە بۆ من ببڕنەوە.
–منیش باوەڕ ناکەم.
–بەڵام دیسان دوژمنایەتییە.
– دروستە!
–ڕوون نییە چی ڕوودەدات.
–وایە.
–بەتێپەڕبوونی کات، تێدەگەین مەسەلە چییە.
–ئیحسان فەتاحیانیان بێ لێپرسینەوە، لە سێدارە دا.
–ئەویش لێرە بوو.
–هەرگیز زەردەخەنەکەی و خۆشەویستیی بۆ ژیان لە یاد ناکەم.
–ئەو بووە باران و بەسەر دڵ و مێشکماندا باری.
–دەیانەوێ بەسێدارە بمانترسێنن.
–ئەوان کەم دەبنەوە و ئێمە زۆر دەبین، وەک شاعیرێک گوتویەتی: مەگەر دەتوانن چەمی وان وشک بکەن؟...
–دەی با ئەوەندە باسی سێدارە نەکەین.
–دروست ئێژی!
–پەریا، پێم بڵێ، تۆ چۆن دەستگیرکرای؟ چۆن ئەو ئاگرەت لە جگەری من بەردا؟
–چی بێژم! بابەتێکی دوور و درێژە، وەلێ بەکورتی بۆت دەگێڕمەوە، بۆ خەباتی سیاسی بۆ مهاباد چووبووم. نزیکەی سێ مانگ لەوێ کارم کرد، ڕۆژێکیان بەکۆڵانێکی تەنگدا دەڕۆیشتم، لەلایەن چوار کەسی نەناسەوە گیرام، دوای سێ ڕۆژ بۆ تاران هێنایانم، خۆشت دەزانی چۆنت ئەشکەنجە دەدەن.
–بەڵێ.
–بەکورتی بەو شێوەیە بوو.
–بەر لەوەی قەندیل بەجێ بهێڵم، سینەم دمدمیم بینی، زۆری بیر دەکردی.
– ئای سینەم، سینەم!
–سینەم چییەتی؟
–دوو منداڵی هەیە.
پەریا بەپێکەنینەوە گوتی:
–بەڕاستتە؟!
–بەڵێ.
–سینەمی حەسود، دیسان جیاوازی خۆی نیشاندایەوە.
–بەڵێ. بەڵێ.
–سینەم، ئای سینەم! زۆر بیرم کردووی.
–دەیگوت، مسۆگەر پێویستە پەریا ببینم.
–سینەمی حەسود.
–ئەویش دەیگوت، پەریا حەسودە.
پەریا دای لە قاقای پێکەنین و گوتی:
–ناهەقی نییە! من ئەو بێدەنگیەی ئەوم پێخۆش نەبوو.
–تەنیا بێدەنگیەکەی؟
–باشە، من ئیرەییم بەچوونی بۆ خوێندنگە دەبرد، بەڵام..

شیرین پێکەنی:
-بەڵام چی؟
– فرە بیری ئەو حەسودەم کردووە، ئای سینەم، سینەمی چاو بچکۆڵەی، دەم بەپێکەنینی حەسود..
-لەوێ هەموو کەسێ پێی دەڵێن، سینەمی دمدمی.
-بەڕاستتە؟
-بەڵێ.
-بمزانیبایە منیش وام پێ دەگوت.
-دیسانەوە دەیداتەوە قاقای پێکەنین.
-خۆزگە دەخوازم بیبینمەوە.
-دەیبینیەوە.
-دەبینی؟ من بەدوای ئەودا وێڵم، کەچی هێشتا پێم دەڵێ حەسود؟!
-ژین رۆژهەڵات و سەما ئۆرامارم بینین.
-منیش ژینم بینی.
-ژین وەکو ئاگری لێهاتووە.
-فرە سوور بوو لەسەر ئەوەی بۆ باکور بڕوا.
-چووە یان نا؟
-نازانم.
شیرین و پەریا بەپێکەنینەوە چوونەوە نێو قاوشەکەیان، چاوەکانی پەریا دەبریسکانەوە.

* * *



چاوەکانی شیرین باش نەیاندەبینی، هێزی بینایی کز ببوو، وەکو چرایەک بەرە بەرە لە کزبووندا بوو، دەیان جار بۆ نەخۆشخانە رۆیشتبوو، بۆئەوەی چاویلکەی پێ بدەن، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو و کێشەی چاویان بۆ چارەسەر نەکردبوو، هەروەکو هەموو داواکانی تری، ئەو داوایەشیان ڕەت کردبۆوە، ئامانجیان ئەوەبوو شیرین نابینا بێت، بێ ئاگا لەوەی، کە شیرین نەک تەنێ بەچاوەکانی بەڵکو بەدڵ و رۆح و مێشکی لە جیهان دەڕوانێت.
ئەشکەنجەدانیش تەنیا لەسەر پێی نەبوو، بەڵکو بەڕێبازی کۆن، تەکنیکی نوێ و دەروونی بەرێوەدەبرا، وەکو خۆیان دەیانگوت، بەڕێبازی سارد و گەرم و هەموو جۆرێکی دەروونی دەگیرایە بەر. لە بەندی ٢٠٩ دا ئەشکەنجە هەموو هەوڵ، پەیوەندی، خواردن و خواردنەوە و قسەکردن دەگرتەوە. بیست و چوار سەعات ئەشکەنجەی دەروونی هەبوو، لە ئەنجامی ئەو ئەشکەنجانەدا شیرین ڕووناکی چاوەکانی رۆژ بەرۆژ و سات بەسات لە دەست دەدا، نەیدەتوانی زۆر بخوێنێتەوە و بنووسێت. سەمیرە جار و بار پێی دەگوت" تۆ باش دەبی بەڵام کاتی دەوێت" گەرەکی بوو بەو شێوەیە دڵی شیرین خۆش بکات و متمانەی بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی لە مەبەستەکەی تێگەیشتبوو، هیچی نەدەگوت، تەنیا بەزەردەخەیەک وەڵامی دەدایەوە.
سەمیرە، لەو رۆژانەی دواییدا قورسایی خۆی خستبووە سەر فێربوونی زمانی کوردی، بەتایبەتی لەگەڵ شیرین بەکوردی قسەی دەکرد. شیرین شێوە قسەکردنێکی زۆر خۆش، نەرم و لەبەردڵانی هەبوو، گەلێک هەوڵی دەدا سەمیرە فێری کوردی بکات، بۆ ئەوەش چی لە دەست بهاتبایە دەیکرد. سەمیرە دەیگوت" تۆ مامۆستای منی" کاتێ شیندا ئەو قسەیەی سەمیرەی دەبیست تووڕە و دەهری دەبوو، یەکسەر دەیگوت" من ئەو هەموو ڕەنجەم لەگەڵ دای چۆن زوو لە بیرت چووەوە؟"شەڕی سەمیرە و شیندا هەمیشە بەردەوام بوو، پەریاش پێدەکەنی و دەیگوت" بەخودا، شەڕی شیندا و سەمیرە، شەڕی من و سینەم دمدمیشی تێپەڕاندووە".
سەمیرە وەکو جاری جاران بۆ لای شیرین دەهات، دادەنیشت و قسەی دەکرد، بێ شیرین ئۆقرەی نەبوو.
-هەڤاڵ شیرین.
-بەڵێ، هەڤاڵ.
-من دوێنێ دەرفەتم نەبوو باسی سەردانی بنەماڵەکەمت بۆ بکەم.
-بەڕاستتە؟!
-دایکم هاتبوو.
شیرین پێکەنی:
-بەڕاستی بەپەرۆشم بزانم ئەمجارەیان هەڵوێستی چۆن بوو؟
-منیش دەمویست باسی ئەوەت بۆ بکەم.
-دەی فەرموو، بۆمی باس بکە.
-دوێنێ کە بۆ ژووری سەردان چووم، دایکم و باوکم هاتبوون،بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوون.
-چۆن؟
-دەمێکی دایکم ئامێزی بۆ کردمەوە، بەدەنگێکی بەرز و بەکوردی پێی گوتم: کچم چۆنی؟ حەپەسام! پاشان دانیشتین، دایکم بەدەم خەندەوە پێی گوتم:
-سەمیرە گیان.
-بەڵێ دایە.

–داوای لێبوردن دەکەم.
–بۆ؟
–من نارەواییەکی گەورەم لێ کردی.
–دایە ئەو ڕۆژانە لە یاد بکە.
–کچم لەئەمڕۆ بەدواوەچ بڕیارێک بدەی، پشتگیریت لێ دەکەین.
–بەڕاستیتە؟
–بەڵێ کچم.
–ئێوە بەوە منتان خۆشحاڵ کرد.
–من و باوکت تا ئەمڕۆ گوناهێکی گەورەمان لە ئاست تۆدا کرد، بمانبوورە.
–دایە، دوو هەڤاڵم بەلەسێدارەدان سزا دراون، دەزانی بۆچی؟
–نا، لەبەرچی؟
–تەنیا لەبەرئەوەی وەکو ئێمە کوردن و دەیانەوێ ئازاد بژین.
– ئای خودایە! ئەو نارەواییە لەو خودانەناسانە قبوڵ نەکەی.
–دەبێ ئیتر دایکان و باوکانی ئێمەش لەو خەوە قورس و مردنە وشیار ببنەوە.
–ڕاستەکەی کچم! دروستە هەتا ئەمڕۆ خۆمان دەخەڵەتاند، دوای ئەوەی لەلای تۆ ڕۆیشتمەوە، چەندین ڕۆژ لە نێو فکردا بووم، تێگەیشتم، کە دەیانەوێ ئێمە و ڕۆڵەکانمان بەیەکدا بدەن.
–بەو قسانەت زۆر شاد بووم.
–لە تەلەفزیۆنەوە بینیم چۆن هەزاران کچی وەک تۆ بۆ بەهاکانیان تێدەکۆشن.
–دایە بەر لە هەموو شتێک دەبێ ژن ئازاد بێ، ئێمە دەبێ ئازاد بین، ئەدی نابینی ژن لە چ بارودۆخێکدایە، هیچ نرخێکمان نییە، ژیانمان هیچ واتایەکی نییە، چی لەوە خراپترە؟ وا نییە؟! ئەوە باوکیشم لێرەیە، تا ڕۆژی ئەمڕۆ نەمدەتوانی لە لای باوکم زار هەڵبێنم، باوکم گەورەترین ترسی لە دڵ و دەروونمدا چاندبوو، ئیدی متمانەم بەخۆمە، تێگەشتم، بونەوەرێکی خاوەن ئیرادە وهەست، بیر و دڵم، چی لەوە باشترە؟
–کچم، هەموو قسەکانت دروستن.
–ئێستا لێرە، گروپێک لە ژنان، پێکەوەین، فرە یەکدیمان خۆشدەوێت، یەکگرتووین و هەموو شتێک پێکەوە دەکەین، هەرچەند لە ژێر باری زوڵمیشدا دەژین، وەلێ بیر و دڵمان، مێشک، گیان و هەستمان ئازادن. ئێمە لێرە زۆر چیرۆکی تراژیدیمان سەبارەت بەکوردی پەرێشان، هەژار و ستەملێکراو بیست، کچی بچووکی خۆیان وەکو دیل بەپیاوی بەتەمەن، گەورە و دەوڵەمەند بەمستێک پارە دەدەن و دواییش لێیان بێ ئاگا دەبن. مەگەر چ لەو گوناهە گەورەترە؟ دڵی دایک و باوکانیان چۆن بەرگەی ئەوە دەگرێت، تێناگەم.... دایە ئەو دەگریت؟
–نا کچم نا!
–بەڵێ تۆ دەگریت.
–کاتێ تۆ باسی کچانی تەمەن بچووکت کرد ئازار بەدڵم گەیشت، خۆم بۆ ڕانەگیرا، ئێشێکی گەورەیە، خودایە کەس نەیبینێت.
–بیر بکەرەوە تەنانەت لەو تەمەنە بچوکەدا...
دایکی سەمیرە قسەکەی پێ بڕی نەهێشت تەواوی بکات:
–کچم بەس باسی ئەو شتانە بکە، دڵم دەسووتێت.
–دایە دەبێ بڕۆم.
–بەخێر چی کچم.
–کە هاتمەوە، لەماڵ دانانیشم.



–باشە کچم، دڵت چی ویست ئەوە بکە.
–سوپاس دایە گیان.
–ئەی هەڤاڵەکانت چۆنن؟ ئیشەڵا بارودۆخیان باشە.
–بەڵێ باشن، تەنیا هەڤاڵێکمان نەبێ، کە بارودۆخی خراپە و ئازاری هەیە.
–بۆچی؟
–ئاسۆ.
دایکی سەمیرە بەبیستنی دەنگی کەوتە لەرزە:
–چی، ئاسۆ؟
–بەڵێ.
–چی لێهاتووە؟
–ئاسۆ، ئاسۆ...
هەندێ بێدەنگ بوو و ئینجا گوتی:
–زمانم گۆ ناکات باسی بکەم.
–زوو بڵێ کچم، ئاسۆ چی لێ هاتووە.
–ئاسۆ زمانی خۆی بڕیوە.
دایکی سەمیرە لە جێی خۆی وشکەوە بوو، دەتگوت لە دونیایەکی تردایە، دوای ماوەیەک هاتەوە سەر خۆی و گوتی:
–داماوە! بۆ زمانی خۆی بڕی؟
–لەبەر ئەشکەنجەی زۆر.
–وەی نەمێنم!
–دایە هێواش.
–پێم بڵێ بزانم ئاسۆ کچێکی چۆنە؟ خەڵکی کوێیە؟
–نازانم چۆن باسی جوانی و وردەییەکەیت بۆ بکەم؟! بەژنی هێندەی من بەرزە، دەموچاو پان و وەکو بەفری چیای شاهۆ سپی، لوتی بچووک و چاوگەلی چون چاوی ئاسکە زەرد، برۆکانی وەکو کەوان، کاتێ پێدەکەنێ دوو چاڵ سەر ڕوومەتی دەنەخشێنن، هەڤاڵان پێمان دەڵێن ئێوە زۆر لە یەکدی دەچن. خەڵکی ورمێیە.
–گوتت ورمێ؟
–بەڵێ!
–کچم زۆر سڵاوی منی پێ بگەیەنە، لە جیاتی من لە ئامێزی بگرە.
–باشە.
–شاد بی کچەکەم.
–بە خێربچی دایە.
دایکم بەو شێوەیە ماڵئاوایی کرد و ڕۆیی. شیرین دەستی بەپێکەنین کرد:
–سەمیرە تۆ خۆشحاڵت کردم.
–هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد دایکم بەو شێوەیە بگۆڕێ.
–ئەی سڵاوی ئێمەشت پێ گەیاند؟
–بەڵێ، بەڵێ. ئەی چۆن.
–سوپاس.
–ئەویش زۆر سڵاوی لێ دەکردی.
سەمیرە لە دوێنێوە دەیویست لەگەڵ ئاسۆ قسە بکات، بەڵام دەرفەتی نەدەدۆزییەوە، کاتێ بینی ئاسۆ بەتەنیایە، شیرینی بەجێ هێشت و چووە لای.

شیرین لەسەرخۆ گوتی:
-دایکی سەمیرە بۆچی ئەوەندە پەرۆشی هەواڵی ئاسۆ بووە؟

* * *

ڕێگەکەیان زۆر درێژ بوو، دەمێکی گەیشتنەوە ماڵێ دەستیان بەمشتومڕێکی توند کرد:
-ئەوە هەڵوێست بوو؟
-کامە ؟
-تۆ بۆچی بەو شێوەیە لەگەڵ سەمیرە قسەت دەکرد؟
-بۆچی؟
-تۆ خەڵەفاوی؟
-من خەڵەفاوم یان تۆ؟
-بۆچی من؟
-ئەگەر کەسێکی تاوانبار هەبێ، ئەوە تۆی.
-ئەوە دەڵێی چی؟
-تۆ دەزانی دەڵێم چی.
-ئەی هەڵوێستی سەمیرەت نەبینی.
-بینیم، بەئاشکرا گوتی نایەمەوە ماڵ.
-با نەیەت!
-چۆن نەیەت؟
-تا ڕۆژی ئەمڕۆ جگە لە درۆ چیمان فێرکردن؟
-درۆی چی؟
-تۆ چەند زوو شتت بیر دەچێت.
-لە بیرم نەچووە.
-دە کەواتە بێ دەنگ بە!
-سەمیرە هاتووە لەبەرامبەرم، نازانم باسی چی دەکات، تۆ دەڵێی بێ دەنگ بە؟



-بەڵێ بێ دەنگ بە!
-تۆ بەو شێوەیە هیچ بەدەست ناهێنیت.
-ئاوا؟
-بەڵێ ئاوا!
-تۆ دەبێ ئەو هەڵەیە ڕاست بکەیتەوە.
-ئەوەیان لە خۆت بپرسە.
-چی لە خۆم بپرسم، حورمەت؟
-نەمزانی ئەوەندە دڵرەشی!
-دڵرەشی چی، جا ئەمەت لە کوێوە هێنا.
-من پێم نەگوتی بپرسە، دەتتوانی هەندێک بەپەرۆش بی.
-سوبحانەڵا! بەپەرۆشی چی بم؟
-تۆ ئاسۆت لە بیر کرد؟
-نا من لە یادم نەکردووە.
-ئەی بۆ نەتپرسی؟
-حورمەت، لەوانەیە ئەو نەبێ، لەم وڵاتە هەزاران ئاسۆ هەن.
-کاتێ سەمیرە باسی دەکرد، تۆ هیچ خەمێکت پێوە دیار نەبوو.
-تۆ ئەقڵی خۆت لە دەستداوە، ئەقڵی خۆت...
-ئەگەر تۆ ئەقڵی خۆت لە دەست نەدابێت، کچێکی خۆت نەدەفرۆشتە ئەو بێ ویژدانانە، هێشتا منداڵ بوو، منداڵ.
-من فرۆشتم ها؟
-تۆ فرۆشتت تۆۆۆ!
-کەواتە منت تاوانبار کرد؟
-تۆ تەنیا ئەمڕۆ تاوانبار نیت.
-ئەدی ئەو کاتە بۆ قسەت نەکرد؟ ها؟
-تۆ بێ ویژدانی! چۆن ئەو کاتە پێم نەگوتی، من بەشەو و ڕۆژ بەدەورتدا گەڕام، پیم گوتی ئەوە جگەری منە، ڕووناکی چاومە، مەیدە بەو پیاوە هەشتا ساڵەیە، تۆ گوێت لێ نەگرتم.
-کاتێ بەو پارەیە خانووم بۆ کڕیت، نەتگوت نا.
-خانووکەت سەرت بخوا، لە ئەمشەو بەدواوە لێرە نامێنم، کەمێ کەرامەتت هەبێت، تۆ ئاسۆت بەو لوتبەرزانە دا.
-بۆ تەنیا من لەم وڵاتە ئەو کارەم کردووە؟
-تۆ هێشتاش شەرم ناکەی؟
- تۆ خۆتت لە بیر کردووە؟
-من چیم لە یاد کردووە؟
-ئەدی باوکت تۆی بەبازرگانێکی ئەسفەهانی نەفرۆشتبوو؟ من نەبووم تۆم لەو کۆیلایەتییە ڕزگار کرد؟ کەس نرخی پشیلەیەکی بۆ دانەدەنای؟
-ئەوە دەڵێی چی؟ شەرم ناتگرێ؟
-من باس لە ڕاستیی تۆ دەکەم.
-بۆ ئەوەندە خۆت بچووک دەکەیتەوە؟
-تۆ ناچارم دەکەیئەم شتانە باس بکەم. کاتێ تۆم ناسی، وەکو مریشکێکی کوێر بووی، ژەمێکیان خواردن پێ دەدای، سێ ژەمیان پێ نەدەدای، ئەو من بووم تۆم لەو دۆزەخە هێنایە دەر و ڕزگارم کردی.

–ئێستا بۆ ئەوەی تاوانەکانی خۆت بشاریتەوە، رابردووم بەچاودەدەیتەوە؟
–بۆ ئەمە راستیی نییە؟ تۆ بەهەموو کەسێکت دەگوت هەتیوم، بەڵام تۆ هەتیو نەبووی کۆیلە بووی.
–تا بەیانی قسە بکەی ناتوانی خۆت لەوە پاک بکەیتەوە، کە تۆ ئاسۆت بەوان فرۆشت.
–خانووم بۆ کڕیت.
–سەد جارم پێ گوتی با ئاسۆ ڕەوانەی شوێنێکی هێندە دوور نەکەین، بەڵام تۆ کردت.
–من چۆن بمزانییایە ئاسۆ ون دەبێت، خۆ دەستی خۆم بۆن نەکردبوو.
– باش دەتزانی.
–تۆ ناهەقییم لێ دەکەی.
–تا دۆزەخ تۆ ناهەقی.
–حورمەت تۆ بەو قسانە ناتوانی تاوانەکانت سووک بکەیتەوە.
–تۆ هیچ بیر ناکەیتەوە؟ ئەگەر ئاسۆ و سەمیرە لەوێ یەکتر بناسن، چی ڕوودەدات؟
–باوەڕ ناکەم، لەبەر ئەوەی ئەوە ئاسۆی ئێمە نییە.
–تۆ چوزانی ئاسۆی ئێمە نییە؟!
–ئاسۆ کاری بەرێکخستنێکی بەو شێوەیە نییە.
–ئەدی سەمیرە چۆن پێوەندی پێوە کردووە؟! ئاسۆش بەهەمان شێوە کەوتۆتە نێویان.
–حورمەت پێتوانەبێت! واز لەو وەسوەسەیە بهێنە.
–چۆن واز بهێنم؟! ئەی وەک تۆ بێ خەم بم؟
–ئەی ئێمە بەسەمیرەمان نەگوت بکەویتە سەر پێ و ئاسۆ لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا ژیانی لە دەستدا؟
–هەموو کێشەکان بەو قسەیەی تۆ کۆتایی نایەت.
–ناتوانم سەری خۆم بەقسە پوچەکانی تۆ بئێشێنم.
–وەکو ناوی خۆم دەزانم، دڵنیام ئەوە ئاسۆ بوو.
–بۆچی تۆ جادوگەری؟
–کاتێ سەمیرە باسی ئەوی دەکرد، دڵم خەبەری دا، کە ئەوە ئاسۆیە.
–حورمەت بەڕاستی دڵی منیش زۆر دێشێ بەڵام..
–بەڵام چی، چی؟
–ناتوانین هیچ بکەین.
– با دەتوانین!
–چی بکەین؟
–بڕۆ لێپرسینەوە بکە و ئاسۆ لەوێ دەربێنە.
–چۆن؟
–ئەو پیاوەی تۆمەتی بۆ ئاسۆ هەڵبەست، بەدڵنیاییەوە دەزانێ.
–من دە جار زیاتر لێم پرسیوە.
–تۆ دەبێ خۆت بۆ ورمێ بڕۆی.
–لە ورمێ هەموو ڕۆژێ ڕووداوێک دەکەوێتەوە، ناتوانم بچم.
–هەر دەبێ بڕۆی!
– حورمەت...
–چییە؟
–ئێستا ماندووم، سبەینێ.
–سبەینێی چی؟



–سبەینێ قسە دەکەین.
–باشە، بەڵام...
–بەڵام دیسانەوە چی؟
–منیش لە یادی ناکەم، منیش بەدوایدا دەچم.
–ئێستا سەرمان لە نێو بەڵایەکدایە، تۆ دەتەوێت بەڵایەکی تریشمان بەسەر بهێنیت.
–ئەوانە منداڵی ئێمەن، چۆن وا دەڵێی؟!
–بۆچی؟ لەم وڵاتەدا چەند منداڵ هەبوون وەکو سەمیرە ژیانێکی خۆشیان هەبێت؟
–تۆ لەم دوا دواییەشدا ئەوەت کردە منەت.
–بۆ وا نەبوو؟
–بەسە، بەس لە سەر ئەو قسانەی تۆ چی نەماوە خۆم بکوژم.
–ئەوەی درێژەی پێ دەدا تۆی.
–تا ئەو کاتەی دڵم ئارام دەبێتەوە دەیلێم و دەیلێمەوە.
دواتر هەردووکیان بێدەنگیان لێ کرد و خامۆشی باسی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا.

* * *

شیرین دوو ڕۆژ لەنێو جێگەدا کەوت، نەیدەتوانی هەستێتە سەر پێ، کۆخەیەکی توندی گرتبوو ئارەقە بەتەوێڵیدا وەکو جۆگەلە دەچۆڕا. شیندا بەدیارییەوە دانیشتبوو، بەخاولییەک ئارەقەی نێوچەوان، مل و پشتی دەسڕییەوە. فرمێسک لە چاوێلی دەڕژا، جار و بار هەڵدەلەرزی، دەیناڵاند و دەکۆکی، بەڵغەمی خوێناوی لە سییەکانییەوە دەهاتە دەر، ئەو دۆخە هەموویانی ترساندبوو. شیندا بەمیهرەبانیی لەچاوانی دەڕوانی، لەیلا بەکەسەرەوە گوتی:
–هەڤاڵ شیرین چۆنی؟
–باشم.
–نا! وادیارە باش نیت.
–نا، نا باشم.
–کەمێ خۆراگر بە، وا هەڤاڵان خەریکن دەرمانت بۆ ئامادە دەکەن، نازانی بۆ وا نەخۆش کەوتی؟
–سەرمام بووە.

–وەلی هەوا زۆر گەرمە.

–ئەو سەرمایە هی ئەمڕۆ نییە.

–کەی سەرمات بووە؟

–بەر لەوەی بۆ ئێرەم بهێنن، لە نێو سەهۆڵاویان دانام، لە یەک دەقەدا هەموو جەستەمی تەزاند...

–ڕەنگە سییەکانت هەویان کردبێت.

–وا بزانم.

–باش خزمەتت دەکەین، چاک دەبیتەوە.

–خەم مەخۆن، هیچم لێ نایەت.

–چیت پێویستە بۆت بکەین.

–سەمیرە چی دەکات؟

–ئەو و پەریا پێکەوە کتێب دەخوێننەوە.

–ئەگەر سەمیرە بهاتبایەتە لام زۆر باش دەبوو.

–بۆچی؟

–بەشێکی تر ماوە لە ژیانم دەمەوێ بۆی باس بکەم.

–دواتر، دواتر...

–نا، با ئێستا بێت.

–باشە.

–با دەفتەر و قەڵەمێکیش لەگەڵ خۆی بهێنێت.

–شیرین.

–بەڵێ.

–تۆ بەم دۆخە خراپەت دەمترسێنی.

–نا، مەترسە هیچم لێ نایەت.

–ئەی بۆ داوای قەڵەم و دەفتەر دەکەی ؟

–من باسی هەموو ژیانی خۆم بۆ سەمیرە نەکردووە، تەنیا باسی بەشێکیم کردبوو، دەمەوێ ئەوی ماوەتەوە بۆی بگێڕمەوە.

–بەڵام دیسانیش.

–پێداگری مەکە..

–چۆن پێداگری نەکەم، هەناسەت دەرناچێت.

–لەیلا.

–چییە؟

–لێفەکەم بۆ ڕێک بکەرەوە با لەملاوە شتێکت پێ بلێم.

–بەڵێ.

–ئاسۆ.

–ئاسۆ چییەتی؟

–تۆ هیچ شتێک دەربارەی رابردووی دەزانی؟

–بەڵێ دەزانم.

–خەڵکی کوێیە؟

–کچیماڵێکی دەوڵەمەندی ورمێیە.

–باشە.

–بۆ پرسیار دەکەی؟



–دەمویست هەندێ بیناسم.

–لەم رۆژانەی دواییەدا ئەو و سەمیرە زۆر پێکەوە قسە دەکەن.

–بەڕاستتە

– ئاسۆ کەمێک باشترە، پێویستە هاوکاری بکەین.

–ڕاستە.

–هەڤاڵان دەڵێن هەڵبەستیش دەنووسێت.

–وایە!

–ئەگەر باشتر بم هەڵبەستەکانیت بۆ دەخوێنمەوە.

–ئەوە سەمیرە هات.

–هەڤاڵ شیرین بانگی منت کرد؟

–بەڵێ سەمیرە.

–بارودۆخت چۆنە.

–وەکو دەبینی.

–چیت بۆ بکەم؟

–سەمیرە.

–فەرمووو!

–من قسە دەکەم، تۆ لای خۆت بینوسە، باسی ژیانی خۆمت بۆ دەکەم، دەبێت تۆش قسەکانم بەنەمریی بهێڵیتەوە، گەرەکم نەبوو لەم دۆخە نالەبارەدا ئەو داوایەت لێ بکەم، وەلێ دەبینم کات سات بەسات دەڕوات و رۆژەکان تێدەپەڕن، دەوران دێت و دەچێت. من قسە دەکەم و تۆش گوێم بۆ شل بکە، من بەسادەیی قسە دەکەم و تۆش ڕستەی پڕ لە جوانیی لێ ساز بکە، بەسەرهاتە پڕ لە دەرد و کەسەر و شکاوەکانم کۆبکەرەوە و بەئایندەی بسپێرە.

سەمیرە، ئێمە چارەنووسمان لە شوێنێکدا بەیەک گەیشت، وا دیارە ئەمرۆ لەیەکتر دادەبڕێت، کاروانێکی پڕئێش و سەختمان پێکەوە تێپەڕاند.

–بەڵێ.

– ئێستا باس لە بەشێکی ژیانی خۆمت بۆ دەکەم.

سەمیرە زۆر دڵتەنگ بوو، وێرای ئەوەش هیچی لەسەر قسەکانی شیرین زیادنەکرد، تەنێ گوتی:

–بە خۆشحاڵیەوە دەینووسمەوە.

–بەهۆی نەخۆشی قورس، بێ هێزیی و تاوە هەموو جەستەم دەسوتێتەوە، لەوانەیە وشەکانم نیوەچڵ بن، تۆ خۆت تەواویان بکە.

–من شیرین، شیرین عەلەمهولی. نازناوم ڕووناهییە، خەڵکی شاری ماکۆی رۆژهەڵاتی کوردستانم، لە نێو ئێلی جەلالی و میلاندا هاتوومەتە دونیاوە، بەبۆنی مێرخاسی ئارارات گەورە بووم، بەئێشی چیرۆکەکانی دایکم پێگەیشتم، مردن، تێکشکان و هەژارییم چەشتوون. من لە تەمەنێکی بچوکدا چیرۆکی حەسەن قزڵجیم ژنەفت، بەسەرهاتەکانی غەریبی، خۆشەویستیی، عەشق، کۆچبەریی، ئەشکەنجە، زیندان، ناچاریی، وڵاتپارێزیی، هاوار، قیڕە، کەسەر، ئازار و ناڵەم بەر گوێ کەوتن. حەسەن قزڵجی هاواری دوێنێ و ئەمرۆ و سبحەینێیە، هاوارێکە لە ژێرزەوی گرتوخانە و دوایین نیگاکانی ئەڤیندارانێکە، کە بەمورادی خۆیان نەگەیشتن، هاواری نیوەچڵی چیرۆک و بەسەرهاتی زۆر لە شەوگاری گوزەران و تراژیدیای سمکۆی شکاک، زامی نێو دڵی کوردانە. من لە جێیەکدا گەورە بووم، لە نێو شەپۆلی تاریکییدا گەورەبووم، بەڵام لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی خۆمدا بەدوای

ڕووناکییدا وێڵ بووم، دەمزانی باجی گەڕان بەدوی ڕووناکیی قورسە، وەلێ دیسانیش کۆڵم نەدا، دەمویست مێشک، دڵ، گیان و هەستم ڕووناک ببنەوە و باجەکەشی هەرچییەک بێت، بیدەم. دوایین جاریش بەخەبات لە پێناو ئازادیی ئاشنا بووم، بەو شێوەیەش خۆم ناسی، ڕووناکییەکی ناکۆتا لە دڵمدا داگیرسا، ڕووناکیەک، کە تاریکییەکانی ژیانمی یەک بەیەک دوایی پێ هێنا و بەرپێمی ڕۆشن کردەوە. ژنانی کورد بەرگی مردنیان لەبەر خۆیان دادڕین و یاخی بوون، ئیدی بەدووی خەیاڵەکانیدا وێل بوون، قسەیان دەکرد و پێدەکەنین، خۆشەویستیان بۆ ژیان گەشەی دەکرد، پۆل پۆل بەرەو پیری ئازادییەوە دەهاتن، دواجار منیش... منیش بڕیاری خۆم دا، بڕیاری کاروانی نوێم دا، کاروانی ژنانی بەختەوەر، کاروانی گەلێک، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگەی خەباتم بۆ ئازادیی گرتە بەر.

ئەوێ شەوێ من و پەریا ژیانی بندەستیمان بەجهێشت و ڕۆیشتین، لەو شەوە ئەنگوستەچاوەدا سەگ بە دواماندا وەڕی، وەلێ ئێمە درێژەمان بە ڕێگەکەمان دا، لە شەوە پایزییەدا، بۆ دوایین جار ماڵئاواییمان لە ئەستێرەکانی ئاسمانی ماکۆ کرد، لەو شەوە تاریک و فێنکەدا هەنگاوەکانمان خێراتر دەکردن، کاتێ دڵ ئازاد بێت، پێیەکانیش هەرگیز ماندوو نابن. ئەستێرە ئاسمانی داگیر کردبوو، یەکیان دەکشا و سەدانیان دەبریسکانەوە، چ ساتێکی بێ وێنە و خۆش بوو، شەوێکی پڕ بەختەوەریی، بۆنی خاک، بۆنی گەڵای وەریو، بۆنی پوش و پەڵاش، کاس و مەستی کردبووین، خۆزگە ئێستا لە ژێر ئەو ئەستێرە گەشانەدا بوومایە، خۆزگە، خۆزگە....

ئەو شەوە لەو ڕێگەیە هەرگیز ماندوو نەبووم، جاری یەکەم بوو لە ژێر ڕووناکی مانگەشەودا لەگەڵ شەڕڤانان کەوتبوومە ڕێ، گروپێکی پتر لە بیست کەس دەبووین، نیوەمان کچ و نیوەمان کوڕ بووین، هیچ شتێک لێکی جیا نەدەکردینەوە، جۆشی ناخم، تەپە تەپی دڵم لەو دۆڵ و چیایانەدا پتر دەبوون، هەستم چون ڕووبار سەری کردبوو و دەخرۆشا، بۆ ماوەی سێ سەعات ڕێگەمان کرد، سەردەستەی گروپەکەمان لەپڕ فەرمانی دا و ڕاوەستاین، کاتی حەسانەوە هاتبوو، هەریەکەمان لە جێی خۆی ڕۆنیشت، شەڕڤانێکی دێرین لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری گروپەکەی بەسەر کردەوە و ژماردینی، نە کەم و نە زیاد بووین، هەڤاڵێک ئاوی بۆ گێڕاین و گوتی:" تەنیا سێ قومی لێ بدەن، ئاو کەمە"ئێمەش لەبەرخاتری هەڤاڵەکانی تر بەقسەمان کرد. شەو تاوەکو بەرەو نیوەی دەچوو، فێنکتر دەبۆوە، ئەستێرەکان دەتروسکانەوە، بەڕادەیەک جۆش و خرۆشم هەبوو، قەسدم دەکرد یەکبین قسە بکەم، وەلێ قسە کردن لە شەودا قەدەغە بوو. ژین ڕۆژهەڵات لە پێش منەوە بوو، ئەو لە من بەهێزتر ڕێی دەکرد، کاتێ هەستان و دەستیان بەرۆیشتن کردەوە، فەرمانداری گروپەکە گوتی" با هەڤاڵان چاویان لە یەک بێت"من هیچ واتایەکی ئەوتۆم بەو قسەیەی نەدا. پاشان ڕەنگین ورمێ وشیاری دا" هەڤاڵان ئاگاتان لە بەردەم خۆتان بێت"، ئەو کاتە تێگەیشتم.

لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین و ڕێگاکە دوایی نەدەهات، شەکەت بووین، ئەژنۆمان سست ببوو، من چیتر خۆم نەگرت و گوتم " ئیتر ماندوو بووم"شەوی یەکەم بۆ من گرنگ بوو، لە هەمان کاتدا واتا و ئەزمونێکی مێژوویی هەبوو، دەبووایە سەرکەوتووانە ئەو ئەزموونە تێپەڕێنم. ڕەنگین ورمێ چەند جارێ پێی گوتم" گەر هیلاکی دەتوانین کەمێک ڕاوەستین" بەڵام من قەبوڵم نەکرد. گردێکی بەرز لە بەردەمماندا بوو، ئەو گردە منی ترساند، ڕوومان لەوێ کرد، ئەو ڕێگایە بەشەو تەنگتر بوو، سەرەنجام گەیشتینە سەر گردەکە، ئێژیتە خۆم بەدونیایەکی تر گەیاندووە، هەستم بەسووکییەکی سەیری جەستەم دەکرد. ژین ڕۆژهەڵات ئاوڕی دایەوە، پێکەنی و گوتی:

–بۆچی پێدەکەنی؟



–لەمەولا چیای لەم جۆرە زۆر دەبینی.

–بەڕاستتە!

–بەڵێ، ئەوە چییە؟

ڕەنگین ورمێ وشیاریی بێدەنگبوونی پێ داین. ئەو شەوە تا بەرەبەیان ڕێمان کرد، لە نێو دارستانێکی چڕ و تاریکی پاڵ چیایەکدا ڕاوەستاین، شوێنەکەمان وەکو بەهەشتی سەر ڕووی زەمین وا بوو، لە خۆشی ئەو دیمەنانە نەمدەتوانی چاو لێک بنێم و بنووم. سەرلەبەیانی قاسپەقاسپی کەو دەوروبەرمانی پڕ خرۆش کردبوو، دەیانقاسپاند و لە شەقەی باڵیان دەدا و دەفڕین. گەڵاکان بەشنە بایەک دەوەرین و بەوەرینیان خشەخشێکی ناسکیان لێوە دەهات، یەک ڕیز دەبوون و دیمەنێکی جوانیان دەنەخشاند. بەرەبەیانیکی فرە ئارام بوو، کەشەکە مرۆڤی مەست دەکرد. ژین ڕۆژهەڵات لە تەنیشتمەوە خەوت، دەموچاوی بەکەفیەکەی داپۆشیبوو و چووبووە خەوێکی شیرین و قووڵەوە، گەرەکم نەبوو بنوێت، دەمویست زوو ڕا بێ و قسە بکەین، کەچی بەئاگا نەدەهاتەوە. ڕەنگین ورمێ چەند هەنگاوێک لەولاوەترەوە دانیشتبوو، قەڵەمێکی پێ بوو، شتی دەنووسی، ڕوخسارێکی سەرنج راکێش و ئارامبەخشی هەبوو. دوای ئەوەی نووسینەکەی تەواو کرد، دەستی بەخوێندنەوە کرد، یەک چرکەی بەهەدەر نەدەدا، یەکبین کاری دەکرد.

ڕۆژ پێوە بوو بەتەواوەتی ڕووی خۆی دەردەخست، هەموو شەڕڤانان ڕابوون، کاتی قاوەڵتی بوو، دوو شەڕڤان چایان ئامادە دەکرد، قۆریەکی رەشیان لەسەر کوانووەکە دانابوو، دوو شەڕڤانی تریش خواردنیان ئامادە دەکرد، زەوی سفرەی خواردنمان بوو، زەیتون، پەنیر، نان و چا دانرابوون. ژین ڕۆژهەڵات بەگوێمدا چرپاندی:

–مرۆڤ تامەزرۆی لەم چایە ناشکێت.

دامانە قاقای پێکەنین. پەریا بەچاوێکی پڕ ئیرەییەوە سەیری هەردووکمانی کرد، من تاسووقەوە قومێکم لە چاکە دا، چێژی پێ بەخشیم، هێندە بەتام بوو، وامدەزانی یەکەمجارە چا دەخۆمەوە، ژین ڕاستی کرد، مرۆڤ تامەزرۆی لەو چایە ناشکێ، چاکم دێتەوە یاد، سێ پەرداخی گەورەم خواردنەوە، لە دوای چاکە، میدیا جگەریەکی پێچراوی بۆ ڕاداشتم، نەمکێشا. هەڤاڵان دەستێک جلی شەرڤانییان پێ دام، بەپەرۆشەوە جلەکانم پۆشین، پشتێنێکی رۆژهەڵاتیانەشم لە کەمەرم پێچا. ژین رۆژهەلات هاتە لامەوە و گوتی:

–لەسەر خێر.

–سوپاس.

–زۆر لێت جوانە.

–خەونەکەم هاتە دی.

–هەموو خەونەکانت دێنە دی.

–بۆیە منیش ئەم ڕێگەیەم هەڵبژارد.

–با بچین بەڕوو کۆبکەینەوە.

–با بچین.

من و ژین لە گروپی شەڕڤانان دوورکەوتینەوە، ڕۆچووینە نێو قوڵایی دارستانەکە، بەڕووە سوورەکانی ژێر دارەکانمان کۆکردنەوە، دوو کۆڵەپشتییمان پڕ کردن و گەڕاینەوە. بەڕوومان لەسەر ئاگر برژاند و خوارد.

رۆژ لە زەردەدا بوو، سێبەری چیاکان درێژ دەبوونەوە، هەتاوی پایز پێوە بوو لەسەر لوتکەی چیا بڵندەکانەوە ئاوا دەبوو، دیمەنێکی نارنجیی لە پاش خۆی بەجێ دەهێشت، بەڕادەیەک دڵگیر بوو، ئارامیی بە دڵ و نیگاکانمان دەبەخشی، لە ئاست ئەو دیمەنەدا گەرەکم نەبوو چاو بترووکێنم. شتومەکەکانمان کۆکردنەوە، بەر لەوەی ئەوێ جێ بهێڵین

پاشماوەی ئاگر و جێ دانیشتنەکانمان پەنهان کردن. هەر ڕۆژەی فێری پلانێکی تری گەریلا دەبووم، کارێکمان دەکرد کەس شوێن پێمان هەڵنەگرێتەوە. ڕەنگین ورمێ بەزەردەخەنەوە هاتە لام، حاڵی بووم دەیەوێ شتێکم پێ بڵێ، خۆم لێ نزیک کردەوە، پەریا و ژین ڕۆژهەڵات سەیریان کردین و پێکەنین. ڕەنگین گوتی:

-هەڤاڵ ڕووناهی.

-فەرموو هەڤاڵ.

-بۆ ڕۆیشتنی ئێوارە ئامادەی یان نا؟

-ئامادەم!

-دەبێ بزانی، کە ڕێگاکە زۆر دوورە.

-چەندیش دوور بێت ئامادەم.

-زۆر باشە.

ئەو شەوە تا دەمەوبەیان ڕێمان بڕی، قاچم خوێنی لێ هاتبوو، وەلێ بەکەسم نەگوت، پاش سێ شەو و سێ ڕۆژ بۆ بارەگاکەمان گەیشتین. گروپێک لە هەڤاڵانی ژن پێشوازیان لێکردین، سڵاومان لە یەکدی کرد، نازانم لەبەرچی بوو بەڵام لە ناخەوە هەستم بە ئیسراحەتێکی زۆر دەکرد، دەمێک بوو لەو بەختەوەرییە دەگەڕام، کە هیچ وشەیەک ناتوانی پەی پێ بەرێت. لە ئەکادیمیای پەروەردەی شەهید بێریتان بووین، ئاکادیمیاکە لە قەدپاڵی چیایەکی بڵندا بوو، هەموو جۆرە کتێبێکی لێ بوو، کتێبەکانی نێو کتێبخانەی ئەکادیمیاکەیان پێ ناساندم، کتێبی فەلسەفی، مێژوویی، هونەریی، کەلتوری و سیاسی لێ بوون، من نەمدەتوانی بیانخوێنمەوە، لەبەرئەوەی نەخوێندەوار بووم. ئێمە شەش ژن بووین، کە لەوێ خولی پەروەردەمان دەبینی. هەموو کەسێ وەکو مێرووله کاریان دەکرد، تەنانەت خولەکێکیان بەهەدەر نەدەدا، هەموو چەمکێکیان سەرلەنوێ شرۆڤە دەکردنەوە، لە ماوەیەکی کورتدا فێری خوێندن و نووسین بووم، ئیدی بەزمانی خۆم دەمخوێند و دەمنووسی.

هەستم بەشانازی و سەربەرزی دەکرد، بەو هەستەوە دەژیام. لەوێ، بەر لە هەموو شتێک فێری ڕازی ئازادیی بووم، دڵم کرایەوە، مێشکم ڕووناک بۆوە، متمانەم بەخۆم بەدەست هێنا و تێگەیشتم، کە باوەڕ هێندەی بوونی مرۆڤەکان گرنگە، ئەوەی مرۆڤ واتادار دەکات، باوەڕ و تێکۆشانە بۆ ئازادیی. لەوێ مرۆڤ دەست بەبینینەوەی کەسایەتی خۆی دەکات، سەرەتا لەسەر ئەوە گفتوگۆ کرا، کە بۆچی ناوی ئەکادیمیاکە" ئەکادیمیای شەهید بێریتان " ـە، دواتر خولێکی شەش مانگیمان لە خودناسین و خودوشیارکردنەوە دەست پێکرد، پاش تەواو بوونی خولەکە، بەڵگەنامەمان وەرگرت و بەشداری تێکۆشانی گریلایی بووین، بێگومان بارمان گران بوو، لەبەرئەوەی هەم ژن بووین و هەم کورد، بەڵام ڕێبازەکەمان ڕێبازی حەقیقەت بوو، ڕاستیی لە خودی خۆماندا بوو و خاوەنداریمان لێ دەکرد، ئەگەر مرۆڤ خاوەنداری لە ئەرکەکانی نەکات، ناتوانی خاوەنداری لە هیچ شتێک بکات. ئەوانەی بێ دەرفەتیی وەکو چارەنووس دەبینن، ناتوانن باسی ئازادیی بکەن. بێ چارەیی قەدەری مرۆڤ نییە، ئەوە مرۆڤە، کە دەرفەت دەخوڵقێنێت. باجی ئازادیی گرانە، وەلێ ئازادیی شایانی هەموو قوربانییەکە، ئەوانەی واتای ئازادیی نازانن، ناتوانن هیچ بکەن.

دیسانەوە کۆکەیەکی قورس هاشاوڵی بۆ شیرین هێنا، هەناسەی توندبوو، قومێک ئاوی خواردەوە، بەڵام کۆکەی بەردەوام بوو. سەمیرە دەستی خستە بن سەری و کەمێک بەرزی کردەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. سەمیرە ئارەقەکەی سڕییەوە، شیرین گوتی:

-سەمیرە ماندبوو بووم.

-تۆزێ پشوو بدە.

-دەمویست پرسیارێکت لێ بکەم.



-چییە؟

-قسەت لەگەڵ ئاسۆ کرد؟

-بەڵێ.

-سڵاوی دایکت پێگەیاند؟

-بەڵێ ! زۆر بەگەرمی هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات، نایەوێ لێم دووربکەوێتەوە.

-بەڕاستتە؟

-بەڵێ، ناوی دایکمی لیم پرسی، کاتێ باسی ماڵەوەمان کرد، خەم دایگرت، دواتر خۆشحاڵ بوو، داوام لێ کرد بنەماڵەکەیانم پێ بناسێنێ، بەلام گوتی" دواتر"

-باشە، باش.

-ئاسۆ زۆر زیرەکە.

-ڕاستە!

-بەردەوام هەڵبەست دەنووسێت.

-تۆ هەڵبەستەکانیت خوێندوونەتەوە.

-بەڵێ.

-بەلای تۆوە چۆنن، جوانن!

-ئاخ ئاسۆ ئاخ...

-خۆزگە زمانی خۆی نەبڕیایە.

-کێ دەزانێ چەند ئازاری چەشتووە.

-زۆر بۆ دادگایی کردنم نەماوە.

-سەمیرە ئازادت دەکەن.

-نازانم!

-نا، نا با دڵت ئاسوودە بێت.

-نامەوێ بڕۆم و بەجێت بهێڵم.

شیرین لە ماندووییدا چاوەکانی لێک نا و وردە وردە خەو بردییەوە.

* * *

لە خۆشحاڵییدا تەنانەت ژوورەکەش بەخرۆش کەوتبوو، سەمیرە و پەریا ئازاد کران، سەمیرە بێ دەنگ و پەریا خەمبار بوو، هەڤاڵانی دیکەش خۆشحاڵ بوون، بە یەکدیان دەگوت" دوو هەڤاڵمان ئازاد کران" شیرین سەمیرەی لە ئامێز گرت، کاتێ گەیشتە پەریا و باوەشی لێ وەرنا، پەریا دەستی بەگریان کرد و گوتی:

-هەرگیز لەیادت ناکەم.

-لە جیاتی من باوەش بەسینەم دمدمی بکە و ماچی بکە.

-باسی ئەو حەسودەم بۆ مەکە!

-پێی بڵێ، شیرین زۆر بیری کردووی.

-بەدڵنیاییەوە پێی دەڵێم.

-هەرچەندە داوای لە سێدارەدانم دەکەن، وەلێ دڵم لەلاتانە.

-سێدارەی چی شیرین؟ وا بیر مەکەوە.

-لەم وڵاتە هیچ شتێک مەحاڵ نییە.

-تۆ وەک هەمیشە، ئارام بە.

-پەریا گیان.

-گیان!

-لە جیاتی من ژین رۆژهەڵات لە باوەش بگرە، هەرگیز ئەوم لە یاد ناچێت.

-سڵاوی تۆ بەهەموویان دەگەیەنم.

-سەمیرەش لە یاد نەکەی.

-چۆن؟

-خاوەنداری لێ بکەن.

-خەمت نەبێت.

شیرین تا هێزی هەبوو پەریای لە باوەش گرت و ماچی کرد، بەشێوەیەک لە باوەشی گرت، دەتگوت نایەوێ بەری بدات، سەمیرە خۆی هەڵدایە باوەشی شیرین و گوتی:

-چۆن لێرە بەجێت بهێڵم.

-سەمیرە.

-بەڵێ.

-رێگەت کراوە بێت.

-نامەوێ برۆم.

-سەمیرە خۆت ئامادە بکە، خۆت سست مەکە.

-بێ تۆ...

-سەمیرە تۆ دەبێ تێبکۆشی و تۆڵەی خۆت لەوانە بکەیتەوە.

-چیم لە دەست بێ لە پێناوی تۆ دا، دەیکەم.

ئاسۆ بەچاوی پڕ لە ئەسرینەوە سەیری سەمیرە دەکرد، شیرین بەسەمیرەی گوت:

-تۆ ماڵئاواییت لە ئاسۆ کرد؟

-نا.

-بەشێوەیەکی جوان ماڵئاوایی لە ئاسۆ بکە، ئەو تۆی زۆر خۆشدەوێت، زمانی نییە بەڵام ناخی وەک گێژەڵۆکەیە.

-بەڵێ، ماڵئاوایی لێ دەکەم.

شیرین باوەشی بەسەمیرە دا کرد و گوتی:

- سەمیرە رێگەت کراوە بێ.

-تۆش ئاگات لە خۆت بێت.

-بیر لە من مەکەرەوە.

-چۆن بیرت لێ نەکەمەوە.

-سەمیرە سەردەمێکی سەخت و رێیەکی درێژ چاوەڕێتە.

سەمیرە بەهەنگاوی گران ڕووی لە جێگەی ئاسۆ کرد، ئاسۆ ئەوی بەهەموو هێزییەوە لە ئامێز گرت و گوتی:

-ئیییهههمم

دەیویست زۆر شت بەسەمیرە بڵێ، بەڵام سەمیرە لە ئاماژەکانی تێنەدەگەیشت. ئاسۆ کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و چەند دێڕێکی نووسراوی نیشانی سەمیرە دا.

"بە دایکم بلێ کاتێ ئاسۆ سڵاوی تۆی پێ گەیشت، زۆر خۆشحاڵ بوو. زۆر جار ئەوم لە خەودا دەبینی، تاکوو ئەو لە یادم نەکات، من لە یادی ناکەم. سەمیرە تۆم زۆر خۆشدەوێت"

سەمیرە جارێکی تر ئاسۆی لە ئامێز گرت و ماچی کرد.

دەرگاکە واڵا بوو، کاتی رۆیشتن هات. پەریا و سەمیرە بەدڵێکی غەمگینی ئاوێتەی خۆشحاڵییەوە دەرچوون. شیرین بەچاوی پڕ لە ئەسرینەوە بۆ نوێنەکانی پەریا و سەمیرەی دەڕوانی. بەر لە چەند رۆژێ لەیلا، زۆزان، ئاگرین و سیڤێش ئازاد کران، شیرین ئەو کاتەش پڕ بەدڵ پێکەنی، دەیلاواندنەوە، نەیدەویست هەڤاڵانی خەمبار بکات بەڵام رۆژ بەرۆژ،سات بەسات تەنیاتر دەبوو و لە پەتی سێدارە نزیکتر دەبۆوە. هەموو رۆژێ سێدارەیان دەهێنایەوە یادی و هەڕەشەیان لێ دەکرد. پەریا و سەمیرەش ئەوەیان باش دەزانی، بەڵام نەیاندەویست دڵی شیرین بئێشێنن.

کات، دەم و دەوران دەهات و دەچوو، رۆژ لە دوای رۆژ، مانگ دوای مانگ بەشێوەیەکی نائاسایی تێدەپەڕین، شیرین وەک نەمامێکی بێ ئاو وشکهەڵاتبوو، هێندە کێشی دابەزیو بوو، ئێژیتە خواردن و خواردنەوە بەگەروویدا ڕۆ ناچن. پێنج شەممەیەک، بێ دەنگی باڵی بەسەر هەموو زیندانەکەدا کێشا بوو، شیرین دوای ماوەیەکی درێژ خۆی لە ئاوێنەدا بینی، بەدەم زەردەخەنەوە تەماشای خۆی کرد و قژە درێژەکەی شانە کرد، ئاسۆ کتێبی دەخوێندەوە. جاروبار سەری بەرزەوە دەکرد، بەدەم زەردەخەنەوە بۆ شیرینی دەڕوانی.

شیندا دەرگای کردەوە و هاتە ژوورێ، گوتی:

-کچێ دەلێی پەریت! ئەو هەموو جوانییە چییە؟

شیرین بەپێکەنینەوە:

-شیندا، گاڵتەشمان پێ دەکەی.

-نا وەڵا، من بەزەحمەت تۆم ناسییەوە.

شیرین بەدەنگێکی نزم گوتی:

-وەرە، وەرە.

-چی بووە؟

-دەزانی؟

-نا.

-ئاسۆ.

-ئاسۆ چیەتی؟

- لەبەیانییەوە بەزەردەخەنەوە تەماشام دەکات.

-بەڕاستتە؟

-بەڵێ، منیش وا لە خۆم دەکەم ئاگام لێ نییە، زۆر کەیفی بەو حاڵەی من دێت.

-ئاسۆ زمانی مرۆڤایەتییە.

-زەردەخەنەی سەر لێوی هەموو منداڵانە.

-من قەت نەمبینیوە ئاسۆ قژی شانە بکات.

-شانەی ناکات.

-بۆچی؟

-نازانم.

–دوای چوونی سەمیرە زۆر خەمبار بووە.
–وایە!
–زۆر حەز دەکات قسە بکات بەڵام...
–هەڤاڵێتیی ئەو زۆر بەنرخە.
–بەرخودانییەکەی لە بەرامبەر ئەشکەنجەدا کەم وێنەیە.
–شیرین.
–چییە؟
–بۆچی بنەماڵەکەی قەت سەردانیان نەکردووە.
–نازانم.
–زۆر باش دەبێت ئەگەر رۆژێک بێنە سەردانی.
–تۆ باسی بنەماڵەت کرد، ئەمرۆ بنەماڵەکەی من دێن.
–بەڕاستتە؟
–بەڵێ، بەڵێ.
–سڵاویان لێ بکە.
–باشە، بە دڵنیاییەوە.
–لێیان بپرسە چ باسە.
–لێیان دەپرسم.
–با سڵاومان بگەیەننە هەڤاڵان.

لە کاتی قسەکردنی شیرین و شیندا، دەرگای قاوشەکە بەگرمەیەکی ناحەز کرایەوە، کە مرۆڤی ڕادەچڵەکاند:

–شیرین عەلەمهولی خۆت ئامادە بکە، سەردانییت هەیە.

شیرین ئامادەبوو. لەچکەکەی لەسەرکرد و لە قاوشەکە وەدەرکەوت، بەرپرسێک لەبەردەم دەرگە ئاوڕی دایەوە و بەدەنگێکی گڕاوی گوتی:

–تۆ زیندانێکی سێدارەی.

شیرین بێزاری نیشان دا:

–ئەوە کاری دادگایە، تۆ بە چ مافێکەوە ئەو بڕیارە دەدەی.
–ناچارم بیهێنمەوە یادت، بەپێی تاوانەکەت هەڵسوکەوت بکە.
–هیچ تاوانێکم نییە.
–تا ئێستاش باوەڕ ناکەی، کە لە سێدارەت دەدەین.
–بۆچی باوەڕ بکەم؟
–باوەڕ بکە، باوەڕ بکە.
–واز لەو زمان درێژیەی بهێنە.
–بەڕاستی من تا ئەمرۆ گیراوی مەحکوم بەسێدارەم زۆر بینیون، بەڵام کەسم وەک تۆ نەبینیوە، لێرە ڕاوەستە.
–بۆچی.
–تۆزێکی تر بنەماڵەکەت دێت.

دایکی شیرین، برازا و خوشکەکەی بەژوور کەوتن، شیرین و دایکی باوەشیان بەیەکتردا کرد. دایکی پتر لە دە جار شیرینی ماچ کرد، خوشکەکەشی بەهەمان شێوە، شیلانی بچکۆلە، خۆشەویستەکەی بەر دڵی پوورە شیرین، ئەستێرەکەی پووریێ، شیلانی جوان، گوڵەکەی شاهۆ، سوورە گوڵی چیای وڵات، هیوای دڵی گیراوێکی مەحکوم بەسێدارە بەهەنگاوە بچوکەکانی بەرەو لای شیرین هات، جاری یەکەم بوو پووری ببینێت، شیرین باوەشی پێدا



کرد و ماچی تێر ماچی کرد، شیلان بەکوردییەکی ڕوون و ڕەوان گوتی:

–پووریێ.
–بڵێ گیانی پووریێ، پووریێ بەقوربانت بێت.
–حەز دەکەم ماچت بکەم.

شیرین ڕووی خۆی بەلێوەکانی شیلانەوە نا، ئەویش تێر شیرینی ماچ کرد.

–پووریێ.
–بڵێ! ڕووناکی چاوی پووریێ.
–زۆرم خۆشدەوێی.
–وەی قوربانی خۆت و قسەکانت بم.
–پووریێ باوکم زۆر سڵاوت لێ دەکات.
–تۆش سڵاوی لێ بکە، شیلانەکەم.

دایکی شیرین بەخەمگینیی و چاوی پڕ لە ئەسرینەوە گوتی:

–کچەکەم شیرین.
–دایە مەگری، دایە گیان مەگری، با نەیارانمان خۆشحاڵ نەبن.
–کچەکەم رۆحت پێوە نەماوە.
–نە دایە باشم.
–کچەکەم بارودۆخت چی لێ دێت؟
–باش دەبێ دایە، باش دەبێت.
–کچەکەم باسی بڕیاری سێدارە دەکەم.
–سەری خۆت بەو مەسەلانەوە مەئێشێنە.
–دەڵێن لە سێدارەت دەدەن.
–نازانم دایە، ئەوانە بۆ ئەوەی لە ڕێبازەکەم پاشگەزم بکەنەوە گوشارێکی زۆریان بۆ هێنام و دەهێنن، داوام لە ئیوە ئەوەیە، کە هەرگیز مل کەچ نەکەن، بەرگری بکەن.
–کچم دوای ئەو هەموو ئەشکەنجەیە لێمان کراوە، قەت مل کەچ ناکەین.
–بەوە زۆر شادم، گەلەکەمان، ژنانی بێچارە و منداڵانی وڵاتەکەم سەردەکەون.
–بارودۆخت ئێمە دەترسێنێت.
–دایە، تا دوا هەناسە بەسەربەرزی دەمێنمەوە.

خوشکەکەی شیرین قسەکانیانی بڕی و گوتی:

–تۆ لە من گەورەتر بووی، هەموو ئەرکیماڵەوەت لە ئەستۆ گرتبوو، سەختیی زۆرت بینی، کاتێ ئەو رۆژانە دێنەوە یادم، دڵم ژان دەکات، داوای لێبوردن دەکەم.
–خوشکێ گیان، بیر لەوە مەکەرەوە، ئەو ڕۆژگارەشم بەیاد مەهێنەوە، کەمێ باسی دەرەوەم بۆ بکە، چ باسە؟
–هەڤاڵان دێن و دەچن.
–کامیان دێن؟
–سەما ئۆرامار و چەند کەسێکی تر.
–بارودۆخی سەما چۆنە؟
–باشە، زۆر باشە، سڵاویان بۆت هەبوو، سەما ئۆرامار دەیگوت، ئەگەر دەرفەتی هەبوو با نامەمان بۆ بنێرێت، ڕەنگین ورمێ چەند جارێک سەردانی کردین.
–زۆر خۆشحاڵ بووم.
–دەزانی کاتی بۆ ماڵمان دێن، شیلان گۆرانیان بۆ دەڵێ...
–بەڕاستتە؟

-بەڵێ.
-شیلان.
-بەڵێ پووری.
-گیانی پووری، کام گۆرانییەیان بۆ دەڵێی؟
-گۆرانی دەلیلە" دڵ دخوازێ هەرە جەنگێ"!
-چی تر؟
" -دایە خاتر ژ تە دخوازم"
-چی تر؟
" -هەڤالانۆ"
-دەی کوا گۆرانییەک بۆ منیش بچڕە.
-کامەیان بڵێم؟
" -دڵ دخوازێ هەرە جەنگێ"
شیلان بەدەنگە ناوازەکەی، کە وەکو کانیاوێکی خرۆشاو مرۆڤی مەست دەکرد، گۆرانییەکەی بۆ شیرین چڕی، ئینجا بەپێکەنینەوە پرسی:
-پوری خۆش بوو؟
-ڕووناکی چاوم فرە خۆش بوو، هەرگیز ئەو دەنگە خۆشەی تۆ لە یاد ناکەم.
شیرین بەخوشکەکەی گوت:
-باش ئاگاتان لە شیلان بێت.
-خەمت نەبێت، ئاگام لێیەتی.
-دایە کاتم نەما، تۆش ئاگات لە خۆت بێت.
-کچم ژنەفتم هەڤاڵێکتان زمانی خۆی بڕیوە، بارودۆخی چۆنە؟
-ئێستا باشترە.
– هەموو کەسێک کە ئێمە دەناسێت دڵی بۆ تۆ و هاوڕێکانت ژان دەکات.
-دایە با گەلەکەمان بزانێ، ئێرە سەد ئەوەندە لە دۆزەخ خراپتر و زەحمەتترە، بۆیە ئاسۆ زمانی خۆی بڕی، لە هەڵبەستێکی دا دەڵێ:
"مرۆڤایەتی زمانی هەیە
بەڵام ناجوڵێ و لاڵە
گوێیان لە هاوار و فیغانی
کوردان نابیستێ
من زمانم بڕی
بەڵکو لاڵی من شەرم بیانگرێ
بەڵکو لە زمانی خۆیان شەرم بیانگرێ
بێ زمانیی ئاسۆ زمانی بوونی کوردانە. لاڵبوونی ئەو هاوارێکی مێژووییە، هاواری کوردانە، پژانی زمانی کوردانە، بۆ ئەوەی منداڵان بەشادمانییەوە گۆرانی بڵێن ئاسۆ زمانی خۆی بڕی.
-شیرین.
-بڵێ دایە.
-لە جیاتی من ماچی بکە.
-باشە دایە.
کاتی دابڕان و ماڵئاوایی بوو، شیلان لە پووری دادەبڕا، بەر لەوەی بڕۆن، شیرین بەنە سوورەکەی دەستی لێ کردەوە و قژی شیلانی پێ بەست.
-شیلان گیان.



-بەڵێ پووری.
-هەمیشە قژت بەو بەنە ببەستە.
-باشە.
-ونی نەکەی ها.
-نا پووری هەرگیز ونی ناکەم.
-هەر کاتێ هەڤاڵانم بۆ ماڵتان هاتن، لە جیاتی من باوەشیان پێدا بکە و ماچیان بکە.
-باوەش بەهەموویاندا دەکەم.
ماڵئاواییان لە یەکتر کرد و لە یەکدی دابڕان، دایک و خوشکی شیرین دەستیان کردە گریان، دەستی ماڵئاواییان بۆ یەکتر ڕاوەشاند و بەهەنگاوی قورس وەدەرکەوتن.

❋ ❋ ❋

کات لە جووڵە وێستابوو، ڕۆژ، هەوا، هەموو شتێ گران گران دەبزوا، بارقورسییەکی سەیری دروست دەکرد، ڕۆژ کۆتایی نەدەهات، ئەو دۆخە شیرینی دەخستە نارەحەتییەوە. هەواڵی سێدارە تاکو دەهات گەرمتر دەبوو. دوایین جار کاتێ بۆ دادگا بردیان، دیسانەوە بڕیاری لەسێدارەدانیان بەروویدا دایەوە، داوای کردبوو بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام مۆڵەتیان پێ نەدا، نەیانهێشت پارێزەرەکەی بێتە هۆڵی دادگا، گیراوەکان دەیانگوت" ئێرە هۆڵی دادگا نییە، هۆڵی شانۆگەرییە"دادوەر نەیدەهێشت لە خۆی بەولاوە کەس قسە بکات، هەموو بڕیارێ لە دەستی خۆیدا بوو. شیرین لە دوایین دانیشتندا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی قسە بکات، ویستیان لە هۆڵی دادگا دەری بکەن، داوای قسە کردنی دووبارە کردەوە، دادوەر ناچار بوو مافی قسەکردنی پێ بدات.
-بەڕێز دادوەر.
-دەتەوێ چی بڵێی؟
-بەڕێز دادوەر، تا ئەمڕۆ ئێوە مافی قسەکردنتان پێ نەداوم.
-تۆ هیچ بۆ گوتن پێ نییە.
-بەڕێز دادوەر، ئێوە ناهێڵن من بەرگری لە خۆم بکەم.
-شتێکت نییە شایستەی بەرگریی بێت.
-با هەمە!
-ئەگەر داوای لێبوردن بکەی، ئەو کاتە مافی قسە کردنت پێ دەدەم.
-داوای لێبوردن لە چی بەڕێز دادوەر؟
-تۆ تاوانێکی گەورەت کردووە.
-من هیچ تاوانێکم نەکردووە.
-با تاوانت کردووە.
-دەمەوێ بەرگری لە خۆم بکەم.
-نە! بۆت نییە.
-بۆچی بۆم نییە؟
-سەرەتا داوای لێبوردن و پاشگەزبوونەوە بکە.

-بەڕێز دادوەر ئەوە چ دادوەرییەکە؟
-من نوێنەرایەتی داد دەکەم.
-ئەگەر وایە بۆ ناهێڵی قسە بکەم.
-دەبێ سەرەتا پەشیمانبوونەوەت ڕابگەیەنیت.
-بەڕێز دادوەر تۆ دەڵێی" نکوڵی لە بوونی خۆت بکە، پێ بەسەر ناسنامەی خۆتدا بنێ، گیانی خۆت بفرۆشە، مێشکت لە ناوبەرە، ئینجا مافی قسە کردنت پێ دەدەم" داخۆ ئەو کاتە مافی قسەکردنم دەدەیتێ بە مکورکارێکی دەدەی، کە چ جیاوازیەکی لەگەڵ مشکێکدا نەماوە؟ ئەگەر ئەو بکەم، کە تۆ دەتەوێت، هیچ پێویستییت بەقسەکردنی من نامێنێت.
-لەوانەیە ڕزگارت بێت.
-نە، ڕزگار نابم.
-ڕزگار دەبی.
-ئەو کاتە تا مردن چون مردوو دەژیم، تۆ دەتەوێ بمکوژی، ئینجا بەرم بدەی.
-بۆچی، تۆ بیر لە ڕزگاریی خۆت ناکەیتەوە؟
-نا بیر لە ڕزگاربوونێکی بەو شێوەیە ناکەمەوە.
-ئەی بیر لە ڕزگاربونێکی چۆن دەکەیتەوە.
-ڕزگارییەکی بەکەرامەت.
-کەرامەت، کەرامەت!
-بەڵێ.
-دەست لەو قسە پووچانە هەڵگرە
-نا، نا وا نییە دادوەری بەڕێز، ئەو کاتە دۆزەکەم بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت.
دادوەر دای لە قاقای پێکنین و گوتی:
-ئەو مشکە کوێرە دەڵێ چی؟!
-دەڵێم ئەم دۆزەی من دوایی نایەت.
-چەند ڕۆژێکت ماوە، کاتێ لە سێدارە درای هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت.
-ئەو دۆزە دۆزی گەلێکە بەرێز دادوەر!
-کاتێ چوویتە بەر پەتی سێدارە ئەو قسانە بکە.
– ڕاستە! ئێوە دەتوانن من لە سێدارە بدەن، بەڵام، ئایا دەتوانن ئازادیی لە سێدارە بدەن؟ ئەو هێزەتان هەیە؟ هەرگیز! ڕۆژێک دێت ملتان لەبەردەم ئازادییدا کەچ بکەن، ئایا بەلەسێدارەدانی ئیحسان فەتاحیان سەرکەوتن؟ هەرگیز! گەنجێکی ئاراراتیی وەکو حەسەن دەمیرتان لە سێدارە دا، بەمەبەستی خۆتان گەیشتن؟ هەرگیزاو هەرگیز. ئایا دەتوانن چیای ئاگری لە ناوبەرن؟ هەرگیز! ئێوە هەرگیز سەرناکەون، بەڕێز دادوەر! ئێمە سەردەکەوین، ئەوەش بزانن، کە من شتێکم نەکردووە بمباتە بەر پەتی سێدارە.
شیرینیان بەخێرایی لە هۆڵی دادگا بردە دەر و بۆ زیندانی ئەوینیان بردەوە. شیرین لەو ڕۆژانەی دواییدا مات و بێ دەنگ بوو. گوڵاڤ ئازاد کرا، شیرین، ئاسۆ و شیندا لە قاوشەکەدا مابوونەوە، هەرچەندە شیرین خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام بەردەوام دەینووسی، دەفتەر و قەڵەمەکەی هەڵدەگرت ولە بیر ڕا ڕۆدەچوو، ئینجا دەستی بەنووسین دەکرد:
ئەڤینداری ئازادیی، ژین ڕۆژهەلات:
چیت پێ بڵێم و چیت بۆ بنووسم؟ لەم دۆزەخە شەو و ڕۆژەی زیندانیشدا دڵم بێ پسانەوە بۆ ئێوە لێ دەدا. ساڵانی ڕابردوو، ڕۆژانی شادیی و بەختەوەری، پێکەنیمان لە سێبەری درەختەکانی ئەو چیا بەرز و سەرکەشانە دێنمەوە یاد، گەرچی ژانی ئەشکەنجەی ژووری



تاکەکەسیی لە جەستەمدا دەگەڕێت، وەلێ ئەو ئێش و ژانە یەک زەڕە کاریگەریی لەسەر بیر و باوەڕ و هەستم نەکردووە، ئەو سڵاوە گەرمەت ژیانی وەبەر هێنامەوە، من پێشترلە هەندێ کتێبدا باسی ژیانی گیراوی مەحکوم بەسێدارەم خوێندبوونەوە، لە ڕاستییدا فرە واتام بەو کتێبانە نەدەدا، ئێستا، کە خۆم گیراوێکی مەحکوم بەسێدارە، سێدارە! بەڵێ سێدارە، وشەیەکی سارد و تۆقێنەر، لە هەمان کاتدا ڕاستیی ئەم وڵاتە، لێرەدا بۆ ژیان تێدەکۆشم، لە بوونی خۆدا بەدوای هێز دەگەڕێم، سەبارەت بەلەسێدارەدانم یەکلابوونەتەوە و ئەو بڕیارەیان جێ بەجێ دەکەن. لەم ڕۆژانە هاتن و پێیان گوتم " خۆ ئامادە بکە، ئەمشەو دوایین شەوتە" بێگومان کەس نایەوێ لە سێدارە بدرێت، بەڵام کاتێ پێیان گوتم نەسڵەمیمەوە، بۆ ناو چاویانم ڕوانی و گوتم" هەر کاتێ بێن من ئامادەم" سەرم شۆرد و چاوەڕێیان بووم. ئاسۆ لەتێک پەنیر و پارچەیەک نانی بۆ هێنام، وەلێ بۆم نەخورا، پاش چەند خولەکێک لە نێو قاوشەکەدا دەستم بەهات و چۆ کرد، ئارەقەی سەر جەستەم لەبەرەوە وشک دەبۆوە، شیندا گەرەکی بوو لە تووڕەییدا هاوار بکات، نەمهێشت، لەوە تێگەیشتبووم کە ئازاری دەروونییمان دەدەن، هەرچەندە خەم و دڵتەنگییم زۆریش بن، بەڵام پەیامەکەم دیواری زیندانەکەی شکاندووە و گەیشتۆتە دەرەوە، ئێشی من چون سێڵاو هەستاوە و دەخرۆشێت، ڕۆحم لە نێو زەریای ئازادییدا مەلە دەکات. ژین، زۆر زۆر بیرت دەکەم، هەموو شەوێ میوانی خەونەکانی منی، چیاکان دەربازدەکەی و خۆت دەگەیەنیتە لام، بارودۆخت چۆنە؟ لەو باوەڕدام دڵە ئازادەکەت ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێت، هەر کاتێ ئەم نامەیەی منت خوێندەوە لە جیاتی من لەو دیمەنە ناوازانە بڕوانە، بیری جریوەی چۆلەکە، شەوانە سڕەی سیسرک و هاژەی خرۆشانی ئاوم کردووە، ئاگات لە خۆت بێت، سڵاو کیژی سەربەرز، سڵاو ڕووناکی رۆژهەڵات، سڵاو ژینی باوەڕمەند، لێم ببورە ئەگەر ڕۆژێک دڵم ئێشاندبی، بە هیوای ڕۆژی ئازادیی و بەختەوەریی...
شیرین بەهێواشی قەڵەمەکەی خستە سەر دەفتەرەکەی و ویستی کەمێ پشوو بدات، بەڵام ئاسۆ نەیهێشت، ئاسۆ بەزەردەخەنەوەدەنگێکی لێوە هات:
-هیییی.
شیرین تێنەگەیشت ئاسۆ دەیەوێ چی بڵێ، ئاسۆ دیسانەوە پێکەنی.
-هیی، کخ، کخ....
-ئاسۆ گیان.
-هیی..
-ئاسۆ گیان لێم ببوورە، تێناگەم دەتەوێ چی بڵێی؟
-هیییی.
-ئەوەی دەتەوێ بیڵێی لەسەر کاغەزێک بۆم بنووسە.
ئاسۆ سەری لەقاند و نوسی:
-سەمیرە....
-ئێ!
-سەمیرە خوشکی منە.
شیرین بەحەپەساوییەوە سەیری کرد و گوتی:
-نا، تۆ گاڵتە دەکەی؟
-بەڕاستییمە.
-من گومانم لە دایکی سەمیرە هەبوو، بەڵام هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەکردبوو.
-سەمیرە خوشکی ڕاستەقینەمە.
-بۆچی پێت نەگوت؟

–من بەئاگاییەوە پێم نەگوت.
–بۆچی؟
–سەمیرە کچێکی زۆر هەستیار و ناسکە، ئەگەر پێم بگوتایە زۆر خەمبار دەبوو و هەستی بەئازار و شکست دەکرد.
–پێموایە بتگوتایە باشتر دەبوو.
–دڵم نەهات.
–چۆن تێگەیشتی، کە خوشکی یەکن.
–ئەو رۆژەی بۆ سەردان ڕۆیشت، باسی کرد، دایکم لێی پرسی بوو، سەمیرە بە دریژیی باسی منی بۆ کردبوو.
–چۆن لە ماڵ دابڕای؟
–بابەتێکی دوور و درێژە، دواتر بۆت دەگێرمەوە، بەڵام....
–بەڵام چی.
–هەرگیز بەدەمم دا نایەت باسی ئەو کاتە بکەم....
–ئاسۆ گیان، دەمەوێ سەرگوزشتەی تۆ بزانم، بەڵام ئەگەر تۆ ناتەوێت، باسی مەکە.
–نا، باسی دەکەم.
–سوپاس.
ئاسۆ دەستی بەنوسین کرد و نیشانی شیرینی دەدا:
–کاتێ هەشت ساڵان بووم، سەمیرە هێشتا گاگۆڵکێی دەکرد، ساوا بوو، ئێوارەیەک نانمان دەخوارد، دایکم سەیری کردم و گوتی:
–کچم ناچار بتخەمە بەر کار.
لە ڕاستییدا من نەمدەزانی بۆ چ کارێک رەوانەی ورمێم دەکات، هەفتەیەکی نەبرد، دوو کەس هاتن لە ورمێوە هاتن و منیان لەگەڵ خۆیاندا برد، پارەیان بەباوکم دا، باوکم پارەکانی دەژمارد و پێدەکەنی، ئەو کاتە تێنەگەیشتم مەسەلە چییە، دایکم ئێخەی کراسەکەی دادڕی و هاواری کرد، نەدەبوا بۆ ورمیم بنێرێ، باوکم دەیگوت" حورمەت، خۆ نافرێت، بۆ سەردانمان دێتەوە"
دەمێکی گەیشتینە ورمێ، منیان ڕادەستی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند کرد، یەکەمین ڕۆژ پێیان گوتم" تۆمان کڕیوە، تۆ لێرە کار دەکەی"لە مەبەستیان تێنەگەیشتم، لەبەرئەوەی زۆر ماندوو بووم. ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوتم. ژنی ماڵەکە بەدەنگێکی ناحەز و تووڕەوە بەئاگای هێنامەوە و گوتی" تۆ بۆ خەوتن هاتووی؟ ئەو هەموو پارەمان داوە! هەستە دەی، زوو وەرە دەست بەکارکردن بکە"یەکسەر بۆ جێی کارەکەی بردم. شەش حەوت کچی تریش لە تەمەنی مندا لەوێ کاریان دەکرد. کارەکەی ئێمە دروستکردنی بەنی فەرش بوو، جاروبار بەسکی تێر و جاروباریش بەبرسێتی، خەو دەیبردینەوە. ژیانمان چەندین ساڵ بەم ڕەوتە بەردەوام بوو، تاکو ئەو کاتەی چوومە نێو ڕێکخستنەوە.
–بنەماڵەکەت قەت لێیان نەپرسیتەوە؟
–نا.
–بۆچی؟
–لەوانەیە ویستبێتیان لە یادم بکەن.
– لەو باوەڕدا بووی لە یادت بکەن؟
–بەڵێ سەمیرە بەمنی گوت: ناوی خوشکە گەورەکەشم ئاسۆیە، بەڵام ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لە دەستدا"بەوەدا تێگەیشتم، کە ئەوان وایان بەخوشک و براکانم گوتووە.
–ناڵێم چۆن وایان کرد؟



–سەمیرە هەندێک باسی بنەماڵەکەمانی کرد، دەوڵەمەندن و کوردبوونی خۆیان شاردۆتەوە، باوکم مرۆڤێکی کۆنەپەرست و فێڵبازە.
–هییی.
–سەمیرەیان هەندێ جیاواز گەورە کردووە.
–خۆزگە هەموو شتێکت بەسەمیرە بگوتایە.
–من بەو زمانە بڕاوەی خۆمەوە چۆن بمتوانیایە ئەو هەموو ئێش و ئازارەی بۆ بگێڕمەوە؟
–سەمیرە تۆی فرە خۆشدەویست.
–بەڵێ.
–ئەگەر دایکت بەمە بزانێت چی دەکات.
–نازانم!
–دێت یان نا؟
–باوەڕ ناکەم.
–بۆچی باوەڕ ناکەی.
–منیش نامەوێت بێت.
–بۆچی ئاسۆ گیان.
–نامەوێ من لەو بارودۆخەدا ببینێت.
–ئاسۆ گیان، تۆ زۆر هەڵبەستیشت نوسیوە.
–بەڵێ.
–هەموویان دەخوێنمەوە.
ئاسۆ بەپێکەنینەوە:
–زۆر دەبم.
–ئاسۆ گیان هیچ خەم مەخۆ.
ئاسۆ توند دەستی شیرینی گوشی، وەکو منداڵێک، کە خۆی لە ئامێزی دایکی بهاوێت، خۆی لە باوەشی شیرین وەر نا، لەهەمان کاتدا شیندا بەژوور کەوت و گوتی:
–چا ئامادەیە.
هەرسێکیان لە دەوری مێزەکە دانیشتن، گفتوگۆکانیان بەدەم چاخوارنەوە بەردەوام بوو.

* * *

شیرین لە دوا ڕۆژەکانییدا ڕۆژانەی خۆی لە دەفتەرەکەیدا دەنووسینەوە، بەسەرهاتەکانی بەهەموو وردەکارییەکەوە بەیان دەکردن. ئەمرۆش جارێکی تر دەستی دایەوە قەڵەم و دەفتەرەکەی. شیندا و ئاسۆش کتێبیان دەخوێندەوە.

٤ نیسانی ٢٠١٠

چەند ڕۆژێکە تەختەی شەترنجیان پێداوین، پێشتر بەهیچ شێوەیەک حەزم لەو یارییە نەدەکرد، بەدیتنی بێزار دەبووم، چۆن؟ لەبەرئەوەی پیاوان شەو و ڕۆژ یاریان دەکرد و ژنانیش کاریان دەکرد، پیاوانی گوند بەم یارییە کاتیان بەسەر دەبرد، خۆیان پێ سەرگەرم دەکرد، لە کاتی یاریکردندا پێوەندیان بەدنیای دەرەوە دەپچڕا. باوکم گیرۆدەی ئەو یارییە بوو، کاتێ دەستی پێ دەکرد ئیدی کۆتایی پێ نەدەهێنا، ئەو دۆخە دایکمی زۆر بێزار دەکرد و تووڕە دەبوو، وەلێ شتێکی لە دەست نەدەهات.

بەر لە چەند ڕۆژێ کاتێ تەختەی شەترەنجیان پێداین، من نارەزاییم نیشان دا، بێزار بووم و پێم گوتن " بیبەن، نامانەوێت"ئەو کەسەی تەختەکەی بۆ هێناین، بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردین وەکو ئەوەی پێمان بڵێ " ئێمە چاکەیەک دەکەین بەڵام ئەوە کەی وەڵامە!"شیندا خێرا هاتە لام و گوتی: " شەترەنج بۆ ئێمە زۆر باشە، با بیهێنن" شیندا لێی وەرگرتن و بۆ ژوورەکە گەڕایەوە، یەکسەر تەختەکەی دانا و بەردەکانی ڕیز کردن و بانگی ئاسۆی کرد "وەرە، وەرە، من لێت دەبەمەوە" منیش خۆم پێ نەگیرا و گوتم:" بۆ تۆ زۆرت حەز لەم یارییەیە؟" بێ بیرکردنەوە گوتی:" بەڵێ" منیش تا ئەو تەمەنەم دەستم بۆ بەردی شەترەنج نەبردبوو. ڕۆژانی یەکەم ئاسۆ و شیندا بێ بڕانەوە یارییان دەکرد، منیش سەیرم دەکردن. شیندا نەیدەتوانی لە ئاسۆ بیباتەوە، تووڕە دەبوو، مایەی سەرنج بوو، کە زۆر زوو فێری یاری شەترەنج بووم. مرۆڤ گەر مەبەستی بێ لە زینداندا لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا فێری هەموو شتێک دەبێت. ئەمرۆ من و شیندا پێکەوە یاریمان کرد، زۆر هەوڵی دەدا و خۆی ئامادە کردبوو لێم بباتەوە، بەڵام مەخابن من بردمەوە، بەر لە ماوەیەک کتێبی " جەنگاوەری ڕووناکی" پاولۆ کۆیلۆم خوێندبۆوە، ناوەڕۆکی ئەو بەشەی دەربارەی یاری شەترەنج بوو بۆ شیندام گێڕایەوە:

–دەزانی پاولۆ کۆیلۆ دەربارەی شەترەنج چی دەڵێ؟

–نا، نازانم.

–دەڵێ: " جیهان تەختەی شەترەنجە، بەردەکانی جوڵەی ژیانی ڕۆژانەمانن، ڕێسای یارییەکە ڕێسای سروشتن، ئێمە یاریزانەکانی بەرامبەر خۆمان نابینین، وەلێ دەزانین، کە هەردەم یاری دادوەرانە بەسەبر و بەدروستیی دەکرێت"

شیندا پێکەنی و گوتی:

–کۆیلۆ جوانی گوتووە.

–ڕاستە جوانی گوتووە، بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینەدا دادوەریی هەرگیز بوونی نییە، تەنیا لەسەر تەختی شەترەنجدا هەیە، سەرنجی ئەو وڵاتە بدە، کە تەختەی شەترەنجی دروست کردووە، بەپێی کۆیلۆ بەقەت مسقاڵێک دادوەریی تێدا نییە.

دوای ئەوەی لە شیندام بردەوە، ئاسۆ زۆر پێکەنی، من و ئاسۆ لە دژی شیندا هاوپەیمانیمان پێکهێنا، ڕاستتان دەوێت ئەو دۆخە بەدڵی شیندا بوو، لەوە بەولاوە منیش حەزم لە شەترەنج بوو، داخۆ گەر دایکم بزانێ یاری شەترەنج دەکەم، بۆچونی چی دەبێت؟

ئەمرۆ هەرگیز سێدارە مێشکمدا نەگوزەرا، لە دڵی خۆمدا گوتم: " لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ، کە لە سێدارە نزیک دەبمەوە، بۆیە بەخەیاڵمدا نایەت" سەرچاوەی ورەم ئاسۆیە، ئەو لاڵە، بێ زمانە بەڵام شادترین مرۆڤی ئەم جیهانەمە، جاری وا هەیە بەخۆم دەڵێم،



خۆزگە من و ئاسۆ پێکەوە لە دورگەیەکدا دەژیاین، شەو و ڕۆژ هەڵبەستەکانی ئاسۆم بخوێندنایەتەوە، هەرچەندە دەزانم ئەوە مەحاڵە، وەلێ، دەمێکی بەرەو سێدارە بڕۆی، ئەو خەیاڵانەش خۆشن، زۆر خۆشن...

بیری سەمیرە و ئەو هەڤاڵانەم کردووە، کە لێرە بوون و ئازاد کران، نیگەرانی دۆخی سەمیرە بووم، خۆشحاڵ بووم کاتێ زانیم سەمیرە گەیشتۆتە جێی خۆی، داخۆ کاتێ باسی منیان بۆ سینەم دمدمی و ژین ڕۆژهەڵات کرد، کاردانەوەیان نیشان دا؟ ڕوخسارییان چۆن بوو؟ چیان گوت؟ نازانم بۆ ئەو شتانە بەزەینمدا تێدەپەڕن؟ دەڵێن کاتێ مرۆڤ لە مەرگ نزیک دەبێتەوە هەموو شتێکی وەبیر دێتەوە. دوێنێ ناوی هەموو هاوڕێیانی منداڵییم هاتەوە یاد، تەنانەت شتومەکی نێو ماڵەکەمان، خانوەکەمان لە سەرووی گوند، لە پشت خانوەکەمان تاشەبەردێکی گەورە هەبوو و بنەکەی کەمێ بۆش بوو، کانییەک لە نێوان ماڵمان و ئەو تاشەبەردەدا هەبوو، زستانان ئاوی لێ هەڵدەقوڵا. خانوەکەمان لە چوار ژوور پێک هاتبوو، ژووری میوان، ژووری نووستن، ژووری دانیشتن و ژووری کاکەم، حەسارێکی گەورەی هەبوو دیوارەکانی بەبەردی گەورە و چوارگۆشە دروستکرابوون، تاڕادەیەک بڵند بوون، سەری حەوشەکە بە دارەڕا داپۆشرابوو، دەرگای حەوشەکەمان گەورە و لە دارین بوو، دارتوویەک لە گۆشەی ڕۆژهەلاتی ماڵەکەماندا بوو، تووی ڕەشی دەگرت، تووەکان هێندەی دانە زەیتونێک گەورە بوون. منداڵیم لە ژێر ئەو دار تووەدا گوزەرا، جار و بار لە وەرزی پێگەیشتنی توودا، لێوم بەئاوەکەی سور دەکرد، بەر لەوەی باوکم بیبینێت دەمشۆرد. خانوەکەمان بەوەستایی دروست کرابوو، وەکو داپیرەم دەیگوت " باپیرەت ئەو خانووەی لە چوار ساڵدا بەتەنیا دروست کرد" هەمیشە دەیگوت: " خانوو بۆ مرۆڤ ئارامییە، ئەگەر ئارامیی نەبێ ژیان واتای نییە"داپیرەم لە پێداگوتندا کەمێ زیادەڕۆیی دەکرد، دەیویست هەمووومان شوکرانبژێری باپیرەم بین، وەلێ بەڕاستیش خانوەکەمان خۆش بوو. کاتێ دار هەنجیرەکەمان گەڵای دەگرت، گوڵی دارهەنارەکان دەپشکوتن، دار بەهێی پشت خانوەکەمان، کە ڕەگەکەی تا بن تاشەبەردەکە دەچوو، گوڵی دەگرت، مرۆڤ هەستی دەکرد لە باخچەی بەهەشتدایە، هەر بۆیە داپیرەم ناهەقی نەبوو کە وای دەگوت.

دایکم لە دوایین سەردانیدا پێی گوتم: " ئەوە دوو ساڵە دار هەنارەکان گوڵ ناگرن" داپیرەم گوتویەتی: " دارهەنارەکانیش لەبەر شیرین شینیان هەیە، گوڵ ناگرن"کاتێ ئەوەم بیست زۆر خەمگین بووم، دارهەنارەکان هیچ ساڵێک بێ گوڵ نەبوون، لە وەرزی بەهاردا سوور دەچوونەوە، بە دایکمم گوت: " ڕەنگە بەهۆی نەخۆشیەوە بێت، نەک لەبەر من، با داپیرەم وا بیر نەکاتەوە و خەمبار نەبێت" زانیم دایکیشم هەمان بۆچونی هەیە.

من لە گەورەترین ژووری ماڵەکەماندا لە دایک بووم، دوو پەنجەرەی گەورەی تێدا بوو، تا ئەو کاتەی لە ماڵ دەرچووم سەعاتی دیواری ئەو ژوورە هەر مابوو، شەو و ڕۆژ چرکە چرکی بوو. دیواری ماڵەکەمان بەکلیم و جاجمی وێنەی حەزرەی عەلی و ئاسک ڕازابۆوە. لە دیوارەکەی دا تاقێکی بچوکی هەبوو، رادیۆیەکی کۆنی تێدا دانرابوو. دار هەنجیرێک لەبەردەم یەکێ لە پەنجەرەکاندا بوو، لەبەهاردا کاتێ لە بەردەم پەنجەرەکە دادەنیشتین، بۆنی دارەکەمان بەرووماندا دەهات، بۆنێکی هێندە دڵگیری هەبوو، مرۆڤ هەرگیز لێی تێر نابێ، دایمە لەبەردەم ئەو پەنجەرەیە دادەنیشتم و سەیری دەرەوەم دەکرد، لەم ڕۆژانەدا ئەو بۆنە خۆشەم دێەوە یاد.

* * *

١٠ی نیسانی ٢٠١٠

بەر لە سێ ڕۆژ جارێکی تر بانگیان کردمەوە، هەڕەشەیان لێ کردم، گوشاری زۆریان بۆ هێنام بۆ ئەوەی پاشگەز ببمەوە و داوای لێبوردنیان لێ بکەم، ڕەتم کردەوە، داوایان دەکرد لە هۆڵی دادگا بەملکەچی داوای لێبوردن بکەم، باش دەزانم، کە مەبەستیان لێبوردنی من نییە، بەڵکو مەبەستیان ئەوەیە لە کەسایەتی مندا، کوردبوونم، نەتەوەکەم و بەهاکانم، بێ نرخ بکەن، دەیانەوێ ژیانم بێ واتا بکەن، جاروباریش دەیانەوێ لە ماندوویيم کەڵک وەربگرن، لە ساتانەی ئامادە نیم شتێکم پێ بدرکێنن و ئامانجەکەیان بپێکن. درکم بەوە کرد، کە بەدوای دەرفەتێک دەگەڕێن، شەو و ڕۆژ بەدوای دۆزێکی بەو شێوەیەوەن. پێشینان لە خۆڕا نەیانگوتووە: " ئاو بخەوێ، نەیار ناخەوێ"لێرە لە ساتی لێپرسینەوەدا قسەی خۆش و نەرم دەکەن، دەیانەوێ باوەڕیان پێ بکەین، خۆیان بەشێوەیەکی دیکە نیشان دەدەن، بەڵام کاتێک سەیری نێو چاویان دەکەیت هەموو نادروستییەکانیانی تێدا دەبینی. ژین ڕۆژهەلات هەمیشە دەیگوت:" باوەڕ بەمرۆڤی بێ باوەڕ مەکە، لەبەرئەوەی ئەوانە جێی باوەڕ نین" بەراستیش وایە، هێندەی مسقاڵە زەڕەیەک باوەڕیان بەمرۆڤایەتی نییە، بەهایەکی پیرۆزیان نییە، تەنیا مەبەستیان ئەوەیە هەموو کەسێک بهێننە ئاستی خۆیان، هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بوو، بەڵام هەمیشە شکست دەهێنن و دەدڕۆێن.

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان داواکانیانم ڕەت کردنەوە. جارێک بەتوندی هەڕەشەی سێدارەیان لێ کردم، خۆ بەخۆ سێدارەیان کردۆتە پارچەیەک لە ژیانی ڕۆژانەم، کاتێ بانگم دەکەن دەڵێم ئەمە دوایین جارە!ماڵئاوایی لە هەڤاڵانی قاوشەکەم دەکەم و دەڕۆم.

دەمێکی داوای پەشیمانییم ڕەت کردەوە، چاومیان بەباندێکی رەش شەتەک دا و بۆ شوێنێکی نادیاریان بردم، چەندین سەعات لەسەر پێ ڕایانگرتم، سەرەڕای هەموو زام و ئازارەکانم، ڕووبەڕووی کردەوەی وەهایان دەکردمەوە، دەمی برینەکانم دەکرانەوە و خوێنیان لێ دەچۆڕان، ژان بەهەموو جەستەمدا دەسووڕا. سەرەتا هێڵنجم دەدا و دواتر کەوتم، سەرم بەر دیواری ژوورەکە کەوتبوو، دواتر زانیم ژوورەکە هەواکێشی نەبوو، گێژ دەبووم، دەمویست تا هێزم تێدایە بقیڕێنم، دەتگوت زمانیان بڕیوم، دەنگم دەرنەدەچوو، باندەکەم لە چاوم کردەوە، ژوورەکە زۆر تاریک بوو، چاو، چاوی نەدەبینی، لە خۆم کەوتمە گومانەوە، دەمگوت: " چاوم پێوە نەماوە یان کوێر بووم؟ " دەستم بەدیوارەوە گرت و بۆ دواوە ڕۆیشتم، سەرم بەر دیوارەکە کەوت و بەپاشدا کەوتم، زۆرم تینوو بوو، زمانم لە تینوێتیدا ئاوسا بوو، دەمم وشک ببۆوە، ئێشی قاچم هەر وەکو خۆی بوو، بۆنێکی جیاواز گەرووی دەسوتاندم، نازانم ئەو بۆنە چی بوو، لە بۆنی سیر دەچوو، زۆر تیژ بوو، دەرگایان کردەوە:

–تۆ هێندە کەللەڕەقی؟

–کەللەڕەق نیم.

–پێت دەڵێین قسەیەک بکە و خۆت ڕزگار بکە بەڵام تۆ...

–ئێوە دەستەواژەیەکتان لە من ناوێت.

–چیمان لێت دەوێت؟

–ئێوە کەرامەتی گەلێکتان لێم دەوێت.

–دەست لەو شتە شێت و وێتانەیە بەردە.

–ئێوە یا بەشێت یان بە" تیرۆریست" مان دەناسێنن، بەڵام ئێمە کوردین و داوای کەرامەت و مافی خۆمان دەکەین.



–دەتەوێ لە سێدارە بدرێی؟

–نا.

–کەواتە ئەو هەڵوێستە چییە ؟

–لە جیاتی ئەوەی داوای لێبوردن بکەم و تا دوایی تەمەنم هەموو ڕۆژێک بمرم، لە سێدارەم بدەن باشتر نییە؟ ئێوە دەتوانن لە کەسایەتی مندا بۆ هەتایە گەلەکەم لە سێدارە بدەن.

–تۆ دەتگوت کەس ناتوانێ کورد لە سێدارە بدات.

–کاتێ داوای لێبوردن بکەم، هەتا هەتایە گەلەکەم لە بەردەم پەتی سێدارەدا دەبێت و منیش هەموو ڕۆژێک لە سێدارە دەدرێم...

–کەس نازانێ تۆ لە سێدارە دەدرێی.

–هەموو جیهان دەبیستێت.

–وازی لێ بێنن، بیبەنە ژوورەکەی تر.

بۆ ژوورێکی گەورەیان بردم، تا ئەو کاتە لە ژووری بەو گەورەییەدا نەبووم، پەنجەرەی گەورەی تێدا بوو، یەکێک لە پەنجەرەکانم واڵا کرد، هەیوانێکی گەورە دیار بوو، جموجۆڵێک لە هەیوانەکەدا هەبوو، چاوم باش نەیدەبینی، بەلەچکەکەم چاوم سڕییەوە، ژنێکی قەڵەوم بینی، ڕووتیان کردبۆوە، لە نێوان دووکەسدا بوو، بۆ شوێنێکی نادیاریان دەبرد، بەدەم ڕۆیشتنەوە لێیان دەدا، بەڵام هیچ نەدەگریا، تەنیا ئاو لە چاوانییەوە دەهاتە خوار، دیار بوو پێیان گوتبوو، نابێ هاوار بکەی، هێشتا دیمەنی ئەو ژنە لە بەرچاوم بوو، هاتن بۆ قاوشەکە، بۆلای ئاسۆ و شیندایان بردم، لە ڕیگە پێیان گوتم: " ئەو ژنەی بینیت ئەمشەو لە سێدارە دەدرێت"گوێم پی نەدان و بێ دەنگ بووم.

من هیچتان پێ ناڵێم: گیراوێک لەبەر سێدارەدا بێت، نایەوێ زۆر قسە بکات و وەڵامی هەموو پرسیارێک بداتەوە. شینداش کاتێ پرسیاری لێ دەکردم خۆم لێ گێل دەکرد. مرۆڤ هەست بەبارێکی گران دەکات، وەلێ هەست و ئاسۆی مرۆڤ ڕوونتر دەبنەوە. چی دەبینم، دەبیستم و دەخوێنمەوە لە زەینمدا دەچەسپێ و لەیادی ناکەم. دەمەوێ شەو و ڕۆژ بنووسم. دەمێکی دەست بۆ قەڵەم دەبەم، هەست بەئارامی دەکەم.

کاتێ گەڕامەوە ژوورەکەم، ئاسۆ بەسەرسوڕمانەوە بۆی ڕوانیم، لە بەرخۆیەوە ورتەورتێکی لێ هات، لێی تێنەگەیشتم، پاشان تێیگەیاندم، کە نزام بۆ دەکات، بەئاماژە قسەمان کرد، هات و توند باوەشی پێدا کردم:

–چۆنی؟

–باشم.

–زۆر پەرۆشت بووم.

–خەم مەخۆ، ئەوە نییە لەلاتم.

–ئەمجارەیان زۆر ترسام.

–ئاسۆ گیان.

–هیی

–تۆ زۆر ئازاری خۆت دەدەی.

–نا، نا...

–ناتوانن هیچم لێ بکەن.

–گوتم ئامجارەیان بەڕاستی بۆ لەسێدارەدانیان بردی.

–گوتیان دەتبەین، بەڵام بۆ ئەشکەنجەیان بردم.

–من پرسیارم لێ کردن، گوتیان، چاوەڕێی مەبە لە سێدارەمان دا.

–لە ئێستا بەدواوە گوێیان لێ مەگرە و باوەڕیان پێ مەکەن.
–من نزام بۆ کردی.
–سوپاس ئاسۆ گیان.
–خەم مەخۆ.
–ئاسۆ گیان.
–بەڵێ.
–ئەمرۆ گەرەکم نەبوو لەسەر سێدارە قسە بکەم، وەلێ دەمەوێ هەستی خۆم لەگەڵ تۆ بەش بکەم. لەو ڕۆژەوەی ڕێگەی تێکۆشان بۆ ئازادییم گرتە بەر، خۆم بۆ هەموو شتێک ئامادە کردووە، بەڵام ڕاستت دەوێ هەرگیز بیرم لە سێدارە نەکردبۆوە، ئەمرۆش دەبینی، کە لە سێدارەدانم زۆر نزیکە، هەموو ڕۆژێ وەکو شوریێک لەسەر سەرم دەیسوڕێننەوە و دەیانەوێ سامێک لە ناخی مندا دروست بکەن، سامێکی جیاواز، لە هیچ سامێکی دیکە ناچێت، جیاوازە، کاتی دیار نییە، تا ئەمرۆ لەو باوەڕەدا نەبووم لە سێدارەم بدەن، ئیدی لە بڕیارەکەیان دڵنیا بوومەوە، منیش ئامادەم، هەر کاتێ بچمە بەر پەتی سێدارە ناهێڵم ئەژنۆم بلەرزێت.
–دوێنێ گوێم لە رادیۆ گرت، سەمیرە نامەیەکی نارد و باسی تۆی دەکرد، دەیگوت: " ڕێگریی لە لەسێدارەدانی شیرین بکەن، دەبێ منیش شەو و رۆژ بۆ ئەو مەبەستە کار بکەم" هەروەها گوتی " ئەو بابەتە دەخەمە ڕۆژەڤی ئاستی نێونەتەوەییەوە..".
–خۆزگە گوێم لە نامەکەی سەمیرە بوایە.
–لەوانەیە جارێکی تریش نامە بنووسێت.
ئاسۆ بۆ من خەمبار بوو، هێندەی لە دەستم بێ لەبەردەمی پێدەکەنم، باسی ئێش و ئازاری خۆمی بۆ ناکەم. ئاسۆ ڕووی گەرمی مرۆڤایەتی و ویژدانی ڕۆژهەلاتی ناوینە.
ئەمرۆ دەی نیسانە و زستان کۆتایی هاتووە، بەهار دەستی پێکردووە، لێرەش هەموو وەرزەکان لە یەکدی دەچن، ساڵ دوازدە مانگ ئەشکەنجە هەیە، لە ژوورەکەی ترەوە زانیاریان پێ دام، کە ژنە قەڵەو و ڕووتەکەی چەند ڕۆژ لەمەوبەریان لە سێدارە دا. کاتێ ژنەفتم لە دڵی خۆمدا گوتم" لە سێدارەدان لەم وڵاتە لەهیچ وڵاتێکی تر ناچێت، بەر لەوەی لە سێدارەت بدەن، ڕووتت دەکەنەوە و ئەشکەنجەت دەدەن"فرمێسکی بێدەنگی چاوە ئاوەساوەکانی، هاوارە بێدەنگ و برینداڕەکانی، قژە ڕەشە قەترانییەکەی، نیگا بێ هیوا و نیوەچڵەکانیم هەرگیز لە بەرچاو لاناچن، لەو ڕۆژەوە بێ بڕانەوە بیرم لە سێدارە دەکردەوە و بە قووڵی نوقمی بیرکردنەوە بووم. دوایین جار لە دڵی خۆمدا گوتم: " لەم دنیایەدا ناچاریی چەندە دژوارە"!
١١ ی نیسان ٢٠١٠
ئارامیی، چ هەستێکی خۆشە، بەرەو بەختەوەرییەکی ناکۆتات دەبات و دەروازەی نوێ لەسەر مرۆڤ دەکاتەوە، ئەمشەو لەنێو ئەو هەستە ئارامبەخشەدام. ئاسۆ هەڵبەستەکەی خۆی بۆ هێنام، کە بەناوی: " مێرووە پیرۆزەکەم" کاتێ خوێندمەوە بەڕاستی خوێن لە جەستەم شەپۆلی دەدا و جۆشێکی بێ وێنە سەراپای گیانی داگرتم، هەڵبەستێکی زۆر جوان بوو. ئاسۆ قسەی لەگەڵ مێرووی پیرۆزدا دەکرد. مێرووی پیرۆز لە خەوێکی قوڵدا بوو، ئاسۆ بە وتەکانی لە خەوی مردن وشیاری کردەوە، وەلێ مێرووی پیرۆز زیز ببوو، نەیدەویست بفڕێت، نەیدەویست ڕێ بکات و داواکەی ئاسۆ بەجێ بهێنێ، ئاسۆش بێ ئەوەی هەست بەماندووبوون بکات دەستەواژەی دڵڕفێنی ڕیز دەکرد، تا ئەو کاتەی مێروو دەستی بەفڕین کرد. ئاسۆ دەڵێ، من بەهەڵبەستەکەم ئەوم هەڵفڕاند، دەستەواژەم خولقاند و فڕاندم. ئاسۆ وەستای وشە و دەستەواژەیە، خەزێنەی دێڕ و هەڵبەستە، بەدەستەواژەکانی سەرنجڕاکێشن،



مرۆڤ دەهەژێنێت و مەستی دەکات. هەر کاتێ هەڵبەستەکانیم بخوێندایەتەوە، باڵم دەگرتەوە و بەرەو ئەستێرەکان دەفڕیم، چاوم بەر ئەستێرەکان دەکەوت، فرمێسکی بەختەوەری و شادی ئەستێرەکان بەسەر قژمدا دەباری، هەموو بارگرانییەکانم سووک دەبوون، خۆم لەسەر شەپۆلە بێ سەر و بنەکانی دەریایەک دەبینییەوە. ئاسۆ وەکو هۆمیرۆسە، ڕوو لە سروشت دەکات، ڕۆدەچیتە نێو قوڵاییەکانی، بەگوێی خاکدا دەچرپێنێ، دلۆپی باران دەلاوێنێتەوە، ناڵەی خاک و دار و بەرد دەبیستێ و بەوشەکانی، بەچوارینەکانی باری سروشت سووک دەکات. ئەو رۆژە ئاسۆ هاتە لام، قەڵەمەکەی لە دەستیدا بوو و پێدەکەنی، گوتی" من زمانم لە دەست دا بەڵام قەڵەمم بەدەست هێنا"ئاسۆ هەموو شتێک واتادار و بەهادار دەکات.
ئەمشەو پەنجەرەکەم کردەوە و سەیری دەرەوەم کرد، ئاسمان سایە و ڕوونە. ئەستێرەکان چڕ و گەشن، دەبریسکێنەوە، شەو خامۆش و بێدەنگە، بۆنی بەهار دێت. شیندا هاتە لام، قسەمان کرد و پێکەنین، باسی برینداریيەکەمم بۆ شیندا کرد:
–تازە چووبوینە چیا، زۆر بەجۆش بووم، بۆ ئەوەی خۆ بخەمە بەرچاوی هەڤاڵانەوە و خۆ خۆشەویست بکەم، لێرە و لەوێ هەڵپەم بوو. فرە خۆم ماندوو دەکرد، وەلێ هیچ خەمم نەبوو، چێژم لە ئاوهێنان وەردەگرت، دەمێکی دەچوومە سەر کانی، تەنێ بۆ ئاوهێنان نەدەڕۆیشتم، بەڵکو چێژم لە چوونەسەرکانی دەبینی، لە هەر شوێنێ بووینایە و ئاومان نەمایە، خۆم بەبەرپرسیار دەبینی. ژین رۆژهەڵات بانگی کردم" چا لێ دەنێین، ئاومان نەماوە" . یەکەوڕێ دەستم دایە دەبەکان و ڕووم لەسەر کانی کرد. گوتم:
–من دەمەوێ بچم.
ژین رۆژهەڵات پێکەنی:
–تۆ جێی کانی نازانی، چۆن دەچی؟
–ڕێگام پێ بڵێ خۆم دەچم، کانییەکە دەبینمەوە.
–باشە، تۆ لەو بەرزاییەوە تێپەڕێ، تاشە بەردێکی گەورەت دێتەپێش، لە نزیک تاشەبەردەکە پوورەهەنگ دەبینی، سەیری پوورەهەنگەکە بکە و شوێنیان بکەوە، کاتێ پوورەهەنگەکە ون بوو، ڕێیەکی تەنگ دەبینی، بەر لەوەی بکەویتە سەر ئەو ڕێیە، قاچی ڕاستت دانێ، ئەوەت بەدڵنیایەوە لە یاد نەچێت، ئەگەر قاچی چەپت لە پێشدا دانا کانییە نابینیتەوە، لە کاتی رۆیشتندا قەت سەیری خوارەوە مەکە، بەردەوام سەیری سەرێ بکە، بەر لەوەی خۆت بگەیەنیتە ئەو سەری ڕێیە تەنگەکە، دار هەنجیرێک لە بەردەمتدا قوت دەبێتەوە، ڕەشەمارێکی لە سەرە، ژێر سکی زەردە، مارەکە بۆت دەڕانێت، تۆ دەرزییەک دەربهێنە، خۆتی لێ گێل بکە و بەژێریدا تێپەڕە، گەر مارەکە زانی تۆ ئەوت بینیوە، دوات دەکەوێت، کاتێ گەیشتیە سەر ڕێیە تەنگەکە، دارمازوویەک دەبینی، ئەو دارە زۆر کۆنە، هەناوی کونە، هێلانەی چۆلەکەی ڕەشبەلەکی لەسەرە، لەسەر ئەو هێلانەیەش، هێلانەی چۆلەکەی سنگ زەرد هەیە، لەسەر ئەوانیشەوە هێلانەی کۆتر هەیە، هەموو هێلانەکان هێلکەیان تێدان، ئەگەر ژمارەی هێلکەی هەر هێلانەیەک بزانی، دەگەیتە نیوەی ڕێگە، گەر ئەو ئەزمونەت تێپەڕاند دە خولەکی تر دەرۆی، لە دوورەوە دارسنەوبەرێکت لێ دەردەکەوێت، چەند بەرەو ئەو دارە بچی، ئەو پتر لێت دوور دەکەوێتەوە، ڕەنگە حەوت شەو و حەوت رۆژ بڕۆی، ئینجا خۆت دەگەیەنیتە ئەو دار سنەوبەرە، کاتێ گەیشتی دەبێ پێبکەنی، ئەگەر پێنەکەنی، ئەو کانی وشک دەبێ و بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێیتەوە.
کاتێ ژین رۆژهەڵات دوایین قسەی کرد، هەموو بەدەنگێکی بەرز پێکەنین، هەڤاڵان ئاویان هێنابوو، چاکەشیان دەم کردبوو. ژین رۆژهەڵات ئەو چیرۆکەی بۆ ئەوە درێژکردەوە، کە من بۆ ئاوهێنان نەچم، منیش چیرۆکەکەیم پێ خۆش بوو، بەسەرنجەوە گوێم بۆ ڕادێرا.

ئاخ، ژین ئاخ، زۆر بیرم کردووی، پێکەنینە گەرمەکەی، ئەو چاوانەی هیوایان لێ دەباری، نیگا پڕ متمانەکەی، تورەیی لە ژێردەستیی. ژین رۆژهەڵات کچێکی چیایی، کچێکی مێشک و دڵئازاد بوو.

دوای ئەوەی من و شیندا تێر سەیری ئاسمانمان کرد، بۆ لای ئاسۆ گەڕاینەوە، چا ئامادەبوو و پێکەوە چامان خواردەوە. کێ دەزانێ؟! ڕەنگە دوایین چا بێت!

١٣ ی نیسانی ٢٠١٠

دوینێ ئاسۆ پێی گوتم: " دیار نییە چی دەبێ، نابێت! نامەیەک بنووسە"کاتێ ئەوەی گوت، هەستم بەرووخسارە خەمگینەکەی کرد، چاوەکانی پڕ لە ئەسرین بوون. کێ دەزانێ ئاسۆ چەند رۆژ بیری کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو قسانەم پێ بڵێ؟! چەند زەحمەتی بینیبوو، مرۆڤ ناتوانێ لە ڕاستیی هەڵبێت، ئەویش ئیدی ئەو ڕاستییە قبوڵ دەکات: سێدارە. ئەو دەزانێ، کە من لە سێدارە دەدرێم، دەیەوێت نامەیەک لە دوای خۆم بەجێ بهێڵم، شتی لەو جۆرەم بەیادداا نەدەهات، بەڵام دەبێ داواکەی ئاسۆ بەجێ بهێنم، ڕەنگە نامەیەکی کورت بۆ دایکم یان بۆ هەڤاڵان بنووسم، ئێستا هیچم بەزەیندا نایەت، باسی چیان بۆ بکەم؟ هەوڵ دەدەم بەر لەسێدارەدانم چەند ڕستەیەکیان بۆ بنوسم، هەرچەندە نەمەوێ بیر لە ڕۆژی سێدارەدانم بکەمەوە، وەلێ ئەو هزرە پڕ ژانە وەک باران بەسەرمدا دەبارێت. لەیلا قاسمم بیر دەکەوێتەوە، قارەمانێتیەکەی ئێستاش لە مێشکمدا دەنگ دەداتەوە، من لە تەمەنی بچووکییمدا بەسەرهاتەکەیم ژنەفتووە، کەچی وا ئەمڕۆ بەسەر خۆمدا دێت. دوێنێ شەو خەوم پێوە بینی، پێکەنی و پێی گوتم: " شیرین بەخێر هاتی"

دوێنێ دیسانەوە بڕیارەکەیان هێنایەوە، ئیدی تێگەیشتم، خەریکن ئامادەکاری دەکەن. پێدەچێ لە ماوەیەکی نزیکدا بڕیارەکە جێبەجێ بکەن. کات بۆ گیراوانی سێدارە نییە، تەنیا کاتێ هەناسە دەدەن باشتر لە واتای کات تێدەگەن، جارێکی تر کات، رۆژ، سەعات و چرکە چون ئاو دەڕۆن، هەموو شتێک خێرا وەکو بروسکە تێدەپەڕێت. شەو و رۆژ وەکو بارانی بەهار دێن و تێدەپەڕن، شتێکی سەرنج راکێشە، لەم رۆژانی دواییەدا خەوم قورس بووە. کاتێ دەچمە نێو جێگە دوای چەند دەقەیەکە یەکسەر خەوم لێ دەکەوێت، تاکونێ ئاسۆ یان شیندا خەبەرم نەکەنەوە، بە ئاگا نایەمەوە، پێشتر بەپێچەوانەوە بووم، خەوم نەدەهات. ئەمڕۆ بارانێ زۆر خۆش و بەخوڕ باری. ئاسۆ و شیندا لە جێی هەواگۆڕکێکە لە ژێر بارانەکەدا گەڕان، تەڕ ببوون. ئاسۆ ڕووی لە ئاسمان دەکرد و باران دلۆپ دلۆپ بەسەر ڕوخساریدا دەباری، پێم خۆش بوو منیش هەمان شتم بکردبایە، بەڵام هێز و توانام نەبوو.

١٥ ی نیسانی ٢٠١٠

شینداش ئازاد کرا. دوێنێ دوای نان خواردنی نیوەڕۆ، لە بڕیارەکە ئاگاداریان کردەوە، کاتێ ڕۆیشت زۆر گریا نەیدەویست بەجێمان بهێڵێ، هێندە بەگەرمیی لە ئامێزی گرتبووم، گەرەکی نەبوو لێم ببێتەوە، بەڕۆیشتنەکەی خەمبار بووین، چونکە لێک دابڕاین، لە هەمان کاتدا ئازادکردنەکەی خۆشحاڵی کردین.

کاتێ ئاسۆ گاڵتەی پێ دەکرد، پێدەکەنی، پێی دەگوت" کچە هەورامی" شیندا زۆر جوان سەمای دەکرد، جاروبار جلوبەرگی گەلێری لە بەر دەکرد و وەکو ساریا سەرحەد سەمای درامای دەکرد، کاتێ دەخولایەوە و قژی بەبادا دەدا، مرۆڤی سەرسام دەکرد، قەسدت دەکرد چاوی لەسەر هەڵنگرێت. ئاسۆ ئەمجارەش پێی گوت" کچە هەورامی تۆ دەچی و ئێمەش لێرە دەمێنینەوە".

شیندا نەیتوانی بەر لە فرمێسکە قەتیسماوەکەی بگرێت، بۆ منی ڕوانی و گوتی:

– شیرین گیان.

–بلێ.



–بە دڵنیاییەوە یەک دەبینین.

–لە ماوەیەکی نزیکدا لە چیا بەیەکتر دەگەینەوە.

–دروستە!

–شیندا گیان ئاگات لە خۆت بێت.

–تۆش.

–سڵاو بگەیەنە.

–باشە.

–با هەڤاڵان بۆ من خەم نەخۆن.

–شیرین گیان، ئەگەر داوایەکت هەیە، پێم بێژە.

چی وای نەمابوو پێی بڵێم: " با لە گوندەکەم بمنێژن" وەلێ لە دوا چرکەدا خۆم گرت و قسەکەم گەڕاندەوە، لەبەرئەوەی بەشیندام گوتبوو، یەکتر دەبینین.

–بەڵێ داوایەکم هەیە.

–بڵێ.

–کاتێ چوویتە دەرەوە لە جیاتی من بەپێخاوسیی بگەڕێ.

–باشە.

–تێر سەیری چیا بەرز و سەرکەشەکان بکە.

–چیتر؟

–سەیری دارستان، چەم و کانیەکان بکە.

–باشە.

–داوایەکی تریشم هەیە.

–بڵێ.

–بچۆ بۆ ماڵمان و شیلانی برازام ماچ بکە.

–تۆش زۆر ئاگات لە خۆت بێت.

شیندا بەچاوی پڕ ئەسرینەوە بەجێی هێشتین. لە دڵی خۆمدا گوتم" شیندا بەخێر بچی و ماڵئاوا" لەبەرئەوەی دیار نەبوو یەکتر دەبینینەوە یان نا! سەرەڕای ئەوەی هیچ هیوای یەکتر ببینینەوەمانم نەبوو، وەلێ هەندێ جاری لەبەرخۆمەوە دەڵێم، ڕەنگە بڕیاری لەسێدارەدانم ڕاگرن. شیندا تۆش چووی، بەخێر بچی کچە هەورامی... بەخێر بچی. تۆ دڵی ئێمەشت بەرەو چیا بڵندەکان برد.

١٦ ی نیسان ٢٠١٠

رۆژ دەرکەوت و لە ئاسمانی رۆژهەڵات بەرز بۆوە. هەتاوی بەهار لە ڕوخسار و قژمی دەدا و ماچی دەکرد، دڵم لەبەرەوە ڕادەپەڕی و پێدەکەنی، ناخم جۆش دەدا، نازانم ئەو جۆشە چیە؟ ئەمڕۆ دەمی بەیانی زوو لە خەو ڕابووم. شەو خەوێکی سەیرم بینی، لەبەردەم پەنجەرەکە وێستابووم، ئەو ژوورەی لێی بووم، فرە گەورە نەبوو، ژوورێکی خۆش بوو، بەوێنەی کەمال پیر، زەینەب کناجی، مەزڵوم دۆغان، فەرهاد کورتای، مەعسوم قۆرقماز، سەما یوجە، لەیلا قاسم، سەرۆک ئۆجالان و زۆر وێنەی تر رازێنرابۆوە، زۆر خۆشحاڵ بووم، لەسەرەخۆ پەنجەرەکەم واڵا کرد، شنەبایەکی فێنک، خۆش و ئارامبەخش دەهات، بۆ دەرەوەم ڕوانی، زەریایەکی ڕوون، شین و بێ سەر و بنم دیت، تیشکی هەتاو لەسەر ڕووی زەریاکە دەبریسکایەوە و تیشکی لە چاومی دەدا، زەریاکە مەن و خامۆش بوو، دیمەنێکی سروشتیی ناوازە بوو. دەرگای سەرێ کرایەوە و ژین رۆژهەڵات بەژوور کەوت، قسەی نەدەکرد، پێدەکەنی، ڕوخساری وەکو زەریاکە ڕوون و ئارام بوو، منیش لە خۆشییدا خەریکبووم باڵ بگرمەوە، ژینم لە ئامێز گرت، ئەویش بەگوێمدا چرپاندی" هاتووم تۆ

ببەم، ئەمشەو سواری کەشتی دەبم و دەڕۆم، هەڤالان زۆر بیریان کردووی" کاتێ ویستم جارێکی تر ژین لە ئامێز بگرمەوە، لەخەو ڕاپەڕیم، لە جێی خەوتنەکە بەتەنێ بووم، هەرگیز خەونی هێندە ڕوونم نەبینیوە!

من و ئاسۆ بەتەنیاین، پێکەوە کتێبمان خوێندەوە، ئەو بۆ من جێگەی دە کەسی گرتۆتەوە، بڕێ جار لە دڵی خۆمدا دەڵێم" گەر ئاسۆ زمانی هەبوایە بەدەنگێ بەرز پێدەکەنین و دەمانقیڕاند! "منیش وەکو ئەو بێدەنگ بوومە. دوێنێ پێی گوتم" کاتێ بێ دەنگی من و تۆ یەک دەگرن، گەردوون دەڵی، چیا لە خەم و شەرمدا دەخنکێت، بێدەنگیی ژنێک بۆ مرۆڤایەتی گەورەترین سزایە، وەلێ دەنگی ئێمە بەرزترین دەنگی دونیایە".

ئەمرۆ قاڵ دەبمەوە و ڕۆ دەچمەوە نێو بیرکردنەوە، گەر مرۆڤ لە ڕێی سەرفرازیی لە سێدارە بدرێت، داخۆ سێدارە چ واتایەکی دەبێت؟ بێ گومان بێ واتا دەبێت، لە ڕاستییدا ئەو ڕژێمەی دەیەوێ من لە سێدارە بدات، من نا، خۆی لە سێدارە دەدات، لەبەر ئەوەی، کە من هەرگیز نامرم. سێدارە ناتوانێ هێزی من لەناوبەرێت، ئەو رۆژەی لە سێدارە دەدرێم، هەزاران شیرین دێنەوە مەیدان، هاوشێوەی هاتنە مەیدانی لەیلا قاسمەکان و ئەوانیش بە لە سێدارەدانی من کەم دەبنەوە، کەمبوونەوە مردنە، لەناوچوونە. من لە ئاستی ئازادییدا دەژیم.

زانای ئامارایی ئەو تۆوەی لە دڵماندا چاند، لەوەوە فێری ئەو ڕازە بووم، سنوورەکانی زانینیان بەزاند و ڕێی تێگەیشتنی واتای بە من دا. دوێنێ چیرۆکی پرۆمیتۆسم خوێندەوە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەرم دانا، چارەنوسی منیش وەکو ئەوە. هەموو ڕۆژێ من دەکوژن، لەناومدەبەن، وەلێ هەموو ڕۆژێ لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژ خۆم دەئافرێنمەوە، جگەرم پارچە پارچە دەکەن، بەڵام جارێکی تر وەکو گوڵی سۆسەن دەڕوێتەوە و دەگەشێتەوە و بەجوانی سروشت خۆی دەڕازێنێتەوە. ویستیان لەناومبەرن، هێزیان بەشی ئەوەی نەکرد، گەرەکیان بوو وەکو تیامات پارچە پارچەم بکەن، سەرنەکەوتن. ئێستاش دەیانەوێ لە سێدارەم بدەن، دەزانم سێدارە خراپترین جۆرەکانی مردنە، وەلێ سێدارەکەی ئەوانیش بەشی لە ناوبردنی من ناکات.

ڕێگاکەم درێژە، پڕ هەوراز و تەگەرەیە، جار جارە دەکەوم و هەندێ جاریش هەڵدەستمەوە، بەڵام لە ئەنجامدا دەگەمە جێی مەبەست، هەرگیز سکاڵا و گازندە ناکەم، گازندەکردن کاری کەسی بەلەنگازە و منیش حەزم لە بەلەنگازیی و پەرێشانیی نییە.

دوێنێ ئاسۆ پێی گوتم، نامەیەک بۆ دادوەر بنووسم، دەزانم هیچ ئەنجامێکی نابێت، دیسانیش دەینووسم. من ژیانم خۆشدەوێت، بەڵام زێدەڕۆیی ناکەم، لەبەرئەوەی زێدەڕۆیی لە دەستدانی ڕاستیی ژیانە. زۆر زوو باوەڕ بەشت ناکەم و زووش دەست لە باوەڕی خۆم هەڵناگرم. هەرگیز نامەوێ دڵم وەکو ئاسمانی بێ ئەستێرەی لێ بێت، بەڵکو دەمەوێ ئەستێرەی ئاسمانی دڵم وەکو مورووی مەرجان بدرەوشێتەوە و چاوی هەموو کەسێک ڕووناک بکاتەوە، با چاو لە چاوەڕوانییدا بێ، بۆئەوەی هەرگیز باوەڕ لە دەست نەدات.

داپیرەم هەمیشە پێی دەگوتم: " کچێ با هەموو ساتێک چاوەکانت ببریقێنەوە، ئەگەر ڕۆژێک چاوت نەبریقێتەوە، ئەوە بزانە ئەو ڕۆژە زۆر شت لە تەمەنت چووە، ئامۆژگارییەکی ترم ئەوەیە، با پشتت لە ژێر باری پیرۆزدا، نەک لەژێر باری گراندا کووڕ بێت، ئەو کاتە کووڕبوون دەبێتە تەختایی، هەروەها لە خواردن هەڵپە مەکە، بۆ ئەوەی تامی ڕاستیی بکەیت، ڕووی خۆت لە ئێش و ئازار وەرمەگەڕێنە، ئەو کاتە نرخی خۆشی دەزانی، با هەمیشە مردنت لە یاد بێت بۆ ئەوەی بەشادی بژیت و ژیان واتادار بکەی".

ئێستا بیرم دەکەوێتەوە، کە داپیرم لە تەمەنی چواردە ساڵیمدا فێری بنەماکانی ژیانی کردم، داخۆ ئەگەر ئێستا لەلام بوایە، سەبارەت بەسێدارە چی دەگوت؟ چ ئامۆژگارییەکی دەکردم؟! لەوانەیە پێی بگوتمایە: " کچم لە سێدارە مەترسە، بۆ ئەوەی سێدارە ببێتە ڕووی ڕەشی مرۆڤایەتی و دەمامکی ڕووی مرۆڤایەتی بکەوێت"دیسانیش بەپەرۆشی ئامۆژگارییەکانی ئەوم.

١٧ ی نیسانی ٢٠١٠

ماوەیەکی درێژە لە زینداندام، وەلێ خۆشەویستیم بۆ ئازادیی مسقاڵێکیش چییە کەم نەبۆتەوە. دەیانەوێ خۆشەویستیم بۆ مرۆڤایەتی، بۆ گەلەکەم و خاکەکەم لە ناوبەرن، هەرچەندە دیوارەکان بڵندیش بن لە باڵای ئەڤین و هیواکانم بەرزتر نین، چونکە ئەڤینی بێ وێنەم هەموو دیوارەکان دەڕمێنێت و بێ واتایان دەکات، هەروەکو چۆن ئاسۆ و پێدەشتەکان لە جێیەکدا بەژوانی یەکدی ڕا دەگەن، دڵی منیش لە شوێنێکدا خۆی بەگەلەکەم دەگەیەنێت. من جێگە و وارم لە دڵی خۆمدا بێ واتا کردووە، لە بنکەی چاڵەڕەشێکیشدا بم، دڵم دەکەمە مۆم و ڕووناکی چاومی پێ دەکەمەوە و چاڵەکەش ڕووناک دەکەمەوە. ئێمەی ژن خاوەن دڵێکی نەبەزین، کە هەرگیز لە لێدان ناکەوێت، بۆیە دەڵێم، جیهان لە لایەک، دڵی ژنێکی ئەڤینداری ئازادییش لە لایەکی تر. هەمان ئەو ڕۆژەی، کە تازە گیرابووم دەیانویست لە تاریکیی زینداندا، تیشکی ڕووناکی ڕۆژ، درەوشانەوەی ئەستێرە و بارانم لە بەرچاو ڕەش بکەن، بێ واتایان بکەن، لە نێو زیندانی کپ و خامۆشدا بمخنکێنن.

زیندانی ئەم وڵاتە، لە هەموو سات، قۆناغ و کاتێکی ژیاندا مردن دێنێتەوە بەرچاوی مرۆڤەکان، بێ هیوایی دەئافرێنێت. کاتێ بۆ ژووری تاکەکەسییان بردم، نەخاسمە شتێکیان پێ دەگوتم:" کاتێ لەم ژوورە هاتیتە دەر دەبێ ملت کەچ بێت، وەکو خزمەتکارێکی بێچارە بێیتە بەردەممان، گەر گوێڕایەڵمان نەبی زۆر جاری تر بۆ ئێرە دێیتەوە"دەیانویست بەرۆحێکی تێکشکاوەوە لەم ژوورانە وەدەرکەوم، منیش هەردەم بەئیرادەییەکی بەهێزترەوە لە چاڵی مردنەوە دەردەچووم و بەسەربەرزییەوە ڕێم دەکرد.

دەمێکی لەو چاڵی مردنەیان دەهاویشتم، چا و جگەرەیان لێ دەبڕیم. مرۆڤ دەتوانێ تا دوایین ساتی تەمەنی بێ نان هەڵ بکات، بەڵام بێ ئاویی دۆخێکی سوتێنەرە، هەناسە لە مرۆڤ دەبڕێت. لە هاویندا ئاویان لێ دەبڕیم، زستانیشدا بەتانی و جلیان پێ نەدەدام، شەو و ڕۆژ هەڵدەلەرزیم، دەنگی چۆقەی ددانەکانم دەگەیشتە ژوورەکانی تری زیندان، کاتێ لەسەر زەوییە کۆنکرێتەکە دەنووستم، چەندین ڕۆژ نەخۆش دەکەوتم و دەکۆکیم، گورچیلە و سییەکانم هەویان دەکرد، بەو ئەشکەنجەیەمان دەگوت" ئەشکەنجەی سپی" واتە لێت نادەن، وەلێ بەشێوازی نامرۆییانە، بەئەشکەنجەی دەروونی دەیانەوێ تێتبکشێنن.

بەڕاستی ئەو شێوە ئەشکەنجانە، دەیان جار لە ئەشکەنجەی جەستەیی سەختترن، گەر خاوەن ئیرادەیەکی پۆلایین و بیروباوەڕی ڕوون نەبی، مەحاڵە بتوانی یەک ڕۆژیش بەرگری بکەی. بۆ ئەوەی ئیرادەی مرۆڤ بشکێنن، بیروباوەڕی لەق بکەن و کەسایەتی تێکبشکێنن هەرچیان لە دەست بێ دەیکەن،. بەکورتی، هەموو شتێکیان بۆ ئەوە دەکرد، کە خۆت بەدەستەوە بدەی.

هەندێک لە گیراوان چاویان، هەندێکیان دەروونیان، برێکیان هۆش و چەندین کەسیش جگەر، دەیان کەس سی و هەندێکی تریان دەست و قاچیان لە دەستداون.

تێهزرە! کەس نییە بەشێکی لە جەستە و ناخی لە دەست نەدابێت، جگە لەو کچە رقئەستوورە نەبێ، کە ئەویش سەمیرەیە، ئەو کچە نازەنینەی دەمگوت، ناتوانێ بەرگە بگرێت، وەکو چیایەک وا بوو، ئیرادەی لە چیا مەزنتر و دڵی زریان ئاسا و ڕووبەڕووی ئەو ستەمکارانە بۆوە، هەموویانی حەپەساند. ئەو سیسەڵە ژیرە بووە کێو و نەڕووخا.

هەست دەکەم کات زوو دەگوزەرێت و خەریکە کاتم بەدەستەوە نامێنێت، وەلێ بەڵێنم بۆ ژیان،هەستم بۆ ئازادیی گەورەتر دەکات.

١٩ ی نیسانی ٢٠١٠
دوێنێ دوور لە چاوەڕوانیمان دایان بەسەر ژوورەکەمان دا، بەخێرایی چاوی من و ئاسۆیان شەتەک دا و بردیانن بۆ ژووری تاریک، ژووری تاکەکەسییەکان و قاوشی گشتی نزیکەی بیست – سی مەتر لەیەکدی دوور بوون، دیواری ژوورەکان بەهەویری گەنیو سواخ درابوون، هەموو جۆرە مێروویەکیان لەسەر بوون، کاتێ بەمرۆڤیانەوە دەدا، ئێژیتە ئاگری تێ بەردەدەن یان بەشیشێکی گەرم جەستەی مرۆڤ داخ دەکەن، بەڕادەیەک دەسوتایەوە، دونیای لە بەرچاوی مرۆڤ ڕەش دەکرد، شوێنی پێوەدانەکە ڕەش، شین و مۆر هەڵدەگەڕا، بۆ ماوەیەکی درێژ خورینێکی بێزارکەریان لەسەر پێستمان دروست دەکرد، چەندمان بخوراندایە، هێندەی تر زیاتر دەبوو. لەو ژوورە تاریکانەدا دووپشکیان لە وێژەی یەکدی بەردەدا، ئەمە ترسێکی سەیری لەناخدا دروست دەکرد، خەوی لە چاومان دەفراند، دەبوایە هەمیشە وریا بین. ئەوانە ببوونە بەشێکی ژیانی ڕۆژانەمان.
ئاسۆیان لە ژوورێکی تەنیشت منەوە دانابوو، لەبەرئەوەی ئاسۆ نەیدەتوانی قسە بکات، تا نیوە شەو بەبێدەنگی دەمانەوە. کاتێ بۆ قاوشەکەیان هێنانەوە، کاتژمێر سێی شەو بوو، برنج و چا و هەموو شتەکان، تەنانەت تایت و شەکریشیان تێکەڵ بەیەکدی کردبوو، ئاسۆ پێکەنی و گوتی:
–لە تێکەڵ و پێکەڵکردندا ڕژێمێکی بێ وێنەیە!
–خەمت نەبێ دوای هەموو تێکەڵ و پێکەڵییەک، یەکلابونەوەیەکیش هەیە.
–بەڵام ئەگەر هەموو ڕۆژێک تێکەڵی و پێکەڵیی هەبێ، ڕوونبونەوە دەگاتە ئاستی خوێن... پێکەنینم و...
–ئاسۆ گیان واز لە فەلسەفە بێنە، ئەمانە چۆن چاک بکەینەوە.
–شیرین خۆت دەست بەفەلسەفە دەکەی و من تاوانبار دەکەی...
پێکەوە تێر پێکەنین، هەمیشە بەو شێوەیەین، دوای ئەشکەنجەی قورس و هەموو سەختییەکان بەدڵنیایەوە شتێک دەکەن بۆئەوەی تێر پێی پێبکەنین... لەبەرئەوەی کاتێ پێدەکەنین، هەموو ئێش و ئازارەکانی جەستەمان لە یاد دەکەین. باسی پێکەنینم کرد، سینەم دمدمیم هاتەوە یاد، جاری وا هەبوو من، پەریا و سینەم هەتا تینمان تێدا بوو پێدەکەنین، سینەم لە پڕ ڕووی خۆی گرژ دەکرد و دەیگوت: " دایکم دەیگوت ئەگەر ژن زۆر پێبکەنێت، کارەساتی گەورەی بەسەر دێت"ئێمەش باوەڕمان دەکرد و لە پێکەنین پەشیمان دەبووینەوە. ترس و سامی جیاوازی لەدڵماندا دەچاند، وەلێ ئێستا بەپێچەوانەی ئەو قسانە دەجولێینەوە، چەند پێدەکەنین هێندەش شاد دەبین، ئێش و ژانی خۆمان لە بیر دەکەین. سینەمی چاو وردیلە زۆرم بیر کردووی.
تاوەکو ڕۆژ هەڵهات کارەکانمان تەواو کردن و چایەکمان دەمکرد. ئاسۆ گەرەکی بوو شتێکم پێ بڵێ، وەلێ نەیدەگوت، جار و بار درێژ و قووڵ بۆی دەڕوانیم و ڕووی وەردەگەڕاند. بەدەنگێکی نزم پێم دەگوت:
–ئاسۆ گیان.
–بەڵێ.
–دەتەوێت شتێک بڵێی.
–نا.
–بەڵێ، بەڵێ.
–نازانم چۆن پێت بڵێم.
–قەیناکە بیڵێ.
–دایکم.



–چی لێهاتووە؟
–گەر لێرە دەرچم، بڕۆم بیبینم یان نا؟
لە ڕاستیدا من وەڵامێکی حازر بەدەستم نەدیتەوە، کە پێی بڵێم. گوتم:
–بۆچی؟
–دەڵێم سەمیرە باسی منی بۆ دایکم کردووە.
–ئەگەر هاتو لێرە دەرچووی بچۆ دایکت ببینە.
–بەڵام...
–بەڵام چی؟
–بەخۆمدا ناپەرمم.
–ئاسۆ گەر بۆچوونێکت لەسەر ئەوە دروست بووە، مانای وایە هێزی ئەوەت تێدایە.
–نازانم.
–گەر سەمیرە شتێکی لەو بابەتەی بەر گوێ کەوتبێ دڵنیابە هەڵوێستێکی زۆر توند نیشان دەدات.
–ڕاستە، کاتێ هەندێ شتم بۆ سەمیرە باس کرد، هەرچەندە نەیدەزانی من خوشکیم، هەڵوێستی توندی نیشان دەدا.
–لەوانەیە کاتێ لێرە دەرچی من لات نەبم.
–چۆن؟
–لێرە هیچ شتێک مسۆگەر نییە، هەر کاتێ لێرە دەرچووی بڕۆ سەردانی دایکت بکە.
–هێشتا لەو بارەیەوە یەکلانەبوومەتەوە.
–دوای هەموو تەمومژییەک، یەکلابونەوەیەک هەیە.
دیسانەوە پێکەوە دامانە قاقای پێکەنین، دیار بوو ئاسۆ قەناعەتی کردبوو، زۆر بەتاسەوە بوو دایکی ببینێت، بەڵام کاتێ ئەو شتانەی دێتەوە یاد، کە بەسەریان هێناوە، بێزاری دایدەگرت و توورە دەبوو، لەو باوەڕەدام ئاسۆ دایکی خۆی دەبینێت، چونکە زۆر بیری دایکی دەکات، لە ناخەوە هەستی پێ دەکەم.

❊ ❊ ❊

دەمەوێ ببمە ئەستێرە
حەوت کیشوەرەکەی جیهان
ڕووناک بکەمەوە...
چون حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان
لە دڵی خۆدا حەشار دەدەم
ئاسۆ

❊ ❊ ❊

٢٠ ی نیسانی ٢٠١٠

سێ هەڤاڵی تریشم چاوەڕوانی لەسێدارەدانن، فەرزاد کەمانگەر یان مەزلومی رۆژهەلات، مامۆستای گەل، فەیلەسوفی بناغەی نوێی بەرخودانی مەزن، دلچیای گەلی هەژار و ژێردەستان، فەرهاد وەکیلی و عەلی حەیدەریان، سێ قارەمان، سێ گیانفیدا، سێ ڕامیار، سێ مافپارێز، سێ کەسی ڕێگەی حەق و حەقیقەت، سێ مێرخاس، سێ چەمی مێژوویی، سێ ڕۆلەی کورد و سێ گولی جیهان.

ئەمڕۆ نامەیەکی فەرزاد کەمانگەرم خوێندەوە. ئەو شەو و رۆژ دەخوێنێتەوە، ئەفراندن دەکات، دەنووسێت، دەگێڕێتەوە و ئەوەی دەیلێت، بەجێی دەهێنێت و بەهزرە یاخییەکەی ژیان دەڕازێنێتەوە، ئاراستەی مێژوو دەگۆڕێت. ئەو مامۆستای ژیانە، لە ڕەشبینیی، بێورەیی و ترسەوە دوورە، کاتێ نامەکەیم خوێندەوە تێگەیشتم، کە لە کەسایەتی خۆیدا سێدارەی لەناوبردووە، لە بەشێکی نامەکەیدا دەلێت:

"ئەمڕۆ، کهدهیانهوێ ژیان لە من بسێنن، هاوڕێ لە گهڵ "ئهڤین بە هاوڕهگهزهکانم" بڕیارم داوهئهندامەکانی لهشم وەکو دیارییەک بهو نهخۆشانهببەخشم، کە مهرگی من دەتوانێت ژیان بەوان بهخشێت، دلم بهو ههموو "ئهڤین و خۆشهویستییەوە" وهک سهوقاتێک بهمنداڵێک بدەم. ئەو منداڵە لە هەر کوێیەک بێت لای من جیاوازی نییە، ئیدی لهڕۆخی کارون، داوێنی سهبهلان، لهقهراخ وشکانی ڕۆژهەلات یان بهمنداڵێک، کهچاوهڕوانی هەلاتنی رۆژە لهسهر چیای زاگرۆس، تهنیا دلی سهرکێش و بێ ئۆقرهم لهسینگی منداڵێکدا لێ بدات، کهلە من هیواکانم سەرکێشتر بێ، منداڵێک شهوانهلهتهک مانگ و ئهستێرەکاندا بدوێ و ئهوان بهشایهت بگرێ، کە لە گهورهییدا خیانهت لە خهونهکانی سهردهمی منداڵی نهکهن. دلم لهسینگی کهسێکی خەمخۆری ئهو منداڵانهلێ بدات، کهشهوانە بەزگی برسییهوه سهردەنینەوە، یادی "حامید" قوتابییە ١٦ سالهی شارهکهم لە دلیدا بەزیندوویی ڕابگرێ، کە نووسیبووی: "لەم ژیانەدا چکۆلهترین هیوام وهدی نایەت" و دواتر خۆی ههلواسی.

لێگهڕێن دلم لە سینگی کهسێکدا لێ بدا، گرینگ نییە ئهو کهسهبە چ زمانێک دهپهیڤێ، پێستی چ ڕهنگە، تهنیا منداڵی کرێکارێک بێت بۆئەوەی دەستە قلیشاوەکانی باوکی چەخماخەی سهرههلدانێکی نوێ لە ڕووی نابهرانبهرییهکاندا لە دلمدا زیندوو بکاتهوه.

دلم لهسینگی منداڵێکدا لێ بدات تا لهداهاتوویهکی نزیکدا ببێتهمامۆستای گوندێکی بچووک، ههموو سەر لە بەیانییەک بەزهردهخهنهیهکی جوانهوه، لە پێشوازی منداڵاندا بێت و ئهوانیش ئهو بەشهریکی ههموو خۆشی و گهمهکانی خۆیان بزانن، ڕهنگههەتا ئهو دهمه منداڵان تامی ههژاریی و برسێتیی نهزانن و لهجیهانی ئهواندا بێژهگهلی "زیندان، ئهشکهنجە، ستهم و نایهکسانی" هیچ مانایەکیان نەمێنێ. لێگهڕێن دلم لە قوژبنێکی ئهم جیهانە پان و بهرینهدا لێ بدا، تهنیا ئاگاتان لهوهبێت، لە دلی مرۆڤێکدا بێ، کە ڕاز و قسە نهگوتراوهکانی



خهلکێکی زۆر و ولاتهکهمی تێدا پهنگیان خواردبێتەوە، ئهو خهلکانهی دیرۆکیان بەڕهنج، خهم و دهرد سیخناخە. لێگهڕێن دلم لهسینگی منداڵێکدا لێ بدا، کهسبهینان لهگهروویهکهوه بهزمانی دایکیم هاوار بکهم:

"من دهمهوێ ببمە بایە
خۆشهویستی مرۆڤ بهرم
بۆ گشت سووچی ئهم دنیایە"

منیش دەلێم، مامۆستا گیان، تۆ بەو خۆشەویستیە بێسنوورەتەوە، دلی خۆت بە هەموو منداڵانی گەردوون دا، کاتێ ئەوانت لە گوندێکی چیایی لە خوێندنگە کاولبووەکاندا پەروەردە دەکردن، خۆشەویستی خۆت لە دلی ئەو منداڵە سک برسییانەدا ناشت. مامۆستا مەگەر دلی تۆ لە دلی منداڵێکدا دەحەوێتەوە؟ باوەڕ ناکەم، بۆ ئەم گەردوونە بچووکە بڕوانە، حەوت کیشوەر نەیانتوانی دلی تۆ هەلگرن، منیش دەلێم باشترین شت ئەوەیە، ئەو دلەت بەسەر هەموو منداڵاندا دابەش بکە، منیش لەتێکم لەو دلە دەوێت. زەهرا کەمێک باسی تۆی بۆ کردبووم. ئەو دەیگوت، تۆ موچە کەمەکەشت بەسەر منداڵاندا دابەش دەکرد و خۆت بێ پارە دەهێشتەوە. زەهرا دەیگوت، مامۆستا فەرزاد بەدزییەوە پارەی لە گیرفانی خۆی دەردەهێنا و بێ ئەوەی بیبینین لە دوو توێی دەفتەرەکەمانی دەنا، خۆزگەم دەخواست منیش وەکو زەهرا خوێندکاری تۆ بوومایە و لە بەردەستت پەروەردە بوومایە. مامۆستا، ئێستا من و تۆ گیراوی سێدارەین، بەلام تۆ زۆر لە مێژە هەموو سنوورەکانت بەزاندوون و خۆت گەیاندۆتە دلی هەموو منداڵانی ولاتەکەم، مامۆستا هەروەکو خۆت هەمیشە دەلێی، ئەگەر لەم جیهانەش کۆچ بکەین، ئەم کاروانە ناوەستێت، لەبەرئەوەی کاروان جارێک دەجوولێت و ڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر.

مامۆستا سلاوەکانی تۆ بەبەردەوامیی پێمان دەگات، هیوادارم ڕووناهی لە چاوەکانت کەم نەبێ، کە لێوان لێون لە هیوا و باوەڕ، بەڕووناکی چاوت دلە تاریکەکان ڕووناک دەکەیتەوە، هەرچەندە جیهان تاریکیش بێت، بۆ هەلهاتنی ئاسۆ تۆزێک ماوە، دەلی، لەوانەیە جارێکی تر تەقینەوەیەکی تر ڕوودەدات، مردن، نایەکسانی، نادادی، ژێردەستیی، ڕەنجخۆریی و ستەم لە هەموو جیهان لە گەل خۆیدا ڕادەمالێت، بۆ نابێت مامۆستا؟ بۆ نابێت؟

خۆزگە دەرفەتم دەبوو و نامەکانی بەر لە ڕۆژانی سێدارەم بخوێندبانەوە، دەزانم کاتێ پەتی سێدارە دەکرێتە گەردن، ئیدی هیچ شتێک وەکو رابردوو نابێت و نانووسرێتەوە.

من ئەو کارتەم وەرگرت، کە بۆ ڕۆژی هەشتی ئادار ناردبووت، بۆ من بارتەقای هەموو جیهانە، لەو هەلومەرجەی لە دۆزەخ خراپتر، سەختتر و زەحمەتترە، تۆ پەیامی پیرۆزبایی دەنێری! سوپاست دەکەم مامۆستا. بەڕاستی دلت گەورەیە..

٢٢ ی نیسان ٢٠١٠

بەوە ڕاهاتووین، کە هەر کاتێ دەرگا دەکرێتەوە دەلێین: " ئەمجارە چیە؟" لەبەرئەوەی کاتێ بەتوڕەیی دەرگا دەکەنەوە، مسۆگەر دێن و یەکێکمان بۆ ئەشکەنجە دەبەن. دوێنێ دیسانەوە هاتن و بەڕوویەکی گرژەوە گوتیان: شیرین، سبەی لە سێدارە دەدرێیت، بەلام لە کاتێکی نادیاردا"ئەوەیان گوت و دەرکەیان داخست و چوون، پیالە چایەکم بەدەستەوە بوو، بەهێواشی لەسەر زەویم دانا، لە پیالەکەوە هەلمی چاکە بەرز دەبۆوە، لەو ساتەدا گەرەکم بوو تەنیا لەو هەلمە بڕوانم. بەدەنگێکی هێور لەبەرخۆمەوە گوتم :" تەمەنی پەپوولە و مرۆڤ وەکو یەکن"نازانم بۆچی ئەمەم گوت؟! وەلێ کاتێ ئەو دەستەواژەیە لە زارم دەرچوو، کۆتایی بەواقوڕماوییەکەم هات و دەستم بەخواردنەوەی چاکەم کردەوە. کاتێ ئاسۆ گوێی لە دەنگیان بوو پیالە چاکەی لە دەست بەربۆوە. یەکەمجارم بوو ئاسۆ بەو شێوەیە ببینم، گلێنەی چاوی، کە وەکو زەیتون بوو، چرکە بەچرکە مەزنتر دەبووەوە، مت

بوو، تەنێ بۆ منی دەڕوانی، وەکو پەیکەر رەقەوە بوو، ئەو دەنگە ناحەزەیان، کە زەڕەیەک هەستی مرۆڤایەتی تێدا نەبوو، لە گوێمدا دەنگی دەدایەوە: " سبەی هەڵتدەواسین، سبەی هەڵتدەواسین!"زۆر بەئارامیش پێیان گوتم، ئێژیتە مزگێنی خێرم دەدەنێ. ئاسۆ هەرچۆنێ بێ لە جێی خۆی جووڵا، بەهەنگاوی خەمبار و لەسەرخۆوە هات و لە بەرامبەرم لەسەر ئەژنۆ کەوت، سەیری کردم، فرمێسکی وەکو مورووی لە چاوانییەوە دەڕژان. چاوەکانی بێ چارەییان لێ دەباری، نازانم بۆچی لەیەکەم قسەدا گوتی:

–شیرین، برسیتە؟!

لەکاتی دیکەدا دەیگوت، خەمت نەبێت، هەرگیز لە سێدارەت نادەن، لە دوێنێوە ئەوەی نەدەگوت، بەڵکو تەنیا دەیپرسی:

–برسیت نییە؟

بەوردیی بۆیم ڕوانی و گوتم:

–بەڵێ.

لە ڕاستییدا برسیم نەبوو، وەلێ ئاسۆ چی بگوتایە، دڵێم نەدەشکاند، خواردنی بۆ ئامادە کردم، سەری شۆرد، ئینجا ڕوو لە پەنجەرە سەیری ڕۆژی کرد و لەبەرخۆیوە قسەی دەکرد. ئێوارێ ئاوی بۆ گەرم کردم، منیش خۆم شۆرد. ئاسۆ قژی داهێنام و پرچی بۆ هۆنیمەوە، تا بەرەبەیان نەخەوتین، هەرچیم بەزەیندا دەهات بۆ ئاسۆم دەگێڕایەوە، من باسی خۆشەویستی پلاتۆنیکی خۆشم بۆ کرد، خۆزگەم دەخواست پەریا و سینەم دمدمی حەسوودیش لێرە بونایە، من و ژین ڕۆژهەلاتیش بۆ دواجار یەکترمان لە ئامێز بگرتایە، شەو زوو دوایی هات و ڕۆژ بۆوە، چەندە زوو بەیانی هات ! پێم گوتن: " ئێوە ئەمرۆ لە چ سەعاتێکدا لە سێدارەم دەدەن؟" وەڵامیان نەدامەوە و ڕۆیشتن.

زانیم دەیانەوێت لە چاوەڕوانییەکی کوشندەدا بمهێڵنەوە، تا ئێوارێ بەو شێوەیە گوزەراندمان، ئاسۆ لە من زیاتر ڕەنجی دەچەشت، تێگەیشتم، کە لە سێدارەدانمیان دواخستووە، لەوانەبوو چەند ڕۆژێ تر بژیم، تەنیا چەند رۆژێکی تر، لێرە هەر ساتێکی ژیان بەبارتەقای تەمەنێکە، دەمەوێت هەموو ساتەکانی بژیم، کاتێ مرۆڤ لە بەردەم پەتی سێدارەدا بێت، تێدەگات ئەگەر دروست بژی، شتێک نامێنێت لە توانایدا نەبێت، چونکە تەمەنی مرۆڤ بەشی هەموو شتێک دەکات، هێندەی بەسە، کە دروست بژی.

٢٤ ی نیسان ٢٠١٠

چاوەکانم باش نابینن، چاوێلکەم نادەنێ، دەیانەوێ بەتەواوەتی کوێر ببم، ئاسۆیان بێ زمان کرد، دەیانەوێ منیش کوێر بم، وەلێ باش دەزانم نابیناییشم دەیانترسێنێت، چیرۆکی هونەرمەندی ناوداری شیلیایی ڤیکتۆر خارام بیرکەوتەوە، کە لە سانتیاگۆ، ئەشکەنجەکار دەستی ورد دەکات، بۆ ئەوەی چیتر گیتار نەژەنێ و کوڵی ناخی دانەمرکێنێ، ئاواز بۆ ئازادیی لێ نەدات و گۆرانی " لای لای" بۆ منداڵانی شیلی نەچڕێت، ئەویش بێ بڕانەوە گۆرانی دەچڕی و دەنگی خۆی بەهەموو منداڵە چاوگەشەکان دەگەیاند:

وهره وهرهوهره

وهرهبا شەقامی پان و پهرین تێپهڕکهین

لەوێ داهاتوویهکی تر بهدی دهکرێت

"دەم و دەوران گۆڕا، لە سهردێڕی ڕۆژنامهکانی شیلیدا نوسرا:" ئارام بنوون دیکتاتۆر مرد" و ژهنیاری گیتار دیوانهشیعرێک دهڕازێنێتهوه و جهماوهر شانازی بهشا دێڕی دیوانەکەی دهکهن"

گەر بەم ئاوایە بەردەوام بێت ئەوا پاش ماوەیەکی کورت بەچاوە ڕووناکەکەی خۆم



نامەیان بۆ دەنووسم، منیش وەکو ئەو هونەرمەندە بەنرخە، باس لەم دۆزەخە دەکەم. زیندان بۆ شۆڕشگێران مێژووی مردن و لێدانە، چیرۆکێکی بەڕادەیەک درێژە دوایی نایەت، لە کۆتایی هەر چیرۆکێکدا چیرۆکێکی کاریگەرتر و بەسۆتر دەست پێ دەکات و لە هەموو چیرۆکەکاندا مردن و لێدان هەن. زیندانی ئەوین شوێنێکە، مرۆڤ تێیدا هەموو جۆرە مردن و لێدانێک دەبینێت، بەئاگاییەوە نیوەیان لە ژێرزەویدا دروست کردووە، هەر رۆژ و هەر ساتێک یەکێک لەژێر ئەشکەنجە یان لەبەر تێکچوونی باری دەروونی سەری بەدیوارەکاندا دەکێشێت و دەمرێت.

بێبەشکردن لە چاوێلکە، دڵۆپێکە لە دەریای ئەشکەنجەکانیان، لەم زیندانەدا چیرۆکی زۆر بەسۆ و تراژیدی ڕوو دەدەن، فەرموو ئەمە یەکێک لەو چیرۆکانەن:

"جارێکی گیراوێکی سیاسی لەم زیندانەدا چاوێلکەیەکی هەبووە، بەهۆی ئەشکەنجەی دڕندانەیانەوە چاوێلکهکەی دەشکێت، پارچە کاغەزێک لە جێی شووشە شکاوەکە دادەنێت، دوایین جار بەو دیمەنەوە دهچێتە دیداری دایکی، کاتێک دایکی بەو شێوەیە دەیبینێت، لە دەرەوە باسی دەکات. پاش ماوەیەک زیندانییەکە لە ژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێت و لە گۆڕێکی بێ ناو و نیشاندا دەنێژرێت، دوای چەند هەفتەیەک چاوێلکە شکاوەکەی و جلە خوێناوییەکانی بەدایکی دەدەنەوە، بەڵام جەستەکەی نادەنەوە.

هەموو ساتێکی ژیان لە زیندانی ئەویندا بیرێکی بێ کۆتاییە. لێرە ژیان دێت و دەچێت، دواییەکەی دیار نییە، وەلێ داخۆ کەی مرۆڤەکان دەست بەخوێندنەوەی ئەو هزرە ناکۆتایە دەکەن؟

٢٦ ی نیسانی ٢٠١٠

دایە...

"هێزی نووسین لە خۆدا نابینم، وەلێ وێڕای هەموو شتێک دەمەوێ نامەیەکت بۆ بنووسم. ڕەنگە دوا نامەم بێت، بەڵام ئەو دڵەی بۆ ئازادیی لێ دەدات هەمیشە لەلات دەبێت. تۆ لە تەلەفۆنەکەدا پێت گوتم:"بەهێز بە!" من باشم، خەمت نەبێت دایە، تەنیا شتێکی ئازارم دەدات ئەوەیە، کە جاری دواییە پێتان بڵێم خۆشمدەوێن و ئێوەش یەکترتان خۆش بوێت. خۆشەویستی و ئازادیی بنەڕەتیترین مافی مرۆڤن. دایە، ئێوەش داکۆکی لە خۆتان بکەن، خاوەنداری لە کەلتوری خۆتان و مافی مرۆڤ بکەن ژیان بەئازادییەوە واتادار دەبێت.

دڵم ژان دەکات، نەک لەبەرئەوەی لە سێدارە دەدرێم، بەڵکو لەبەرئەوەی خزمەتێکی ئەوتۆم بەمرۆڤایەتی، گەلە بنەدەست و هەژارەکەم نەکرد. گەورەترین ژانی دڵم ئەوەیە، بەهەموو بیروباوەڕێکمەوە بڕوام بەوەیە، کە ئەم تێکۆشانەی مرۆڤایەتی سەردەکەوێت.

دایە بەجێی من شیلان ماچ بکە، ئەو و هەموو منداڵانی ترم خۆشدەوێن، لە کەسی ئەودا سڵاو لە هەموو منداڵان دەکەم. لەوانەیە جارێکی تر دەنگم نەژنەون. بەلەسێدارەدانم دڵتەنگ مەبن، لەبەرئەوەی لەسێدارەدانی من باجی ئازادییە. سڵاوی گەرم بۆ دایکانی هەڤاڵانم پەریا و ژین ڕۆژهەڵات ڕەوانە دەکەم. داپیرەم چۆنە؟ با لە گوڵەهەنارەکان زویر نەبێت، هەرکاتێ سەیری گوڵەسوورەی دارهەنارەکانی کرد چاوەکانی منی تێدا ببینێت، ئەگەر تەرمەکەمیان ڕادەستتان کردەوە، لای هەڤاڵەکانم بەخاکم بسپێرن، هەروەکو زانای ئامارایی دەڵێ: ئازادیی سەردەکەوێت. هەمووتان یەک بەیەک لە ئامێز دەگرم".

گیراوی سێدارە: شیرین

* * *

شیرین، بەهۆی ژانی سەر و چاوییەوە وەکو ڕۆژانی ڕابردوو، درێژەی بەنووسین نەدا. دەفتەرەکەی داخستبوو و قەڵەمەکەی لە تاقی سەرەوەی دۆڵابەکەی دانابوو. ئاسۆ جاروبار هەڵبەستی دەنووسی و دەیهێنا بۆ شیرین بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە، شیرینیش بێ ئەوەی چاوی بکاتە پاساوی نەخوێندنەوە، شیعرەکەی لێ وەردەگرت و دەیخوێندەوە.

لەم ڕۆژانەی دواییدا زۆر جار خەیاڵ دەیبردەوە و لە بیر ڕا ڕۆدەچوو، دوو ڕۆژی بۆ مانگی گوڵان مابوو، سێدارە لە ڕۆژەڤدا دەنگی دەدایەوە. سەمیرە لە دەرەوە چالاکانە لەسەر ئەو مەسەلەیە کاری دەکرد، دوایین جار بەزمانی ئینگلیزی وتارێکی بەسەردێڕی" ژنێکی کورد لە بەر پەتی سێدارەدایە" نوسیبوو، ئەو گوتارە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، بەڵام سەهۆڵی دڵی داگیرکەرانی نەتواندەوە، هەرچەندە هەندێک کەسانی بەویژدان دەنگیان بڵند کردەوە، وەلێ کاریگەری لەسەر بڕیاری لەسێدارەدانەکە نەبوو، بەپێچەوانەوە ڕۆژی لە سێدارەدانی شیرین و هەڤاڵانی ڕۆژ بەڕۆژ نزیکتر دەبۆوە، ئیدی شیرینیش لەو باوەڕدا بوو، کە لە پەتی سێدارە نزیک دەبێتەوە، بەبێدەنگیی خۆی ئامادە دەکرد.

ڕۆژێک دایک و باوکی ئاسۆ لە پڕ بۆ دیداری هاتن، بەڵام ئاسۆ هیچی دەربارەی ئەوان نەگوتبوو، شیرین بەپەرۆش بوو، بەڵام لەو کاتەدا نەیدەویست بابەتی سەردانەکە لە ئاسۆ بپرسێت، کاتێک بەدەرفەتی زانی بەهێمنی لە ئاسۆی پرسی:

–ئاسۆ گیان.

–بەڵێ.

–تۆ باسی دایک و باوکت نەکرد.

–گوتم، ڕەنگە کاتی گوێگرتنت نەبێ.

–چۆن وا دەڵێی ئاسۆ گیان؟ هەمیشە ئامادەم گوێت لێ بگرم.

–سەمیرە.

–سەمیرە چی کردووە؟

–چۆتەوە بۆ ماڵ.

–بەڕاستی؟!

–بەڵێ زۆر تورە و بێزار بووە.

–چی گوتووە؟

–دایکم گوتی، ئەوەی تا ئێستا نەمانبیستووە سەمیرە پێی گوتین.

–ئێ.

–سەمیرە پێی گوتوون، ئێوە ئاسۆتان نەفرۆشتووە، بەڵکو خۆتان فرۆشتووە، ئێوە گیان، خوێن، مرۆڤایەتی و ئەسڵ و فەسڵی خۆتان، کەرامەت و ژیانی خۆتان فرۆشتووە، ئێوە تا ئێستا نانی حەرامتان خواردووە. دایکم زۆر گریاوە، سەمیرە پێی گوتووە، تۆ چەند دەگری بگری، بەڵام ناتوانی خۆت لەو تاوانبارییانە پاک بکەیتەوە، بۆ جاری یەکەم بوو ببینم باوکم



هێندە بەکوڵ بگری.

–ئێ چی دیکەی گوتووە؟

–گوتوویەتی، بڕۆن داوای لێبوردن لە ئاسۆ بکەن، بەڵام باوەڕ ناکەم بتانبوورێت. ئەوان هاتن داوای لێبوردنیان لێ کردم.

–ئەی تۆ چیت گوت؟

–منیش گوتم، کاتێ لە ماڵ دەرچووم زمانم هەبوو، لێتان پاڕامەوە، گوتم، دایە، باوکە من بەو کەسانە مەدەن،هیچ نایانناسم. ئێوە منتان بەپارە فرۆشت، ئێستا زمانم نییە تاکو قسەتان لەگەڵ بکەم، ئەو ئاسۆیەی ئێوە فرۆشتتان چیتر بوونی نییە، ئەو ئاسۆیە ڕۆیشت، مرد. تەنیا شتێکتان پێ بڵێم، گەورەترین لێبوردنی من ئەوەیە، پشتگیری لە دۆزەکەی من و سەمیرە بکەن.

–سەمیرە زۆر لە ماڵ مابۆوە یان نا؟

–نا، تەنیا هەفتەیەک ماوەتەوە و چووە.

–بەڵێ.

–سەمیرە ناوی خۆی کردۆتە ڕووناهی.

شیرین پێکەنی:

–بەڕاستتە ؟

–بەڵێ، دایکم لەناخەوە دەیگوت" پێی سەربەرزم"

–ئەی باوکت؟

–ئەویش هەمان شتی دەگوت.

–بەوە خۆشحاڵم.

–دایکم دەیگوت، ئێستا سەمیرە لە تیڤی هەواڵ دەخوێنێتەوە.

–سەمیرەش کەم نەبوو ها!!

–ئەی چی! دایکم دەیگوت: " کاتێ قسە دەکات دەڵێم ئەرێ ئەوە سەمیرەیە؟ بەکوردییەکی زۆر جوان و ڕەوان دەدوێ، دەڵێی پێشتر قەت بەفارسی قسەی نەکردووە"

–سەمیرە وایە.

–چۆنە؟

–چی لە کەللەی دا بەدڵنیاییەوە جێبەجێی دەکات، وەکو تۆ وایە ها!

–نا، نا وەکو یەک نین.

شیرین دیسانەوە پێکەنی و لە ناخەوە گوتی:

–سەمیرە گیان، سەمیرە گیان..

–لە بەرایی هەواڵەکاندا باسی تۆ دەکات، باسی تۆ، هەڤاڵان فەرزاد، فەرهاد و عەلی دەکات.

–ئاسۆ!

–بەڵێ.

–گەر ڕۆژێک سەمیرەت بینی، پێی بڵێ، شیرین گوتویەتی، هەرگیز ئەو شتانەی لە یاد نەچنەوە، کە پێکەوە قسەمان لەسەر کردوون.

–هیچ خەم مەخۆ.

–هەروەها لە زاری منەوە زۆر سوپاسی بکە.

–باشە.

–سەمیرە، سەمیرە کچە ڕق ئەستورەکە!

–دایکم سڵاوی لێ دەکردی.

–سەرچاو.

-سەمیرە باسی تۆی بۆ کردووە.
لە پڕ دەرگاکە خرایە سەر گازەرای پشت، بانگی شیرینیان کرد و گوتیان " ئامادە بە! تۆزێکی تر بۆ پێوەندی تەلەفۆنییت دەبەن" شیرین بەسەرسوڕماونەوە بۆ دەوروبەری خۆی ڕوانی و لە خۆی پرسی، چی بووە؟! هەروا بەئاسانی مافی قسەکردن بەتەلەفۆن نادەن! دوای چەند خولەکێک شیرین ڕۆیی.
-بەڵێ، من شیرینم.
-شیرین کچەکەم.
-دایە گیان.
دایکی شیرین بەدەم گریانی بەکوڵەوە گوتی:
-کچم، ڕووناکی چاوم، چۆنی؟
-دایە، باشم، ئەی ئێوە چۆنن؟
-ئێمە باشین، کچم تەندروستیت چۆنە؟
-باشم.
-کچم، لەو زانیاریانەی بڵاو بوونەتەوە زۆر دەترسین.
-دایە گیان.
-بڵێ کچە شیرینەکەم.
-بارودۆخی داپیرەم چۆنە؟
-باشە، باشە.
-شیلان چۆنە؟
-شیلان ئێستا لای منە.
-تەلەفۆنەکەی بدەرێ با دەنگی بژنەوم.
-پورێ چۆنی؟
-من باشم، پورێ لە دەورت گەڕێت، تۆ چۆنی؟
-باشم، من گۆرانیم بۆ هەڤاڵانت گوت.
-خۆشحاڵ بووم.
-بەڵێ پورێ.
-چی؟
-تۆ کەی دێیتەوە؟
-شیلانەکەم، لە ماوەیەکی کورتدا دێمەوە.
-پورێ دەستت ماچ دەکەم.
-منیش چاوەکانت ماچ دەکەم، بیدە داپیرەت.
-شیرین کچەکەم.
-بڵێ دایە.
-خەو ناکەوێتە چاوم.
-خەمگین مەبە دایە.
-کچم چاوەکانت چۆنە؟
-هێشتا پێیان نەداوم.
-بۆچی نایدەن، ئەگەر مەسەلە پارە بێت، پارەمان نارد.
-نا، نا مەسەلە پارە نییە.
-ئەی چییە؟
-نایانەوێ چاوێلکەم بدەنێ.



-شیرین گیان.
-ها دایە.
-بەر لە چەند ڕۆژێ سەمیرە تەلەفۆنی کرد، زۆر سڵاوی لە تۆ و ئاسۆ دەکرد.
-سەرچاوان....
-دیسانەوە دەڵێم: بەهێزبە، کچم خودا گەورەیە.
-دایە کات تەواو بوو.
-باش ئاگات لە خۆت بێت.
-ئێوەش دایە گیان.
دەمێکی شیرین تەلەفۆنەکەی داخست، ئەو کەسانەی شیرینیان بۆ ئەوێ هێنا، سەیری چاوی شیرینیان کرد و پێیان گوت:
-ئەو چاکەیەی ئێمە لە یاد مەکە، ئەمە دوایین پێوەندی تەلەفۆنیتە.
شیرین وەڵامی نەدانەوە و یەکەوڕێ بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە.

* * *

بۆنی بەهار دێت، بەرامەی یاس، نێرگز، سۆسن و بەیبوون، بۆنی گوڵەکانی چیای شاهۆ دێن. مانگی گوڵانە، سروشت خۆی نوێ کردۆتەوە، کراسی زستانی فڕێ داوە و بەکراسی نوێ خەمڵیوە. شیرین بەهەموو بوونییەوە هەست بەبۆنی بەهار دەکات، دەیەوێ بۆ جاری دوایی چەند دێڕێک بۆ دادوەر بنووسێت، بەهەنگاوی قورس بۆلای دۆلابەکەی دەچێت و دەرگاکەی دەکاتەوە، قەڵەمەکەی لە قاتی سەرەوە دەردەهێنێت و بۆ جێگەی خۆی دەگەڕێتەوە، دەفتەرەکەی دەکاتەوە و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەداتەوە و قەڵەمەکەی دەبزوێنێت، دەست دەخاتە ژێر چەناگەی و بیر دەکاتەوە، لەوێوە دەست بەکاروانێکی دوور و درێژ دەکات، جاروبار پێدەکەنێت، خەمگین دەبێت، دەگەڕێتەوە زیندانەکەی و قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزەکەی هەڵدەگرێت، لە خۆی دەپرسێ" بە چ دەستەواژەیەک دەست بەنامەکە بکەم؟"
"لەبەرئەوەی کوردم لە سێدارەم دەدەن!
ماوەی زیندانییم پێی ناوەتە سێ ساڵ، واتە سێ ساڵ ژیانی بەسۆ و پڕ لە ئازار لەمدیو شیشەکانی زیندانی ئەوینەوە بەسەر دەبەم، دوو ساڵی یەکەمم بەهەڵواسراوی و بەبێ بوونی پارێزەر، تەنانەت بەبێ بوونی بڕیارێک بۆ زیندانیکردنم بەسەر بردوون. لەو ماوەیەی چارەنووسم بەهەڵواسراوی هێڵرابۆوە ڕۆژگەلێکی تاڵم لەژێر دەستی سوپادا بەسەر بردن، پاشانیش لێکۆڵینەوەکانی بەشی ٢٠٩ ی زیندانی ئەوین دەستی پێکرد. پاش تەواوبوونی قۆناغی ٢٠٩ کاتەکانی دیکەی زیندانیکردنم لەبەشی گشتییدا بەسەر بردن. هیچ وەڵامێکیان بەداوا بەردەوامەکانم بۆ دیاریکردنی چارەنووسم نەدەدایەوە. لەئەنجامدا، بڕیاری نادادپەروەرانەی لەسێدارەدانیان بۆ بڕیمەوە.
لەبەرچی زیندانی کراوم؟ یان بۆ دەبێت لە سێدارە بدرێم؟ ئایا وەڵامەکان بەهۆی کوردبوونمەوەن؟ کەواتە دەڵێم: من وەکو کورد لەدایکبووم و بەهۆی کوردبوونمەوە ئازار و زەحمەت و پەراوێزخستنم چەشتووە.
زمانم کوردییە، بەهۆی زمانمەوە لەگەڵ بنەماڵە و دۆست و ئاشناکانم پێوەندیم دروست کردووە، بەم زمانەوە گەورە بووم و بۆتە پردی پێوەندی نێوانمان، کەچی ڕێگەم پێ

نادرێت بەزمانی خۆم بدوێم، پێی بخوێنمەوەو مافی خوێندنم پێی هەبێت، لە دواییشدا ڕێگە نادەن بەزمانی خۆم بنووسم.
پێم دەڵێن، واز لە کوردبوونت بهێنەو نکوڵیی لێ بکە، بۆیە دەڵێم: ئەگەر کارێکی لەو شێوەیە بکەم نکوڵی لەخۆم دەکەم.
دادوەری بەڕێز، بەرێز لێکۆڵەر!!
لەو کاتەی لێکۆڵینەوەتان لەگەڵم دەکرد، تەنانەت نەمدەتوانی قسە بەزمانەکەتان بکەم، لەم دوو ساڵەی دواییدا، لەبەشی ژنانی زیندانی ئەوین، لە هاوڕێکانمەوە فێری زمانی فارسی بووم، بەڵام ئێوە بەزمانی خۆتان لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ کردم و بڕیارتان لەسەر دەرکردم. ئەوە لەکاتێکدایە، کە من بەباشی نەمدەزانی لەدەوروبەرم چی ڕوودەدات و نەمدەتوانی بەرگری لەخۆم بکەم.
ئەو جۆرە ئەشکەنجانەی لە دژی من بەکارتان هێناوە، بوونەتە مۆتەکەی شەوانم، ژان و ئازارەکانی ڕۆژانەشم، لە سۆنگەی ئەو ئەشکەنجانەوەن، کە لە بەرامبەرم کراون، خەریکن لەتەکیان ڕا دێم. کوتانی سەرم لە کاتی ئەشکەنجەدا گورزیان لەسەرم وەشاندوون، هەندێ ڕۆژ ئێش و ئازاری زۆر قورس رووم تێدەکەن، ژانە سەرەکەم بەڕادەیەک قورس دەبێت، ئیدی نازانم چی لە دەورووبەرووم ڕوودەدات و ئاگام لە خۆم نامێنێت، بۆ چەندین کاژێر دەبورێمەوە، لەئەنجامدا بەهۆی قورسیی ئازار و ژانەوە لوتم خوێنی بەر دەبێت، پاشان هێدی هێدی دەگەڕێمەوە سەر دۆخی سروشتیی خۆم و بەئاگا دێمەوە.
خەڵات و دیارییەکی دیکەی ئەشکەنجەکاران بۆ من، کزبوونی بینایی چاوەکانمە، بەردەوامیش کزتر دەبێت، داواکاریەکەم بۆ وەرگرتنی چاوێلکە تاکو ئێستا بێ وەڵام ماوەتەوە. کاتێک گیرام و لە زیندان قایم کرام قژم ڕەش بوو، وەلێ ئێستا، کە سێیەمین ساڵی زیندانی کردنمە، هەموو ڕۆژێ بەرە بەرە سپیبوونی قژم بەچاوی خۆم دەبینم.
دەزانم ئێوە تەنێ ئەو کارانەتان لەگەڵ من و بنەماڵەکەمدا نەکردووە، بەڵکو ئەشکەنجەتان لەدژی هەموو ڕۆڵەکانی کورد و لەنێویشیاندا کەسانی وەکو زەینەب جەلالیان، رووناک سەفازادە و ئەوانی دیکەش بەکارهێناوە. چاوی دایکانی کورد هەموو ڕۆژێ لەچاوەڕوانی بینیی ڕۆڵەکانیاندا فرمێسک دەبارێنن، هەمیشە لە داهاتوو و ڕووداوەکانی نیگەرانن، لەگەڵ هەر زەنگێکی تەلەفۆندا زارەترەک دەبن و لە بیستنی هەواڵی لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانیان دڵیان دادەخورپێ.
ئەمڕۆ ٢ ی گوڵانی ٢٠١٠ یە، دووبارە پاش ماوەیەکی درێژ بۆ بەشی ٢٠٩ بۆ لێکۆڵینەوەیان بردم و سەرلەنوێ تۆمەتە بێ بنەماکانیان دووبارە کردنەوە، داوایان لێم کرد هاوکارییان بکەم، تاکو بڕیاری لەسێدارەدانەکەم هەڵبوەشێتەوە. نازانم داواکردنی ئەو هاوکارییە چ مانایەکی هەیە، چونکە ئەوە لەکاتێکدایە، کە لەوەی گوتومە هیچی زیاترم بۆ گوتن پێ نییە، لەئەنجامدا داوایان لێکردم، ئەوەی ئەوان دەیڵێن دووپاتی بکەمەوە، بەس من ئەوەم قبوڵ نەکرد. لێکۆڵەرەوە گوتی: ئێمە پار دەمانویست ئازادت بکەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی بنەماڵەکەت هاوکارییان نەکردین ئەنجامەکەی گەیشتووەتە ئێرە، لێکۆڵەرەوە بۆ خۆی دانی بەوەدا نا، کە من تەنێ بارمتەیەکەم لەدەستیاندا و دەمهێڵنەوە تاکو بەئامانجەکانیان دەگەن، یان لەسێدارەم دەدەن، بەڵام ئازادیی هەرگیز.....
شیرین عەلەمهولی
کاتێ ساڵنامەی نوێ گوڵانی ٢٠١٠ی نیشان دا، جارێکی تر مرۆڤایەتی لە زیندانی ئەوین لە ناو شەرمەزارییەکی مێژووییدا دەخنکا، ئەمجارەشیان ئێران لەپشت پەردەی ڕەشی قەترانییدا ون دەبوو.
شیرین و ئاسۆ دانیشتبوون، قسەیان دەکرد. شیرین بەزمانێکی زۆر گران دەدوا، جار و



باریش قومێکی لە جگەرەکەی دەدا، دوکەڵەکەی بۆ سییەکانی دەنارد و لە لوتییەوە دەری دەکرد. ئاسۆ فرمێسکەکانی لە چاوانییدا قەتیس دەکرد و دەیچۆڕاندە ناخیەوە و هاوکات قسەی دەکرد. بەر لە چەند خولەکێک بەشیرینیان گوتبوو، کە حوکمی سێدارە جێبەجێ دەکەن، دەبوایە خۆی ئامادە بکردبایە.
بیهێنە بەرچاوی خۆت، یەکێ بانگی دەکات و پێێ دەلێ خۆت بۆ سێدارە ئامادە بکە. شیرین ئامادەبوو، کات کۆتایی هاتبوو، سەعات، خولەک و چرکە دەرباز دەبوون. شیرین ئارام و بێ دەنگ بوو، دەرگا جارێکی تر واڵا بوو، ئەو تێگەیشت ئیدی کاتی هاتووە، دەستی لەسەر ئەژنۆی دانا و بەرزەپێ هەستا، بەتوندی باوەشی بەئاسۆدا کرد و دەیان جار گۆنای ماچ کرد، بەگوێیدا چرپاندی" هەموو هەڤاڵانم خۆشدەوێن و ڕۆیشت....
شیرین رۆیی، رۆیی
هەڵوێستەی دەکرد
ئەو بۆ ئاسۆ و
ئاسۆ بۆ ئەوی دەڕوانی
چاو و دڵیان
نەیاندەویست
لە یەکدی دابڕێن
شەقاوەکانی گران بوون
دەرۆیی
دەرۆیی
دەرۆیی و ڕادەوەستا....
دەرۆیی، دەرۆیی، دەرۆیی
نەدەگەیشتە بەر دەرگا
دەیان جار ڕاوەستا
و دەیان جار بۆ ئاسۆی ڕوانی
نیگاکانی
پەیڤەکانی
ساتی دوایی
و کۆتایی کۆتاییەکان
و دەرگا
و شیرین لە دەرگەوە دەرباز بوو
لە بەر دەرگا ڕایانوەستاند
دوو کەس
دوو جەلاد
شیرین بیری دەکردەوە
ڕۆژانی منداڵی
ڕۆژانێ، کە شەڕڤان بوو
رۆژە سەختەکان
سینەم دمدمی
ژین رۆژهەڵات، پەریا
ساڵانی منداڵیی
ڕۆژی بەجێهێشتنی گوند

قەندیل، شاهۆ، زاگرۆس
سەمیرە، زەینەب
هەموو شتێک لەبەرچاوی تێدەپەڕێن
ئەو ڕۆژەی چاوەڕوانی بوو
ئەو کاتە، ئەو سەعاتە
لەبەر خۆیەوە گوتی:
"من شیرین عەلەمهولی
کچە کورد
ئەڤینداری ئازادیی
لە ساڵی ١٩٨٤ لە دێم قشلاخ
لە شاری ماکۆ لە دایک بووم
شاگردی زانای ئامارایی
پێهەڵگری لەیلا قاسم
هەرگیز ملم کەچ نەکرد
من شیرین
بەرەو پەتی سێدارە درۆم
بۆ کەرامەتی گەلێک
بۆ مرۆڤایەتی ملی ڕێ دەگرمە بەر"
شیرین ملی ڕێی گرتەبەر
جەلادەکان گوتیان چاوت شەتەک دەدەین
شیرین گوتی:
نا، لە چاوم مەترسن
دەمەوێ لە ساتی دواییدا
سەیری ئاسمان بکەم
دەمەوێ ئەستێرەکان ببینم..
دەمەوێ دوایین ڕەنگی گەردوون ببینم
جەلادەکان بێدەنگ بوون
شیرین لە بەرپەتی سێدارە بوو
سەیری دەوروبەری خۆی کرد و
کەسی نەبینی
گوتی: دونیا چ بێدەنگە!!
ئەستێرەکان یەک بەیەک کوژانەوە
ئاسمان تاریک بوو
پەتیان لە گەردنی نا
بەر لەوەی جەلاد کورسی بن پێی دەربێنێ
شیرین گوتی: بژی ئازادیی ..و
دوایین شەپۆلی دەنگی
لە دڵی گەردووندا زایەڵەی دایەوە...

* * *



ئاسۆ

من ناوم ئاسۆیە، ئاسۆی بێ زمان، ئاسۆی خوڕاسانی، ئاسۆ هەڤاڵی شیرین عەلەمهولی، هاوڕازی شیرین. ئەمڕۆ زوو بەئاگا هاتم، شیرین بیستبووی زوو لە سێدارە دەدرێت، تا ئێوارێ قسەمان کردبوو، چەند دیارییەکی پێ دام، نیوەڕۆکەی داوام لێ کردبوو لە جێی هەواگۆڕکێی زیندانەکە کەمێ پێکەوە پیاسە بکەین. شیرین داواکەمی ڕەت کردەوە و گوتی: " ئاسۆ گیان من ئێوارێ ڕێم دوورە" ئینجا گوتی: " بۆ ئەوەی دڵی تۆڕانییەکان خۆش بکەن، لە سێدارەمان دەدەن" هەواڵی لە سێدارەدانی سێ هەڤاڵی تریش هاتبوو. شیرین زۆر خەمگین بوو بۆیان، ئەو بەجۆرێک هەڵسوکەوتی دەکرد، دەتگوت هەرگیز لە سێدارە نادرێت. بەر لە ئێوارێ دەرگای زیندانەکە کرایەوە. دوێنێ ئێوارە کاتێ دەرگای ژوورەکەیان کردینەوە و بەشیرینیان گوت، خۆت ئامادە بکە، ئەو پێی گوتن: " ئێوە کەی دەمبەن و لە سێدارەم دەدەن؟ "پێیان گوت: " هەری زێدە دوو سەعاتی تر" دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن، شیرین سەیری منی کرد و گوتی: " وەرە هێشتا دوو سەعاتی ترم ماوە". دەتگوت باسی دوو ساڵ دەکات، زۆر ئارام بوو. دەرگەکەمان کراوە بوو، هەندێ خواردنم بۆ برد، تەنیا دوو پارچە پەنیری خوارد، نیوەڕۆکەی پێی گوتم، هەندێ ئاوم بۆ گەرم بکە، سەرم دەشۆم. شیرین هەرگیز کاری خۆی بەکەسی تر نەدەکرد، تێگەیشتم، کە بەخۆدا ناپەرمێتەوە. ئاوم گەرم کرد، سەری شۆرد، دیسانەوە بانگی کردم و داوای کرد قژی بۆ بهۆنمەوە. شیرین قژی خۆی زۆر خۆشدەویست. قژی زۆر جوان و درێژ بوو.

ئەو ئێوارەیە زۆر ئارام بوو، ناوی هەموو کەسێکی یەک بەیەک هێنایە سەر زار و کەسی لە یاد نەکرد، سڵاوی بۆ هەموویان بەرێ کرد و باوەشی پێدا کردم. ئەو لەبەرامبەر جەلادەکانی سەربڵند بوو. کاتێ شیرین لە بەرچاوم ون بوو، هەستم دەکرد لە مێژبوو لە سێدارەیان دابوو، باش دەزانم تەختی سێدارە لە ئاست گەورەیی شیرین دا هەڵوەشابۆوە. چوومە بەر دەرگای ژوورەکە، هیواکانم لە پشت هەوری مانگی گوڵاندا پەنهان بوون و لە ڕۆژهەڵاتدا هیوای چوار ئەستێرە بەدوی یەکدا دەدرەوشانەوە.

*** *** ***

